چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (١٥) دوو شەممە ٢٠٠٥/٢/٧

خانەقین.. لەپێشەوەی شارەکانە لەهەڵبژاردنی لیستی (١٣٠)دا.

هەواڵنێری چاودێر/ خانەقین

خانەقین.. سەرەرای ئەوەی رۆژێک پێش هەڵبژاردن، تاقمی تاوانباری زەرقاوی لەتاوانێکی خۆکوژیدا چوار پۆلیس و منداڵێکیان کردە شەهیدی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکەکەی خانەقین، نەک بەم کارە چاوترسێن نەکران، بەڵکو بەوپەری پەرۆشییەوە، دواکەسیان رۆژی هەڵبژاردنەکە، رژانە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بەژن و پیاو، کورو کچەوە، بەهەستی بەرزی کوردایەتی و ئاڵای شەکاوەی کوردستانەوە، دەنگیان دا بەلیستی (١٣٠)ی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی هاوبەشی (٣٠٢) یەکێتی و پارتی و بێلایەنەکانی پارێزگای دیالە. هەواڵە بەراییەکان وادەگەیەنن کەوا: زیاتر (٩٧٪)ی خانەقین، دەنگیان بەخشیوەتە لیستی هاوپەیمانی کوردستان. زۆر زۆر کەمیان دەنگیان داوەتە ئیئتلافی شیعە. ئەمە لەکاتێکدا لە (٢٥٪)ی دانیشتوانی خانەقین شیعەن. ئەمەش ئەوهەواڵە بەدرۆدەخاتەوە کەپێش هەڵبژاردن گوترابوو: شیعەکانی خانەقین دەنگ بەلیستی ئیئتیلافی شیعە دەدەن!■

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (٢)
١- کەرکوک و خانەقین و تەعریب و.. (سەرکەوت عەبدوڵڵا)
٢- حەویجەو نەخشەی نوێی.. (کامیل ژیر)
٣- ئەنجومەنی باڵای فیدراڵیەتی.. (ئازاد عەلی)

بزوتنەوەی راپرسی (ریفراندۆم) بەرەو کوێ
چراخان هەژار
رێپۆرتاژ - ل (٤)

گفتوگۆی (ئیبراهیم عەلی زادە) سەبارەت بە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە
رەخنەو دیالۆگ - ل (٨-٩)

سینەما تەنها سینەما ئەو ئەفسانە نادیارەیە
هەڵگورد عارف
هونەر - ل (١٤)

لەپێشەوەی شارەکانی عێراق و کوردستان..

خانەقین ٩٧٪ ی دەنگی بە لیستی (کوردستان)دا

هەڵبژاردن...
هەڵمەتی هەڵوەشاندنەوەی تەعریبە

پرۆژەی تەعریب.. بەرژێمێکی تۆتالیتاری و بەسیاسەتێکی سیستەماتیکی هەرە مەترسیدار، لەسەر ئەو زەمینە سیاسی و ئایینی و سایکۆلۆژییەی بەدرێژاییی مێژوو سەپێنراوەتە سەر کوردستان، لە (٣٥) ساڵی حوکمرانێتی بەعسدا، وورد وورد، بەدەسەڵاتی ناسیۆنالیستی عەرەبی، لەشارو دێهاتی کوردستاندا، جێبەجێ دەکرا. زیاتر لە (٤٥٪) رووبەری کوردستان، قوت چووبوو. هەرەشەش لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەبوو.

گەلی کوردستان.. هەمووزەیەکی نەتەوەیی سیاسی رزگاریخوازی خستە کۆڕی خەبات، رێگە لەتەعریب بگرێ و بنچینەی نەخشەکانی تەعریبیش، هەڵبوەشێنێتەوە، گەرچی توانی بەشێکی نیشتمانەکەی بپارێزێ، بەڵام تەنهاو تەنها بەشۆرش و فیداکاری، نەیتوانی بەشە داگیرکراوەکەی کوردستان رزگار بکاو لەتەعریب پاکی بکاتەوە. گەرچی (١٢) ساڵ لەدوای راپەرینەوە، سەرکەوتنی سیاسی گەیەندرایە فیدراڵیش لەسێ پارێزگادا. روخاندنی رژێم، ئەویش لەهەلومەرجێکی جیهانی گۆردراودا، کەزلهێزێکی وەکو ئەمریکا دابەزییە مەیدان، ئاسۆی کوردستانی ساماڵ کرد. یەکێک لەگرنگترین دیاردەکانی ئەم ساماڵییە، راچەنینی هەست و هەڵویستی نەتەوەیی کورد بوو بۆ سرینەوەی شوێنەواری شومی تەعریب. لەم بارەیەوە، هەوڵی باش درا. دیارە هەڵەش کراوە. هەڵەی سیاسی و حیزبی و دەسەڵاتخوازیش. بەڵام لەدوا ئاکامدا، ویستی کوردایەتی بەسەر هەموو مەرامەکاندا زاڵبوو، ئەم ویستە، کەمە کەمە هەڵەکانیشی راستکردەوە. هەتا، توانرا دەستەبەری سیاسی و یاسایی تۆکمەتر بۆ نەهێشتنی تەعریب لەبەغدا دابین بکرێ. زەمینەش بۆ بەشداری کردنێکی بەر فراوانی نەتەوەیی لەناوچە تەعریب کراوەکاندا، بۆ هەڵبژاردن خۆش بکرێ. رۆژی هەڵبژاردنیش.. کەرکوک، خانەقین، سەعدیە، جەلەولا، جەبارە، قەرەتەپە، زەنگاباد.. تاد بەوپەری هوشیاری نەتەوەیی و دیموکراتیەوە رژانە سەر سندوقەکانی دەنگدان. شارۆچکەی وەکو ژەنگارو دەوروبەریشی، کە پیلانیان لێگێران بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، خۆپیشاندانەکانیان گەواهی دەدا کە چ هۆشێکی نەتەوەییان هاتۆتەوە بەر.

پێمانوایە، بەشداری کردنی هەڵبژاردنەکە، لەشارە تەعریب کراوەکاندا کاریگەرییەکی ئەوتۆی دەبێ، ئاسانتر لەجاران تەعریب پاک بکرێتەوەو بەکێشەیەکی کەمتریش، ئەو شارانە بگێردرێنەوە سەر کوردستان. هەلەو لەدەست نەدرێ باشە!■

لایەنێکی کوردستانی دەیەوێت پارێزگاری دیالە بگێڕێتەوە

پارێزگاری دیالە، جگە لەوەی لە ساڵ و نیوی رابردوودا، هەروەکو شۆفێنییەکی عەرەب ئیدارەی دیالەی کردووەو دژی کورد بووە، لەسەر دزیش.. لەم ماوەیەدا بڕیاری لابردنی دراوە. کەچی (نەجم عەبدو) کە سەر بەلایەنێکی کوردستانیەو نوێنەرێکی تری هەمان لا لەخانەقین، چەند رۆژێکە لەبەعقوبە پێکەوە، خەریکن کێشەی پارێزگاری دیالە چارەسەر بکەن و بیگێڕنەوە بۆ سەر پارێزگاری دیالە. ئەمەش کارێکە، مەترسیدار بۆ ئایندەی بەدیهێنانی پارێزگایەکی نوێ لەکوردستاندا، بەناوی پارێزگای خانەقین.

مزگەوتەکانی بەغدا.. کراونەتە شەرگەی تیرۆریستان

تیرۆریست و کۆنە بەعسیەکان مزگەوتەکانی بەغدایان کردۆتە شەرگەو شوێنی بانگەشەی تیرۆر. لەمزگەوتی گەرەکەکانی سوننەنشینی بەغدادا (هیئة العلماء المسلمین السنة) سەرپەرشتیان دەکەن و مەلای تایبەتیان بۆ داناون کەرۆژانە وەعزی سەلەفی و تیرۆرو.. فێرگەی وەهابیەت بەئامادەبووان دەدەن. بەتایبەت لەمزگەوتەکانی سامەراو قودس لە (حی العامل)ی بەغدادا. ئەمە جگەلە چەندین مزگەوتی دیکە رۆژانە بەشێوەی جۆراوجۆر، کۆڕو کۆبونەوەی سەلەفیەتیان تیا ساز دەدرێ. رۆژانی جومعەش.. سەکۆی مزگەوتەکان کراونەتە بڵندگۆی دوژمنایەتی کردنی ئەمریکاو دیموکراتی و هەڵبژاردن.■

تیرۆریستەکان... لەدیالەو مەترسیان لەسەر خانەقین

بۆ دوو مانگێک دەچێ تیرۆریستەکان لەناوچەکانی پارێزگای دیالەدا بڵاوبوونەتەوە. بەتایبەتی لەناوچەکانی بەلەدروزو جەلەولاو سەعدیەو هەوڵی گەیشتنیان بۆ خانەقینیش زۆرە. ئەم تیرۆریستانە موریدی خۆکوژی زەرقاوین و چەندین تاوانیان ئەنجامداوە. ناوچەکانی (الکگانە)و (التحریر)یشیان کردۆتە پەناگای سەرەکی خۆیان. ئەمانە زۆریان مەبەستە دۆخی ناو خانەقین بشێوێنن. گەورەترین کێشەیان ئەوەیە تەعریب و کۆنە عەرەبە بەعسیەکان لەم شارەدا نەماون، هەتا پشتیان پێ ببەستن. وەهابیەکانی خانەقینیش.. ناوێرن هاوکارییان بکەن!■

حەویجە، مۆڵگای بەعسیەکانە

پاشماوەی بەعسی رووخاو، ئێستا خۆیان لەچەندین شاردا مۆڵداوەو پەیوەندی تۆکمەیان بەیەکەوە هەیە. شارۆچکەی (حەویجە)ش بۆتە

بنکەو ماکێکی سەرەکی ئەو جموجوڵە تیرۆریستیانەی لەکەرکوکەوە هەتا تکریت و سامەرا ئەنجام دەدرێن. هەواڵەکان وادەگەیەنن کەوا: دوریەکان و تکریتیەکانی دانیشتوی حەویجە، هەڵسوڕێنەری تیرۆریستەکانن لەناوچەکەدا. سەرپەرشتیارانی راستەوخۆی کارە تیرۆریستیەکان (حەمید سید سەعد صالح)و (مەجید حەمید رجب)ن، کەلە حەویجەدا خۆیان پەنا داوە. ئەمانەش کۆنە بەعسی ناسراون.■

فشاری عەسکەری بۆ سەر کەرکوک.. مەحاڵە

بەرپرسیارێکی پایە بەرزی ئەمریکا، بەرۆژنامەی (حرییەت)ی تورکیای راگەیاندووە کە: تورکیا هەقە تێ بگات کە نەخاوەنی عێراقەو نە دەشتوانێ چارەنووسی عێراق دیاری بکات.

ئەو گوتانە، لەگوتارێکی رۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانیدا، ژمارەی رۆژی (٢٠٠٥/٢/٥)دا هاتووە. هەروا، رۆژنامەکە دەڵێت: تورکیا رووبەرووی دۆخێکی تازەی عێراق بۆتەوە. ئەوەی ئەگەری سیاسی بوو هاتۆتە دی: کورد زۆرینەن لەکەرکوکدا. عەرەبی سوننە لەدەرەوەی دەسەڵاتدان. راپرسیش لەدەرەوەی سندوقەکانی دەنگدان لە (٩٠٪)ی داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان کرد. لەدرێژەی باسەکەدا رۆژنامەکە دەڵێت: تەواوی چاودێرانی تورکیا لەوەدا هاوڕان کە دەستێوەردانی تورکیا لەکاروباری عێراق و کەرکوکدا مەحاڵە.■

مەلا بەختیار.. داوای دروستکردنی پارێزگای خانەقینی لەنوێنەری سەفارەتی ئەمریکا کرد

رۆژی (٢٠٠٥/٢/٣) لەسەر داوای نوێنەری سەفارەتی ئەمریکا (جەمیس جیمینز) کەسەردانی خانەقینی بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی لەناوچەکەدا کردبوو، لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و موحسین عەلی ئەگبەر بەرپرسی مەڵبەندی خانەقین و مەلا عیرفان نوێنەری مەڵبەندی گەرمیان، جەمیس.. بەناوی سەفارەتی ئەمریکاوە لەعێراق، پیرۆزبایی سەرکەوتنی تەواوی هەڵبژاردنی کرد لە خانەقین، جەلەولا، سەعدیە، مەندەلی، جەبارە و قەرەتەپە. لەمیانی قسەکانیدا گوتی: سوپاس بۆئەو خزمەتانەی حکومەتی هەرێمی (ئیدارەی سلێمانی) لەناوچەکەدا ئەنجامتان داوە. سوپاسیش بۆئەو ئاسایشەی لەناوچەکەدا چەسپاندووتانە. سەرکەوتنی هەڵبژاردنیش هەر لەسایەی ئەو هەلومەرجەدا هاتۆتە دی. پاشان پرسیاری کرد کەداخوازیتان چییە؟ لەوەڵامدا مەلا بەختیار گوتی: هیوادارین هاوکاریمان بکەن کەحکومەتی عێراق بەزووترین کات خانەقین و دەوروبەری بکاتە یەکەمین پارێزگای تازە دروستکراوی عێراقی نوێ و دیموکراتی. چونکە خانەفین لەبەر ئەوەی کوردنشین و لەسەر سنوور بووە، لەدروستکردنێ دەوڵەتی عێراقەوە بێبەش کراوە لەمافی پارێزگایەتی، ئێستا کاتیەتی ئەو غەدرە مێژووییەی لەسەر هەڵبگیرێ، جەمیسیش گوتی: مافی خۆتانەو داواکەتان رەوایە.■

هەواڵ و مەترسی

سوریا.. مەشقی موخابەراتی عێراق دەدا

جموجوڵی پیاوانی رژێم لەسوریادا، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. مقۆمقۆی ناو کۆنە موخابەرات و بەعسییە هەڵهاتووەکان لەسوریادا وایە کە موخابەراتی سوریا، سەرلەنوێ مەشقی موخابەراتی عێراق دەداتەوەو بۆ چۆنیەتی چالاکی تێکدەرانەی دوای رووخانی رژێم سازیان دەدا. (محمد یونس الاحمد)و (سبعاوی)یش رۆڵی سەرەکییان لەسوریادا بۆ ئەم جموجوڵانە هەیە.■

لە (بەصرە) تاقمی موقتەدا، نەوت دەدزن

هەواڵەکانی باکوری عێراق بەتایبەت لە (بەصرە)وە، وا دەگەیەنن کەتاقمەکەی موقتەدا سەدر لەناوچەی (ابو الخصیب)ەوە، بەهاوکاری کاربەدەستانی شیعەی ناوچەکە، نەوتێکی زۆر دەدزن و بەدزیەوە دەیفرۆشنە باندە گەورەکانی نەوت لەکەنداودا. ئەمەش زیانێکی گەورەی گەیاندۆتە ئابووری عێراق و داشکانی نرخی نەوت.■

ئەم دوو تیرۆریستە بناسن!

لەناوچەی (الریاض)و ناحیەی (الزاب)دا، جارەجارە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدرێ. ئەم کارانە، بەپێی هەواڵی باوەرپێکراوی ناوچەکە، لەلایەن دوو تیرۆریستی کۆنە بەعسی ناسراوەوە (سالم وهیب عباس)و (هاشم حسین رمضان)وە، کەلەلایەن هاوپەیمانانەوە راوە دوو نراوە، سەرپەرشتی دەکرێن. ئەمانە زۆر دوژمنی کوردن و لەکوشتن و فراندنی کوردیشدا، نەخشی باڵایان هەیە.■

زۆربەی فەیلیەکان.. دەنگیان داوەتە شیعە

هەواڵەکانی بەغدا وا دەگەیەنن کەوا زۆربەی فەیلیەکانی دانیشتوی بەغدا، لەژێر کاریگەری مەزهەب و تایفەگەری، دەنگیان داوەتە لیستی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو، ئەمە لەکاتێکدا، لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، زۆریان هەوڵ داوە فەیلییەکان دەنگ بەلیستی (١٣٠) بدەن. چەند نوێنەرێکی فەیلیش لەلیستەکەدا، هەبوون. سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش، پەیمانی تایبەتی پێشکەشی فەیلییەکان کرد، سەرەراش.. زۆربەیان دەنگیان داوەتە لیستی شیعە!!■

کەرکوک و خانەقین و تەعریب.. دوای هەڵبژاردن

سەرکەوت عەبدوڵڵا

ڕووداوەکان، لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە، وەکو شۆرشی زانیاری سەردەمەکە، لەعێراق و کوردستاندا، خێرا دەچنە پێشەوە. ئەوەی لەم دووساڵەدا، لەچرکەساتی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامەوە، هەتا چرکە ساتی دەستپێکردنی هەڵبژاردن روویان داوە، لەکاتژمێری ڕۆژگاری سیاسیدا، قابیلی باوەرکردن نییە.

درندەترین ڕژێمی ڕۆژهەڵات کەزیاتر لە (٣٠) ساڵ سوپایەکی بۆ پاراستنی خۆی پێکەوە نا، کەچی بەرگەی (٣٠) ڕۆژ جەنگی نەگرت. ئەودامو دەزگایانەی بەعس پێکەوەی نابوون، هیچیان بەهیچ نەکرد. سەدام کەخۆی و سەرکردایەتی بەعسی، بەسوپەرمانی عەرەب دەزانی، بینران، یەکێکیان فیشەکێکی نەتەقاندو سەدامیش (عەباکەی نوری سەعدی)یشی دەست نەکەوت، هەڵبێ.

دوای ئەوە.. دەوڵەتانی ئیقلیمی، هەرچی نەخشەیەکیان هەبوو بۆ تێکوپێکدانی عێراق، جێبەجێیان کردن، سەرەنجام هەر سوودی نەبوو.

ئێستا.. دوای ئەو ڕووداوانە، چەند مەسەلەیەکی گرنگ لەعێراق و کوردستاندا، پێویستیان بەدوا بڕیاری یاسایی و سیاسی و دەستووری هەیە. وەکو؛

لەسەر ئاستی عێراق:

یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق؛ حکومەتێکی دیموکراتی فیدراڵی فرەیی، بەدەستوری نەگۆر بچەسپێندرێ.

دووەم: ریشەکێش کردنی تیرۆرو تیرۆریستان.

سێیەم: ڕێگرتن لەدەستێوەردانی ئیقلیمی بەهەموو شێوەیەک.

چوارەم: تۆکمەکردنی ئیدارەی حوکم و ئیدارەکردنی شارستانی خەڵک.

پێنجەم: دابینکردنی ئازادی و فراوانکردنی ژیانی مەدەنی و مەدەنیەت.

شەشەم: زیاتر دابینکردنی مافی ژنان و چەسپاندنیان لەگەڵ پیاواندا.

حەوتەم: خولفاندنی ڕای گشتی خەڵک و دەستەبەرکردنی ئازادیی دەسەڵاتی چوارەم (ڕۆژنامەگەری).

هەشتەم: دیاریکردنی جوگرافیای حکومەتی فیدراڵی کوردستان.

نۆیەم: دیاریکرنی بودجەی پێویستی کوردستان.

دەیەم: بەرەسمی ناسینی بێ تەمومژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهەر شێوەیەک دەگونجێ.

یانزەیەم: قەرەبوو کردنەوەی زیانی کەسوکاری ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان و تەهجیرکردنی (٥) هەزار گوندو شارۆچکە.

دوانزەیەم: چارەسەرکردنی ریشەیی تەعریب و تەرحیل.. تاد

لەو خاڵانەدا.. سەبارەت بەکوردستان، گرنگترینیان، کێشەی تەعریبە؛ تەعریب، زوخاوێکی نەتەوەیی ژاراوییەکەرژێمە یەک لەداوی یەکەکانی عێراق، دوای مێژوویەکی دێرینی تەعریب، لەهەزارەی دووەمیشدا، لەسییەکانەوە کەمەکەمە سەپاندویانەتەوە سەر کوردستان. بەعس.. نوێنەری هاوچەرخی سیاسەت و دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی تەسکی عەرەبی بوو،

بەعس.. نوێنەری هاوچەرخی سیاسەت و دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی تەسکی عەرەبی بوو، کەئەوپەری هەوڵیدا ئەو پرۆژەیەی تەعریب کەلە (فتوحات)ی ئیسلامیەوە، سەپێنراوە، بەشێوەیەکی هاوچەرخ ئەو پرۆژەیە بسەپێنێتەوەو بیری تەسکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەچوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی بەناو مۆدێرنێتەدا، لەکوردستاندا تاقی بکاتەوە

کەئەوپەری هەوڵیدا ئەو پرۆژەیەی تەعریب کەلە (فتوحات)ی ئیسلامیەوە، سەپێنراوە، بەشێوەیەکی هاوچەرخ ئەو پرۆژەیە بسەپێنێتەوەو بیری تەسکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەچوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی بەناو مۆدێرنێتەدا، لەکوردستاندا تاقی بکاتەوە.

لەساڵانی حوکمرانیشدا، بەعس، بێ پەروا کەوتە تواندنەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوەیی عەرەبدا. کەرکوک و خانەقین و ژەنگارو.. تاد ئەو ئەزمونگایەی تەعریب بوون، کەرژێم هەموو تواناى خستەکار بۆ دابڕینیان لەکوردستان و دابڕینیان لەکورد. کوردیش بەدرێژایی مێژوو، تەعریبی ڕەتکردۆتەوە. ئەوەی پێی کرابێت بۆ پاراستنی کوردو کولتورو نەریتی کوردەواری، بەقوربانی بێ ئەژمارو بەرگری لەرادە بەدەرەوە، کردوویەتی.

هەموو رژێمەکان.. لەسییەکانەوە، توانیویانە چەندین ڕاپەرینی کوردستان سەرکوت بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە، ویستی رزگاریخوازی و ڕەتکردنەوەی تەعریب، نەبەناوی ئیسلام و، نەبەناوی عروبەو، نەبەناوی سیاسەتی سەردەمەوە، لەهۆشی کورد دەربێنن.

ئێستا.. کاتێک کورد ڕۆژگاری شوومی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، لەمەلیک فەیسەڵی یەکەمەوە، بۆ سەدامی فاشی، سەربەرزانە بەسەر بردووە، ئێستا دوای ڕووخانی ڕژێم، ئاخۆ کورد دەبێ چاوەڕوانی چ سەرکەوتنێک بکاو لەچیش بترسێ بۆ کۆتایی پێهێنانی سیاسەتی تەعریب؟

پێش ڕووخانی ڕژێمی عێراق، بێگومان هێشتا بەشی زۆری ناوچە تەعریبکراوەکان، لەژێر دەستی ڕژێمدا بوون: کەرکوک، خانەقین، ژەنگار، مەندەلی، مەخمور، جەلەولا، سەعدیە، زەمار، دووزخورماتوو، داقوق، جەبارە.. تاد ئەم ناوچانە ڕژێم دڕتر لەجاران، لەدوای ڕاپەرینی کوردستانەوە (١٩٩١) کەوتبووە وێزەیان. کوردیش، دەیتوانی تەنها هاواری گەلەکەی بگەیەنێتە ڕای گشتی جیهان، (کەزۆرکەمیش گوێی لێ دەگیرا!). بەڵام لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە، هەرچەندە هەرەشە لەکورد دەکرا، کەبۆی نییە بگەڕێتەوە کەرکوک و دەوروبەری، سودی نەبوو؛ چ گەلێکی ئازادیخواز لەدونیادا ڕێی هەتا سەر لێگیراوە مافی زەوتکراوی بگێڕێتەوە، هەتا کورد بەهەرەشە دەست لەمافی خۆی هەڵبگرێ. ئەوەبوو، کورد، سەرەرای کێشەی ناوخۆش، گەرایەوە شارە داگیرکراوەکانی. هەروەها، خەڵکانی تریش. وەکو تورکمان و کلدۆ ئاشووری. کێشەی تەعریب لەخانەقیندا هەفتەی یەکەمی دوای رزگاری کۆتایی پێهێنرا. ماوەتەوە کەرکوک و ناوچە تەعریب کراوەکانی دیکە.

لەدوای گەرانەوە بۆ ناوچە تەعریبکراوەکان، پەیتا پەیتا هەرەشە بەردەوام هەر کراوە. بەڵام کورد هەر دەگەرایەوەو هەرەشەش نەدەبرایەوە. زۆریش پیلانیان دەگێرا تورکمان دەیان کات زیاتر لەخۆیان دەربخەن و کەرکوکیش بکەنە تورکمانستانێکی عێراق، بەڵام نەچووەسەر. لەکاتی هەڵبژاردنیشدا، هەوڵی بێوچان درا تەعریب و دەمارگیرە تورکمانەکان چارەنووسی کەرکوک دیاری بکەن، ئەمیش، پوچەڵ کرایەوە. کورد بەسەنگێکی ئەوتۆ بەشداری هەڵبژاردنی کردووە، تازە تای تەرازووی هێزی (نەتەوەیی، جوگرافی، سیاسی) لەناوچە تەعریبکراوەکاندا، بەلای کێشەی کوردستاندا، داشکاوە. ئەم داشکانەش، هاوزەمانی دەرکەوتنی سەرەتای تێکشکانی تیرۆریست و پاشماوەکانی ناسیۆنالیستی بەعسی عەرەبی لەعێراق و ناوچەکەدا، دەرکەوتووە، ئەمە جگەلەوەی (هیومان رایتس ووچ)ی ئەمریکاش دژی تەعریب راپۆرتی خۆی لەپارەوە بڵاوکردۆتەوە. کەوابێ: ئاسۆی ڕووداوەکان باشتر لەقازانجی کێشەی کوردو سڕینەوەی ئاسەواری تەعریبە لەکوردستاندا. دەمێنێتەوە، هەرەشە ئیقلیمییەکان..

بەهەرەشە ئیقلیمیەکان بوایە، بەتایبەتی تورکیاو سوریا، نەبەعس دەرووخاو، نەحکومەتی کاتی دادەمەزراو، نە یاسای کاتی بەرێوەبردن و ماددەی (٥٨)یش گەڵاڵە دەکرا. پاشان، هەڵبژاردنیش، ئەنجام نەدەدرا. هەموو ئەوانەش ئەنجامدران. ماوەتەوە سەر ئەوەی کە:

پەرلەمان دادەمەزرێ، حکومەت دادەمەزرێتەوەو دەستووری نەگۆریش ساغدەکرێتەوە، لەم هەنگاوانەشدا، دوای شەرعییەت وەرگرتنی هەڵبژاردن، ئیتر کاتێکی کورد بوێرانەتر لەجاران لەرێگەی نوێنەرەکانی لەپەرلەمان و حکومەت داو بەپشتیوانی گەلەکەمان و پەرلەمان و حکومەتی یەککگرتووی کوردستان، هەلومەرجەکە بقۆزێتەوەو بێ تەمومژ، مافە زەوتکراوەکانی بەچاکی وەربگرێتەوە. ئەم هەلە.. هەلەو ناکرێ بەهیچ پاساوو بیانوویەک لەدەست بدرێ. ئەمرۆ.. گەلی کوردستان چەند پێویستی بەساباتی سیاسی عێراقەلەناوچەکەو جیهاندا، حکومەتی عێراق دوو هێندە پێویستی بەکوردو کوردستانە لەعێراق و ناوچەکەشدا. ئەوی لەسەر شانمانە، وەکو کورد لەناو عێراقدا، لەپێناوی برایەتی دیموکراتی لەناو عێراق و لەعێراقیشەوە بۆ ناوچەکە، ئەرکی سیاسیمانە هێشتا جێبەجێی بکەین.

بەڵام ئەمە بەبێ بەرامبەر نییە. بەرامبەرەکەی ئەوەیە کەلەعێراقدا، هێزەکانی دەبێ چیمان بۆ بکەن؟ بێگومان.. پێش هەموو شتێک، جگە دەستەبەرکردنی مافە دەستورییەکان، جەختی لەسەر دەکەینەوە، سڕینەوەی ئاسەواری تەعریبە.

هەر لایەکی سیاسی، لەسەر حوکم یان بەرهەڵست، ئەگەر مافی گەلی کردستان لەسرینەوەی تەعریبدا، نەسەلمێنێ، بێگومان ئەو لایەنە، نەباوەری بەدیموکراتی هەیەو، نەبروای بەفیدراڵ و، نە بەگۆرانکارییەکانی سەردەمیش هەیە.

لایەک.. غەدری تەعریب قبوڵ بکاو ڕێگر بێ لەجێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی یاسای عێراق، ئەو لایەنە جێی خۆیەتی گومان لەهەموو سیاسەتەکانی بکەین. هەروا..

دەوڵەتێکی ئیقلیمیش.. نەیسەلمێنێ کەسرینەوەی تەعریب، مافی رەوای گەلی کوردستانە، بێگومان ئەو دەوڵەتە ئیقلیمییە، پیلانی ترسناکی لەژێر سەردایە، دەشیەوێ پیلانەکەی لەرێگەی تەعریبەوە، ئاسانتر جێبەجێ بکا. بەڵام چاوەڕوانی هەڵێکی دیکە دەکا.

کوردیش.. لەم هەلومەرجەدا سوور نەبێ لەسەر سرینەوەی ئاسەواری تەعریب، بێگومان هەلەکەی لەدەست دەچێ و بوارێکی باشیش بۆ دوژمنەکانی دەرەخسێنێ، پیلانە تازەکانیان دژی کوردستان، لەباشوری کوردستان و باقی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بسەپێنن. کەوابێ: ناکرێ لەکەمترین قەرزی نەتەوایەتیمان لەسەر دەوڵەتی عێراق، خۆش بین. پێویستە سەراپاکی قەرزەکانمان.. وەربگرینەوە.■

بەڕێز مەلا بەختیارو.. حەویجەو نەخشەی نوێی تیرۆرو تەعریب

کامیل ژیر

وتارەکەی بەرێز مەلا بەختیار، بەو ناونیشانە، لەرۆژنامەی ڕێزداری (چاودێر)ی ژمارە (١٢)ی رۆژی (٢٠٠٤/١٢/٢٧)، وەک مەلا بەختیارێکی نوسەرم، بەرز نرخاند، چونکە نووسەر بەوردی پەنجەی خستۆتە سەر ئەو خاڵە ترسناکانەی لەحەویجەوە بەرەو رووی کورد ئەبنەوە. بەڵام وەک مەلا بەختیارێکی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەئەرکی جێبەجێکردنی رای گشتی لەئەستۆدایە، وتارێکی لەوجۆرە، ئەشێ هەڵوێستەیەکی لەسەر بکرێ! با بزانین چۆن؟

مەلا بەختیار خۆی دەرکەوتووترین سەرکردەی ئەو لەشکرە کوردییە بوو کەخانەقینی لەعەرەبی داگیرکەرو تەعریب پاککردەوەو هەر لەرۆژانی یەکەمی ئەو داستانە شکۆدارەوە، منداڵانی خانەقینی بەسرروودی ئەی رەقیب گۆشکرد، نەئەبوو لەو وتارەیدا ئەوە بۆ سەرکردایەتی کوردستان بەکارێکی چاک بژمێرێ کەئەو سەرکردایەتییە، هەتائێستا دانی بەخۆیدا گرتووە، بەرامبەر کوشتنی ڕۆژانەی کورد ناچارکردنی کورد بۆ کۆچکردن و بەجێهێشتنی ناوچەکە!!

ئەوە چ لێکدانەوەیەکە، کەدوای چەندین سەدە، سەرکردایەتی کوردستان، بەئەزموونە دۆڕاوەکەی مەسیحدا بچێتەوە کەئەیوت: ئەگەر شەپازلەیەکیان سرەواندە روومەتی راستت، رووومەتی چەپت ئامادەکە بۆ شەپازلەی دووەم! ئەوەبوو ئەو ئەزموونەی مەسیح، بەلەخاچدانی خۆی کۆتایی هات. بۆیە لەو رۆژەوە دنیای مەسیحتان بەرامبەر شەپازلەیەک، دەیان شەپازلەی کوشندە ئەوەشێتەوە کەدواهەمینیان ئەو شەپازلە کوشندانانەیە ئەمریکا ئەیسرەوێنێتە تیرۆریستان.

ئاخۆ ئەزمونگەری کە ئەمرۆ تەنگی بەفەلسەفەو بیردۆزە هەڵچنیوە، بۆ ئەوە نیە کەئەزموونە سەرکەوتووەکان پەیرەو بکرێن و ئەزموونە سەرنەکەوتووەکان وازلێبهێنرێن؟. ئەزموونەکەی خانەقین، ئەزموونێکی سەرکەوتو بوو. ئەبوایە لەکەرکوک و حەویجەو ناوچە بەعەرەبکراوەکانی تریشدا، هەمان ئەزموون پەیرەو بکرایە، نەک پێچەوانەی ئەو ئەزموونە، ستایش بکرێ!! یا ئەوە بەرەوا بۆ سەرکردایەتی کوردستان بژمێردرێ کەچاوەڕوان بکات (تیرۆرستان نەخشەی تاک و دوو دوو تیرۆرکردنی هاولاتی بگۆڕن بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ و قەتلوعامی کورد) ئەوسا سەرکردایەتی کوردستان، کەپەنگی دوای بارانێکی لەوجۆرە لەسەرکا!! یا ئێستا تەنیا بەوە دابینێ کە (هەنگاوی راگەیاندن و داوای یاسایی تۆمار بکا هەتا بێگوناهی کوردو تاوانی تیرۆرستەکان و پشتیوانەکانیان، باشتر بچێتە ناو ڕای گشتیەوە)! یا (کاتێ تیرۆرستان بیگەیەننە ئاستی تاوانی گەورەترو پێویستی کرد کورد دەستبکاتەوە. با لای ڕای گشتی و دەزگا یاساییەکان ساغ کرابێتەوە کورد ناچاری بەرگری کراوە) وەک ئەو رستانەی ناوکەوانەکان کە لەوتارەکەدا هاتوون!!

راستییەکەی وەک عەرەب خۆیان ئەڵێن: (لایفل الحدید الا الحدید: ئاسن نەبێ، ئاسن ناچەمێنێتەوە) یا وەک فەرموودەکەی یەزدان: (ومن اعتدی علیکم فاعتدوا علیە بمثل ما اعتدی علیکم: ئەوەی دەستدرێژیی کردە سەرتان بەهەمان جۆر دەستدرێژی بکەنەوە سەر) یا (وجزاء السیئة سیئة مقلها: سزای خراپە خراپەی وەک خۆیەتی).

ئەمرۆ ئەوەی لەسەر سەرکردایەتی کوردستانە، ئەوەیە: بەر لەلافاوی قەتلوعامێکی تری کورد، بەربەستی ئەو لافاوە بکا. ئەمرۆ کە بەشێک لەفەرمانرەوایانی بەغدادو کەرکوک، لەئەندامەکانی سەرکردایەتی کوردستان و ژمارەیەک لەدەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و سەرباز، سەر بەو سەرکردایەتییەن، سەرباری هێزی پێشمەرگە، لەرۆژێکی ئاوادا ئەو سەرکردایەتییە، نەتوانێ، یا نەیەوێ، بەربەستی کوشتنی تاک تاک و دوو دووی کورد بکا، یا تۆڵەیان بسەنێ، سبەی چۆن ئەتوانێ بەری قەتلوعامێکی لەوجۆرە بگرێ، یا تۆڵەی بکاتەوە!؟

بەتایبەتی، وەک لەتێگەیشتنی تێکڕای وتارەکەدا دەرئەکەوێ، ئەو سەرکردایەتیەی تائێستا بۆ ئەو مەبەستە هیچ نەخشەو پلان و بەرنامەیەکی نیە!! حکومەتی عێراقیش، وەک لەوتارەکەدا هاتووە: (هیچ هەنگاوێکی لەجێبەجێکردنی مادەی ٥٨ دا نەناوەو پێ ناچێ بشیەوێ جێبەجێی کا).

ئەوە هیچ شانازییەک و جوامێرییەک نییە کە: (هەتا ئێستا یەک هێرشی کورد لەبەرامبەر هێرشەکانی ئەواندا، بە بەرنامە، جێبەجێنەکراوە) لەکاتێکدا ئەوان بەنەخشە بەردەوامن! خۆپاراستن لەشەڕی تایەفەگەری و شەڕی ناوخۆ، هیچ بیانوویەک و پاساوێک نیە بۆ ئەم (هێمنی و پشوودرێژییەی سەرکردایەتی کوردستان)! ئەوەش ناگونجێ خۆمان بەراورد بکەین بەئەمریکاو بڵێین: ئەو چاری تیرۆری بۆ ناکرێ، ئێمە چۆن؟؟ ئەشێ ئەمریکا بەپای پیلان و بۆ بەرژەوەندی و مەبەستەکانی خۆی، گەلێ چاوپۆشی بکا، یا بیەوێ درێژە بەم بارودۆخە بدا، یا نەشارەزاو نابەڵەدبێ بەناوچەکەو بەتیرۆرستان، بەڵام کورد هیچ بەرژەوەندییەکی نیە لەوەدا کەوەک مەڕی قوربانی، چاوەڕوانی چەقۆی عەرەبی تەعریب بێ، یا بەبارمتە ببرێ، یا ناچارکرێن شوێنەکانیان چۆڵکەن.

کورد نەشارەزاو نا بەڵەدیش نیە بەو تیرۆرستانە. بەتایبەتی لەکەرکوک و حەویجەدا. کوردەکانی ئەم ناوچەیە، یەک بەیەک و ماڵ بەماڵی بەعسیەکانی دوێنێ ئەناسن کەئەمرۆ هەر ئەوانن ئەنجامدەری تیرۆری ئەم ناوچەیە. کێشەی ئەم کوردانە: (هێمنی و پشوودرێژیی!) سەرکردایەتی کوردستانە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ ئەم سەرکردایەتی کوردستانە، ئەوهەمووچەک ولەشکروسامانەی بۆچ کاتێکی تەنگانە هەڵگرتبێ!؟ بریا سەرکردایەتی کوردستان، ئەو هێمنی و پشوو درێژییەی، بۆ شەڕی ناوخۆی کوردستان هەبوایە. کێشەکانی ئەمڕۆی کورد، بەتایبەتی تیرۆر لەدژی، پێویستی بەچارەسەری کتوپڕو تەمێکردن هەیە، نەک خەمساردی و چاونووقاندن.. ئافەرین بۆ ئەزموونەکەی خانەقین و شەرمەزاری بۆ ئەزمونی کەرکوک و حەویجە.■

ئەنجوومەنی باڵای فیدراڵیەتی باشوور دژی بازرگانی پێوەکردنیان

ئازاد عەلی

ڕۆژی (٢٠٠٥/٢/٥) ئەنجومەنی فیدراڵیەتی باشوور، لەبەیاننامەیەکدا بەتوندی هێرش دەکەنە سەر ئەو کەس و لایەنانەی بەناوی باشوورەوە، لافی فیدراڵیەتی باکور لێدەدەن. بەراشکاویش، دژی مەجلیسی حوکمی پێشوو، هەروا حکومەتەکەی ئەیاد عەللاوی قسە دەکەن. پێشیان وایە هەتا ئێستا، جگەلە قسە، هیچ بۆ باشوور نەکراوە. هەرەشەش دەکەن کەهەر کەس و لایەنێک بەناویانەوە بدوێ، شکاتی لێدەکەن و دەیدەنە دادگا.

ناوەڕۆکی بەیاننامەکە، تورەبوونێکی باشووریی پێوە دیارە. جەختیش لەسەر مافی فیدراڵیەت کراوەتەوە. نازانرێ بزووتنەوەی فیدراڵیخوازی باشوور چەند بەهێزەو چەندیش ئامادەن سوور بن لەسەر مافەکانیان. بەڵام ئەوە دەرکەوتووە کەئەم عێراقە، بەزۆری زۆرداری لەقاڵب نادرێتەوە. دەریش کەوت، ئەو یەکێتییە عێراقییەی ناسیۆنالیست و ئیسلامگەراو جارجارە چەپە عێراقیەکانیش زیاد لەئەندازە پیا هەڵدەدەن، دەرکەوت ئەو هەستە عێراقییە لەناو پێکهاتەی عێراقدا، رەگی نیشتمانی و نەتەوەیی دانەکوتاوە. کورد لەولاوە بوەستێ، کەهەستی کوردایەتی و کوردستانیەتی زۆر لەهەستی عێراقچێتی بەهێزترە، سەرەرای زانینی دۆخی کوردو کوردستان، ئەوەتانێ زانیمان تەنانەت لەناو عەرەبیشدا ئەو یەکێتییەی نیشتمان و گەلی عێراق تۆکمەو بەهێز نییە، وەکو باسدەکرا. ئەوەتانێ، لەیەکەمین هەلومەرجی گۆراوی سیاسیدا، کوردستان دەبێتە خاوەن فیدراڵیەتی خۆی و باشووریش داوای فیدراڵیەت دەکات، گەر ئەمەش بۆ باشوورییەکان بچێتە سەر، هەڵبەتە بەغداو ناوەراستی عێراقیسش دەبێ تەگبیرێکیان بکرێ. ئەویش هەر فیدراڵ دەبێ.

پێشمان وایەکاتی هاتووە، بەرگی پیرۆزی لەسەراپای ئەو مێژووە داماڵین کەبەناوی ئیسلام و برایەتی عەرەب و مێژووی هاوبەش و یەکێتی عێراق و دەوڵەتانی داگیرکەری دیکەی کوردستانەوە، سەپێنراوەتە سەرمان و لەسەر ناوچەکەش. هیچ شتێک لەبەردەم گۆرانکارییەکاندا پیرۆز نەبووەو بەپیرۆزیش نامێنێتەوە. گۆرانکاری حوکمی ڕووداوەکانی مێژووە. ڕووداوەکانی مێژووش تەحەکوم لەژیان دەکەن، نەک ئەو دیاردە سیاسیانەی بەمەبستی ئایین، یان بەمەرامی بەرژەوەندی نەتەوە باڵادەستەکان، بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێ لەخەڵک کراونەتە راستیەکی پیرۆزو نەگۆر.

هەمیشە مێژوو.. کانگای گۆران و گۆرانکاری بووە. لەم سەردەمەشدا، زیاتر دەبینە شایەتی گۆرانکاری. ئەم گۆرانکارییەش.. چ مێژووی ئایینەکان، چ مێژووی دەسەڵاتەکان، چ مێژووی نیشتمانەکان و چ مێژووی کۆمەڵە بەزۆر پێوە لکێندراوەکانیش دەگرێتەوە.

ئەگەر بەنوسین و فەلسەفەو دەسەڵات و ئایدۆلۆژیەت بوایە، هەرگیز نەدەبوو شورەوی لەبەریەک بترازێ. هەر هیچ نەبێ، لەبەرئەوەی حکومەتی باڵا دەستی نەتەوەی رووس، چەکی ئەتۆمی و گەورەترین سوپای هەبوو. کەچی لەدوو ساڵدا، ژمارەی وڵاتانی نەتەوە یەککگرتووەکان، بەهۆی جیابوونەوەی چەندین گەل و دەوڵەتی ناو قەڵەمرەوی شورەوی جاران، زۆر زیادی کرد. هەروا چکسلۆفاکیاو یوگوسلافیاش. عێراق.. بەشورەوی هەر بەراوورد ناکرێ. کەوابێ:

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین گۆرانکاری سەرسورهێنەری جوگرافیای سیاسیمان بینیوە، بۆیە، ئاساییە، لەم عێراقەدا کەبەزۆری زۆرداری باشوورو ناوەراست و کوردستانی پێکەوە لکێندراون، لێک ترازان ببینن و چەندین دەسەڵاتی فیدراڵی، یان سەربەخۆش سەر هەڵبدەن. پاشان باشتریش لەزەمانی زۆرداری حکومەتە سەر کوتکەرەکان، پێکیشەوە هەڵبکەن. ئەمە نەک لەعێراقدا، بەڵکو لەناو هەموو ئەو دەوڵەتانەی بەزۆرە ملێ گەلانی جیاوازیان دوور لەخواستە دیموکراتیەکانیان حوکمرانی کردووە، تەواوی ئەو دەوڵەتانەش لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەژێر فشاری گۆرانکاریەکاندان.

کەسەرەنجام، هەر دەبێ ستەمکاری نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی نەمێنێ. مافە دیموکراتیەکانی گەلان.. دەستەبەر بکرێ. ئەمش رەوتی راستەقینەی مێژووەو مێژووش.. هەتا سەر، بەهیچ دەسەڵاتێکی دینی و دونیایی.. ڕەوتەکەی بە لارێدا نابرێ!■

وێنەکان بۆ خۆیان دەدوێن

سازدانی: هاوژین محەمەد

×هاوولاتیانی خۆشەویست، هەموو ئەو وێنانەی لەم ریپۆرتاژە (وێنەییە)دا دەکەوێتە بەر دیدەی ئێوەی ئازیز، بەشێکن لەو دیاردە ناشارستانیانەی، کەهەندێک لەهاوولاتیان ئەنجامی دەدەن و یاسا شکێنن و ئاستی هۆشیارییان لەئاستێکدایە کە گوێ بەو یاساو رێسایانە نادەن کەحکومەتی خۆمالّی خۆمان بۆ چەسپاندنی یاسا لەکوردستاندا هەنگاوی بۆ دەنێن، بۆیە داواکارین لایەنی پەیوەندیدار لەئاستیاندا چاوپۆشی نەکەن و بەگوێرەی یاسا سزایان بدەن، ئەگەرچی دەزگاکانی حکومەت هەمیشە لەهەولّی بەردەوامدا بووە بۆ هۆشیارکردنەوەی زۆرێک لەوکەسە یاسا شکێنانە، بەلاّم بەداخەوە ئەو جۆرە کەسانە وا راهاتوون کە هەمیشە بەرژەوەندی خۆیان بخەنە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە بۆیە دیسانەوە ئومێد دەکەین چەندی دەکرێت ئەو کەسانە سزا بدرێن بۆئەوەی رایان بێنین لەسەر بەرجەستەکردنی یاسا لەکوردستاندا.■

لەگەڵ ئەوەی لەولاّتان بایەخی تەواو ئەدرێت بەهەموو جۆرە ئاژەلێک، بەلاّم لای خۆمان خاوەنە بێویژدانەکانیان هەتا ئەتوانن ئەیانرەتێننەوە، پاش ئەوەی توانایان نامێنێت بەرەلاّیان ئەکەن، وەک ئەم ئەسپە بەستەزمانەکە لەسەر ئەم شەقامە منداڵان ئازاری ئەدەن.■

غاز فرۆشەکان لەنزیک فولکەی مامەریشە، بەم شێوەیە شەقامەکان پیس ئەکەن و، زیان بەمەمەو دەرزی بتلّە غازەکان دەگەیەنن، کە دەبێتە زیان گەیاندن بەو بوتلاّنەی هەمومان لێیان سودمەند ئەبین.■

بەگشتی سەرجەم گەڕەکەکانی شاری سلێمانی، بەم شێوەیەی کە دەبینرێت ئاو بەفیڕۆ ئەدەن و بەر ئەدرێتە سەر شەقامەکان، بەو کارەش قیری شەقامەکان هەڵئەکەنرێت، لەگەڵ ئەوەی ئاو سەرچاوەی ژیانە بەداخەوە لەهەموو ماڵێکدا ئەم دیاردە دزێوە رۆژانە دووبارە ئەبێتەوە.■

ئەگەرچی رۆژانەو شەوانە سەدان تەنکەر بەنزین و سوتەمەنی دێتە ناو ئەم شارەوە، بەلاّم لەبازاڕی رەشدا بەگران هەیەو بەنزینخانەکانیش بەوجۆرەیە کەرۆژانە دەبینرێت، کەتەنها تیایدا شۆفێری تاکسیەکان زەرەرمەندن و هەر باس باسی تەکسیشە، ئیدی نازانرێت کەی چارەسەر دەکرێت.■

ئەو قەرەباڵغییە زۆرەی دووچاری ژێر پردەکەی ناو بازاڕ بۆتەوە لەئەنجامی ئەو دوکاندارە گرانفۆشانەیە، کە بەردەوام شتومەکە زۆرەکانیان لەسەر شۆستەی شەقامەکە کەڵەکە دەکەن و بۆ پڕکردنی گیرفانە قوڵەکانی خۆیان گوێ بەیاسا نادەن و یاسا پێشێل دەکەن.■

لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتە زۆرانەی ئەفسەرو کارمەندانی هاتوچۆ پێشکەشی هاوولاّتیانی دەکەن، کەچی زۆربەی شۆفێری ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان باری بەرز باردەکەن و کارەساتی دڵتەزێن دروست دەکەن، پۆلیسی هاتوچۆ هیمەتێکی بەپەلە بۆ لەمەو دوا بتانبینین.■

لەگەڵ ئەوەی شاری سلێمانی شاری هەڵمەتو قوربانی لەدوای راپەڕینەوە شارستانی و جوانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە، بەلاّم لەهەندێک گەڕەکدا دیاردەی ئاژەڵ بەخێوکردن بەردەوامە بەتایبەتی لەگەڕەکی ئابلاّخ و دەوروبەرەکەی.■

چەند خێزانێکی ئاوارەی کورد لەشاری کەرکوک کە تائێستاش لەناو خێمەدا دەژین ئاخۆ کەی ئاوریان لێدەدرێتەوە لەو مەینەتی ژیانە سەختە رزگاریان دەبێ؟.■

کورتیلە باس

گفتوگۆ لەسەر جوگرافیای کەرکوک نییە!

لەدوای هەڵبژاردنی عێراق و کوردستان، هاوکێشەکان دەرکەوتن کەکورد چ سەنگێکی قورسی هەیە

هانی ئیدریس، ئەندامی سەرکردایەتی (حرکة الوفاق الوطني) هەفتەی رابردوو گوتوویەتی:
ئەحمەد چەلەبی گفتوگۆی سازشکارانە لەگەڵ کوردەکاندا دەکا بەوەی کە: کەرکوک بدرێتە کوردو لەبەرامبەردا، کوردیش پشتیوانی شیعە بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق بکەن. ئەم قسانە، لەبنەچەدا هەڵەی قورسن کە (هانی) کردوونی. بۆ؟
چونکە.. سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، بۆیان نییە لەسەر جوگرافیای کوردستان گفتوگۆ بکەن. کوردستانیەتی کەرکوک لەباری جوگرافی و مێژووییەوە، براوەتەوە. بۆیە، گفتوگۆی سیاسی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی نابەسترێتەوە بەجوگرافیای سیاسییەوە. ئەمە جگەلەوەی کەلەمادەی (٥٨)دا، کێشەی کەرکوک و تەعریب براوەتەوە، ئیتر چ پێویست دەکا کورد لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی سیادیدا، کەرکوک قوت بکاتەوە. شایەنی باسیشە.. لەدوای هەڵبژاردنی عێراق و کوردستان، تازە هاوکێشەکان دەرکەوتن کەکورد چ سەنگێکی قورسی هەیە، ئیتر پێویست بەو چەشنە گفتوگۆیە نەماوە. لیستی هاوپەیمانی کوردستان، دووەمین لیستی براوەی عێراقە. ئەمە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنەکانی دیکەی لەمەودوا. بەکوردستانیەتی کەرکوک و.. خانەقین و ژەنگارو ناوچە تەعریب کراوەکانی تریشەوە.■

شیعە.. سوننە بەتیرۆریست تاوانبار دەکا!!

ئەوانەی تیرۆریان بەهێزکرد، پشتیوانی تیرۆریان کردو لایەنگرو پەیرەویان بوون، هەر هەموویان شەرعییەتیان دوای هەڵبژاردن نەماوە

هەیئەی زانایانی ئیسلامی.. هەڵبژاردنەکانی عێراق بەناشەرعی لەقەڵەمدا.. چونکە هەموو عێراقیەکان بەشدارییان تیا نەکردووە. لەوەلاّمدا، (حەوزەی عیلمی نەجەف) گوتیان: ئەو هەشت ملیۆن دەنگەی لەهەڵبژاردنەکاندا دراون، شەرعیەتی یاسایی و میللی لەسەر تیرۆر، هەروا لەسەر ئەوانەی بانگهێشتی تیرۆریان دەکردو پشتیوانیان بوون، ئاشکراو نهێنی، هەموو هەرەشەی تیرۆریستەکان، هاندانیان، ئەوانەی تیرۆریان بەهێزکرد، پشتیوانی تیرۆریان کردو لایەنگرو پەیرەویان بوون، هەر هەموویان شەرعییەتیان دوای هەڵبژاردن نەماوە.
ئەو قسانەی حەوزەی عیلمی نەجەف، راستەوخۆ وەلاّمدانەوەی (هیئة العلماء المسلمین)ی (سوننەیە!!) کەئەمانە پاڵپشتی تیرۆر بوون و پشتیوانیان دەکردن و دژی هەڵبژاردنیش بوون. ئەمەش دەیسەلمێنێ کەشیعە لەناخدا چەند دژی هەیئەی عولەمای سوننە بوون و چەندیش ئاگاداری کارە تیرۆریستیەکانیان هەن. پێ دەچێ لەمەودوا، کێشەی سیاسی لەنێوان تیرۆریستان و ئەوانەی پشتیوانیان دەکردن، لەگەڵ دژە تیرۆرەکان، چ لەناو هێزە سیاسیەکان و چ لەناو دەسەڵاتی تازە دامەزراوی عێراقدا، بچێتە ئاستێکی بالاّترو رووبەرووبوونەوەش، لەگەڵ تیرۆردا، ئاراستەی سیاسی و یاسایی و جەماوەری نوێ پەیدا بکا.■

هەواڵی گزی کردنی پارتی هەڵبژاردن و هەڵوێستەیەک

هەقوایە هیچ نەبێ ئێستا، یان لەئایندەیەکی نزیکدا، بەبەڵگەوە پێشێلکاریەکان بخەنە بەردەم رای گشتی

دوای (١٣) ساڵ لەهەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان و دوای چوار ساڵ لەشەری ناوخۆ، لەبارودۆخێکی جیاوازدا، پەرلەمانی کوردستانیش هاوزەمانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەڵبژێردرا. هەڵبژاردنی ئەمجارە، گوایە، هەزاران چاودێری بۆ ئامادەکرابوو، گوایە تەنها کۆمیسیۆنی باڵا سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن. گوایە، هیچ حیزبێک و دامودەزگای هیچ دەسەڵاتێک بۆیان نەبووە دەست وەربدەنە ناو هەڵبژاردنەکانەوە. ئەم قسانە زۆر کران، بەلاّم مەترسی و گومان هەر هەبوو. ئێستا کەهەڵبژاردن تەواوبوو، ژاوە ژاوی گزی کردن، هەزاران پسوڵەی دەنگدان تەزویرکردن، دەنگدانی دووجاری پۆلیس و عەسکەرییەکان لەهەولێرو دەروبەری، هەرەشەکردن و چاوسورکردن لەدەنگدەران، پروپاگەندەکردن لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ لیستی پارێزگاکانی پارتی و دۆستەکانی لەرۆژی هەڵبژاردندا. ئەم قسانە تێکرا هەن. بەلاّم نەبیستراوە لەم بارەوە لایەکی سیاسی شکاتی رەسمی لەپارتی و دەسەڵاتی هەولێر کردبێ.
دەپرسین: ئەگەر ئەو قسانەی راستن، بۆچی شکاتتان نەکردووە..
خۆ ئەگەر لەبەر بارودۆخەکەش ناتانەوێ شکات بکەن، هەقوایە هیچ نەبێ ئێستا، یان لەئایندەیەکی نزیکدا، بەبەڵگەوە پێشێلکاریەکان بخەنە بەردەم رای گشتی.
ئەگەر.. ماوەیەکی تر هەر هیچ نەکرا، ژاوە ژاوەکان راستیش بووبن، تازە هیچ لایەک ناتوانێ لە پەناو پەسێودا، نارەزایی دەربڕێ لەسەر پێشێلکاری پارتی.. چونکە باوەری پێناکرێ. چونکە بەڵگە دەخوا.. نەک ژاوە ژاوی نەسەلمێندراو!■

دوای هەڵبژاردن..

بزوتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم) بەرەو کوێ؟

ئا: چراخان هەژار عومەر

لەگەڵ ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا بزوتنەوەی ریفراندۆم وەکو پێشتر بڕیاری دا بوو سندوقی تایبەتی خۆی هەبێت لەنزیک بنکەکانی هەڵبژاردنەوە کەهەر بنکەو چەند کەسێک بەڕێوەیان دەبرد. چاومان کەوت بەئەندامانی لیژنەی باڵای بزوتنەوەکە بەمەبەستی چۆنیەتی ئەم چالاکیەیان و شێوازی کارکردن لەسەری:-

م. شێرکۆ بێکەس بەرپرسی یەکەمی کارەکە

چاودێر: بزوتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم) بەڕای بەڕێزتان تاچەند ئامانجەکانی پێکاوە لەئێستادا. ؟

م. شێرکۆ بێکەس: دیارە بێگومان پرۆسەی وەرگرتنی ئەو ڕایەی کەبزوتنەوەی ڕاپرسی کردویەتی شان بەشان لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق دا، کە ئەمە سندوقێکی نارەسمی بوو واتا نایاساییەکە پەیوەندی نییە بەحیزبەکانەوە یان دەسەڵاتی سیاسی کوردستانەوە یان عێراقەوە.

ئەوە خۆمان کردوومانە بۆ خۆمان، دواتر وەک کۆمەڵێک دیکۆمێنت بمێنێتەوە لای خۆمان بۆ ڕای گشتی و جیهان، وەک چۆن لەکاتی خۆیدا ئیمزاکانمان گەیاندە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی مافی مرۆڤ لەجنێف و یەکێتی ئەوروپا، بتوانین ئەمەش سکان بکەین و بیگەیەنینە شوێنی خۆی. بێگومان کارێکی وا هەروا ئاسان نەکراوە بەتایبەتی بۆ ئێمەیەک کە چ دەسەڵاتی ماددی و چ دەسەڵاتی ڕاگەیاندنمان نییە یان زۆر کەمە ئێمە ئەمەمان کە کرد بەهاوکاری و تێکۆشان و هیلاک بوونی کۆمەڵێک کوڕو گەنج کردمان وە ئەمە لەسەرانسەری کوردستاندا کراوە لەدهۆکەوە بۆ خانەقین.

چاودێر: تا چەند ئەمریکاو هاوپەیمانان بەدەم داواکەی ئێوە هاتوون و هاوکاریان کردون؟

م. شێرکۆ بێکەس: هیچ جۆرە شتێک لەئارادا نییە کەپەیوەندی نە بەئەمریکاوە نە بەهیچ دەوڵەتێکەوە هەبێ پێشمان وایە ڕەنگە لەدڵەوە پێیان ناخۆش بێت، چونکە ئەوان زیاتر کار لەسەر عێراق دەکەن، وە باشترین حاڵەتیشیان دابین کردنی فیدراڵی بۆکوردە، بەڵام ئەو فایلەی کەئێمە دروستمان کردووە تایبەتە بەکورد بەسەربەخۆبوونی بەڕاوەرگرتنی خەڵک. بەهیچ جۆرێک نە ئەوان و هیچیان لەگەڵ ئێمەدا باس کردووە نەئێمەش ئاگامان لەوانە.

چاودێر: تا چەند ڕاگەیاندنەکانی کوردی هاوکاری یان کردوون؟

م. شێرکۆ بێکەس: بەڕاستی کەم بوو لەجێی نەبوان بوو، ئێمە دەزانین کەنەدەبوو وابێت، بەڵام ڕەنگە ئەوانیش بۆ خۆیان ئەجندەی سیاسی خۆیان هەبێت، ڕەنگە سڵ بکەنەوە لەکۆمەڵێ شت، بەڵام ئێمە گرنگ ئەوەبوو کاری خۆمان ئەنجام دا، ئومێد دەکەین ئەمەش پاڵپشتێکی تر بێت کەلەقازانجی کوردو دوارۆژی بێت.



شوکریە حسێن ڕەشید
(ئەندامی لیژنەی باڵای ریفراندۆم لەسلێمانی)

چاودێر: ئامانج لەدانانی سندوقەکانی ریفراندۆم چی بوو؟

شوکریە حسێن: ئامانج لەدانانی ئەو سندوقانە ئەو ڕاپرسییە بوو کەپێویستە دەوڵەتە بەرپرسەکان بێن لەکوردستاندا بیکەن، ئێمە هەستاین بەو کارە بەفرسەتمان زانی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق دا چونکە لەو ڕۆژەدا هاتووچۆ نەبوو، ئەمنیەت و ئاسایش پارێزرابوو کە ئەمە یارمەتی دەرێکی باش بوو بۆ ئێمە.

چاودێر: کەی ئەو ڕێژانە ڕادەگەیەنرێ؟

شوکریە حسێن: ئەمڕۆ بەنسبەت سلێمانییەوە تەواو دەبێ وا بڕیارە ڕۆژی شەممە کاتژمێر (١٢) لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی دا لەهۆڵی شیراتۆن لەهەولێر لەسەر ئاستی کوردستان ڕادەگەیەنرێ.

چاودێر: کاری داهاتووی بزوتنەوەکە چی دەبێت؟

شوکریە حسێن: ئێمە بەردەوام دەبین چونکە ئەمەش جۆرێکە لەخەبات لەخەباتی مۆدێرن دوای خەباتی چەک و تەواوکەری خەباتی سیاسییە، ئێمە جارێ چاوەڕێی ئەنجام دەکەین ئینجا بەپێی ئەو ئەنجامە چالاکی تر ئەنجام دەدەین.

چاودێر: هەڵوێستی خەڵک چی بوو بەرامبەر ئەم کارە؟

شوکریە حسێن: ئەوەی ئێمە چاوەڕێمان دەکرد، چاوەڕوانییەکەمان لەجێی خۆیدا بوو، خەڵک بێ ئەوەی کەس پێی بڵێ بەرەو خێمەکان دەهاتن وەبەحەماسێکی زۆر بەهێزەوە دەهاتن، کەئەتوانم بڵێم لەدوای ڕاپەڕینەوە تائێستا من حەماسێکی بەو شێوەم نەدیوە، هەندێ خەڵک لەزۆر شوێن سلێمانی، کەرکوک، قەڵادزێ، ڕانیە لەبری ئەوەی دەست بنێ بەمۆرەکەداو پەنجەی مۆر بکات، دەرزی و چەقۆی داوە لەدەستی خۆی خوێنی لێ هێناوە بەخوێن داوای لەسەر سەربەخۆیی کوردستان مۆر کردووە، ئەگەر ڕێگەمان بایە زۆر کەس چەند جارێک ئەو پەنجە مۆرەیان دووبارە دەکردەوە.

سامان حسێن
ئەندامی لیژنەی باڵای ریفراندۆم لەسلێمانی

چاودێر: دانانی سندوقەکانی ریفراندۆم چ ئامانجێکی لەپشتەوە بوو؟

سامان حسێن: ئێمە وەک بزوتنەوەی ڕاپرسی مەبەستمان بوو جارێکی تر ئیرادەی خەڵک دروست بکەینەوە ئەویش لەڕێگەی دانانی سندوقی چوارەمەوە، بەئیختیارکردنی سەربەخۆی کوردستان ئایا خەڵک تاچەند مەبەستێتی کوردستان سەربەخۆیی بێت کەئەو بۆچونە لەپەرلەمانی عێراق و کوردستان دا نییە، ئێمە توانیمان ئەو بۆچوونە دروست بکەین.

چاودێر: خەڵک تاچەند هات بەدەم داواکەی ئێوەوە؟

سامان حسێن: بێگومان بەپێشینەی چالاکیەکانی ترمان و ئەم کارەی کە کردوومانە، کەخواستی خەڵکە "بزوتنەوەی ڕاپرسی نەیتووە باکوردستان سەربەخۆ بێت پێیان دەڵێ تۆ چەند لەگەڵ ئەوە دایت کەکوردستان سەربەخۆ بێت، خەڵکێکی زۆر بەشداری ئەم دەنگدانەیان کردووە، هەبووە نەچووە بۆ هەڵبژاردن هاتووە دەنگی داوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هاوکارییەکی زۆریان کردوین، کە جێگەی سوپاسن.

چاودێر: هاوکاری مادیتان لەلایەن کێوە دەکرێ بۆ ئەم چالاکییانەی کەئەنجامی دەدەن؟

سامان حسێن: ئەم کارە پشتگیرییەکی زۆری ماددی ویستووە، وە هەروەها وەکو ئەمنیەتیش ئێمە دوو حوکمەتمان هەیە داوامان لێ کردوون کەهاوکاریمان بکەن لەگەڵ کۆمەڵێک لەدەوڵەمەندان و خێرخوازانی خەڵکی ئەم شارە کەهەستی نەتەوەییان تێدابووە بەڵام ئەمە بەو ڕێژەیە نەبووە.

کنێر عەبدوڵڵا
(ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ڕاپرسی)

چاودێر: جیاوازی مەبەست دروست نەبوو لەم چالاکییەی کەئەنجام درا لەلایەن ئێوە کە ئەمە ڕایەکی جیاوازە لەگەڵ دەسەڵاتداران و حیزبەکاندا کەئەوان داوای یەک پارچەیی خاکی عێراق دەکەن؟

کنێر عەبدوڵڵا: هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەکەوە، ئامانجی بزوتنەوەکەو شێوازو میکانیزمی کارکردنی جیاواز بووە بە بەراورد لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا، هەموو حیزبە سیاسیەکانی کە لەکوردستان بونیان هەیە مافی خۆیانە بەئەجندای سیاسی کاری خۆیان بکەن ئەمە بابەتێکەو، ئەوەی ئێمەش بابەتێکی ترە، کەئەمەی ئێمە پرسیارێکی دیارە بە بەردەمی خەڵکییەوە کەئایا ئەیانەوێت لەگەڵ عێراق دا بمێننەوە یان سەربەخۆبن ئەم دوو ئامانجە دوو شتی جیاوازن لەئۆکتوبەری ٢٠٠٤ لەکۆبونەوەیەکی سەرتاسەری لیژنەی باڵای سەرجەم شارەکان بڕیاری ئەوەمان دا کەئەم جۆرە چالاکیانەمان دەبێ، پەیوەندیمان کرد بەکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەوە کەهیچ ڕێگریەک لەبەردەمی ئێمەدا نەکەن، ڕێگەیان پێدائین بەدووری (١٠٠)م لەبنکەکانی دەنگ دانەوە بزوتنەوەی ڕاپرسی خێمەی خۆی هەبێ ئێمەش ڕەچاوی ئەو یاسایەمان کرد بۆئەوەی شێواندنێک یاخود گیروگرفتێک بۆ هاوڵاتیان و بنکەکانی دەنگ دان دروست نەبێت، وە کارەکانمان لەسەرجەم شوێنەکانی زۆرباش بەڕێوەچوو کەهیچ تێکەڵبونێک لەنێوان کارەکانی ئێمەو ئەواندا نەبوو.

زۆزگ حەسەن کەریم
(ئەندامی لیژنەی باڵای ریفراندۆم لەسلێمانی)

چاودێر: وەک گەنجێک هەستت بەچی کرد کەبەشداری ئەو چالاکیەت کردووە کەبزوتنەوەی ڕاپرسی بەئەنجامی گەیاندووە؟

زۆزگ حەسەن: ئەتوانین بڵێین چەند جۆرە هەستێک هەیە، یەکێک لەگەورەترین هەستەکان ئەوەیە وەک گەنجێک دڵت خۆش دەبێ بەوەی کەتوانیوتە لەکارێکی نیشتمانیا بۆ نیشتمانی خۆت بەشداری بکەیت، ئەو کۆمەڵە گەنجەی کەبەشداری یان کردووە لەکارەکاندا هەروەها ئەو خەڵکە زۆرەی کەهاتن بەدەنگمانەوە، ئەو هەموو هیلاکیەمان لەبیر دەباتەوە

بێخاڵ عەبدوڵڵا عەلی
ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ڕاپرسی

چاودێر: هەست بەچی دەکەیت لەچالاکیەکی ئاوهادا کەبەشداریت تیادا کردووە؟

بێخاڵ عەبدوڵڵا: ڕەنگە وەسف نەکرێ، کەخۆشیەکی زۆر لەچاوەکانماندا بەدی دەکرا. یاخود لەهێزماندا کەڕامان دەکرد بۆکارەکان، لەو ڕۆژەوەی بڕیاری ئەم کارەماندا کەئایا تاکی کوردی تا چەند داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات، زۆربەی گەنجان یارمەتیان داین، بەئاواتێکی زۆر گەورەوە گەنجان هاتنە ئێرە بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان ڕەنگە ئەمە دەرگایەکی کە بێت کەبەڕووی ئێمەی گەنجاندا بکرێتەوە بەئاواتی سەربەخۆبوونی کوردستان، کەئەمەیان لەبزوتنەوەی ڕاپرسیدا دیبێت، بەدڵنیاییەوە بزوتنەوەی ریفراندۆم ڕۆژێک دێت ئاواتەکانمان بهێنێتە دی.■

دوای دوو ساڵ ئاوارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان گلەیی لەحکومەت دەکەن!

ئا/ سۆران پالانی

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و نەمانی بەعسی دیکتاتۆر، کوردستانی باشوور بەتەواوی ئازادکراو، کوردەکانی ئەم پارچەیەش کە لەلایەن حکومەتی سەدامی رووخاوەوە دەربەدەر کرابوون و گوێزرابوونەوە بۆ شارەکانی خواروو نێوەڕاست و بۆ وڵاتانی تری عێراق گەڕانەوە باوەشی یەکجاری نیشتمانیان و بەزێدو خاکی باووباپیرانیان شادبوونەوە و بۆ یەکجاری لەغەریبی تۆران.

لەنێو ئەم کەسە ئاوارەو دەربەدەرانەدا کەسانێک بەدی دەکرێن کەخەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستانن و لەئاکامی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق داو فەرمانی جیهادی خومەینی دژی ئەو میللەتە زیاتر لە ٥٠ هەزار خەڵک ئاوارە بوون و دوای ئەوەی لەڕێگای کوردستانەوە گوێزرانەوە بۆ ڕۆمادی و لەکەمپێک بەناوی (للعاش) گیرسانەوە.

ئەم ئاوارانەی ٢٣ ساڵە لەوێدا بەهەزاران دەردی سەری و بەدبەختی ژیانیان بردۆتە سەرو هیچ دابونەریتێکی خۆشیانیان لەبیر نەکردووە، دوای ئەوەی شەڕ کۆتایی هات و ئەمنیەت شێواو هەندێکیان بەرەو سنووری عێراق - ئوردون، هەڵهاتوو هەندێک لەوێ مایەوە و نزیکەی ٧٠٠ بنەماڵەش خۆیان گەیاندە هەرێمی کوردستان و لەناوچە جیاجیاکانی نیشتەجێ بوون.

ئەم ئاوارانە خاوەن کێشەو گیروگرفتێکی زۆرن بۆیە لەنزیکەوە چاومان پێیان کەوت و دواندمانن.

سەرەتا (**موحسین پالانی**) کە تەمەنی (١٩) ساڵەو خوێندکاری پێنجەمی زانستیە لەسەر بارودۆخی خۆیان لەڕومادی ئاوا دوا (پێشتر ئێمە لەڕوومادی لەزۆر مافێکمان بێ بەش بووین، من کاتێ لەقوتابخانەدا دەوامم دەکرد بەجلوبەرگی کوردییەوە گاڵتەیان پێ دەکردم و قوتابیە عەرەبەکان هاوڕێیەتیان نەدەکردم، غەریب بووم، دەردی غەریبیش گران بوو، بەڵام ئێستا لەباوەشی کوردستان دا دەژیم و بەموڵکی خۆمی دەزانم، ئەو قۆناغەش کە کوردی تێدا تێپەڕ دەبێت بەسەرکەوتنی ئەم پارچەیەو ڕێگا خۆش کردن بۆ پارچەکانی تری لەنەزەر دەگرم.

کاتێ لەسەر دیاردەی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەیان لێمان پرسی لەکوردستان دا گوتی (وەڵڵاهی وەزعمان زۆر خراپە لەکرێدایین و مانگی ١٥٠ هەزار دینار دەدەین، داوا لەحکومەت دەکەین لەبیرمان نەکات!

کاتێ ڕووی دەممان کردە **مامۆستا جەلیل ئەحمەد** کە تەمەنی (٣٩) ساڵەو لێمان پرسی گوتی (هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەم و کوردستان بەخاکی خۆم دەزانم، ئەوکات لەڕوومادی خۆمان بەغەریب دەزانی، لێرەدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان کوردی باشورو باکورو ڕۆژهەڵات دا نابینم، بەڵام بەداخەوە گلەیمان هەیە لەحکومەت و تائێستا هیچی بۆ نەکردووین. داوامان لەحکومەتیش کردووە زۆر جارێک کەزەویمان پێ بدات بەڵام وەڵامی نەداوینەتەوە.

کاتێ لێمان پرسی لەسەردەمی بەعس دا چۆن ژیاوی گوتی (وەزعمان زۆر خراپ بوو هیچ کەس بۆی نەبوو لەشاری ڕومادی بچێتە دەرێو ناسنامەیەکی سوکمان بووتا ڕوومادی زیاتر بەڵام بۆژیان بەقاچاخی دەچوینە شارەکانی ترو بەڵام ڕۆژ نەبوو لێمان نەگرن و زیندان نەکرێین و غەرامە نەکرێین.

دوای ئەوە کە (**مەسعود عەلی**)م بینی و مژی لەجگەرەکەی دەداو کاتێ دووکەڵی جگەرەکەی دەردایەوە دەرێ پیاو هەستی دەکرد ئەوغەمبارەو بۆیە لەوەڵامی پرسیارەکانم وا دوا (تائێستا لەلایەن حکومەتەوە هیچمان بۆ نەکراوە، بەڵام لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە یارمەتی دراوین و (یەک جاریش وەزارەتی مافی مرۆڤ) بەونیازەوە هاتینەوە بۆ کوردستان کە وڵاتمانەو ڕێزیان دەگرێ، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی حەقیقەتەکان دا حیسابی ئاوارەیەکمان بۆ ناکرێ. داوام لەحکومەت ئەوەیە چونکە فەقیر نییە مو چەیەکی سەرەتایمان بداتێ، سەدام گەرچی بەچاوی پێشمەرگەوە سەیرمانی دەکرد بەڵام لەهەمان کات دا موچەی بۆ بڕیبووینەوە. ئێمە دەبیسین لەحکومەت دەڵێ پارە هەیە بۆ نامداتێ خۆگەر کوردیش نەبین ئینسانین، هیچمان ناوێ حکومەت تەنها موچەی سێ وەزیرمان بۆ سەرف بکات.

لەلایەکی تر **حسەین فەرەج** کە تەمەنی ٣٦ ساڵەو کرێکارەو خاوەن ٤ منداڵەو لەکرێدایە بەم جۆرە دوا "داوام ئەوەیە حکومەت پارچە زەویەکمان بداتێ، لەکرێ دام و نیمە بەخواش کرێ بدەم، خاوەن ٤ منداڵم کەدەخوێنن و لەهەموو مافێکی منداڵیش بێ بەشن.

بەرهەم کەمنداڵێکی ١٠ ساڵەیەو لەپۆلی دووهەمی سەرەتاییە منداڵێکەو هێشتا زەردەخەنەی منداڵی لەسەر لێوەکانی دا حەزبەسەما دەکات کەلێمان پرسی داوات چییە گوتی: من ناوم بەرهەمەو داوا لە د. بەرهەم دەکەم کەمنداڵانی خۆش دەوی لایەک لەمن و هاوڕێکانم بکاتەوە نەپۆشاکی قوتابخانەمان هەیە، نەیەک مافی سەرەتایی منداڵی؟!.

کاک عەبدوڵڵا عەلی کەلێمان پرسی زۆر بەناڕەحەتییەوە گوتی لەدوای دوو ساڵ لەلایەن حکومەتەوە هیچمان بۆ نەکراوە، ئێمە بێ دەسەڵاتین و دیارە بێ دەسەڵاتیش کەس گوێ لەقسەکانی ناگرێ، جاران تا لەڕومادێ بووین هەستی کوردایەتیمان زۆربوو، بەڵام کەهاتینەوە دەبینین کەسەرکردەکانمان ڕێز لەعەرەبەکان زیاتر دەگرن، تائێمە، ئەمە ئێمەی بێ تاقەت کردووە. هەر ئەوە دەڵێم دوای ٢٣ ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری لەعەرەبستان دا زۆر تاوانە ئینسان لەکوردستانی ئازاددا خۆزگە بەمەرگ بخوازێ؟!.

جەمال محەمەد کەپیاوێکی ٣٥ ساڵەیەو دیارە بەڕوومەتییەوە دیار بوو لەحکومەت گلەیی هەیە بۆیە هەر ئەو پرسیارەی کردو بەس گوتی (تائێستا دوو ساڵە هیچ، بەڵام پرسیار ئەوەیە لەم بەربەرەکانی هەڵبژاردنەداکەهەرکەسەو بەڵێنی گەورە دەدات ئاخۆ پرۆژەو بەرنامەی حیزبی دەسەڵاتداریی داهاتوو بۆ ئێمە چییە ئەمە پرسیارێکەو چاوەڕوانی وەڵامین و هیوای هەرچی سەربەرزی بۆ حکومەت دەخوازین.

دڵشاد کە گەنجێکی ٢٠ ساڵەیەو گلەیی تەواو وەکو لاوێک لەحکومەت دەکات دەڵێ (تائێستا لەلایەن حکومەتەوە هیچمان بۆ نەکراوە، وەکو لاو تایبەتمەندی خۆمان هەیە، ئێمەی لاوان ئێستا لەهەموو مافێکمان بێ بەشین، لەماوەی تەمەنی خۆمان دا هەر لەدەربەدەری وابووین (تەمەنمان فەوتا، داوام لەحکومەتی کوردی ئەوەیە وەکو لاوێکی کوردی ئەم کوردستانە حیسابمان بۆ بکات و کێشەی نیشتەجێ بوون و بێکاریمان بۆ چارەسەر بکات.

داده (**ئەسمەر محەمەد**) کەژنێکی ٤٢ ساڵە بوو داوای لەحکومەت کرد کەبیرێکمان بۆ بدۆزێتەوەو لەو بەدبەختی و ژینی سەختە نەجاتمان دات. لەلایەکی تر پیرەژنێک کەلەلای دانیشتبوو گوتی داوا لەم حکومەتە دەکەم کەلەبیرمان نەکات ئێمشە کوردین، ئاوارەین، بەدبەختین) هەروەها لەنێو ئەم خەڵکانەدا کەسانێک هەن کەلەبوارەکانی (تەندروستی و خوێندن و بواری تری ئیدارەکان دا لەوێدا کاریان کردووە بەڵام لێرەدا بەهیچ جۆرێ حیسابیان بۆ ناکرێ.

ئەوەتانێ مامۆستا (**محەمەد ڕەشید کەریم**) لەو بوارەدا ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە: من لەئۆردوگای ڕۆمادی ٨ ساڵ مامۆستای (ئەهلی) زمانی ئینگلیزی بووم و دەرسم بەمنداڵانی ئاوارەو لێقەوماوی کورد دەگووت لەو شوێنەداو بەردەوام لەهەوڵ و تەقالادا بووم ئەوەش بەرامبەر بەموچەیەکی زۆر کەم کەبریتی بوو لەمنداڵێ (٧٥٠) دیناری چاپی نوێ. لەهەمان کاتیش دا شارەزاییم زۆر هەبوو لەبواری کاروباری تەندروستی و دوکانی دەرمان فرۆشیم هەبوو لەوێ داو ٦ ساڵیش لەوێ دا خزمەتم کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەوەتانێ بۆ سێ مانگ دەچێ هاتوومەتەوە بۆ کوردستان و لەکرێدام و هیچ کارێکیشم دەست نەکەوتووە، لەکاتێکیش دا بەدوای سەخترین کاردا کەئیشی کرێکاریە گەڕاوم، بۆیە داوا لەحکومەت دەکەم لەیەکێک لەدائیرەکانی خۆیدا دامبمەزرێنێ".

لەکۆتاییدا لاوێک کەتەمەنی ١٨ ساڵ بوو نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکا وتی (بەبەڕێز مام جەلال دەڵێم جاران لەسایەی حکومەتی بەعس دا تینوو برسی ئازادی بووین، بەڵام ئێستا لەسایەی ئازادیدا تینوو برسی نان و ئاوین" ■

نۆبەی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران؟!

ئەردەڵانی فەرەجی

لە کاتێکدا کە جیهان چاوی بڕیبووە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەستیارانە ئەیڕوانییە پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقو پاش ئەوەی کە زیاتر لە (٨٨٪) ناونووسکراوانی دەنگدان لە عێراق ڕۆژی سییەمی ژانوییە چوونە پێی سندووقەکانی دەنگدان، کە بە جۆرێک سەرکەوتنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقی تێدا بەدیدەکرێ، ناکۆکیو جیاوازییەکانی یەکێتی ئورووپاو ئامریکا لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران لەسەر کێشە (ئەتۆمی) ناوکییەکانو هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی هەر لەپاش چەند ڕۆژ دوای دەستپێکی دەورەی دووهەمی سەرۆک کۆماری جۆرج بووش، چۆتە ئاستێکی دیکەوە. هەر چەند کە دژایەتیکردن لەگەڵ هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەلایەن یەکێتی ئورووپاوە کۆکی هەموو وڵاتانی یەکێتی ئورووپای لەگەڵ نییە، بەڵام دەربارەی ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ کێشەی ناوکی ئێران دوو هەڵاوێردە بۆ ڕەچاوکردن هەن:

یەکەم سیاسەتی یەکێتی ئورووپا کە سیاسەتی دیپلۆماسی ڕەخنەگرانەیەو دووهەم هەڵاوێردە کە ئەمریکا زۆرتر لایەنگریەتی هێرشی سەربازیو قەڵاچۆکردنی ڕژیمی دەسەڵاتداری ئێرانە.

سەفەری ئەم دوایانەی "جاک سترۆ" وەزیری دەرەوەی ئینگلیز چ وەفادارترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە هێرش بۆ سەر عێراق چ بۆ واشینگتۆنو تەیار بوونی بە پەروەندەیەکی ٢٠٠ لاپەڕەی لەسەر هەوڵەکانی یەکێتی ئورووپا بۆ خستنەژێر چاوەردێریی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێرانو کۆبوونەوەی "فیشێر" هاوتای ئەو لەگەڵ "کۆندۆلیزا رایس" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خۆی نیشاندەری گرینگیو هەستیاری زەمانی ئەو مەسەلەیەیە.

یەکێتی ئورووپا زۆر نیگەرانی هەڵوێستی ئەمریکاو هێنانە گۆڕی مەترسیو ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانە، سەفەرە بە پەلەکەی "جاک سترۆ"ش زۆرتر بۆ باوەڕ پێهێنانی سەرانی کۆشکی سپی بوو بەوەی کە دیپلۆماسی ڕەخنەگرانەو وتووێژ دەتوانێ مەترسی ئێران چارەسەر بکات.

بەڵام ئەمریکاو یان لانی کەم محافزەکارە نوێکانی ئەمریکا هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە چارەسەری هێمنانە، سەبارەت بەکێشە ناوکییەکانی ئێران مومکین نییەو هەڵاوێردەی هێرشی نیزامی بۆ سەر کۆماری ئیسلامییان وەک دوا ڕێگاچارە خستووەتە پێش چاو.

هەڵبەت هەردوو بلۆکی ڕۆژئاوا (یەکێتی ئورووپاو ئەمریکا) بە گشتی کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشیان لە سەر ئێران هەیە. نەهێشتنی تەیاربوونی کۆماری ئیسلامی بەچەکە ئەتۆمیو ناوکییەکانو کۆتایی هێنانە بەرۆڵی کۆماری ئیسلامی لەتیرۆریزمی نێودەوڵەتیو پشتیوانی کردن لەگرووپە تیرۆریستییەکان لەعێراقو فەلەستینو لوبنان.. چەند خاڵ لەئامانجە هاوبەشەکانی دوو بلۆکی ڕۆژئاوان.

"دیک چینی" ڕاوێژکاری یەکەمی جۆرج بووش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە "ئێران" لە پێرستی "ناوچە کێشەدارەکانی" ئەمریکا دایە. ئەمریکاو بووش سەرەڕای چەقین لەمخورکی عێراق، بەڵام هێشتا لەسەر "پیلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ" بەردەوامنو لە ئێستادا ئامانجی ژمارە یەکی ئەوان، ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە چەندین جار وتەبێژانی کۆشکی سپیو تەنانەت وەزیری بەرگری عێراق "حازم شەعلان"یش، ئێرانیان بەدەست تێوەردانو هاودەستبوون لەئاژاوەگێڕییەکانی ناوخۆی عێراق تاوانبار کردووە. هەروا کە ڕەفسەنجانی گوتویەتی کە "ئێمە شەڕی خۆمان لەگەڵ ئەمریکا دەبێ لەدەرەوەی سنووەکانی خۆمان بکەین"، ئەمە بەتەواوەتی ئەم پڕۆپاگەندە دەسەلمێنێت کە ئامریکا بۆ خۆی دەیکات.

بەڵام بەهەموو ئەوانەوە پرسیارێک دێتە گۆڕێو ئەویش ئەوەیە کە ئایا پاش "بەغدا" سەرەی "تاران" دەبێت یان..؟

لەلایەکەوە جیاوازی دوورروانگەی یەکێتی ئورووپا کە ساڵانێکە سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانەیان بەرامبەر بەئێران ڕەچاو کردووەو لەو بڕوایەدان کە دانی ئمتیازی ئابووریو گەرەنتی کردنی ئەمنییەت بۆ ئێران دەتوانێ لەسەر دەست هەڵگرتنی ئەو وڵاتە لە پڕۆژەی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی کاریگەر بێو ئەو مەترسییە گەورەیەی کە ئێران دەتوانێ پاش تەیار بوونی بەو چەکە بەلەبەرچاوگرتنی پێشینەی ئەو دەوڵەتە لە داڵدەدانو پشتیوانی کردنی گرووپە توندڕەوو تیرۆریستییەکان بیبێ کەم کەنەوەو لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا وەک هێزێکی گەورەی نیزامی کە زۆرتر لە هەر وڵاتێکی دیکە تەیار بوونی کۆماری ئیسلامی بەچەکی ئەتۆمی بەهێرشی تیرۆریستیو مەترسیدار بۆ سەر خاکی ئەمریکاو خەڵکەکەی دەزانێو هەروەها باری هەڵکەوتەی ژئۆستراتیژیکی ئێران بە هۆی هێزی ئینسانییەکەیەوە (٧٠ میلیۆن کەس)و ئابووریو هەروەها هاوکاری لەگەڵ ڕووسییەو چین خۆی وەک هێزێکی گەورە لەناوچەکەو دوایین قەڵای دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی ئەمریکا بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەنوێنێ، لەو بڕوایەدایە کە وتووێژو ڕەچاوکردنی سیاسەتی "گیزەرو گۆپاڵ" ناتوانێ لەسەر دەست هەڵگرتنی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پڕۆژە ناوکییەکان کاریگەر بێ. هەر بۆیەش ڕاشکاوانە دەڵێن کە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەسیاسەتەکانی خۆیاندا "حەزف" ناکەن.

سەقامگیرکردنی هێزە ئەمریکاییەکانو گەمارۆدرانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە لە وڵاتانی عێراق، ئەفغانستان، ئیسرائیلو تا ڕادەیەکیش تورکیەو کووەیتەوە ئەگەری هێرشی سەربازی قایمتر دەکات.

لە سەرەوە گوتمان کە جیاوازیی ڕوانگەی ئەمریکاو یەکێتی ئورووپا دەربارەی ئێران تارادەیەک ئەمریکا دەباتە فازی تاکلایەنە بینینو تاک کەوتنەوەی لە ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران. لێرەدا پرسیارێکی دی دێتە گۆڕێ:چ ئایا ئەمریکا لە ئەگەری تاک مانەوەی لە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران توانستی ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەیە یان نا؟

لە پێش دا ئەوە بڵێم کە شوبهاندنی ئێران بە وڵاتی عێراق تا ڕادەیەک هەڵەیە. یەکەم لە باری ژئۆپۆلۆتیکەوە وڵاتی ئێرانو وڵاتێکی پانو بەرینەو هەروەها لەباری ژئۆستراتێژیکییەوە یەکێک لە وڵاتە بەهێزەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەو تەنانەت لەباری سایکۆلۆژی خەڵکی ئێرانیشەوە ناتوانین وڵاتی ئێران وەک وڵاتی عێراق لە بەرچاو بگرین. خەڵکی ئێران هەر نەبێ ئەزموونی دوو شۆڕشی مەشرووتییەتو شۆڕشی ٥٧یان هەیە لەحاڵێکدا کە خەڵکی عێراق لەو دەمەی کە خۆیان وەک هاووڵاتیانی وڵاتێک بینیوە هەر لە ژێر سەرکوتو دەمکوتکردن دا بوونو بچووکترین بزاوتەکانیان بێسەرکەوتن لەگەڵ سەرکوتی خوێناوی بەرەوروو بوونەتەوە.

بۆیە ئەگەری هێرشی سەربازی بە شێوەی عێراق کاریکی ئەستەمەو دەرسەدی ئەم ئەگەرە زۆر کەمە، بەڵام هەروەک زۆر جاران ڕاگەیاندراوە دەکرێ لێدانی گورزی تاوتوێ کراو لە شوێنە ئەمنییەتیو بە تایبەتی پایگا ناوکییەکانی ئێران چاوەڕوان بکرێ.

خاڵی جێی ئاماژە لێرەدا ئەوەیە کە بێگومان سەرسووک بوونی ئەمریکا پاش سەقامگیر بوونی عێراقو تەنانەت بۆ سەقامیگرکردنی هێمنیو ئارامش لە عێراقیشدا بێت، پێویستی بەدەستبردن بۆ دەسەڵاتی ئێران هەیە. بۆیە گۆڕینی ڕژیمی دەسەڵاتداری ئێران هاوتەریب دەوەستێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

بەڵام پرسیارێکی دیکەش دێتە گۆڕێو ئەویش ئەوەیە: ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دێمۆکراسی خوازی ئێرانی لەم هەلەدا چییەو دەبێ چی بێ؟

چبە بڕوای من کۆماری ئیسلامی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بە فاکتەرێکی گرینگو کاریگەر تەنانەت سەرەکیش بۆ لە سەرکارمانەوەیو درێژەدان بەژیانی خۆی دەبینێ. تەیار بوونی کۆماری ئیسلامی بەچەکی ئەتۆمی توانستێکی زۆرتر دەداتە ئەو ڕژیمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتی ئورووپاو ئەمریکا.

جگەلەوەش کۆماری ئیسلامی بێگومان لەئەگەری دەست پێڕاگەیشتنی بەم چەکە دەیکاتە ئامرازێک بۆ سەرکوتو سەپاندنی خۆیو بێهیوا کردنی خەڵک بە گۆڕانو بێکەڵک کردنی بزووتنەوە جەماوەرییەکانو لە ئەنجامدا بە جۆرێک کزبوونی "بەرەی ناوخۆی"ی ئێرانی لێدەکەوێتەوە.

هەرواکە بەرلە لێدانی گورزی سەربازی ئەمریکا لە عێراق کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە لەندەن گیراو ئۆپۆزیسیۆنەکان جیا لە دانی پێشنیارەکانییان بۆ داهاتووی عێراق، تەبابوونی خۆیان لەگەڵ هێرشی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتی عێراقو ڕژیمی دەسەڵاتداری بەعس ڕاگەیاند. هەرچەند لەو ڕۆژەوە کە خەڵکی عێراق بە هۆی ئەوەی کە لە چنگ دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ دەربازکرابوون گوڵی سووریان پێشکەش بە سەربازانی ئەمریکای دەکرد، لەو ڕۆژەشەوە لە بیری دەرباز بوون لە ژێر داگیرکاری ئەمریکا دەکردەوە. لە ئێرانیش هێرشی سەربازی ئەمریکا لەئەگەری ڕاستبوونیدا بۆ سەر ئێران نابێ بەهیچ جۆرێکو لەژێر هەر ناوێکدا ئۆپۆزیسیۆن بچنەبەرەی کۆماری ئیسلامییەوە.

نیگەرانی خەڵکی ئێران لەوەدەست هێنانی ڕژیمی دەسەڵاتدار زۆر ڕاستەقینەو ڕەسەنتر لەو نیگەرانییە کە ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەری دەبرن. خەڵکانێک کە چارەکە سەدەیەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە درندەیەدا گیانیان کەوتووەتە مەترسییەوەو یان گیانیان لە دەست داوە. خەڵکێک کە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ٦٧یان بینیوە، خەڵکێک کە شاهیدی بە کوشتدانی سەدان هەزار کەس لە گەنجانو لاوان لە شەڕی دواکەوتووانەی ئێرانو عێراق بوون، خەڵکێک کە ئیعدامە بە کۆمەڵەکانی دەیەی شەستیان دیوە. خەڵکانێک کە هێرشی وەحشیانەی ئەو ڕژیمەیان بۆ سەر کوردستان دیوە، ڕژیمی هەڵاواردنی جینسی، نیگەرانی ئەو خەڵکانە زۆر ڕاستەقینەتر لەدەربڕینەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئورووپایە.

بۆیە بە پێچەوانەی هەڵوێستی هێندێک لە ئۆپۆزیسیۆن کە داکۆکی لەخاوەنداریەتی چەکی ناوکی کۆماری ئیسلامی دەکەن، دەست پێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بەم چەکە دەتوانێ مەترسییەکی گەورەو ڕاستەقینە بێت بۆ سەر بچووکترینو هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی جەماوەری. لە ئێستادا ئەگەرچی ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانو بەجۆرێک داگیرکردنی ئێران لەلایەن وڵاتێکی دیکەوە زۆر بەدڵو لەبەرژەوەندی خەڵکی ئێراندا نەبێ، بەڵام بەهەر حاڵ تێکشکانو ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەنگاوێکی گەورە دەبێ بەرەو دێمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی ئێرانو هەرچەشنە داکۆکی کردنێک لەسەر ڕەوا بوونی خاوەنداریەتی کۆماری ئیسلامی بەچەکی ئەتۆمی ڕێک هاوتەریبیو چوونە ناو بەرەی لایەنگریو پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامییە. بۆیە ئۆپۆزیسیۆن وشیارو سەربەخۆخواز نابێ بە هیچ جۆرێک لەژێر عەبای داکۆکی کردن لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێرانو بەرحەق بوونی خاوەنداریەتی وڵاتی ئێران لە تێکنۆلۆژی ناوکیو ئەولەوییەتی دژایەتی کردن لەگەڵ ئێمپریالیزمو ئەمریکا بچێتە فازی بەرامبەرکێ لەگەڵ ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران.

هەرچەند وەک پێشوتر وتم، ڕەنگە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەسەدا سەد لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێراندا نەبێ، بەڵام هیچ نەبێ دەتوانێ پاڵپشتێک یان هاندەرێک بێ بۆ بوێری خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی یەکجاری ڕژیمی مەلاکان لەئێرانداو لە ئێستادا کە پەروەندەی ماجەراجۆیی ئەتۆمیی مافیای زاڵ بەسەر ئێراندا لەچاو باقی خاڵەکانی پێشێلکارییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بێمافی کرێکارانو ژنانو منداڵانو نەتەوەو کەمایەتییە ئایینەکانو نووسەرانو ڕۆژنامەوانانو هتاد، لە بانترە، نەک تەنیا نابێ ببێتە هۆی دوودڵیو ڕاڕایی لە ناو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی چەپو دیمۆکراسی خوازدا، بەڵکوو بە پێچەوانە دەبێ بۆ زۆرتر لەقاودانو بەتاق خستنەوەی هەرچی زۆرتری کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کەڵکی لێوەر بگیرێ.■

□ وێنەکان: ئەسۆشیەتد پرێس

ardalan_332000@yahoo.com



سۆران پالانی

یادێک لە کۆماری مەهابادو چاوخشاندنێک لە وەزعیەتی کورد

مێژووی گەلانی ئەم سەر زەوییە ڕۆژی خۆش و ناخۆشی هەیە، هەموو میللەتێک بەپێی ئەو ڕووداوە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییانەی کەبەسەریدا هاتووە، شتێکی بەناوی مێژوو تۆمارکردووە، جا وەک ئەوەی لەسەرەوە گوتمان، بەخۆشی یان ناخۆشی.

گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی چل ملیۆنی، لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، بێبەش نەبووەو خاوەنی مێژوویەکی تایبەتی خۆیەتیو بەحوکمی ئەوەی کەئەم میللەتە لەنێوان ئەو چوار وڵاتەدا دابەشکراوەو چەوسێنراوەتەوە. هەردەم ڕانەوەستاوە دەستەوئەژنۆو خەباتی قارەمانانەی خۆی کردووە، بەڵام ڕۆژە ناخۆشەکانی ئەم میللەتە زۆرنو هەر یەکەیان کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە. ڕۆژێک کەنەتەوەی کورد هەمیشە شانازی پێوە دەکاو ڕۆژێکی گرنگی مێژوویەتیو دوژمنانیش دانی پێدا دەنێن، ڕەنگدانەوەیەکی تایبەت بووە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی، ڕۆژی دامەزراندنی (کۆماری دیموکراتی کوردستان)ە، کەلەمێژوودا بە(کۆماری مەهاباد) ناسراوە.

لەساڵی ١٩٤٥، لەئاکامی ئەو هەلومەرجە نێودەوڵەتییەی دوای شەڕی جیهانی دووەم بۆ کورد ڕەخسا، گەلی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەو هەلەی لەدەست نەداو بەسوودی خۆیان قۆستیانەوە، ئەوەبوو پێشەوا (قازی محەمەد) ڕێبەری ئەو کاتەی حیزبی دیموکرات لەمەهاباد (کۆماری دیموکراتی کوردستان)ی دامەزراندو بەم شێوەیە حکومەتێکی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا خستە ئیدارەکردنو گەلی کوردی بەخواستە دێرینەکانی خۆی گەیاند لەو بەشەی کوردستانو سەلماندی کەخوێنی شەهیدان بەفیڕۆ ناچێت.

ئەگەرچی بەداخەوە کۆماری مهاباد پشتیان بەرداو تەنها یازدە مانگ تەمەنی بوو، کۆتایی بەدەسەڵاتی هاتو ڕێبەرەکانی گیرانو لەداردران.

بەڵام ئەو هەنگاوە سیاسیە پێشکەوتووخوازە بەدنیای دەرەوەی ڕاگەیاندو سەلماندی کەکورد خاوەن کەسایەتییەکی مەزنەو دەتوانێ ئیدارەی خۆی بکات، بەپێچەوانەی ئەوەی کەدوژمنانو ناحەزانی گەلی کورد دەیڵێن، کۆماری مهاباد بەو تەمەنە کورتەی دەسەڵاتی خۆی، سیاسەتی نێو دەوڵەتی بەرامبەر بەکورد خستە ژێرپرسیارەوە؟

ئەگەرچی گوتمان کۆمار تەنها یازدە مانگی تەمەن بوو. بەڵام ئەو دەستکەوتانەی کەلەسەردەمی کۆماردا ڕوویدا زۆر گەورە بوو، پێشەوا (قازی نەمر) هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاویدا بواری بۆ پەروەردەو فێرکردنی کوردی ڕەخساندو بڕیاریدا منداڵەکان بەزمانی زگماکی فێر بکەنو گرنگی زۆریدا بەکردنەوەی قوتابخانەو هانی گەورە ساڵانیدا کەڕو لەخوێندن بکەن. سەرەڕای ئەمەش بواری بەلاوان داو هێنانیە مەیدانی ئیدارەکردنی حکومەتەوە گرنگییەکی زۆری پێدانو ڕێزێکی زۆری لێگرتن.

سەرەڕای ئەمانە لەهەمووی گرنگتر لەسەردەمێکدا کەژنان لەهەموو مافێک بێبەش بوونو هاتنە مەیدانی ژنان بۆ نێو مەیدانی خەباتی سیاسیو بەشداریکردنیان لەبنیاتنانی کۆمەڵدا شتێکی عەیبەو سەیرو نامۆ بوو.

قازی نەمر بواری تەواوی بەژنان داو هێنانیە مەیدانی خەباتی سیاسییەوەو کردنیە هاوشانی پیاوان لەحکومەتەساواکەیداو ئەم هەنگاوە پیرۆزەش سەرەتا لەژنو کچەکانی خۆیو نزیکەکانییەوە دەست پێکرد، دوای ئەوەش ڕێکخراوێکی بۆ دامەزراندن تا داکۆکی لەماف و ئازادییەکانیان بکەن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، لەو ڕۆژە مێژووییەدا دەبێ باسی لێبکرێ، ئەو هەلومەرجو پڕۆسەی هەڵبژاردنەیە کە ئەمڕۆ کوردستانی باشووری پێدا دەڕوات، هەڵبژاردن پڕۆسەیەکی گرنگی سیاسییەو لەعێراقدا بەڕێوە دەچێو کوردستانیش دەگرێتەوە بەیەکەم هەنگاوی سەقامگیرکردنی دیموکراسی لەقەڵەم دەدرێ، ئەرکێکی نەتەوەییو قورس دەخاتە سەرشانی کۆمەڵی کوردەواری، بۆیە هەموو کوردێک لەسەریەتی بەشداری بکات لەم هەڵبژاردنەدا تا لەداهاتووی عێراقدا کورد زۆرترینی کورسیەکانی پەرلەمان دەستەبەر بکاتو ئیدی دوای ئەوەش بەئاسانی کار بۆ چەسپاندنی داواکانی بکات کەگرنگترینیان فیدراڵییەو لەدەستوری عێراقدا دانی پێدانراوە.

ئەوەی لێرەدا دەبێ سوودی لێوەربگرینو لەدەستی نەدەین، ئەو هەلە مێژووییەیە کەبۆکورد ڕەخساوە، چونکە گەلی کورد ئەمڕۆ باشترین قۆناغی لەپێشدایە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوسیو نەخشاندنی مێژوویەکی کە دوای بەدەستهێنانی زۆربەی دەنگەکان، جارێکی تر ڕۆژێکی مێژوویی وەک (کۆماری مهاباد)ی بۆ گەلی کورد لێبکەوێتەوە.■

پەژارەی هاووڵاتی

■ نەخۆشخانە.. یان خەمخانەی کەلار؟! (جەلال)

■ عەبدوڵڵا مەسعود ، هەر لەخۆوە (٤٩) جار دەست و قاچی شکاوە ! (ئاکۆ)

■ ئاورێک لەگرفتەکانی ئەم گوندە.. (لاپەڕە ٦)

■ سکاڵای خەڵکی تاسڵوجە لە.. شارەوانیو دەزگا خزمەتگوزارییەکانی حکومەت.. (ئاوێنە)

پوازو پەژارەو پارێزگا

ڕۆژنامەی چاودێر هەر لەسەرەتاوە بەشێوازێکی تایبەتو وەک هەڵگری ناوەکەی هاتە مەیدانی خزمەتکردن بەبواری ڕۆژنامەگەری کوردیو یەکێک لەو لاپەرانەش کەهەمی چاودێریکردنی دامودەزگاکانو بەدواداچوونی گرفتەکانی هاولاتی لەئەستۆ گرت، ئاشکرایە کەلاپەرەی (ئاوێنەی ڕۆژنامەگەری) بوو، لاپەرەکە کەوەک خوێنەری بەرێز دەزانێت، بەشێکی بەرچاوی نازناوی (پەژارەی هاولاتی) پێبداو گرفتو سکاڵاو داواکارییەکانی خەڵک لەبوارە جیاجیاکانی ژیاریدا لەخۆ دەگرێتو ستوونی (پواز)یش هەموو ئەو بابەتانەی تێیدا بڵاوکراونەتەوەو لەداهاتوشدا دەبنە قسەی ئەو ستونە، پوازی جیاجیان کەلەدیاردەو ئاکارە دزێوەکان دەدرێن.

ئەوەی دەمەوێت لێرەوە لێی بدوێم، ئەوەیە کەبەراستیو لەبەرئەوەی ئێمە بریارمانداوە ئەو لاپەرەیە، لاپەرەی بەتەنگەوەچوونی گرفتەکانی خەڵک بێت، زۆربەی ئەو دیاردانەی لێرەوە قسەی پێویستیان لەبارەوە دەکرێت، پەیوەندیدار دەبن بەو دامودەزگاو فەرمانگانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکە، دەمەوێت بڵێم:

پێشتر زۆری قسەو بابەتەکانی ئەم لاپەرەیە رەخنەو داواکاری خەڵک بوونو لەدامودەزگاو فەرمانگە حکومییەکان بەگشتیو شارەوانی بەتایبەت، هەرواش لەم کاتە بەدواوە ئەم لاپەرەیە ئەرکی چاودێریو بەدواداچوونی کاروپرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵبژێردراوی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگا، ئەرکی خزمەتکردنی شارو دانیشتوانەکەی لەئەستۆیەو ناکرێت کەمتەرخەمی لەبەرامبەر متمانەی خەڵکدا بنوێنێت، جێی خۆشحاڵییە گۆرانکارییە سیاسیو ئابوورییەکانی وڵات وایانکردووە کەهەم باری گوزەرانی خەڵک روو لە باشو باشتر بێتو هەمیش بیانوویەک نەمێنێت بۆ حکومەتو دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان، لەپێشیانەوە پارێزگاو ئەنجومەنەکەی بۆ گرنگیدانی زیاتر بەئەرکو کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.

هەمووان دەزانین کە پرۆسەی خزمەتکردنی شار هەبووە، زۆریش بەرفراوان بووە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لەو پرۆژانە رازی بووبنو دەشزانین کەخەڵکانێکی زۆر دەردە دڵیان لەبەرامبەر کارەکاندا هەبوو، زۆربەشمان چاوەڕوانی ئەو بەشدارییە فراوانەی خەڵک نەبووین لەپرۆسەی هەڵبژاردنو بەتایبەت، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، بەڵام من پێموایە لێبوردەیی خەڵک ئەمجارەش لەدەردە دڵەکانیان گەورەترو زۆرتربوو، هەربۆیە بەو شێوەیەی کەچاوەڕوان نەدەکرا هاوڵاتیان بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان کرد.

ئەو هەڵوێستەی خەڵک لەراستیدا من وایدەبینم کەحکومەتو دەسەڵاتی جارێکی دی قەرزاربار کردوو ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا نەتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی وەک پێویست رابپەڕێنێت، جارێکی تر ئەو لێبوردنەی هاوڵاتیان دووبارە نابێتەوە، ئەوان دەبێت قەرزی دەسەڵات بدەنەوە، نەک کەمتەرخەمیان هێندەی تر دەسەڵات قەرزارباری خەڵک بکات.■

ڕەنج قەرەداغی

جەلال

لەو وڵاتانەی کەئێستا لەسایەی کۆمەڵی مەدەنیو سیستەمی پێشکەوتوی ئیدارییدا ژیان دەبەنەسەر، خەڵک ژیان دەبەنەسەر، خەڵک ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەرانە دەکاو، ئەگەر ڕۆژێکیش گلەییەکیشیان هەبێت، خۆ ئەوە چەندین کەناڵی یاسایی جۆراوجۆری داکۆکیکردن وەک: ڕاگەیاندنەکان، مافی خۆپیشاندان، مافی مانگرتن، سکاڵاکردن.. هتد. لەبەر دەستدایە. ئەمەش وەک سیستەمی مۆدێرنو پێشکەوتووی کۆمەڵگەکان وایکردووە کەهەڵەکاریو کەمتەرخەمی روونەدەن (چ تاک بیکا یان گروپ)، ئەگەریش ڕوویدا، خۆ دووبارەو سێبارە نابنەوە!.

ئەی وڵاتەکەی ئێمە؟ وڵاتەکەی ئێمە بێگومان هەر لەسەرەتاوە.. برستیان لێبریوەو نەیانهێشتووە وەک باقی وڵاتانی خوا پێداوی دونیا. هەناسەی خەم دەرکاو شنەی ئازادی هەڵکێشێ. بەڵام خوا هەڵناگرێ لەنێو وڵاتەکەشماندا شارەکەی ئێمە قوڕەکەی لەقوڕی هەموان خەستترە!!

من نامەوێ باسی نەبوونی کارەباو بەنزینو نەوتو غازوزۆرکێشەی دیکەی کەلار بکەم. من تەنیا دەمەوێ ئاماژە بەو کێشەیە بکەم کەرەنگە چارەسەرکردنی پێویستی بەدەسەڵاتو خەرجییەکی ئەوتۆ نەبێ.

بەڵێ ئەوەی کەلە کەلار دەژی دەزانێ لەم شارە، تاقە (نەخۆشخانە) یەک هەیە، کەبۆ چەندین ساڵە خەریکەو هەندێ لەخەڵک (دیارە نەک هەموان) بەنیازی چارەسەر رووی تێدەکەن، ئەڵبەت نەخۆشخانە یەکێک لەگرنگترینو پێویستی ترین فەرمانگەکانی کۆمەڵگەیەو بەهیچ جۆرێک ناکرێ چاوپۆشی لەنەبوونی بکرێ.

ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی باسەو بووەتە مایەی نیگەرانیو نارەزایی دانیشتوانی کەلار، ئەوەیە کەئەم نەخۆشخانەیە بەهیچ جۆرێک بەداخوازیو پێداویستیەکانی خەڵک وەڵامدەر نییەو هیچی لەنەخۆشخانە ناچێت..!! بۆ خەڵکی کەلار شتێکی زانراوە کەبەشی هەرەزۆری نەخۆشەکانی ئەمشارە بۆ شتی زۆر ئاسایی پەیوەندیدار بەنەخۆشەکانیەوە روو لەشارەکانی: بەغدا، سلێمانی، تەنانەت دیالەش دەکەن. هۆیەکەشی ئەوەیە کەلەم نەخۆشخانەیەی کەلار لەپلەی یەکەمدا پزیشکی پسپۆرو دڵسۆز زۆر کەمنو بەپلەی دووەمیش ئامێرو خزمەتگوزاریو پێداویستییەکانی دیکە دابین نەکراون بەشێوەی پێویست.

بێگومان لەو نێواخندا هەندێ خەڵک بەهۆی کەمی داهاتی یان بەهۆی سووکیو ئاسانی نەخۆشیەکانیانەوە، روو لەم نەخۆشخانەیە دەکەن، کەلەئەنجامدا توشی مەترسی گەورەتر دەبنەوە.

ئەگەرچی کەموکوریو کەمتەرخەمی لەم نەخۆشخانەیەدا لەژمارە نایە، بەڵام دەست نیشانکردنی هەندێکیان ئەگەر قازانجی نەبێت، خۆ بێگومان زیانی نییە.

- زۆرجار ڕوویداوە لەژووری نەشتەرگەری لەبری لەکارەبا لە (لایت) کەڵکیان وەرگرتووەو ئەمەش بەبێ گرنگیدان بەگیانی نەخۆش. سەرەرای ئەوەی مولیدەی کارەباش بۆ ئیحتیات هەیە.
- ڕاگرتنو بەچاوەڕوانی هێشتنەوەی نەخۆش (ئەگەر زۆر سەختیش بوو بێت) جارێک بەبیانووی ئامادەنەبوونی پزیشکو جارجاریش بەبیانووی... نەبوونی کارەباو...هتد.
- نەبوونی دکتۆری بەرز بۆ نەشتەرگەرییە گەورەکانو کەمی پسپۆرو شارەزا لەبواری تەکنیکیو هونەرییەکانی دیکەو، کەمی ژوورو قەرەوێڵەکانی خەوو زۆر لایەنی دیکە.

من بەپێویستی نازانم ئاماژە بەکێشەی بەرێوەبەری (هاتوچۆ)ی کەلارو، جەنابی قائیمقامی کەلار بکەم لەگەڵ هەندێ لەفەرمانبەرو پزیشکەکانی ئەم نەخۆشخانەیە کەدیسان بەهۆی ئەم کەمتەرخەمییانەوە روویدا، بەڵام ئەوەندە هەیە وەک دانیشتوویەکی ئەمشارە پێمخۆشە ئەم چەند خاڵە بخەمە بەرچاو:

١. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە کەداهاتی حکومەتی هەرێم لەچاو جاراندا زۆر زیاتر بووە، پێویستە حکومەت زیاتر خەمی کەلار بخواتو، بێجگەلە دابینکردنی ئەم نەخۆشخانەیە، نەخۆشخانەی تریش بکاتەوە، ئاخر دەبێ بزانین لەشاری کەلار بۆ هەرچەند هەزار کەس پزیشکێکو قەرەوێڵەیەک هەیە.

٢. بەدوای ڕووخانی سەدام دا، دانیشتوانی کەلار یەک بەسێ زیادی کردووە، ئەمە وادەخوازێ نەخۆشخانەکە گەورەتر بکرێت، ژمارەیەکی زیاتری پزیشک، فەرمانبەر، ئامێر... هتد، دابین بکرێ.

٣. ئەو وەزارەتەی پیوەندی بەئیدارەکردنی ئەم نەخۆشخانەیەوە هەیە، دەبێ ئاگاداری هەڵسوکەوتو رەوشتی فەرمانبەرەکانی بێت لەمامەڵکردنیان لەگەڵ هاوڵاتیدا، خەڵکی کەلار ئەنفالو شەهیدانی لەئەژمار نەهاتوون، هەربۆیە چاوەڕوانن و دەیانەوێ هەست بەڕووخانی رژێمی سەدام بکەن، ئەم هەستەش بەخزمەتگوزاری زیاترو دووبارەو سێ بارە نەبوونەوەی هەڵەکان دروست دەبێت.■

ئاکۆ دوکانی

عەبدوڵڵای تەمەن چوار ساڵ ، ئەو منالە چاوگەشەیە کەهەر لە یەکەم مانگی تەمەنیەوە دوچاری نەخۆشی (ئێسک شکان) بووە، کەبەبێ هیچ جۆرە فشارو دەست لێدانێک هەر لەخۆیەوە دەستو قاچی دەشکێت.

مەسعود- باوکی ئەم منالەیەو دانیشتووی شاری کەرکوکەو دوکانی (تەنەکەچی) هەیە، دەڵێت: من کە هەموو ئومێدێکم ئەوەبوو خوا کوڕێکم پێ ببەخشێت، ئەوەبوو لەدوای چوار، کچ خوا کردی عەبدوڵلایی پێ بەخشیم، بەڵام هەر لەیەکەم مانگی تەمەنیەوە تووشی ئەم نەخۆشییە بوو کەهەر لەخۆوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی بەر بکەوێت دەستی یان قاچی دەشکێت، هەندێ جار لەیەک کاتدا لە دوو سێ لاوە دەشکێت کە تا ئێستا (٤٩) جار شکانی قاچو دەستیم ژماردووە، هەروەها زۆربەی نەخۆشخانەکانی عێراق گەراوم بەڵام بەداخەوە تائێستا دکتۆرەکان هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە، هەندێکیش لەو دکتۆرانە پێیان وایە کە ئێسکی کوڕەکەم مۆخی نییە ، واتە ماددەی پتەوبوونو بەهێزی ئێسکی تیا نییە، لەهەمان کاتدا چوار کچی ترم هەیە هیچیان ئەم نەخۆشیەیان نییە.

باوکی عەبدوڵڵا داواکارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو کەسایەتیە خێرخوازەکان کە بەدەم گرفتەکەیەوە بچن، چونکە پێویستی بەهاوکاری هەیە بۆ رزگار بوونی کوڕە تاقانەکەی لەو نەخۆشییە بۆئەوەی بیبات بۆ هەندەران بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی.

لاپەڕە ٦

گوندی کەندەکەوەی سەر شارێی سلێمانی- تاسڵوجە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تیادا دەژیو کۆمەڵێک گرفتو کێشەیان ڕووبەڕوو بۆتەوە، کەلەراستیدا شیاوی بەدواداچوونو بەتەنگەوەچوونیشن؟

ئێمە لەسەردانماندا بۆ ئەو شوێنە زانیمان کەلەوێ بنکەی تەندروستی نییە، شەقامی ناتەواوەو شەقامەکانی هیچ مەرجێکی شەقامیان تیادا نییە.

هاوڵاتی (پەخشان حسین) ژنی ماڵەوەیەو دەڵێت: کەندەکەوە خاوەنی نییەو ئێمە هەست بەجیاوازییەکی زۆر دەکەین لەنێوان ئێمەو دانیشتوانی ناوشارو ناوچەکانی ترداو کاتێک دەچینە هەر شوێنێکی ترو دەگەڕێینەوە، گریانمان بۆ خۆمان دێت.

هەر لەگرفتەکانی کەندەکەوە، خراپی تەلی کارەباو نەبوونی چاکسازی لەهێڵەکانی کارەباداو خراپ بوونیان، ئەمە جگەلەوەی لەم شوێنەداو لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خێزان ژیانی تێدا دەگوزەرێنن، بنکەی پۆلیسی تێدانییە.

بوونی ئەم گرفتانە ئاماژەی کەمتەرخەمی دەزگا پەیوەندیدارەکانن و وا پێویستە هەرچی زووترە بەدواداچوونو ڕێگاچارەیان بۆ بکرێت.■

دیمەنی دڵڕفێنی کەندەکەوە

ئاوێنە

پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لەشارو شارۆچکەو ناوچە جیاجیاکانی سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕووداوێکی ئاسوودەبەخش بوو بۆ خەڵکی کوردستان، بەئومێدی بوژانەوەی وڵاتو ئاوەدانیو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ دانیشتوان، دیارە ئەو ئەنجومەنانەی لەشاروشارۆچکەکاندا هەڵبژێردرانو دەنگی خەڵکیان وەرگرت، هەندێکیان بەکۆمەڵێک کاروپرۆژەی سوودبەخش هاتنە مەیدانو گۆرانکارییەکیان لەبواری ئاوەدانیدا دروستکرد، دیارە ئەوانەش نەیانتوانی تەواوی دانیشتوان لەخۆیان رازی بکەن.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە، هەندێک لەو شارەوانیانە، کارێکی ئەوتۆیان ئەنجامنەداوە کەلانی کەم بەشێکی دانیشتوانەکەیان درک بەخزمەتەکانیان بکەن.

کۆمەڵگەی تاسڵوجە ناوچەیەکی بەرفراوانی گوزەرانکردنی چەندین خێزانە، کەزۆربەیان خێزانی هەژارو کەم دەستن، لەبەسەرکردنەوەیەکی ئێمەدا بۆئەو کۆمەڵگەیە، هەستمان بەکۆمەڵێک گرفتو ئاستەنگی گەورە کرد لەو شوێنەو بەپێویستمان زانی بیانخەینە ڕوو.

دانیشتوانی تاسڵوجە بەگشتی ساکاڵایان هەیە لەدەست خراپی ڕێگەوبانو شەقامەکانیان، بەتایبەت لەزستاندا، کەگەرەکو شەقامەکانیان یەک پارچە دەبێتە قوڕو لیتەو لافاو، ئەمە جگەلە گرفتی هاتوچۆو هێڵەکانی پاسو گواستنەوەی هاوڵاتیانو نەبوونی بەدالەی تەلەفونو نەبوونی سەنتەرێکی رۆشنبیریو شوێنێک بۆ گەنجانو نەبوونی کتێبخانەو چەندین گرفتی تری هاوشێوە، سەرەڕای نەبوونی بنکەیەکی پۆلیس لەو ناوچە بەرفراوانەدا.

لاوێکی فرۆشیار، لەدوکانێکی گەرەکی شارەوانی کۆمەڵگەی تاسڵوجە دەڵێت: (شارەوانی هیچی بۆ نەکردووین).

هەروەها یەکێکی تر لەگرفتەکانی تاسڵوجە، پیسبوونی بەردەوامی ژینگەکەیەتی، بەهۆی بوونی چەند کارگەیەک، وەک کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجەو چەند کارگەیەکی قیر لەوێ، کەوەک خەڵکی ئەوێ باسیان لێوەکرد، چەند جارێک بەڵێنی لابردنی ئەو کارگانەیان پێداون، بەڵام بەڵێنەکان بێ ئەنجام بوون.

بەڵام ئەوەی کەخەڵکی تاسڵوجەی بەگشتی گەیاندۆتە ئەوپەری بێزاری، خراپی ڕێگاوبانو قوڕولیتەیە، کەسەرجەم کۆڵانو شەقامەکانی گرتۆتەوەو گرفتی هاتوچۆی بۆ خەڵکو خوێندکارەکان بەتایبەتی، دروستکردووە.

ئێمە دەنگمان خستۆتە پاڵ سکاڵاو داواکارییەکانی دانیشتوانی تاسڵوجەو داوای هەرچی زووتر بەدەنگەوە چوونی گرفتەکانیان، داوای خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیەو ئێمەشە.■

ڕێگای هاتووچۆی خوێندکارانی کۆمەڵگای تاسڵوجە

ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا نەتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی وەک پێویست رابپەڕێنێت، جارێکی تر ئەو لێبوردنەی هاوڵاتیان دووبارە نابێتەوە.

ڕەنج قەرەداغی

زۆرجار ڕوویداوە لەژووری نەشتەرگەری لەبری لەکارەبا لە (لایت) کەڵکیان وەرگرتووەو ئەمەش بەبێ گرنگیدان بەگیانی نەخۆش.

جەلال

لاوێکی فرۆشیار ، لەدوکانێکی گەرەکی شارەوانی کۆمەڵگەی تاسڵوجە دەڵێت : (شارەوانی هیچی بۆ نەکردووین).

ئاوێنە

ململانێ لەنێوان ئەرکە دیموکراسیی و پیشەیەکاندا

هاقل کریم

١- ئەگەر دیموکراسیەت خۆی پرۆسێسی کرانەوە بێت، بەڕووی هەموو مانا داخراوەکانی ژیان، ئەوە زەمینەی بەپراکتیک بوونی ئەو کرانەوەیە، لەبارودۆخی بابەتی، ئینجا هەنگاوی پەرۆشی، ڕێکخراوەکان، دەبێت بەو فاکتەرە سەرەکیەی، بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتنی، سەرەتاو ماناکانی چەمکی دیموکراسیەت. بۆیە ڕێکخراوی دیموکراسی. چ لەوڵاتە هەرە پێش کەوتوو مەدەنیەکان، چ لەو وڵاتانەی تازە چەمک و هەنگاوەکانی دیموکراسیەت پێ دەگات، کارکردن و پرۆسیسی کارکردن لەنێو ڕێکخراوەکاندا ئەرکێکی پڕ لەدژواری تاکە، چونکە تاک دەرئەنجامی باوەڕبوونێکی خودەوە، ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی کەپێی وایە، لێرەوە دەتوانێت، ماناکانی دیموکراسی و پێویستیەکانی دیموکراسی بۆ کۆمەڵ. فەراهەم بکات. ئەم بیرکردنەوەیەش ڕاستەوخۆ، سەرچاوەکەی پەیوەستە، بەکرانەوەی عەقڵ، بەتێگەیشتن لەواتا هەرە جوانەکانی دیموکراسیەت، لەپەرۆشی بۆ ئایندەی کۆمەڵ و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵ.. هتد. ئەگەر پێچەوانەکەیشی ببینین، ئەوە بریتی دەبێت لەو کۆمدیایەی، هەموو مانا ئیستاتیکەکانی خۆی ون دەکات و، لەو ئاقارەیشەوە سەرنج لەپێویستیە بابەتیەکان دەدات، هەموو واتاکانی جارێکی تریش تیادا ونە. بۆیە زۆر بەگرنگی دەبینم. بەر لەوەی بڕیار لەسەر کارکردن و بەئەندام بوون بدرێت لەسەر هەر ڕێکخراوێکی، دیموکراسی و پیشەیی، ئاست و وشیاری ئەم تاکە، لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت. سەرچاوە هۆشیاریەکەی پابەندی کام تیئۆری مەدەنی و ئازادیە، چۆنیش دەتوانێت لەبۆتەی بەپراکتیک دا، چوارچێوەکانی، ئازادی و دیموکراسی. ڕەسم بکات.

بەهەرحاڵ، هەموو هەنگاوە بەراییەکانی، کاری دیموکراسی و کاری پیشەیی و مەدەنی، چەندین سەرەتایی بەدحاڵ بوون دەگرێتە خۆی، بەڵام ئەوەی گرنگەو مایەی سەرنجێکی بابەتیە، چۆن بتوانین. لەهەناوی بەدحاڵی بووندا، ڕێساکانی، بەئاگایی و فێربوونی بدۆزێتەوە، یاخود ئەم بەدحاڵی بوونە تێکەڵ بەکەمێک وشیاری خودی بکرێت و، لەم گۆشە نیگایەوە، هەموو واتاکانی دیموکراسی و ئازادی، لەچەند زاراوەیەکی دۆگم ئامێز کۆبکەیتەوەو، ئەم نێوەندە گرنگە، کەئایندەی ستراتیژی، کۆمەڵ و هەموو تاکەکانی کۆمەڵی تیا بینا دەکرێت.. ئازادی و کارکردن لەنێو واتاکانی دیموکراسیەت، هێندە ناشیرین بکرێت. کەئەویش بێتە، واتای نەمانی جیاوازیەکان. ئەو جیاوازیانەی، هەمیشە فاکتەری گرنگی رووە و پێش بردنی کۆمەڵن. کۆمەڵ لەنێو گەمە، سیاسیەکان.. گەمە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو گەمانەی زۆربەی جار مەترسی کوشندەن بۆ ئایندەیش، کەتێکەڵ بوونێکی پڕ لەسەرسامی دەگرێتە خۆی.

بێگومان، ئەو تێکەڵ بوونەیش، بریتی دەبێت، لەئاشتی بوونەوەی خودە هەلپەرستەکان، ئەو خودانەی هەمیشە لەشەوە زەنگەکانی بەرژەوەندخوازیدا، (بەسەر پشتی دیموکراسیەت و مانا پیشەیی و ئازادیەکانی تاک) خودی خۆیان ون دەکەن و هێندێ جاریش تووشی دۆڕانێکی سەیر دەبن.

مەگەر مێژوو، لەدوا ساتەکانی بەزەیی خۆیدا، بەئاگایان بێنێتەوە.

دیارە، سەرەنجام، گفتوگۆی نێوان خۆیی و خودی خۆیەتی، چش لەرابردوو، لەو ڕێکخراوەی خەونی گەورەی، کۆمەڵ و نەتەوەکەیەتی، یاخود دوورنمای ئەو ئەزموونەیە، کەدەمانەوێت بەسەرجەم جیهانی بڵێت، ئێمەیشدا لە سەرەتای کاری دیموکراسیەتداین.

٢- بەشێک لەو ململانێ و ناکۆکیانەی ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکان و ئەندامانی نێو ڕێکخراوەکان دەبێتەوە. دەرئەنجامی هۆشیاریەکی ڕێکخراوەیی یاخود دیموکراسی نیە، بەواتای سەرچاوەکەی ناکۆکی نیە لەچۆنیەتی پراکتیزەکردنی کارەکان. بەرنامەکان، پەیوەندیەکان.. هتد. بەڵکو زۆربەی جار بەناهۆشیاریەکی کوێرانە، ئینجا هاتنەپێشی بەرژەوەندی تایبەتی، دەبێت بەسەرچاوەی سەرەکی ئەم کێشانە، کە دیارە ئەمانەش دوورن لەکاری تاکەکانی نێو ڕێکخراوەکان، ناتێگەیشتنە، لەسەرەتاکانی چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان. ئینجا خاڵێکی گرنگتر ئەویش دەست تێوەردانی دەرەکیە، ئەو دەست تێوەردانەیش، بێ هیچ جیاوازیەک، سەیرکردنی ڕێکخراوی مەدەنی و سەربەخۆییان، بەکاری پرەنسیپ ئامێزی حزب. چونکە هەموو ئەو میکانیزمانەی دەکرێن بەچوارچێوەی کاری حزبی، ئەگەر ڕاستەوخۆ، بتەوێت، بەشێوازێکی تر بیگوازێتەوە بۆ نێو ڕێکخراوی پیشەیی و مەدەنی، بێگومان هەر لەیەکەم هەنگاودا بەریەک کەوتنێکی گەورە دەبینین، ئەم بەریەک کەوتنەیش زیانی زۆری لێدەکەوێتەوە. زیانەکانیش ڕێک لەدوو ئاراستە خۆی دەنوێنێ، ئاراستەیەکی بەئاگایی، ئاراستەیەکی بێئاگایی، لەئەنجامدا، هەردووکیان ڕاستەوخۆ، دەبن بەو فاکتەرە سلبیەی ڕێ لەگەشەکردن و بەرەو ئاقاری ڕاستەقینەی چونی ڕێکخراوەکان دەگرێت. ئەم چەمکی تێکەڵ بوونە، وەک پرۆسیسک، تاکو ئێستا لەنێو گەمەکاندا بەردەوامە.

ئەمانیش وەک:

١-خودپەرستی..
٢-تێکەڵکردنی هەردووکاری دیموکراسی و کاری حزبی
٣-ئایندەو گەمەکانی تەکەتوول
٤-هەیمەنەو باڵا دەستی.. هتد.

بەردەوام بوونەکەیشی پەیوەستە، بەو بارودۆخە، کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی ئەمڕۆ لەنێو هەناوی کۆمەڵدا، بەریەککەوتنەکانیان جۆراوجۆرن، کاتێک ئەم لێک جیابوونەوانە ئەنجام دەدرێن، کە کۆمەڵ، بەهەموو ئاراستە جیاوازەکانیەوە، ڕاستە شەقامەکانی ژیان و ئازادی و دیموکراسی. دەدۆزێتەوە.. ئەمەیش پەیوەستە بەسەرجەم هەلومەرجە بابەتیەکان و ئینجا ئەرکە هەنووکەیەکانی ئەم قۆناغە.■

عێراق لەساتەوەختی هەوێنکردنداو ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لەدیموکراتیزەکردندا

نەبەز محەمەد

کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کەهێشتا دیموکراسی وەکو سیستەم و دەستور خۆی ڕێکنەخستووەو نەیارانی دیموکراسی بواری ئەوەیان هەیە لەداڕشتنی ئەو دەستورەدا دیموکراسیەت کەچ بکەن. کەبەڕای من ئەمەیە گرفتی یەکەمین لەو هاوکێشەیەدا کەدەستوری نوێی عێراق و دیموکراسیەتی لەسەر دەوسەتێ ئەمە لەلایەک لەلایەکی دی، ئەو ڕێکخراوە پیشەیی و حزبیانەی کەئەمڕۆ لەگۆڕەپانەکەدا پێشەنگی گۆڕانکارییەکانن تارادەیەکی باش خاوەنی ئەخلاقی دیموکراسی نین تابتوانین وەکو هێزێکی ئەکتیڤ ڕۆڵی خۆیان ببینن، لەدیموکراتیزەکردنی عێراق چ وەکو دەستور چ وەکو ئێتیک و مۆراڵە کۆمەڵایەتیەکان چونکە دیموکراسیەت جۆرێک لەتایبەتمەندێتی ئەخلاقیانەی خۆی هەیەو پێویستە هەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا پاشخانێک لەمەعریفەی دەروازە کراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیان هەبێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا لەکوردستان دەگوزەرێت، واتە هێزگەلێک کەنەتەوایەتی و دیموکراسیان پێ کوفرە، کەچی بەزەبری ڕۆژو سیاسەت ئەمڕۆ خۆیان بەزەعیمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و مەدەنیەت و تەنانەت سەرلەشکری کرێکارانیش دەناسێنن

گەلانی عێراق، ئەمڕۆ نەک هەر لەساتەوەختی وەرچەرخاندان، بەڵکە لەزەمینەسازی و جێ پتەوکردندان بۆ ئاراستەکردنێکی نوێ، گڤەی ئەم ئاراستەیەش دیموکراسیەتەو لەیەکەم هەنگاویدا کەئەو هەڵبژاردنە روو سور بەخشە بوو بۆ خەڵکانی ئازادیخواز لەعێراقدا. خرووی خستەگیانی ئەو سیستەمە تۆتالیتاریانەوە کەتائێستا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەر پێداگری لەسەر دەکەن، بەڵگەی زیندووش بۆ ئەمە، خۆ ڕاگەیاندنی حیزبێکی ئیسلامییە لە (کوەیت) کەدەست بەجێ دوای یەک دوو ڕۆژ لەهەڵبژاردنە سەرکەوتوەکەی عێراق ڕەنگی دایەوە.

بەڵام لەوە گرنگتر بۆ ئێمە ناوخۆی خودی عێراقە، کەتا چەند ئاراستەیەکی دیموکراسیانەی پاکژ وەردەگرێ، بەواتایەکی تر، کاتێک کەگەلانی عێراق، بەرەو داڕشتنی دەستورو لەوێشەوە هەڵهێنجاندن و چەسپاندنی یاساکانی هەنگاو هەڵدەگرن، تا چ ڕادەیەک، حیزب و لایەنە جیاجیاکان بەکوردو عەرەب و شیعەو سوننەوە، لەم ئیسلامیەوە بۆ ئەوسەری عەلمانیەت، پەیوەست و وابەستەی ئەو یاساو دەستورە دەبن، کەبڕیارە هەموو جەمسەرە ساردو گەرمەکان بەپەیرەوکردن لەسیاسەتی (تەوافق) دایبرێژن، بێگومان تەنها (عێراقی ئاییندە) چاکتر لەهەر شتێ دەتوانێ وەڵامێکی ڕاست و دروستی ئەو پرسیارەو هەر پرسیارێک کەوەڵامەکان بەدواخۆیاندا ڕایاندەکێشن بداتەوە، عێراقی ئاییندە ئەو بوارەیە کەهەموو قاچەرەش و سپیەکانیتیا دەردەکەون، بەڵام ئاخۆ عێراق کەئەمڕۆ لەساتەوەختی هەوێنکردنیدایە، لەساتەوەختی ڕەنگرێژکردن و ئاڵ و واڵاکردنی خۆیدایە، عێراق کەلەساتەوەختی ئەوەدایە، پاڵ بدا بەکۆڵی خۆیەوەو پشویەک وەبەرخۆی بهێنێتەوە، ئەو کەرەستەو هێزو میکانیزمانە چین کەدەتوانن زامنی دیموکراتیزەکردنی بکەن؟ ئاخۆ دیموکراسیەت لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ، ئایا لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزێنرێت و تەواو، یان بەپێچەوانەوە دیموکراسیەت لەخوارەوە بنج دادەکوتێ و دواتر بەسەر سەکۆو دەسەڵاتدا هەڵدەزنێت؟

ئاخۆ (سیاسەتی تەوافق)، کردەیەکی پۆزەتیڤە بۆ دیموکراسیەت، یان بەپێچەوانەوە زەربەیەکی کوشندەیە؟! ئایا سەرکەوتنی دیموکراسیەت وەکو سیستەم، تەنها وابەستەی دەستوورە؟ ئەگەر (نا) ئەی ڕێکخراوەکان چۆن دەتوانن، جارێکی تر لەدەرەوەی دەستور دیموکراسیەت هەوێن بکەنەوە لەهۆش و گۆشی نەوەی تازەدا؟ تا دیموکراسیەت بەزۆرترین شێوەو لەزۆرترین کونج و گەناڵە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بەئاقاری سەرکەوتندا ببرێت.

لەراستیدا، بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری تر، کەلەم ساتەوەختی چارەنووسسازەدا پێویستە بورژێنرێن، لەتوانای ئەم وتارە سەرپێییە زیاترەو پێویستیان بەرووبەرێکی فراوان هەیە لەرۆژنامەو میدیاکانی کوردستان و عێراقدا، یانی دەبێت جدی تر بۆی بکەوینە خۆ، مادام ئێمە تامەزرۆی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، فرەرەنگ و فرە دەنگین، کۆمەڵگایەک کەچیتر دەبێ دەستبەرداری هەندێک لەموقەدەساتی خۆی ببێت و ڕێگا بدا بەدەنگی تازەو ڕەنگی تازە، بەخۆوە ببینێ وکۆمەڵگایەک چیتر دەبێ لەکلتورگەرایی و کلتوری دۆگمایییەوە بگۆردرێ بۆ کلتوری گۆڕان و کلتوری دیموکراسی، واتە کەئێمە مەحکومین بەدیموکراسیەت، مەحکومین بەوەی کەدیموکراسیەت بکەین بەکلتور، نەک ئایین، نەک ئایدۆلۆژیاو هزرو تاک ڕەهەندەکان. کەواتە کۆمەڵگای عێراقی، لەکۆمەڵگایەکی خوێنین و تۆتالیتارو داخراوەوە، بۆئەوەی بێتەوە (مایە)، دەبێ بگۆردرێ بۆکۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی و کراوە، ئەمەش بەر لەهەشتێ بەئەکتیڤ بوونی تاکەوە بەندە لەراپەڕاندنی ئەرکەکانیداو لەپچڕینی مافەکانیدا، چونکە دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ وابەستەی وشیاری تاکن، بەمانایەکی تر لەکوێدا هۆشیاری زیاتر هەبوو لەوێدا دیموکراسیەت، کرانەوە، مافەکانی مرۆڤ ، مەدەنیەت، زیاتر هەیە. بەو پێیەی کەدیموکراسیەت وابەستەی وشیاری تاکەکانی کۆمەڵگایە، دەستوریش پشتیوان و ڕەخسێنەری زەمینەی ئەو هۆشیارییە، دەستوور ئەو هێزە مانەویەیە کەنەک هەر ناهێڵێت تواناکان بەفیرۆ بچن، بەڵکو لەسایەی ڕۆشنایی ئەودا، دەتوانرێت هەموو توانا جیاوازەکان ڕێکبخرێن و ساز بدرێن و بۆ سەوزکردنی دیموکراسیەت، سارتەر کەدەڵێت (ئازادی شتێک نییە دابین بکرێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت بیپچڕیت)، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کەمافەکان، ئازادی و دیموکراسی، وابەستەی وشیاری تاکن، چونکە تەنیا هێزێک کەئەو بەردەوامییە دەدات بەتۆ، کەلەهەر ساتە وەختێکدا تۆ ئازادی، مافەکان، ڕاستی، بناسیتەوە هۆشیارییە، سەرەکی ترین هێزێکیش لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کە لەپشت بەرزکردنەوەی ئەم هۆشیارییەوەن، ڕێکخراوە پیشەییەکانن، وەکو ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، کاسبکاران، جوتیاران... هتد، کەخۆشبەختانە لەکوردستاندا بەدەیان و بگرە لەشکرێک لەو ڕێکخراوانەمان هەیە، ئەگەرچی لەزۆر ڕووەوە هێشتا ئەو ڕێکخراوانە جێگەی ڕەخنەو گلەیین، چونکە ئەو ڕێکخراوانە زیاتر وەکو پاشکۆی حیزبەکان لەکاردا بوون، ئەمەش زۆرجار لەڕۆڵی سەرەکی خۆیان دووری خستونەتەوە، کەئەوان زیاتر ئەرکیان چاودێریکردنی دەسەڵات و بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگاو بەهاناوە چوونی خەڵکانی پەراوێزکراوە لەبەرامبەر دابینکردنی مافەکانیاندا، ئاخر ڕێکخراوی وامان هەیە نوێژ نەکەیت وەرت ناگرێت بۆئەوەی ببیتە کادرێکی ئەو ڕێکخراوە!

ئیتر ئەم ڕێکخراوە جگەلەوەی هێزێکە بۆ دەسەڵاتی پیرۆز بەسەر کۆمەڵگاوە، بنیات نانی کۆمەڵگایەکیش کەمرۆڤەکان تیایدا خاوەنی ئیرادەو ماف و توانای هەڵبژاردن بێ تەنها لەسایەی سیستەمێکی دیموکراتی و عەلمانیدا دێتە دی، دەبێ لەوەش بەئاگابین (سیاسەتی تەوافق) کەئەمڕۆ وەکو ڕێگاچارەیەکی سەرەکی بۆ یەکخستنی هەموو جەمسەرە ساردو گەرمەکان لەبنیاتنانی دەستورو عێراقی ئایندەدا کاری پێدەکرێ جیا لەڕووە نەتەوەییەکەی بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد لەبەرانبەر عەرەبدا، ڕەنگە زەربەیەکی کوشندە لەو دیموکراسیەتە بووەشێنێ کەبڕیارە حکومەتی عێراق بیگرێتە بەر. کەدەبینین هێزە ئاینییەکان بەتایبەت شیعەگەراکان و لەپاڵیشیدا هێزە ئیسلامیەکانی لەمەڕ خۆمان کەبەهەموو هێزو توانایەکیانەوە تێدەکۆشن زۆرترین ئیرادەی دینی لەو دەستورەدا بسەپێنن ئەمەش پارادۆکسێکی تەواو دەخولقێنێ لەگەڵ دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینەدا، لەکاتێکدا باش دەزانین یەکێک لەزوعفەکانی دیموکراسیەت ئەوەیە جێی ئەو

کوێرکردن و کاس کردن و لەقاڵبدانێکی ئایدۆلۆژیانەی نەوەی نوێ، چی ترە و دەبێ چی لێ چاوەڕوان بکەین، ڕێکخراوەکانی ژنانیش کەماشەڵڵا بەقەدەر ژمارەی حیزبەکان دابەش بوونیان بەخۆیانەوە بینیوە، با ئەو ڕاستیە بزانن کەزۆرێک لەئێمە بەدەیان لەو کچ و ژنانە دەناسین کەپێی دەڵێیت ئەمە مافەکانتە، ئەوان لەوەڵامدا دەڵێن ئێمە ئەو مافانەمان ناوێت!، بێگومان سەرسورمانی زۆری ناوێت کەئەوان لەئازادی و لەمافەکانی خۆیان بترسن، چونکە ئەوان مەحرومن لەو ئیرادەیەی کەپێویستە بۆ هەڵسوکەوت لەناو کەش و دۆخێکی ئازاد دا، هەروەها، ئازادی ئەگەر ئەندازەیەکی باش لەهۆشیاری لەگەڵدا نەبێت، ڕەنگە ڕووداوو دیاردەی ترسناکی لێبکەوێتەوە، من ئازادی وادەبینم ڕێک وەکو (کارەبا) کەئەگەر زانستی بەکارهێنانیمان نەبێت، دوورنییە ببێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی خۆت، هەرگیز ئەم قسەیە لە دیدێکی کۆنزەرڤاتیزمانەوە ناکەم، وەک چۆن مەلاکان لەئازادی دەمانترسێنن بەوەی کەئەخلاقمان لێ دەسێنێت، گەورەو بچووک و موقەدەسات دەسڕێتەوە... بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە هەندێک جار داهێنانەکانی بەرهەمی ئازادی مەترسی گەورە دەهێننە ئارا بۆ مرۆڤایەتی وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەبینن لەبەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی و زانستی بایلۆژیدا کەکۆپیکردنی مرۆڤی لێکەوتۆتەوە. دیارە ئەمەش لای ئێمە ناکاتە ئەوەی ئێمە دەس بەرداری ئازادی بین و خۆپارێزی (تەحەفوز) بکەین لەگێڕانەوەی دەسەڵات و ویست لەمافی هەڵبژاردندا بۆ مرۆڤ. چونکە هەموو شۆڕشی ڕۆشنگەری بریتییە لەوەی کەمرۆڤ (عەقڵ) بکاتە تاکە مەرجەع و پێوەر بۆ ژیان و چیتر هەقیقەت لەو تەفسیرو چەمکە ئیلاهیانەدا بهێنێتەوە کەقەشەو پیاوە ئاینییەکان کردبووە ڕێبەرێکی مەعصوم تاقە هێزە نەیارانەشی دەکاتەوە کە لەبنەڕەتدا نەک هەر دژ بەڵکە خەتریشن لەسەر دیموکراسیەت خۆی، ئینجا کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کەهێشتا دیموکراسی وەکو سیستەم و دەستور خۆی ڕێکنەخستووەو نەیارانی دیموکراسی بواری ئەوەیان هەیە لەداڕشتنی ئەو دەستورەدا دیموکراسیەت کەچ بکەن. کەبەڕای من ئەمەیە گرفتی یەکەمین لەو هاوکێشەیەدا کەدەستوری نوێی عێراق و دیموکراسیەتی لەسەر دەوسەتێ ئەمە لەلایەک لەلایەکی دی، ئەو ڕێکخراوە پیشەیی و حزبیانەی کەئەمڕۆ لەگۆڕەپانەکەدا پێشەنگی گۆڕانکارییەکانن تارادەیەکی باش خاوەنی ئەخلاقی دیموکراسی نین تابتوانین وەکو هێزێکی ئەکتیڤ ڕۆڵی خۆیان ببینن، لەدیموکراتیزەکردنی عێراق چ وەکو دەستور چ وەکو ئێتیک و مۆراڵە کۆمەڵایەتیەکان چونکە دیموکراسیەت جۆرێک لەتایبەتمەندێتی ئەخلاقیانەی خۆی هەیەو پێویستە هەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا پاشخانێک لەمەعریفەی دەروازە کراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیان هەبێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا لەکوردستان دەگوزەرێت، واتە هێزگەلێک کەنەتەوایەتی و دیموکراسیان پێ کوفرە، کەچی بەزەبری ڕۆژو سیاسەت ئەمڕۆ خۆیان بەزەعیمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و مەدەنیەت و تەنانەت سەرلەشکری کرێکارانیش دەناسێنن.

پێم وایە زیاد لەهەر حزب و هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکانن کەدەبێت لەبواری دیموکارتیزەکردنی کۆمەڵگاداو تەنانەت چەسپێنەری دیموکراسیەت لەئەمڕۆی ساتەوەختی هەوێن کردنی عێراقداو داڕشتنی دەستوری هەمیشەییدا پێشەنگ بن. ئەگەر تا ئەمڕۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و خوێندکاران سێبەرێکی بەوەفای حزبەکان بون ئەوا ئەمڕۆ دەبێت زیاتر بەلای کارو ئەرکی سەرەکی خۆیاندا بگەڕێنەوە کەبردنە ژوورەوەی دیموکراسیەتە بۆ ناو هەموو ماڵە قاندراوەکانی ئەم وڵاتە، هەڵبەت مەبەستی ئێمە ئەوە نیە کەدەبێت دیموکراسیەت ببەخشرێتەوە بەڵکو بەو مانایە کەدەبێت دیموکراسیەت خۆی بهاوێتە هەموو کونج و ڕێگەیەکی ژیانمانەوە، تا دیموکراسیەت دەبێت بەکلتورو دەچێتە سەر هێڵە گشتییەکانی باوەڕمان و لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا ڕەنگ دەداتەوە. چونکە دیموکراسیەت نەک هەر جۆرێک لەئەخلاقیاتی خۆی هەیە، بەڵکە دیموکراسیەت خۆی ئەخلاقە.■

چاودێر: پرۆژەیەک لە ئارادایە بەناوی پرۆژەی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە". خۆتان دەزانن کە ئەمریکا خاوەنی ئەم پرۆژەیەیە و سەرئەنجام حەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی تریش کە بە دوای ئەمریکاوە بوون بە هەشت وڵات، لە سەری ڕازی بوون. یەکێتی ئوروپا پەسەندی کردوە و ئیتر ئەم پرۆژەیە بە چەندین ئاڵ و گۆڕەوە ئێستا بووە بە پێناوی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵات دا جێبەجێی بکەن. ئێمە پرسیارمان زۆرتر لە سەر ئێران دەبێت. بەڵام جارێ وەکوو پرە نسیب ئێوە پێتان وایە ئەم پرۆژەیە چ جیاوازییەکی لەگەڵ پرۆژەکانیتری دونیای سەرمایەداری هەیە چ لە سەردەمی جەنگی سارددا و چ پێش سەردەمی جەنگی سارد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: گەڵاڵەی ناسراو بە "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" لە ناوەڕۆکی خۆیدا بابەتێکی تازەی تێدا نییە. ئەم پرۆژەیە لە دوو بەشی جیاواز پێک هاتووە. بەشێکی باس لە جۆرێک لە دیموکراسی لیبرالی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا و، بەشێکیشی بریتییە لە چەند ئاڵ و گۆڕێکی ئابووری کە ئەمەیان دەقاودەق، هەر ئەم پلانەیە کە بانکی جیهانی و سندوقی نێونەتەوەیی دراو بۆ هەموو دنیا پێشنیاری دەکەن. یانی چ ئەوکات کە وادەی دیموکراسی دەدات و چ ئەوکات کە هەوڵ دەدات بنەمایەکی ئابوری بۆ ئەو دیموکراسییە بخولقێنی، هیچکامیان بەناوەڕۆک تازە نین. ئەوەی کە تازەیە کات و شوێنی هێنانە گۆڕیانە. کاتەکەی سەردەمێکە لە دوای ڕوداوی ١١ی سێپتامبر و دوای ئەوەی کە ئەمریکا بڕیار دەدات سیاسەتێکی چالاکانەتر لە ئاستی نێونەتەویدا، بۆ چەسپاندنی سەرکردایەتی خوی بە سەر جیهاندا بگرێتەبەر. شوێنەکەشی بە تایبەتی تەئکید کراوەتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەر ئەزمونی عێراق.

هاتنە کایەی ئەم پرۆژەیە لە هەمان کاتدا ڕێگا چارەیەکە، کە ئەمریکا دیتویەتەوە بۆ ئەوەی کە بە نەیارانی ئەوروپایی خۆی و تەنانەت ڕوسیا و چینیش بلێ: ئامادەیە لە گورانکارییەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوانیش بەشدار بکات. ئەمە ڕێگایەک بو بۆ هێور کردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەوروپا و ئەمریکا. بە تایبەت دوای ئەوەی کە ئەمریکا لە شەری عێراقدا، بە پێچەوانەی مەیلی ئەوان جولابۆوە. ئەم پرۆژەیە لایەنێکی پروپاگەندەیی زۆر بەهێزی هەیە کە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کە بێتوانایيەکانی ئەمریکا لە چارەسەر کردنی کێشە واقیعییەکانی ئەم ناوچەیە داپۆشێ. بۆ وێنە ئەمریکا ماوەیەکی زۆرە هەوڵ دەدات کێشەی فەلەستین چارەسەر بکات و بۆی ناکرێ. واتا: یان ناتوانێ، یان نایانەوێ دەوڵەتی ئیسرائیل بەو قەناعەتە بگەینێ کە خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە دنیای عەرەب و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگونجێنێ. یان لە کێشەی عێراق لە کاتی خۆیدا نەیتوانیوە هەموو وڵاتانی ئەوروپایی بە شوێن سیاسەتەکانی خۆیدا رابکێشێ، ئێستا لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە، هەوڵ دەدات قەرەبوی بکاتەوە. ئەمانە ئەم بێتواناییە واقیعییانەن کە لە ژێر پەردەی دروشمەکانی ناو ئەو پرۆژەیەدا دەشاردرێنەوە.

لە نێوان ئەو ڕۆژەی کە پرۆژەکە لە کۆبونەوەی وڵاتانی ئەوروپایی و ناتو لە تورکیا بە ڕەسمی پێشکەش کرا تا کۆنفرانسی ڕەبات کە لەم دواییانەدا بەسترا، پاشەکشەیەکی بە ئاشکرا لە بۆچوونی ئەمریکادا بە کردەوە لە سەر ئەو پرۆژەیە دەبیندرێ. لە کۆنفرانسی ڕەباتدا ئەوە بە ڕوونی دەسەلمێندرێ کە ئەرکی جێبەجێ کردنی پرۆژەکە هەر دەکەوێتە سەرشانی ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا لە سەر حوکمن. یانی کەسانێک دەکرێن بە بەڕێوەبەری هێنانە کایەی دیموکراسی و گۆڕانکاری تر، کە خۆیان هەتا ئەمرۆ ڕێگر بوون لە گۆڕانکاری ئابووری و لە دیموکراتیزە بوونی وڵاتەکان. لەو کۆبونەوەیەدا بوو کە هەموو ئەو حەساسیەتانەی کە وڵاتانی عەرەبی، لەوانە میسر کە لە سەرەتاوە بەرامبەر بەم پرۆژەیە نیشانیاندا کۆتایی پێهات و بۆیان ڕوون بووەوە کە دەوڵەتی ئەمریکا نایهەوی بە بێ مەیلی ئەوان کارێک بکات. ئێستا پرسیار ئەوەیە، دەوڵەتانێک کە خۆیان هۆکاری ئەو ڕۆژرەشی و دیکتاتوریەت و بێمافیەی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، چۆن دەتوانن موژدەبەخشی دیموکراسی و ژیانی ئاسودەتر بۆیان بن؟

چاودێر: دنیای ئێستا جیاوازە لە دنیای سەردەمەکانی رابردوو، هەزارەی دووهەم و جەنگی سارد، جەنگی دووهەم، جەنگی یەکەم. تۆ پێت وایە ئەو بەرژەوەندییە ستراتیژیەی کە ئەمرۆ ڕۆژئاوا دەیەوێ هەرگیز لە رابردوودا بۆی دێتە دی؟ ئاڵ و گۆڕێکی قوڵ لە باری ئابووری، لە باری سیاسی، لە باری کۆمەڵایەتی و لە باری ئاستەکانی تاکی هەموو کۆمەڵێک لەم کۆمەڵە لایەنە بێنێتە دی، بۆ ئەوەی کە بتوانێ بەرژەوەندییە ستراتیژیە ئابوریيەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا باشتر دابین بکەن، ئایا ئەمە ئاڵ و گۆڕێکی قووڵی هەمە لایەنەی ناوێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نزیکەی ١٠٠ ساڵە کۆمەڵی سەرمایەداری پێی ناوەتە قۆناغێک کە لە جیاتی هەناردنی کاڵا، سەرمایە دەنێرێ و ناوەندەکانی بەرهەم هێنانی خۆی هەر لە پاڵ دەستی بازاری مەسرەف دادەمەزرێنێ و لەکەرەسەی خاوی پێویست و هێزی کاری هەرزان هەر لەوێ کەلک وەردەگرێ. زیاتر لە ٧٠ ساڵە کە سەرمایەداری گەورەی جیهانی بۆ وەڵام دانەوە بەو پێویستییەی کە لە ناخی پەیوەندییەکانی ئەم نیزامەوە هەڵقوڵیوە دەیەوێ لەم وڵاتانەدا گۆڕانکاری پێک بێنێ. ئەو مەیلەی کە هەیە بە هیچ شێوەیەک دیاردەیەکی نوێ نییە. هەر بە پێی ئەم پێویستییە بوو کە لە کۆمەڵی ئێراندا ڕیفۆرمی زەوی کرا، یان لە وڵاتانی وەکوو پاکستان و شوێنەکانیتر ئەوەی کە پێیان دەوت "شورشی سەوز"، بەڕێوە چوو. ئەمانە کۆمەڵێک ڕیفورمی پێویست بوون، بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ جێگیر کردنی سەرمایەی وڵاتانی گەورە لە وڵاتانی پێنەگەیشتودا خۆش بکەن. بەم جۆرە چینێکی

مام ناوەنجی بەرینیان پێک هێنا کە بوو بە کریاری کاڵاکانی ئەوان. ئەمانە هەمووی دیاردەیەکی گەلێک کۆنن. ئەوەی کە نوێیە تێک چوونی هاوسەنگی نێوان زلهێزەکانی دنیایە، ئەوەی کە نوێیە ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێ لە جیاتی دنیای دوو جەمسەری پێشوو، خۆی بە تەنیا سەرکردایەتی جیهان بگرێتە ئەستو و دەسەڵاتی تاقانەی خۆی دەستەبەر بکات. لە جەریانی هەوڵدان بۆ سەقامگیر کردنی ئەو جێگا و شوێنەدایە کە لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفت بەرەو ڕووە و دەیەوێ چارەسەریان بکات. بەڵام بە واقیعی دونیا یەک جەمسەری نییە و ئەمریکا بەوە گەیشتوە کە بە بێ جۆرێک لە سازش لەگەڵ ناوەندەکانی گەورەی دەسەڵاتیتر لە دنیا، پرۆژەکانی بەڕێوە ناچێت. بە بڕوای من هاتنە کایەی پرۆژەی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" نیشانەی پێک هاتنی هاوسەنگییەکی نوێیە لە ململانێی نێوان دەسەڵاتە گەورەکانی جیهاندا و ئەو هاوسەنگی یە خەریکە وردە وردە جێ دەکەوێ.

چاودێر: لە وەڵامی ئێوەوە وا تێ ئەگەم جیاوازییەکی قووڵ لە بەینی مۆنۆپۆلی ٥٠-٧٠ ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ مۆنۆپۆلی ئەو سەردەمە نابینی لە باری بەرهەم هێنانەوە و لە باری شێوازی کار کردن و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ بازار و چۆنیەتی سەرف کردنی کاڵاکانی بەرهەم هێنانی تازەیانەوە، هەروا چۆنیەتی کەڵەکە کردنی سەرمایە و سەرمایەداری، یانی جیاوازییەکی قووڵی هەمە لایەنە نابینێت لە بەینی رابردوو و ئێستادا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ وایە، بە بڕوای من ناوەڕۆکی ڕەوتی گەشە کردنی سەرمایە و پێویستی ڕێگا خۆش کردن بۆ ئەو گەشە کردنە لە ٦٠-٧٠ ساڵی ڕابردوودا ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی تێدا پەیدا نەبووە و ئەوەی کە گۆڕاوە لە چەندایەتی دایە، نەک لە جەوهەردا.

■ برایمی عەلی زادە

جیهانگیری سەرمایەداری دیاردەیەکی نوێ نییە. نیزامی سەرمایەداری بۆ دەوامی خۆی چارەیەکی غەیری جیهانگیری نییە. نیزامی سەرمایەداری لە هەر وڵاتێک دا، کە گەشە دەکات، ناچارە خۆی لە چوارچێوەی تەنگەبەری وڵاتەکەی خۆی دەربازکات و بچێ بەرە و ئەو شوێنانەی کە هەم بازاری کاڵایە و هەم بازاری سەرمایە و هەم هێزی کاری هەرزانی لێ یە. لە پێناوی وەڵام دانەوە بەم پێویستیە دایە، کە دەبێ پێکهاتەی سیاسی ئەو وڵاتانەی کە بۆیان دەچێ، بگۆڕێ.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر گەلێک هۆکاری وەک دەوری ئایینی ئیسلام، ناسیونالیزمی عەرەب، کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، ئەم پرۆسەیە گەلێک بە هێواشی بەرەو پێش چۆوە. دوای ئەوەی کە یەکێتی سوڤیەت هەڵوەشایەوە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەقیبێک بۆ ئەمریکا نەما، ئەمریکا چالاکانەتر کەوتە خۆ بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر نەکراوی ئەو ناوچەیە حەل کات. ڕوداوی ١١ی سێپتامبر ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا نەگۆڕێ، بەڵکو خێراییەکی

تازە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کە دەیەوێ خۆی توشی قەیرانی گەورە نەبێ، پێویستی بە بازاری گەورە هەیە لە دونیادا. ئەو کاڵایانە کە ئەو بەرهەمی دەهێنی پێویستیان بە کڕیار هەیە. تۆ پێت وانیە سەرمایەداری ئێستا نایەوێ مامەڵە لەگەڵ دەوڵەت، لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتانی ئێمە بکات، سەرمایەداری ئەیەوێ مامەڵە لەگەڵ تاکی وڵاتی ئێمەش بکات (ئەو زەبتەی کە بە دەست ئێوەوەیە، ئەو ئەنتێرنێت و کومپیوترەی کە بەکاری ئەهێنی، ئەو هەموو تکنیکەی

سەرەتای جیایی دین لە دەوڵەت کە پرنسیپێکی زۆر ناسراوی لیبرالیزمی بورژواییە، بە ئاسانی فەرامۆش دەکرێ. ئەوان ئامادەن لە عێراق یان لە ئەفغانستان لەگەڵ ڕەوتێکی ئیسلامیش لە دەسەڵات دا بسازێن. ئەو دەورەی کە ئێوە بۆ سەرمایەداری تەعریفی دەکەن، دەمێکە تەواو بووە

کە ئێستا هەر لەم ژورەدا دەیبینی، ئەمە خۆ دەوڵەتان نایکرن، ئەمە ئێستا تاکی ئەو وڵاتانە دەیکرن)، باشە سەرمایەداری وڵاتی ئێمە ئەگەر پێش نەکەوێ، تاکی وڵاتی ئێمە پێش نەکەوێ، هێزی کڕینی تاکی وڵاتی ئێمە ئەگەر پێش نەکەوێ، ئاخر سەرمایەداری ناتوانێ بێتە ئەو وڵاتەی ئێمە، ئەمەش بە بێ چارەسەر کردنی کێشە سیاسییەکان و کێشەی ئابوریەکان و بناغەکانی کێشە ئابووری لە وڵاتی ئێمە نابێ، جیهانگیری و پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە، ئایا بۆ ئەمە نییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من بەو ووتویەی ئێوە ئەوە زیاد دەکەم کە بەڵێ، سەرمایەداری سەردەمی ئێمە پێویستی بە بازاری فراوانتر، بە کڕیاری زۆرتر، بە گەشە کردنی زۆرتر، بە مەودای هەڵسورانی زۆرتر هەیە. ئەوە جەوهەر و ناوەڕۆک نییە کە گۆڕاوە، چونایەتی نییە کە گۆڕاوە، بەڵکو ئەوە چەندایەتییە کە گۆڕاوە. بەڵێ، سەرمایەداری هەر کوێرە دێیەکی کێشاوەتە ژێر کاریگەری بازاری خۆی، ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕوسیا کەوتنە ژێر کونترۆلی بازاری ئازادەوە، ئەمانە هەمووی مەودای تازەیان بۆ سەرمایەی جیهانی کردەوە. لە زۆربەی شوێنەکانی دونیا توانی کەم و زۆر کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای گەشە کردنی خۆی لابەرێ، بەڵام لە هێندێک شوێنیش، لەوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێشتا لەگەڵ گەلێک گیروگرفت بەرەو ڕووە. هەر هەمان مەیلی بنەڕەتیە کە ئەمرۆکە پێویستی بە ڕیفۆرم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا دێنێتە گۆڕێ. پێشتر وتم: کە نە دیموکراسی لیبرالی ناو ئەو پرۆژەیە و نە لایەنە

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە ئەگەر ئەم هاتنە بووە بەکردەوە هەموو ئەو خێر و خۆشییانەی پێوە بوایە باش بوو. بەڵام دەبێ بزانین ئەم سیاسەتە، لە سەر ئەرزی واقیعدا، چۆن بەڕێوە دەچێ. بەڵێ پاشەکشەکردنی فیودالیزم و گەشە کردنی سەرمایەداری لە دەورانی خۆیدا، پێشکەوتنی کۆمەڵگای بەدواوە بووە. بەڵام لەو کاتەوە کە سەرمایەداری جیهانی، زەنگی خەتەری بیستوە و مەترسی شۆڕشی کرێکاری و کۆمەڵایەتی لە پەنا گوێدا پەیدا بۆە، گەلێک بە پارێزەوە هەنگاو هەڵدەگرێ. بۆ نمونە سەرەتای جیایی دین لە دەوڵەت کە پرنسیپێکی زۆر ناسراوی لیبرالیزمی بورژواییە، بە ئاسانی فەرامۆش دەکرێ. ئەوان ئامادەن لە عێراق یان لە ئەفغانستان لەگەڵ ڕەوتێکی ئیسلامیش لە دەسەڵات دا بسازێن. ئەو دەورەی کە ئێوە بۆ سەرمایەداری تەعریفی دەکەن، دەمێکە تەواو بووە.

کاتی خۆی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کە نەیان دەویست یەکێتی سوڤیەت لە ڕێگای ئێرانەوە دەستی بە ئاوە گەرمەکانی خەلیج ڕابگات، ئەو کاتەی کە دیتیان ئیتر ناتوانن لەوە زیاتر ڕژێمی شا بپارێزن، بە کردەوە ڕێگا بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی و حکومەتێکی ئیسلامی لە ئێران خۆش دەکەن. بۆ بەرژەوەندی درێژ ماوەی خۆیان، بەرژەوندی کورت ماوەیان دابین دەکەن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەیان ساڵە کە لەگەڵ هەموو دیکتاتورەکان دەسازێن و ئێستاش، باوەکوو زەرورەتی گەشە کردنی ئابوری بەری دەرگای پێ گرتون، پرۆژەکانیان هەر لە ڕێگای ئەو ڕژێمانەوە کە لە سەر کارن بەڕێوە دەبەن. سەرمایەداری ڕۆژئاوا ئێستا لە ترسی گەشە کردنی خەباتی ڕاستەوخۆی دژی سەرمایەداری، لە ترسی گەشە کردنی خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، یانی لە ترسی ئەو خەباتەی کە دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی درێژ ماوەی ئەوان بخاتە مەترسییەوە، دەچێتە پاڵ هەر ڕەوتێکی کۆنەپەرەست و دواکەوتووە.

چاودێر: باشە بۆ بە چەشنێکیتر سەیری ناکەی، بۆ ئاوا سەیر ناکەی کە لە ئەفغانستان تاڵیبان و مەلا عومەر و ئوسامە بن لادن دەکوتێ، لە وڵاتانی باڵکان مێلێسوڤیچ ئەبا بۆ دادگا، لە عێراق سەدام دەگرێ و دادگایی دەکا و هەر ئێستا لە عێراق دا هەرچی وەهابییەکان و سەلەفیەکان و توندڕەوەکان ڕاو ئەنێ. بەڵام وەکوو ئیسلامگەرا شیعەکان کە هەیە، مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ دا دەکات، چونکە گیرودەی شەڕێکی قورس ترە. بۆ هەموو ئەوانە بۆ حێساب ناکەیت. ئەوانەی هەموو لە ناوبرد، کە ئەوانە هەموو دوژمنی دیموکراتی، دوژمنی سوسیالیزم و دوژمنی چەپیش بوون. خۆ هەر ئەمریکا لە ناوی بردن. هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ئەوانە سازش ناکات و لە ناویشیان ئەبات. بۆچی سازشەکانی بۆ ئەکەی بۆ شتێکی زۆر گەورە، لە کاتێک دا کە شتی زۆر گەورەتریشی کرد لەبەرچاوی خۆت.

ئیبراهیم عەلیزادە: ئاشکرایە کە ئەمریکا ئەو دەوڵەتانەی کە لەبەرامبەریدا سەرکەشی و سەرەرویی دەکەن، هەوڵ دەدات کە لەناویان بەرێت و، ئەو دەوڵەتانەش کە لەم ماوەیەدا بوونە ئامانجی هێرشی ئەمریکا، هەموویان دەوڵەتانێکی سەرکوتگەر و دواکەوتوو بوون. ڕژێمی تاڵیبان ڕوخا، بەڵام ڕەوتی ئیسلامی توندڕەو، ڕەوتی القاعدە و تیرۆریستەکانی تر ئینسجامیان داوەتەوە بە خۆیان، تیرۆریسمی ڕەنگە لە ئەمریکا و لە ئوروپا دور خستبێتەوە، بەڵام شەڕەکەی هێناوەتە ماڵی ئێمە.

ئەگەر دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا، لە سەردەمی ئێمەدا کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای بەرژەوەندییەکانی خۆیان لا دەدەن، لە هەمان کاتدا، ڕێگە لە گەشە کردنی ڕەوتی ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخواز و سوسیالیستیش دەگرن. با هەر لە سەر نمونەی عێراق بچین. ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا لەشکرکێشی کردوە بۆ عێراق و ڕژێمی سەدامی ڕوخاندووە، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە، کە بە کردەوە ڕێگەی گرتووە لە گەشە کردنی بزووتنەوەیەکی سکۆلاری سەربەخۆ کە لە سەر پێی خوی ڕابوەستێ و دژی سەدام و دژی

سکۆلاری پیشکەوتنخواز سەر بەرزنەکاتەوە.

ئەوە ڕاستە کە لاچونی ڕژێمێکی وەکوو تاڵیبان لە ئەفغانستان دەسکەوتێک بوو، بەڵام ئەمریکا تاڵیبانی وەکوو کوسپێکی سەر ڕێگای بەرژەوەندییەکانی خۆی لابرد. هەر بۆیە ئێستا لە ئەفغانستان بەرهەم هێنانی تلیاک لە چاو جاران زیادیش کردوە و ژنان هەروا لە مافە ئینسانییەکانی خۆیان بێ بەشن. کەسێک کە دەیەوێ خەڵکی ئەفغانستان لە هەموو مەینەتییەکانیان ڕزگار بکات، ئەگەرچی بە لاچونی تاڵیبان خۆشحاڵ دەبێ، بەڵام دەشزانی کە دەبێ ڕێگایەکی تر و ستراتیژیکی جیاواز بگرێتە بەر.

چاودێر: سەبارەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ تۆ ئەزانی کە ئەو کاتە جیهانگیری فورمولە نەکرابوو، ئەو ستراتیژەی کە ئێستا لای ئەمریکا هەیە ساغ نەکرابۆوە، بگرە بە عەکسەوە، ئەمریکا ئەوکات تەنها ئیشەکەی ئەوە بوو، کوەیت و چاڵە نەوتەکانی کوەیت ڕزگار بکا. شتێکیتری لەو ستراتیژەدا نەبوو. ئەوکاتە عەلاقاتێکی باشی لەگەڵ عێراق بوو، پێش ئەوەی کە کوەیت داگیر بکا. لەبەر ئەوە ئەو پێوانانەی کە ئێستا بەکار دێن بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی گەورە، جیاوازە لەگەڵ ئەو پێوانانەی کە ئەوکات بەکار دەهاتن، یانی لە باری سیاسییەوە، لە باری جیهان بینی تازەی ڕۆژئاوا و ئەمریکاوە، دوو شتی زۆر جیاوازن.

من لەم دیالۆگە گشتییەوە دێمەوە سەر ئێران. لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تا ئێستا ٢٦ ساڵی ڕەبەقە، ئۆپوزسیونی ئێرانی بە چەپ و ڕاستیەوە، ئەوەی لە توانایدا بووە کردویەتی و ئەوەش دۆخی ئێرانە کە ئەیبینی. هێشاش کۆماری ئیسلامی ئێران تەواو زاڵە. ئەوەی ئێستا ئێران لێی دەترسێ ئەو فشارەیە کە بە ناوی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە و جیهانگیری و ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە بە دەستەوەیە. هەموو هەڵوێستەکانی خۆی لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا لێرەوە ئەبینێ، کەمتر لەبەرامبەر

گفتوگۆی ئیبراهیم ع...

بە پرۆژەی "ڕۆژهەڵاتی...

ناسنامەیەکی کورتی ئیبراهیم عەلی زادە

- لە ساڵی ١٩٥١ لە یەکیک لە ئاواییەکانی سەر بە شاری مەهاباد لە بن...
- خویندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەهاباد تەواو کردوە ،
- دەرچوی کولیجی ئەندازیاری کارەبا لە زانکۆی تەوریزە ،
- لە ساڵی ١٩٧٠ وە لە پەیوەندی لە گەل کومەلەی ئیران هاتۆتە ناو ج...
- لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ماوەی نزیک بە سالیک لە زیندانی ساواکی شا دا گ...
- لە ساڵی ١٩٧٩ لە یەکەم کونگرەی کومەلە وەکو ئەندامی کومیتەی ن...
- لە ساڵی ١٩٧٨ و ماوەیەک پیش رووخانی رژیم شا بە مەئموریەت ها... نیشتمانی کوردستانەوە کردوە،
- لە ساڵی ١٩٨٣ وە و دوای پیک هاتنی حیزبی کومونیستی ئیران تا ئ...

ئایا بە ڕاستی چارەنوسی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی چارە هەڵنەگر ئەوە بوو کە ئێستا هەیە؟ ئایا تەسەور ناکری کە هێزی چەپ لێرە دەیتوانی بە جۆرێکیتر لە هەڵس و کەوت، بە گرتنەپێشی کۆمەڵێک سیاسەتی جیاواز لەوەی کە گرتیەبەر، بە بەرز کردنەوەی کۆمەڵێک دروشمی تر، هەر ئەو چەپە دەیتوانی ئەمرۆ لە بارودۆخێکی گەلێک لەبارتر و هاوسەنگییەکی باشتردا بێ؟

زیاتر دا بە بەڕێوە بردنی سیاسەتەکانی. ئەمریکا لەو قۆناغەدا هەوڵ دەدات کە مەیدانی شەڕي لەگەڵ تێرۆریزم لە ئەمریکاوە بگوازێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

چاودێر: ئینسان ئەگەر بەشێوەیەک لە شێوەکان دیقەت لە مانفێست ئەدا، ئەبینێ کە کاکڵەی ئەم جیهانگیریەی کە ئێستا ئەیبینێ، مارکس باسی لێوە دەکات. ئاماژەی جوان هەیە بۆ ئەوەی کە سەرمایەداری بەرەو جیهانگیری دەڕوات، لە دوائەنجامدا کە هەموو جیهان دەخاتە ژێر هەژمونی خۆی، جیاوازی بەینی شار و لادێ ناهێڵێ، ئەمە شتێک نییە کە تازە بێ. ئەوەی تازەیە لە دونیای سەرمایەداری، ئەوەیە، کە سەرمایەداری توانی بەپێچەوانەی هەموو ئەو تێزانەی کە لەبەرامبەری دا تەرح کران، هەمیشە خۆی تازە بکاتەوە و بە هۆی ئەم هەمیشە تازە کردنەوەی سەرمایەداری، ئەو نیزامە توانی بژی و توانی زاڵ بێت و توانی زۆر کۆسپ و تەگەری گەورە لەبەردەم خۆی لابەرێ. ئێستا قسە ئەوەیە کە سەرمایەداری لەبەر ئەوەی کە دەیەوێ خۆی

ئابوورییەکەی هیچ کامیان نوێ نین. هەر دوکیان لە کردەوەدا تاقی کرانەوە و ئاکامەکانیان دەبینین. ئەگەر وابێ، با قسە لە سەر زەرورەت و مانا سیاسییەکەی بکەین. ئەویش بریتیە لە کردنەوەی ڕێگا دەست بۆ دەوڵەتانی ئەوروپایی، کە ئەوانیش بە قەدەر هێزی خۆیان لەم ناوچەیە سود وەربگرن و ژێر بە ژێر نەکەونە کارشکەنی و تێکدان.

چاودێر: ڕۆژهەڵاتێک کە تا ئێستاش پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی، عەقڵی خێڵ، دین، مەزهەب تێیدا زاڵە، شۆرشی دیموکراتیک لەم وڵاتانەی ئێمەدا نەیتوانیوە سەرکەوێ و شورشی پیشە سازی نەیتوانیوە سەرکەوێ، بۆرژوازی پەیامی دیموکراتیک وەکوو ڕوژئاوا بەدی بێنی، ڕۆژئاوا بەهۆی جیهانگیرییەوە، بە هۆی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە دێت بۆ ئێرە، ئایا ئەمە سەرکەوتن نییە بۆ ئێمە؟ گۆڕانکاری گەورە نییە بۆ ئێمە کە بتوانین ئێمەش لەو گیرودەیەی کە بە دەست سیستەمی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی دین و ئەوانە هەمانە، ڕزگارمان بێت، ئایا ئەوە کارێکی باش نییە؟

کۆنەپەرەستی بێ. لە بیرمانە کە کاتێک لە ١٩٩١ لە جنوبی عێراق، ڕاپەڕینێک لە دژی ڕژێمی سەدام بەرپا بوو، ئەوە هەڵچونی ڕەوتی شیعە نەبوو، بەڵکو لە ڕاستیدا نەفرەت و بێزارییەک بوو لە ڕژێمی سەدام کە لە ناو جەماوەری خەڵکی ئەم مەنتەقەیەدا پەنگی خواردبۆوە. ئەزقەزا بۆ ئەوەی پاساو بۆ سەرکوتەکەی لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە بۆ بهۆننەوە، لە هەموو میدیای ڕۆژئاوادا بە ناوی ڕاپەڕینێکی ئایینی شیعە ناویان لێ برد. ڕاپەڕینەکەی کوردستانیش دەیتوانی بە ئاسانی کەرکوک و شوێنەکانی دیکەش لە ژێر چنگی ڕژێمی بەعس بێنێتە دەرێ، کەچی دیتمان ڕێگا بۆ پەلاماری بەعس بۆ سەر کوردستان ئاوا لێکرا و کارەساتی کۆرەوی لێ کەوتەوە. بۆچی ئەوە نەبینین کە بە کردەوە تەمەنی ڕژێمی سەدامیان لەو وڵاتەدا درێژ کردەوە، کە هەر ساڵێکی کارەساتێکی لێ کەوتۆتەوە. موجامەلە کردن لەگەڵ ڕەوتی کۆنەپەرەستی شیعەی دانیشتوی ئێران، بوو بە هۆی ئەوە ئەم ڕەوتە لە ناو ئۆپوزسیونی عێراقیدا بەهێز بێت. هەموو ئەوانەن کە ڕێگایان گرت لەوەی کە ڕەوتێکی

ئۆپوزسیونی ئێران ئەو مەترسییەی هەیە. ئایا ئەوە بەڵگەی ئەوە نییە کە کوللی سیستەمی ئێرانی کەوتوەتە ژێر فشارێکی بێ ئەمانی ئەو سیاسەتە تازەیە، بە تایبەتی ئەمریکا، ئینجا بەشێکی دیکەی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی گەورە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێش ئەوەی کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ئاماژەیکی کورت بەم خاڵە پێویستە کە باستان کرد. ئاڵ و گۆڕی گەورەی ئەو سەردەمەی ئێمە، کە تێیدا هاوسەنگی جیهانی هێزەکان گۆڕاوە، بریتییە لە ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت. دوای ئەو ڕوداوە گەورەیەیە کە مەجاڵ بۆ بەرقەرار بوونی دەسەڵاتی تاقانەی ئەمریکا بە سەر دنیادا دەرەخسێ. لە بیرتانە کە ئەوکات ئەو سیاسەتەی ئەمریکا بە ناوی "نەزمی نوێی جیهانی" فورمولە دەکرا. "جیهان گیری" ڕوداوێکی نوێ نەبو، بەڵام ڕیز بەستنی هێزەکانی جیهانی دوای ڕوخانی سۆڤیەت، ئاڵ و گۆڕێکی تازە بوو، هەموو ناکۆکییەکانی دوایی لە جیهان مۆری ئەم هەل و مەرجە نوێیەی پێوە بوو.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتاوە بە هاوکارییەکی، بەکردەوە نەک بەرەسمی، دەوڵەتانی گەورەی ڕۆژئاوا و لە سەرووی هەموانەوە ئەمریکا، هاتە سەرکار. مەسەلەکەش ئەو بوو ئەوان دەیانەویست پێش بە نفوزی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران بگرن و لە کاتێک دا زانیان ڕژێمی شایان ئیتر بۆ ناپارێزرێ، باشترین ڕێگا بۆیان هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی ئیسلامی بوو، کە دوژمنی سەرسەختی سۆڤیەت بێ. لە دوای ئەو ڕوداوە، تاکاتی ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا ئەو تایبەتمەندییە بۆ ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران بە ڕەسمیەت دەناسێ و بەو ئیعتبارە ئیمتیازی پێ دەدا، چاوپۆشی لێ دەکات و جنێوەکانیشی لێ بە دڵ ناگرێ.

م عەلیزادە سەبارەت

لاتی ناوەراستی گەورە"

اد لە بنەماڵەیەکی دەستەنگ لە دایک بوە،

ە ناو جەرگی خەباتی سیاسی ،

شا دا گیراوە ،

یتەی ناوەندی هەلبژیردراوە ،

ەت هاتوتە کوردوستانی عیراق و پەیوەندی بە سەرکردایەتی یەکێتی

ان تا ئیستا وەکوو سکرتێری یەکەمی کومەلە چالاکی سیاسی هەبوە

بە دوای ئەوە دایە کە دەوری ڕژێمی ئێران بە لای ئەمریکاوە دەگۆڕێ و هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو دەورە ببینێ کە هەر ڕژێمێکی لە سەرکار، بە بۆنەی گرینگییەک کە ئێران بە گشتی لە ناوچەکەدا هەیەتی، پێویستە بیبینێ. هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە ئەو دەورە واقیعیەی پێ بدەن. هاتنە سەرکاری ڕەفسەنجانی ئەو هیوایەیان لا دروست دەکات، کە لە گۆڕانکارییەکی هێمنانەدا کۆماری ئیسلامی خەریکە وردە وردە خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ڕێک دەخات. دەزانین کە پرۆژەی ڕەفسەنجانی لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، بە ئاکام نەگەیشت، ئەو جار ئەو هیوایەیان بە خاتەمیەوە گرێ دا. هەتا ئەمڕۆ فشاری ئەمریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران هەگێز فشارێکی ڕووخێنەر نەبۆە. هەتا ئەمڕۆش دیموکراتەکان و کۆماری خوازەکان لە ئەمریکا، بەو جیاوازیانەشەوە کە هەیانە، هەر دوولا، لە هەوڵی ئەوە دان کە بە جۆرێک ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو حکومەتەی کە ئێستا لە سەرکارە بگەن، چونکە دەزانن کە ئەو ڕژێمە بە کردەوە چەند دەتوانی بۆ ئەوان بەکەڵک بێ. لەبیرمانە کە ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، مەجلیسی ئەعلا و حیزب الدعوەی بە هەموو توند و تیژیەکانیانەوە، بە هەموو هاوئاهەنگییەک کە لەگەڵ باڵی ڕاستی کۆماری ئیسلامی هەیان بوو، ڕەوانەی کۆشکی سپی کرد و کردیانی بە بەشێک لە پرۆژەی ئەمریکا لە عێراق.

دەوڵەتی ئەمریکا ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆچی لە تواناکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی خۆی لە جیهانی ئیسلام دا، کەڵک وەرنەگرێ؟

با ئاماژە بە دوایین کێشەیەک بکەین، کە لە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا لە سەر هەوڵ دان بۆ دروست کردنی چەکی ئەتومی هاتە کایەوە. لەم جەریانەدا بە ئاشکرا دەبینین کە ئەمریکا ئیختیاری داوە بە ئەوروپاییەکان، کە دەزانی بەرامبەر بە کۆماری ئسلامی ئیران نەرمشی زۆرتریان هەیە. دەیانزانی کە لەم ڕێگایەوە زیاتر دەتوانن ڕژێمی ئیسلامی هێور بکەنەوە. بالێرە، لە پەراوێزدا هەرچەند پەیوەندی بە پرسیارەکەی ئێوەشەوە نەبێ، ئاماژە بە نوکتەیەک بکەم کە ڕەنگە بۆ ناسینی ناوەڕۆکی ململانێ و ڕێکەوتنەکانی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا یارمەتیدەر بێ. ئامرازی سەرەکی دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاروباری عێراق، بریتی نییە لە ناردنی تێروریست بۆ ئەو وڵاتە. هەلبەت تێروریست ناردن بۆ ئێرە و ئەوێ، بەشێکە لە کارێکی ڕوتینی سپای پاسداران، یان ئیتلاعات، کە لە مەوردی عێراقیش دا لەبەر ئەوەی نایەوێ لە لای ئۆپوزسیونی ئەو وڵاتەش و، ئەوەی کە پێی دەوترێ موقاوەمەت، بێ دەست بێ، چەند کارێکیش لەم بابەتەوە دەکات، بەڵام سیاسەتی مورەجەحی کۆماری ئیسلامی ئەوە نیە. بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی لە هێور بوونەوەی بارودۆخی عێراق دایە، لە هەلبژاردنێک دایە کە تێیدا لایەنگرانی ئەو زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بێنن و، هەموو، یان لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بگرنە دەست. ئەوان هەموو سەرمایەگوزاری خۆیان لە سەر باڵی شیعە دەکەن و، لە کاتێک دا کە دەزانن ئەو باڵە دەوری سەرەکی لە دەسەڵات دا دەبینێ، بۆچی دەبێ هەوڵ بدەن کە لێیان تێک بدەن؟ ئەم سیاسەتەیان لە هەمان کاتدا هاوئاهەنگە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا.

مەبەستم ئەوە بوو کە لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەدا ئەوە نیشان بدەم کە دەوڵەتی ئەمریکا سیناریویەکی وەکوو ئەوەی لە عێراق بەرێوەی برد، بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەستوریدا نێیە.

چاودێر: ئێوە شارەزای مێژووی ئێران هەن. سەیری ئەو ئاڵوگۆڕانەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو کە. لە سەروبەندی جەنگی دووهەمی جیهانی، دوای ئەوەی ئینقلابی موسەدیق ڕویدا، لە سەروبەندێک دا کە جەنگی سارد دەگاتە بن بەست. ڕۆژئاوا ناتوانی کارێکی گەورە بکات، بزووتنەوەی شیعە و ئیسلامی لە ئێران بێتە سەرکار. ئێستا ئاڵ و گۆڕێکی زۆر قووڵی دونیایی لە ئارادایە. تۆ پێت وانییە ئێستا ڕۆژئاوا ئامادەترە کە جارێکیتر، لە زەمان و زەمینەیەکیتر وەکوو چۆن لە جەنگی یەکەم و دووهەمدا ئەو دوو ڕوداوە گەورەیە لە ئێران رویدا ئێستا ڕوداوی زۆر گەورە ڕوو بدات، بەڵام بە شێوە و بە ناوەڕۆک و بە ئاراستەیەکی نوێی سیاسیدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەری ئاڵ و گۆڕ بێ گومان گەلێک زۆرە. دەوڵەتی ئەمریکاش کە هەست بەوە دەکات ئەو دەوڵەتانەی کە تا دوێکە لایەنگری لێ کردوە و یان ئێستاش پشتگیرییان لێ دەکات، ئەمانە لەبەردەم ئەوە دان کە بکەونە بەر پەلاماری جەماوەری تورە و نارازی کە لە ژێر باری فشاری ئابوری و دیکتاتوریەتی سیاسیدا و وەگیان هاتوون. لە ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەیان کەوتونەتە بەر هەرەشەی ڕەوتە کۆنە پەرەستەکانیشەوە. ئەمریکا هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو وەزعە ڕێگایەکی مام ناوەنجی ببینێتەوە. ئەمریکا نایهەوێ ڕەوتی ڕوخانی ئەم ڕژێمانە بدات. مەبەستی بەرەو پێش بردنی ئەو ڕەوتە نییە، بەڵکو بۆ هێور کردنەوەی و بۆ کونترۆل کردنی و بۆ بردنی بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەوڵ بدات.

چاودێر: ئێوە چەند جار ئاماژەتان بەوە کرد کە بەینی ئێران و ئەمریکا بەرەو هێور کردنەوە ئەڕوات و، هێندێک مەحەکی سازش لە ئارا دایە. بۆچی وای نابینن کە جاری ئەمریکا لە ئەفغانستان و لە عێراقیش ئیشەکەی تەواو نەبووە، خۆ ناکرێ بچی جەبهەیەکی گەورەتر و ئاڵۆزتر و قووڵتر و پڕمەترسیتر بۆ خۆی بکاتەوە؟ بۆ وای لێک نادەنەوە کە ئەمریکا مانور ئەکات لە دنیای سیاسەتدا. خۆ ئەمریکا سوپێرمەن نییە کە بە ئارەزوی خۆی بگەڕێ بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات و بیان روخێنی. دەبێ عێراق و ئەفغانستان و ئێران بخات بە لایەکدا، ئەوکاتە بتوانی دەرگیر بێ لەگەڵ وڵاتێکیتر. سەبەبی ئەو نەرمیەی ئەمریکا یان قبول کردنی هێندێک شت لە ئێران ناگەڕێتەوە بۆ ئەم مانۆرە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بە بروای من هۆی ئەو نەرمیە دەگەڕێتەوە بۆ بوچونێکی ڕیشەییتری ئەمریکا لە هەلسەنگاندنی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمریکا دەبینێ کە ڕژێمەکانی دسەلات دار لەم ناوچەیە پێگەی کۆمەلایەتییان نییە و هەر پرۆژەیەکی ئابووری یان سیاسی کە ئەمریکا بیهەوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دایبەزێنێ، پێویستی بە پێگەی کومەلایەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕەوتی ئیسلامی توند ڕەو، کە ئەمڕۆکە لە پەرە سەندن دایە، پاشەکشە پێ بکات، بیخاتە پەراوێزەوە و لە ناوی بەرێ. بۆ ئەو کارە پێویستی بە ئەوە هەیە کە پشت بە ڕەوتێکی ڕەسەنی کومەلایەتی ببەستێ. لیبرالیزم لە وڵاتانی عەرەبی کە ئاوێتەیە بە ناسیونالیزمێکی تەنگ نەزەر، زۆر جێگای هیوا نییە و بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا نەی توانیوە خۆی تەرح بکات و جەماوەر لە دەوری خوێدا کۆ بکاتەوە. ئیسلامی توندرەو کە تا ڕادەیەک توانیویەتی پێگەی جەماوەری بە دەست بێنێ، ئەگەر چی لە ڕابردوودا هاوپەیمانی ئەمریکا بوو، ئێستا ناتوانێ هاوپەیمانی بێت. هەر بۆیە سیاسەت دارێژەرانی ئەمریکا ساغ بۆنەوە لە سەر ئەوە کە بچنە سوراغی ئیسلامی میانەڕەو. بۆیە لە ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، جۆرێک سازش نێوان دین و سیاسەت دا دێتە گۆڕێ. ئەوان لە سیمای کوماری ئیسلامی دا ئەم زەرفیەتە دەبینن کە بتوانێ ببێ بە هەوێنی ئەو کارە، ڕێگا خۆشکەرێک بێ بۆ ئەو سیاسەتە و یارمەتیدەر بێ بۆ گونجاندنی ئیسلامی میانەڕەو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

چاودێر: سازشێکی تەکتیکی یان ستراتیژیک؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە نیهایەتەن کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابورییان هەیە کە دەبێ دابین بکرێ. بازاری کار و کالا و سەرمایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان دەوێ، کە بە پێی ئەو نورمانە بەرێوە بچێ کە پێویستیانە. ئەمەش لەگەڵ دەسەڵاتی ئیسلام وئایین زۆر تەبا نییە. بەڵام ئایا ئەم تاکتیکە نابێتەوە بە ستراتیژ؟ کاتێک کە لە کێشمەکێشەکانی ئەم ناوچەیەدا هێزێکی سێهەمی خوازیاری ئاڵ و گۆری بنەڕەتی سەربەرز کاتەوە، هێزێک کە نەیهەوێ خۆی بە ستراتیژی ئەمریکاوە ببەستێتەوە، ئەوکاتە هەموو ئەو سازشانەی کە ناوی تاکتیک یان لە سەربوو، دەبنە ستراتیژ.

چاودێر: سەیری مێژوو بکە هەموو جارێک دنیای سەرمایەداری بەرەوپێش کەوتن رویشتووە، پرۆسەی دیموکراتیک قووڵ بۆتەوە، سەرکەوتوە، خۆ بە پێچەوانەوە هەموو بزووتنەوە چەپ و کرێکاری و سوسیالیستییەکی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەوە نییە لە ڕۆژئاوا خۆیدا هەتا دیموکراتی چۆتە پێشەوە، بزووتنەوەی کرێکاری و سوسیالیستی پاشەکشەی کرد. ئەی بۆ ئەمە لە ئایەندە وای نابینین کە لە ڕۆژهەڵاتیش وای لێ بێت، چونکە ئەمە خۆشگوزەرانی ئەهێنێ، خۆشی ئەهێنێ، ئازادی ئەهێنێ، دەسکەوت ئەهێنێ، موچە زیاد دەکا، بیمە زیاد ئەکات، نەخۆش کەم دەکا. ئەمە بۆچی قینی چینایەتی کەم ناکاتەوە، وەکو تۆ تەسەوری ئەکەیت، بۆ تۆ پێت وایە بزووتنەوەیەکی ئالترناتیڤ ئەهێنی کە ئەمریکا لێی بترسێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بە بروای من گەشە کردنی سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵات، ئەو جۆرەی کە ئێوە

لە دوای ڕوداوی ١١ی سێپتامبر و دوای ئەوەی کە ئەمریکا بریار دەدات سیاسەتێکی چالاکانەتر لە ئاستی نێونەتەویدا، بۆ چەسپاندنی سەرکردایەتی خوی بە سەر جیهاندا بگرێتەبەر. شوێنەکەشی بە تایبەتی تەئکید کراوەتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و سەر ئەزمونی عێراق


■ برایمی عەلی زادە

تەسویری دەکەن، ناکۆکی و جیاوازی چینایەتی کەم ناکاتەوە. خەڵک لەم پرۆسەیەدا مافەکانی خۆی باشتر دەناسن. تەوەقوعیان بۆ ژیان زیاد دەکات و، بەو برە کەمە لە دەست ڕەنجی کاری خۆی، کە پێ یان دەدەن، ڕازی نابن. هەر ئێستا ئایا وەزعی ژیانی خەڵک لە کوردستان لە چاو پێنج ساڵ لەمەو پێش لە چەند قات باشتر نەبۆە؟ کەچی دڵنیات دەکەم ڕادەی سەمپاتی و لایەنگری بۆ حیزبە سیاسییەکان کەمی کردوە. خۆ دیارە ژیان بەرەو پێش چووە، ئاوەدانی پەیدا بۆە، بەڵام هەر بەم پێیەش وردە وردە خەڵک زۆرتر هەست بەوە دەکات، کە ئەمانە هەمووی مافی خۆیەتی. هەست بەوە دەکات بە هێزی خۆی بە دەستی هێناوە، هەست بەوە دەکات ئەم ئاڵ و گۆڕانە ئاکامی خەباتێک بووە کە

هەر ئێستا ئایا وەزعی ژیانی خەڵک لە کوردستان لە چاو پێنج ساڵ لەمەو پێش لە چەند قات باشتر نەبووە؟ کەچی دلنیات دەکەم رادەی سەمپاتی و لایەنگری بۆ حیزبە سیاسییەکان کەمی کردوە. خۆ دیارە ژیان بەرەو پێش چووە، ئاوەدانی پەیدا بووە، بەڵام هەر بەم پێیەش وردە وردە خەڵک زۆرتر هەست بەوە دەکات، کە ئەمانە هەمووی مافی خۆیەتی

چینی دارا و دەسەڵاتداری ناچار بە پاشەکشە کردوە. ئەگەر ئازادی زۆرتر بێت، کەش و هەوای سیاسی کراوەتر بێ وا نییە کە بەو بەشە ڕازی بێت بەڵکو چاوەڕوانییەکانی دەچێتە سەرێ.

ئێستا ئەگەر ڕاپرسییەک بکرێت لە خەڵکی شاری هەولێر و سلێمانی ئێستا لەچاو ساڵ و نیوێک لەمەوبەر خەڵک کەمتر ئەمریکا بە ڕزگاری بەخشی خۆیان دەزانن. ئەو گۆڕانکارییە لە بۆچونی خەڵک دا لەوانەیە کەم بێ، بەڵام واقیعییە. هەرچی زەمان دەگوزەری خەڵک زۆرتر لێی حالی دەبی کە بەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کورد و هەموو عێراق لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا یەک نییە. ئەو دوو بەرژەوەندییە ئەگەر لە قۆناغێک دا یەکی گرتوە، کاتی بووە، تاکتیکی بووەو، سەرئەنجام، ڕێگایان لە یەک جیابوتەوە. دلنیام لەوەی کە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ سەر بەرز دەکاتەوە.

چاودێر: پێش ئەوەی بچینەوە بۆ ئێران دەمەوێ تۆزێک باسەکە ڕوتین بکەین. ڕاستە لە کوردستانی عێراق ئێستا ئەو شەوق و ئیشتیاقەی کە جاران بو بۆ حیزبە سیاسییەکان، ڕێژەکە دابەزیوە. بەڵام لە موقابێل دا خۆ بەدیلێکی ئۆپوزسیون بە هێز دروست نەبووە لەبەرامبەر ئەم حیزبانەدا. بەپێچەوانەوە مەترسی سەر هەڵدانی ئیسلامییەکان بە قوەت بووە. سەرمایەداری یان دیموکراسی یان ڕیفاهیات لە ڕۆژئاوا دەچێتە پێشەوە، کوللی بزووتنەوەی کرێکاری چەپی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، خەریکە لە ڕۆژهەڵاتیش هەر هەمان شت کە لە ڕۆژئاوا ڕویداوە، ڕوئەدات. یانی قسە ئەوەیە کە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستی وا بێتە پێشەوە کە ئەمریکا لێی بترسی. من تەسەورم وایە لە ئێرانیش ڕەنگە ئەم حەقیقەتە زیاتر لە وڵاتی ئێمەش ڕوو بدات، چونکە ئێران وڵاتێکە زۆر زوو ئەتوانی بچێتە ناو دونیایەک کە پێی ئەڵێن دونیای مودێرنیتە، کە پێی ئەڵێن دونیای سەرمایەداری، کە پێی ئەڵێن دونیای دیموکراسی، کە پێی ئەڵێن دونیای ئازادی. من تەسەورم وایە کە وەرچەرخانی زۆر زۆر گەورە لەم بارەوە لە ئێران ڕوو بدات.

ئیبراهیم عەلیزادە: لە جەرگەی گەشە کردنێکی کۆمەلایەتیدا، بۆچی ڕەوتی کرێکاری و سوسیالیستی سەر بەرز نەکاتەوە؟ ئەوە ڕاستە کە ئێستا لاوازە، پاشەکشەی کردوە، بەڵام ئەمە هۆکاری مێژویی خۆی هەیە، هۆکاری کۆمەلاییەتی خۆی هەیە، هۆکاری ڕێکخراوەیی و سیاسی تایبەتی خۆی هەیە. ئایا بە ڕاستی چارەنوسی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی چارە هەڵنەگر ئەوە بوو کە ئێستا هەیە؟ ئایا تەسەور ناکری کە هێزی چەپ لێرە دەیتوانی بە جۆرێکیتر لە هەڵس و کەوت، بە گرتنەپێشی کۆمەڵێک سیاسەتی جیاواز لەوەی کە گرتیەبەر، بە بەرز کردنەوەی کۆمەڵێک دروشمیتر، هەر ئەو چەپە دەیتوانی ئەمڕۆ لە بارودۆخێکی گەلێک لەبارتر و هاوسەنگییەکی باشتردا بێ؟ ئەوە ڕاستە کە ئێستا ئەو هێزە لە ئاستێک دا نییە کە ئەمریکا لێی بترسێ. بەڵام ئەگەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵ سەر بەرز کاتەوە، شەرت نییە وەزع هەروا بمێنێ.

چاودێر: بە هەر ئەگەرێک لە ئەگەرەکان لێکی ئەدەیتەوە، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ئاڵ وگۆر ئەهێنێت بۆ ڕۆژهەڵات. ئەو ئاڵ و گۆرە ئێرانیش دەگرێتەوە. ئێوە ئەم ئاڵ و گۆرەتان پێ باشە یان پێ خراپە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕەنگە جیاوازییەکەمان لەوەدا بێ کە من پێم وانیە ئەم پرۆژە دیاریکراوە ئاڵ و گۆڕێک بەدی بێنێ. ئەم پرۆژەیە سیاسەتی ڕۆشنی بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی ئابوری و لە مەعیشەت و بەرێ چوونی خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگا پێ نییە.

چاودێر: ئەی ئەگەر ئاڵ و گۆڕێکی زۆر قووڵ و هەمە لایەنەی لە ئێراندا هێنایە پێشەوە، ئێوە چ هەڵوێستێک تان دەبێ لەبەرامبەری؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە دەمانهەوێ ژیانی خەڵک خۆشتر و باشتر بێت. بەڵام ناشمان هەوێ خەڵکی ئێران بکەونە شوێن تەوەهومێک کە زیان بە خەباتەکەیان بگەیێنێ. دیارە هەر هەل و مەرجێکی تازەش کە پێش بێت، بە شێوەیەکی کونکرێت لێکی دەدەینەوە و هەڵوێست دەگرین. با لێرەدا ئەوەش بلێم ئێمە لەو باوەرەدا نەبووین کە کاتێک هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و بۆ کوردستان بوو بە ئەمری واقیع، هێزە سیاسییەکانی ئێرە دەبوایە لەبەرامبەریدا ڕابوەستن، موقاوەمەت بکەن. بێگومان ئەوان بۆیان هەبوو کە خۆیان لەگەڵ هەل و مەرجی تازە بگونجێنن بە جۆرێک کە بەرژەوەندی ئەو خەڵکەی کە وا نوێنەرایەتی دەکەن، دەستەبەر بێ. ئەگەر هات و ڕۆژێک لە ڕۆژان، بە فەرز، هێزەکانی ئەمریکا ڕویان کردە ئێران، ئەوکاتە ئێمەش دەتوانین بە هەڵسەنگاندنی وەزعیەتی واقیعی هەڵوێستێک بگرین کە جەماوەری خەڵک کەمترین زیانی تێدا ببینێ.

چاودێر: ئێمە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان لەبەردەم دایە، چ ئاڵ و گۆڕێکی قووڵ لەو وڵاتانە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، لە سەر دەستی هێزە چەپەکان، یان بزووتنەوە چەپەکان، هاتوەتە دی. یانی لە کاتێک دا کە چەپ دەیتوانی زۆر شتی گەورە بکا، پێی نەکرا؟ ئێستاکە ڕەهەندی ڕوداوەکان بۆ ئەوە ئەڕوا کە خەڵک تاقەتی ئەو خەباتە ڕادیکالەی نەبێ، کە لە ڕابردوودا تاقەتی هەبووە بۆی، ئێستا چۆن ئەکرێ ئومێد لەسەر ئەوە هەڵبچنین کە بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ تر و بەهێز تر و چارەنوس سازتر لە ئێران و وڵاتەکانی دیکە لە ڕابردوو بێتە دی، لە کاتێک دا وەکوو وتم ڕیفاهیات زیاتر بۆ ئەو وڵاتانەی ئێمە دێتە دی؟ مێژوو وامان پێ ئەڵێ.

ئیبراهیم عەلیزادە: مێژووی واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەوەمان پێ دەلێ، کە هەل و مەرجی سیاسی ئەو ناوچەیە هەمیشە وەکوو ئێستا نەبووە. لە مێسر، لە عێراق، لە سوریا، تەنانەت لە وڵاتێکی پێنەگەیشتوی وەکوو سودان، بزووتنەوەی بەهێزی چەپ هەبووە. ئەم بزووتنەوانە لە سەر دەستی حیزبەکانی سەر بە یەکیتی سەڤیەت خیانەتیان پێ کرا، لەبار بردران. لە هەمووی ئەو وڵاتانەدا بزووتنەوەی کرێکاری، ڕوناکبیری بەهێز هەبوون. ڕێبەرانی سەندیکا کرێکارییەکانی سودان بۆچی ئیعدام کران؟ هەمووی ئەو سەرکوتە بۆ ئەوە بو کە بەڕاستی نیگەرانی گەشە کردنی بزووتنەوەیەکی کرێکاری و چەپ بوون. ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچی وای لێ هات، بۆچی ئەو بۆشاییەی تێدا دروست بوو کە ئەمڕۆکە ئیسلامی توند ڕەو بیکات بە مۆلگەی خۆێ، جێگای قسەیەکی کونکرێت ترە کە بە باسەکەی ئێستا مەربوت نییە.

بەڵام با ئەوەش زیاد کەم، هەرچەند ئەوە ڕەنگە زۆر وەڵامێکی ئیدئۆلۆژیک بە نەزەر بگات، ٥٠-٦٠ ساڵ لە ئاستی مێژوییدا زەمانێکی ئەوەندە زۆر نییە، سەرمایەداری سەرجەم ٢٠٠ ساڵە حکومەت دەکات، فورسەت مان هەیە و نۆبەی مێژویی ئێمەش دێت.

چاودێر: ئێمە قسە لە سەر شتە عینییەکان دەکەین، ئێستا مومکێنە پیش بینی بکرێ بۆ ٢٠٠ یان ٣٠٠ ساڵێتر چی ئەبێ و چی نابێ، ئەمە مومکێنە، نەکەس لە بەهەشت هاتۆتەوە و نەکەس دەتوانێ ٢٠٠ ساڵ بچێتە پێشەوە و بزانێ چی ڕوئەدات، قسە لە سەر شتە عەینییەکانی ئێستا دەکەین. لە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی چەپ نەیتوانی وەرچەرخانی زۆر گەورە بەدی بێنێ. ئەلێین: ڕەهەندەکانی گۆرانکاری لەمەو بەدوا بە پێچەوانەوە حەماسەتی شۆڕشگێریەتی کەم دەکاتەوە، ئەگەر حەماسەتی شۆڕشگێریەتی کەم دەکاتەوە، دەی کە وابێ هەر ئەو ئاڵ و گۆڕە زۆر زۆر باشە. ئەو ئاڵ و گۆڕەی کە ئێستا ڕۆژئاوا بە دەستیەوەیەتی، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا بەدی بهێنێ، ئەوە کارێکی زۆر باشە و ئەشێ لە پاڵ ئەوەدا ڕامانێکی زۆر ڕوون تر ببێ بۆ ئایەندەیەک کە خۆت ستراتیژی لە سەر هەڵدەچنیت.

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕەنگە جیاوازی بۆچونەکەمان لەوەدا بێ، کە ئێوە ئەم پرۆژە دیاریکراوە، واتە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەتان وەکوو پرۆژەیەکی تازە زۆر بە جێدی گرتوە و من لام وایە ئەمە درێژەی هەر ئەو ڕەوەندەیە کە لە ٦٠-٧٠ ساڵی ڕابردوودا، لە کایەدا بووە و ئاکامەکانیشی بۆ سەر ژیانی خەڵک لەم ناوچەیە لە ڕابردوو باشتر نابێ.

سەبارەت بە ڕامانی زۆر ڕوون تر کە لە جیاتی ئەوە دەبێ هەبێ، گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی چەوساوە و هەژار و ستەم لێکراو، بۆ کۆتایی هێنان بە ڕەنج و ئازارەکانیان گیر و گرفتی زۆر هەیە لە سەر ڕێگایان، ئەم خەباتە ژانەسەری زۆری لەگەڵ دەبێ، بەڵام ئەوان چارەیەکیان نییە، هەر دەبێ خۆیان بۆێ تێ بکۆشن. چینە دارا و دەسەڵات دارەکان وەکوو خەڵات پێیان نابەخشن. بۆ وێنە ئاسۆی پێک هاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستانێکی یەکگرتوودا، کە من دلنیام بۆ ئینسانێک کە هەست بە هەلاواردن و ستەمی نەتەوایەتی دەکات، ئارەزویەکی شەریفە. هەر وەکوو چۆن پێک هاتنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی بۆ منیش ئارەزوویەکی شەریفە. ئەمانە هەردووکیان ئێستا دوورە دەست بەنەزەر دەگەن، ئایا ئەمانە خەباتیان بۆ نەکرێ لەبەر ئەوەی کە "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" قەرارە بۆمان جێبەجێ بکات؟ چ بۆ ئەو کەسەی کە پێی وایە لە ژێر ئاڵای کوردستانێکی یەکگرتوودا لەو ستەمە مێژووییە ڕزگاری دەبێ و چ بۆ من کە پێم وایە بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی کرێکاری و سوسیالیستی لە تواناییدا هەیە هەموو گیر وگرفتەکانی ئەو کۆمەلگایە و لەوانە ستەمی نەتەوایەتیش چارە سەر بکات، بۆ هیچ کاممان ڕامانێکی ناروون نییە.

چاودێر: کۆتایی پرسیارەکانم بەوە ئەهێنم، ڕۆژئاوا و ئەمریکا ئەفغانستان و عێراقیان لا گرینگ بێ، فشار لە سەر سوریە هەبێ، لە کاتێک دا کە وڵاتی ئێران لە هەمووی ئەو وڵاتانە زۆر گرینگ ترە، پێت وانیە ئێستا ئەمریکا پرۆژەیەکی زۆر گەورەتر و ئیمکاناتێکی زۆر زیاتری ئامادە کردوە بۆ ئەوەی ئێران بکات بە بنکەیەکی زۆر گرینگتر لە عێراق و لە ئەفغانستان و لە هێندێک وڵاتیتر بۆ ئایندە، بە تایبەتی پەیوەندی ڕۆژئاوا بە ئێرانەوە ڕەگێکی قووڵ و دوور و درێژی هەیە و ئاشکراشە سودەکانی چ بۆ ئێستا و چ بۆ ئایەندە بۆ ڕۆژئاوا چی ئەبێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، پێم وایە کە بێ گومان دەوڵەتی ئەمریکا وەها مەبەستێکی هەیە، بەڵام لە قوناغی ئێستادا هەوڵ دەدات کە ئەو ئامانجەی خۆی لە ڕێگەی هەر ئەو ڕژێمەوە جێبەجێ بکات، نەک بە ڕوخاندنی.

چاودێر: سوپاس بۆ بەرێزتان.■

تاڵیس

Thales (625?-546? BCE)

ئاوات ئەحمەد

فەیلەسوفێکی یۆنانییە، لە میلیتۆسی ئاسیای بچووک لە دایک بووە. بە پێی ئەپۆڵۆدۆرۆس لە ساڵی ٦٢٤ ی پێش چاخی نوێ لەدایک بووە، دایۆجینیۆسی لایرتۆسیش دەڵێت لە تەمەنی ٧٨ ساڵیداو لەماوەی ٥٨ هەمین خولی ئۆڵۆمپیدا مردووە، کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ٥٤٨-٥٤٥ وە. تاڵیس بە یەکێک لە حەوت داناکەی یۆنان لە قەڵەم دەدرێت. بە هۆی زانینەکەیەوە دەربارەی فەلەکناسیی شۆرەتی دەرکردووە، ئەویش دوای ئەوەی پێشبینی خۆرگیرانەکەی رۆژی ٢٨ / ٥ / ٥٨٥ ی کرد. دەشڵێن زانستی ئەندازەی لە یۆناندا ناساندووە.

زۆر شت دەربارەی تاڵیس دەگێڕنەوە، لەوانە هیرۆدۆت پێی وابووە سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو بووەو فیدراسیۆنی شارە ئایۆنییەکانی دامەزراندووە. کالیماخۆسی مێژوونووس دەڵێت تاڵیس ئامۆژگاریی دەریاوانەکانی کردووە کە ئەستێرەی ورچی بچووک بکەن بە رابەری خۆیان لە بری ورچی گەورە. هەروەها دەڵێن بە هۆی زانستی ئەندازەوە توانیویەتی بەرزی هەرەمەکانی میسر بپێوێت: لە کاتێکی دیاریکراوی رۆژدا، سێبەری هەرەمەکەو سێبەری گۆچانەکەی خۆی لە یەک کاتدا پێواوە، پاشان بەراوردی کردوون، بەقەدەر ئەوەی سێبەری هەرەمەکە لە سێبەری گۆچانەکەی گەورەترە، ئەوەندەش هەرەمەکە لە گۆچانەکەی بەرزترە. هەروەها توانیویەتی پێوانەی دووری کەشتییەکان بکات لە کەناری دەریاوە، لەوکاتەدا کە لە دوورەوە دەردەکەون. گەرچی دەشێت هەندێک لەم چیرۆکانە زێدەڕۆییان تێدا بێت، بەڵام زرنگی و بەهرەمەندی تاڵیس پیشان دەدەن.

تاڵیس پێی وایە پرەنسیپی بنەڕەتیی هەموو شتەکان ئاوە، هەموو شتێک لەوەوە دێت و بۆ بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە. پێش تاڵیس لێکدانەوەی گەردون بەشێوەیەکی ئەفسانەیی بوو، بۆیە تەرکیزکردنی ئەم لەسەر جەوهەری فیزیاییانەی جیهان، بووبەسەرەتای لە دایکبوونی بیرکردنەوەی زانستیی. تاڵیس نوسینی

لە پاش جێنەماوەو زانیاریەکانمان دەربارەی ئەو لەتوێی میتافیزیاکەی ئەرەستۆوەیە. تاڵیس سەردانی میسری کردووە و ئاشنای بۆچوونە ئاینییەکانی ئەوانیش بووە. سەرەنجام گەیشتە ئەوەی کە دەتوانرێت بە بەکارهێنانی ئەقڵ دەسبەرداری خوداوەندەکان ببین و هەموو دیاردە گەردونییەکان بە ئەقڵ لێکبدەینەوەو پێویست ناکات بیانگێڕینەوە بۆ هێزە باڵاکان. تاڵیس لەو بڕوایەدا بوو کە تیشکی مانگ لە هەتاوەوە وەردەگیرێت و خۆی تیشکی نیە.

ئەرەستۆ تاڵیس بە دامەزرێنەری فەلسەفەی خۆراوایی دەناسێنێت چونکە ئەو یەکەمین کەس بووە کە بیری لەوە کردبێتەوە هەموو بوون بباتەوە بۆ سەر یەک تاقە جەوهەر، کە وەک پێشتر باسمان کرد، پێی وایە ئەو جەوهەرە ئاوە. بەر لە تاڵیس میسرییەکان و بابلییەکانیش سەرەتای بوونیان گەڕاندۆتەوە بۆ ئاو، وەلێ تاڵیس دەیەویست لێکدانەوەیەکی لۆجیکییانەو زانستییانە بۆ ئەو جەوهەرە رەسەنە بدۆزێتەوە، نەک بە پێی باوەڕو پێڕەوێکی ئاینی وای بۆ بچێت. واتە لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی کۆڵیوەتەوە، یەکەمین کەسە



کە لە جەوهەری پێکهێنەری مادەی کۆڵیبێتەوە، بۆیە بە دامەزرێنەری فەلسەفەی سروشتی لەقەڵەم دەدرێت. شایانی باسە، تاڵیس لە سەراپای سروشتی دەوری خۆی راماوەو هەوڵیداوە لێی بکۆڵێتەوە، کارەکانی ئەو بوارەکانی فەلسەفە، مێژوو، زانست، ماتماتیک، ئەندازە، جوگرافیا و تەنانەت سیاسەتیش دەگرێتەوە. بەردەوام لە مێژووی فیکردا گومانێک هەبووە لەوەی ئایا تاڵیس هیچی نوسیوە، یان راستر چی لە پاش جێماوە. وەلێ کۆمەڵێک بەڵگەی دێرین هەن کە ئاماژە دەکەن بۆ نوسینەکانی ئەو. سیمپلیکۆس، نوسراوێک دەداتە پاڵی تاڵیس کە بە ناوی رێنمای ئەستێرەکانەوە ناسراوە. وەلێ دایۆجینیەسی لایرتۆسی گومانی هەبووە لەو کتێبە. نوسیوێت: بە پێی قسەی هەندێک، تاڵیس تەنها دوو نامەی نوسراوی هەیە، یەکێکیان دەربارەی ئەستێرەکان و ئەوەی تریشیان دەربارەی هەردوو وەرچەرخانی بەهارەیی و پایزەیی. لۆبونی ئارگۆسی باس لە جێمانی نزیکەی دووسەد دێڕێک نوسینی تاڵیس دەکات و پلوتارخیش چەند بیرۆکەو ئایدیایەکی بە شیعر هۆنیوەتەوە کە بە هی تاڵیسیان

دادەنێت. ئیتر لێرەو لەوێ گەلێک کەس باسی نوسین و تێزی تاڵیسیان کردووەو بیرۆکەو ئایدیای جیاجیایان داوەتە پاڵی.

بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرمان لەبەردەستدا نیە بۆ ئەوەی نوسین و ئایدیاکانی تاڵیس کەوتبنە بەردەستی ئەفلاتون و دواتریش ئەرەستۆ، وەلێ بۆ سەرسامیمان لیستێکی درێژی ئەو نوسەرانەمان لەبەردەستدایە کە تاڵیسیان ناسیوە، یاخود ئاگاداری کارەکانی بوون. رێی تێدە چێت ئەفلاتون و ئەرەستۆ لەمانەوە دەستیان گەیشتبێت بە تاڵیس.

ئاو رەسەنی هەموو شتێکە

تاڵیس بە دامەزرێنەری فەلسەفەی سروشتی لەقەڵەم دەدرێت. پێی وایە ئەسڵی هەموو ئەو شتانەی لەگەردووندا هەن دەچێتەوە سەر ئاو، ئاو پرەنسیپی یەکەمەو هەموو شتەکان لەوەوە هاتوونەتە بوون. تاڵیس بیریارێکی رەسەنەو یەکەمین کەسەکە دابڕانی لەگەڵ بۆچوونە میتۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆیدا کردووەو رووی کردۆتە سروشت و بەدوای لێکدانەوەی جیاوازدا گەڕاوە بۆ دیاردەکان. لەگەڵ ئەوەشداکە شارەزاییەکی تەواوی لە هۆمیردا هەبووە، بەڵام هەرگیز هیچ دیاردە یان کردەوەیەکی ناو گەردونی نەگەڕاندۆتەوە بۆ سەر هیچ یەکێک لە خوداوەندەکان.

تاڵیس چەند وەڵامێکی پێشکەشکردووە دەربارەی قەبارەو شێوەی زەوی، بوومەلەرزە، رۆژی دودانی وەرچەرخانی بەهارە و پایزە، قەبارەی خۆر و مانگ. پێی وابووە زەوی لەسەر ئاو راوەستاوە، واتە سەرئاو کەوتووە وەکو چۆن پارچە دارێک سەرئاو دەکەوێت. هەندێک لە لێکۆڵەران دەڵێن تاڵیس لای وابووە زەوی نەخت و تەنک و بازنەییە، بەڵام بەڵگەیەکی ئەوتۆ پشتیوانی لەوە ناکات کە تاڵیس بۆچوونی وەهای هەبووبێت. بەڵکو چەند بەڵگەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی گریمانە بکەین کە تاڵیس زەوی وەکو گۆیەکی گەورە داناوە.

تاڵیس قوتابخانەیەکی فەلسەفی تایبەتی بە خۆی دامەزراندووە، کە بەناوی قوتابخانەی میلیتۆسیەوە ناسراوە. دەرکەوتووترین قوتابی تاڵیس ناوی ئەناکسیماندەر بووەو دە ساڵێک لە تاڵیس منداڵتر بووە، ئەم بەردەوام بووە لەسەر لێکۆڵینەوەکانی مامۆستاکەی و پرسیارکردن دەربارەی دیاردەکانی ناوگەردوون بێ ئەوەی بیانگەڕێنێتەوە بۆ سەرئیرادەو هێزێکی لەسروشت بەدەر. ئەناکسیماندەر ساڵێک دوای مردنی تاڵیس دەمرێت و ئەناکسیمانێسی خوێندکار لەدوای خۆیەوە جێدەهێڵێت بۆ تەواوکردنی رەوتەکە. ئەم سێ فەیلەسوفە یەک لەدوای یەک قوتابخانەی سروشتی و بیرکردنەوەی سروشتییان دامەزراندو لەناو هۆیە لۆجیکییەکانەوە بەدوای لێکدانەوەی دیاردە سروشتییەکاندا دەگەڕان.

تاڵیس یەکەمین کەسەکە لێکدانەوەی لۆجیکییانەی بۆ ئەو دیاردە سروشتییانە کردبێت کە پێشتر بەشێوەیەکی میتۆلۆژییانە یاخود ئاینییانە شی کراونەتەوە. لە سەردەمی خۆیدا تیورییەکانی تازەو نامۆبوون، خەڵکیان سەرسام دەکرد، مرۆڤ دەیتوانی درکیان پێبکات و شیکردنەوەشیان ئاسان بوو. ئەو لەخۆیەوە وەکو هیراکلیتۆس قسەی بێ بنەمای نەدەکردو هەمیشە سەرقاڵی تاقیکردنەوە زانستییەکانیان بوو، ئەو هیچ بایەخێکی نەداوە بە بوونەوەرە ئاینییەکان وگوێی نەداوەتە ئەو دەسەڵات و توانا نائاساییانەی دراوەتە پاڵیان.

بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی تاڵیس قابیلی رەتکردنەوەن، وەلێ بۆ سەردەمی خۆیان زۆر گرنگ بوون، هەربۆیە ئەرەستۆ بە یەکەمین فەیلەسوف دەیناسێنێت. ئەگەر بیهێنینەوە بیری خۆمان، کە دوا بە دوای خۆرگیرانەکەی دوو ساڵ لەمەوبەر، یەکێک لە کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی ئەم شارە سوپاسی یەزدانی کرد لەبەر ئەوەی خۆری بۆ گەڕاندینەوەو بێبەریی نەکردین لە تیشکەکەی، ئەوسا دەتوانین هەست بە گرنگێتی و مەزنیی ئەم فەیلەسوفە بکەین.■

شۆڤینیەتی عەرەبی و ئەگەری دیموکراسی لەعێراقدا

نوری بێخاڵی

بەشی دووەم و کۆتایی

×**قۆناغی پادشایەتی:**

لەدەسپێکی هەنگاوەکانی و لەپێناو جێ پێ قایمکردن و جێگیرکردنی فەرمانڕەوایی خۆیدا، پادشا چەند هەنگاو رێوشوێنێکی روکەشی دیموکراسیانەی گرتەبەر کەدواتر دەرکەوت تەنها بۆ چاوبەستکردنی شەقامی عێراق و کایەکانی بوو.

لەم بارەیەوە سەرەتا لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٢٢)دا یاسای کۆمەڵەکان دەرچوو، کە بەهۆیەوە رێگا بە پێکهێنان و دامەزراندنی حزب و رێکخراوی سیاسی و مومارەسەی کاری سیاسی درا، بەڵام لەو ساتە وەختەدا تەنها سێ حزبی سیاسی دەرکەوتن لە گۆڕەپانەکەدا، (پارتی نیشتمانی، پارتی رابوون، پارتی ئازاد) کە ئەمەش لەهەناوی خۆیداو لەبەرامبەر نیازو مەرامی پادشایەتیدا چەندین گومان و پرسیار هەڵدەگرێ. جگە لەمە لەساڵی (١٩٢٤) یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان (ئەنجومەنی نوێنەران) ئەنجامدرا، کەچی وێڕای ئەوەی پرۆسەی دەنگدانەکە ئازاد نەبوو، لەهەمان کاتداو بەدرێژایی تەمەنی پادشایەتی هەڵبژاردنێکیتر ئەنجام نەدرا کەحکومەت دەستی ساختەیی و شێواندنی نەخاتە ناو، چونکە لەبنەڕەتدا لیستی پاڵێوراوان پێشوەخت لەلایەن سێکوچکەی حوکمڕانی عێراق (ئەنجوومەنی وەزیران، پادشاو دەست و پێوەندەکانی، حکومەتی بەریتانیا) دیاری دەکران، هەمدیس ساختەکردن و تەزکیە سیمای پرۆسەکەو زامنی بردنەوە بوون، ئەمەو سەرەڕای چاوسورکردنەوە لەئۆپۆزسیۆن بۆ کێشانەوەی نوێنەرەکانی، باشترین و نزیکترین بەڵگەش لەم رووەوە رووبەڕووبونەوەی (نوری سەعید)ی سەرۆکی وەزیران بوو لەگەڵ نوێنەرانی پەرلەمان لەساڵی (١٩٤٤) کاتێک وتی: "هەڵبژاردن بنەمای حوکمڕانی پادشایەتیەکەمانە، بەڵام بەچاوگێڕانەوە بەیاسای هەڵبژاردنەکان، بەخوا سوێندتان دەدەم - دەکرێت کەسێک پلەو پایەی لەدەوڵەتدا هەرچیەک بێت و هەر خزمەتێکیشی بەدەوڵەت کردبێت بێتە نوێنەر، ئەگەر حکومەت دەستنیشانی نەکات و هەڵینەبژێرێ..؟!

ئەم بۆچوونەی (نوری سەعید) ئەگەر تەنها لەتەرازووی بنەماو پرەنسیپی پرۆسەی هەڵبژاردن و دروستکردنی حکومەتدا (کە ئەرکی ئەنجومەنی هەڵبژێدراوە) بەراورد بکەین، خوێندنەوەیەکمان بۆ عەقڵیەتی سیاسی و نەفەسی دیموکراسی پادشایەتی لەلا گەڵاڵە دەبێت. هەر لەتوێی ئەم قۆناغەدا ساڵی (١٩٢٥) و لەژێر ناوی (یاسای بنەڕەتی) یەکەمین دەستور لەعێراقدا دەرچوو، کە بەحیساب سەرچاوەی لەسیستەمە دەستوریەکانی رۆژئاوا وەرگرتبوو، کەتیایدا پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لەبەرچاو گیراوە، بەڵام زۆری نەبرد هەموو ئەو پرەنسیپە یاساییانە لەبواری کرداریدا بەتوونی باداچوون و لنگەوقوچ بوونەوە، بەجۆرێک حکومەت کۆنترۆڵی بەسەر هەردوو دەسەڵاتی (یاسادانان و دادوەریدا) کرد.. هەر بۆ نموونە بەگوێرەی بڕگەی دووەم لەمادەی (٢٦)ی ئەو دەستورەدا دەسەڵاتی راپەڕاندن، یان روونتر بڵێین (ئەنجومەنی وەزیران) ماف و رەوایەتی و ئازادی رەهاو بێ مەرجی هەیە لەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان).. بەو لاوەترو لەمەش زیاتر لەبڕگەی سێیەمی هەمان مادەدا هاتووە کە پادشا ماف و رەوایەتی دارشتنی یاسای نوێ، یان رەتکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسایەکی پێشووی هەیە لەکاتی پشووی (پەرلەمان).. ئەمەو سەرەڕای درێژەکێشان و بەردەوامی ئەحکامە عورفیەکان بۆماوەی زیاتر لەنیوەی تەمەنی حوکمی پادشایەتیدا.

×**قۆناغی کۆماری و سەردەمی (قاسم):**

لەکودەتایەکی سەربازیدا (قاسم) کۆتایی بە سەردەمی پاشایەتی هێناو لەشوێنیدا سیستەمی کۆماری راگەیاندن.. حکومەتی (قاسم)یش سەرەتا هەندێ هەنگاوی دیموکراسی نا، کە دواتر دەرکەوت ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی تەنها بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی ئاڵۆزکاوی ئەوکات و رەگ داکوتینی حوکمڕانیەتەکەی بوو، هەر لەپێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی، تا مۆڵەتدان بەپارتە سیاسی و سەندیکاکان بۆ کارکردن، ئینجا کردنەوەی پەراوێزێک بۆ ئازادی رۆژنامەگەری و رێکخراو بوون و خۆنیشاندان و، دەرکردنی دەستوریی کاتی، پاشان کارکردن لەبواری چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری. بەڵام هێندەی نەبرد حکومەتەکەی (قاسم)یش لەپاڵ کۆمەڵێک دەمامک و بڕوبیانوو لەپەرەنسیپ و بڕیارو بەڵێنەکانی پاشگەز بووەوە.. بەناوی (بەرگریکردن لەشۆڕش و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی کۆمارو .. هتد) و بەبیانووی مەترسی قووڵبونەوەی ناکۆکی و ململانێ سیاسیەکانی نێوخۆو حەزو ئارەزووی پاوانخوازی و تاکڕەوی (قاسم) بۆ دەسەڵات، عێراق کەوتە دەست قەدەری کودەتا سەربازیەکان و، عێراقی کردە نێچیری چەقۆی بەعس و قەومیەکان.. ئەمەو سەرەڕای پەشیمان بوونەوەی لەو بەڵێنانەی بەکوردی دابوو، دەستکردن بەکوشت و بڕی کورد و بۆردومانکردنی دێهاتەکانی کە دواجار شۆڕشی (ئەیلول)ی لێکەوتەوە.

×**قۆناغی بەعس:**

دیارە ئەو قۆناغە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەدوای کودەتا شومەکەی (٨ی شوباتی ١٩٦٣)ی بەعسیەکان و بەهاتنە سەر تەختی (سەدام) و گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لەساڵی (١٩٧٩) قوڵ و تۆختر دەبێتەوە. ئەو قۆناغە سیاسیەی چ لەسەر ئاستی ناوخۆیان دەرەکی بەدیارترینی قۆناغەکانی دیکتاتۆریەتی لەعێراقدا دەژمێردرێ.. بەجۆرێک رەنگدانەوەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ لەسەرکوتکردنی هێزو گروپە سیاسی و ئەتنی و کۆمەڵایەتیەکانی هەڵگری ئایدیاو گوتاری جیاواز لەدنیابینی بەعس و، هاوکات تەسفیە ناوخۆیەکانی ریزەکانی رێکخستنی خودی بەعسی خۆی و، بەرنامەڕێژی و نواندنی توندترینی سیاسەتی رەگەزپەرستی دژی کورد خۆی دەبینێتەوە. لەسەر ئاستی دەرەکیش لەهەڵگیرساندنی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق - ئێران) و شەڕی داگیرکردنی (کوێت) رەنگی دایەوە کەهیچ کام لەم دوو شەڕەو شەڕەکانی تریش فاکتەری جدی و مەبدەئی و عەقڵانی و بیانوی لۆژیکی تێدا نەبوو.

لەسەردەمی بەعس دیموکراسیەت یەکەمین و دواین قوربانی دەستی سیاسەتەکانی دەسەڵات بوون، بەجۆرێک لەگوتاری سیاسی بەعسدا، چەمکەکانی ئازادی کاری سیاسی و هەڵبژاردن و دەستورو ئازادی رۆژنامەگەری و مافەکانی مرۆڤ وەک رەگەزە بنەڕەتی و سەرەکیەکانی دیموکراسیەتی بەدرێژایی (٣٥) ساڵ حوکمڕانی نەک تەنها نا ئامادەو بێزراوبوون، بەڵکو مەحکوم بوون بەکوشتن و لەشوێنیاندا چەمکەکانی (حزبی سەرکردەو سەرۆکی پێویستیەکان و سوارڕچاکی عروبەو پارێزەری دەرگای رۆژهەڵاتی عەرەبستان و سیمبولی نەتەوەو.. هتد) بوونە میحوەری کاری بەعس، کە دواجار فاکتەرو زەمینە خۆشکەری هێنانە ئارای سیستەمێکی (دیکتاتۆری - میلیتاریستی - شۆڤینی - تاکڕەو)ی سەرکوتکار بوون و، مێژوویەک لەمەرگ و خوێن و وێرانی تۆمار کرد، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت شوێنەوارەکانی لەجەستەی ئەم دەوڵەتەدا هەر ماون.. ئەمە وانە بێت تەنها شتی سەر زارەکی بن و، خۆیان لەمومارەسە دیکتاتۆرییە ستەمکاریەکانی بەعسدا بنوێنن و لەگوتاری نەیارەکانیدا باس بکرێن، کە بەهۆیانەوە عێراقی کردە کوتلەیەک لەترس و تۆقاندن و خوێن، بەڵکو بەقسەی خودی سەرکردەو کادیرەکانی بەعس خۆی، کە لەدوو توێی بیرەوەرییەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە تەنها شتێک بەعس بیری لێ نەکردبێتەوە دیموکراسیەت و ئازادی بوون.. ئەوەتا (هانی فەکیکی) کەیەکێکە لەسەرکردە سەرەتایەکانی بەعس لەکتێبی (اوکار الهزيمة - تجربتي في حزب البعث)دا دەڵێت:

"سەرەڕای ئەوەی لەزۆربەی نوسین و ئەدەبیاتی سیاسیماندا حوکمی -قاسم- مان بەدیکتاتۆری و میلیتارسین و تاکڕەوی وەسف دەکرد، بەڵام من بۆ خۆم نایەتە بیرم کەپرسی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و گەڕانەوەی پەرلەمان خەیاڵ و داواکاریەکی لەلیستی کارەکانماندا پێک هێنابێت".

بەهەرحاڵ بەخوێندنەوەی وردی مێژووی سیاسی عێراق، دەتوانین بڵێین ئەم دەوڵەتە لەهیچ کام لەقۆناغەکانی مێژووی خۆیدا سیستەمێکی دیموکراسی بەخۆیەوە نەبینیووە، چونکە سەردەمی پادشایەتی پەرلەمانێکی رووکەش و باڵادەستی تەواوی ئەنجومەنی وەزیران بەسەر عەرشی دەسەڵات و ساختەکردن لەهەڵبژاردنەکان و بەردەوام توندبوونی ئەحکامە عورفیەکان، هیچ سیماو روخسارێکی دیموکراسیان بەو سیستەمە نەهێشتەوە. سەردەمی کۆماری (قاسم)یش وێڕای هەندێ هەنگاوی لاوەکی بەمەبەستی چاوبەستکردنی خەڵک، حەزی تاکڕەوی و پاوانخوازی - قاسم- و بێ بەڵێنی بەرامبەر بڕیارو سۆزەکانی خۆی، نەک نەیتوانی بەئاراستەی دیموکراسیدا هەنگاو بنێ، بەڵکو دەرگایەکی گەورەی لەبەردەم دەرکەوتنی ترسناکترین دیکتاتۆریەتی خستە سەر پشت. سەردەمی بەعس و دوای ساڵی (١٩٦٣) ش، نە تەنها روخساری روکەشی دیموکراسی، تەنانەت **دەستپێشخەریەکی دیموکراسیەتیشی بەخۆیەوە نەبینی، بەڵکو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و شۆڤینیەت و میلیتاریستیەت بوونە شوناسی سیستەمەکە.**

دیارە مەترسی دەرهاویشتەو شوێنەواری ئەو سیستەمانە بەتەنها لەوەدا نیە، کە نەیانتوانی کۆمەڵگەی عێراقی بەپێکهاتە جیاوازەکانی (ئیتنی - تایەفی) بەروحیەتی لێبوردەیی و قبوڵکردنی یەکتری رابهێنن، یان هەر هیچ نەبێت ئاسۆیەک لەبەردەم هوشیاری دیموکراسی بکەنەوە، بەڵکو ترسناکترین روخسار و دەرهاویشتەی گوتاری سیاسی ئەم قۆناغانە بەجیاوازی ئینتیماو پێکهات و دنیابینییەوە، بەرهەمهێنانی گوتاری شۆڤێنی و کاراکتەری راسیستە، کە ئەویش لەرێگەی قوڵکردنەوەی فیکری (عروبە) و پانی عەرەبیزمە، کەدواتر لەسەردەمی بەعسدا دەگاتە ئەوجی رەگەزپەرستانەی خۆی و لەگوتارەوە دەیگوازێتەوە بۆ سڕینەوەی روحی و مێژوویی و جەستەیی و کلتوری نەتەوەیەک.. بێگومان شوێنەوارێک کەروخانی خودی بەعس و پەیکەرەکانیشی نەیتوانیوە ئەو روحە شەڕانگێزو کاراکتەرە شۆڤێنیە کۆتایی پێ بهێنێت.

مەترسی ئەو گوتارەی ئەو رژێمانە بەرهەمیان هێناوەو ئەو کاراکتەرانەی خستویانەتە سەر گۆڕەپانەکە لەوەدا نیە لەگەڵ دیموکراسیەت تەبا نین، بەڵکو لەوەدایە ئەوانیتری جیاواز لەخۆیان بەریتمی بەعس و رژێمەکانیتر بەڵام بەلۆژیکو میکانیزمێکیتر رەت دەکەنەوە، ئەگەر دوێنێ بەعس لەسەر ئاستی گوتاری سیاسی و جینۆساید هەوڵیدا بێت شوناسی ناعەرەب لەعێراقدا بسڕێتەوە (بەتایبەتی کورد)، ئەوا هێزە سیاسیەکانی ئەمڕۆ دەیانەوێ لەتوێی گەمەکانی (دیموکراسی - هەڵبژاردن - بەعێراقیکردنەوە) ئەوانی دی جیاواز لەدنیابینی عەرەب لەبۆتەی خۆیاندا بتوێننەوە. جیا لەوە پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی تۆڕی فەندەمەنتالیزم و لەولاتریش خەونی گروپێکی ترکە هەڵپەی دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی هەیە لەسەر ریتمی (ولاية فقيه) ی ئێرانی دراوسێ! گەمەی هەڵبژاردن و دیموکراسی زۆرینەی لەخەیاڵدانی سیاسی خۆیدا کردۆتە رایەڵێک بۆ شەرعیەتدان بە بەرنامەو ستراتیژەکەی دیوێکی تری ئەو مەترسیانەن کە رەنگبێ دەست بخاتە بیناقاقای ئەو دیموکراسیەتەی گوایە عێراقی ئایندەی پێی شاد دەبێت، ئەگەر هەریەک لەو رژێمە سیاسیانەی ناومانبردن لەشوێنکاتی خۆیانداو بەمیکانیزمی جیاوازەوە دیموکراسیەتیان زیندەبەچاڵ کردبێت و هۆشیارییەکی شۆڤێنیانەی کوێریان لەمێشک و دەروونی کاراکتەرەکانیان رسکاندبێت، ئەوا مەترسی ئەو هێزو کایە سیاسی - تایەفیە لەهەناوی گەمەی دیموکراسیدا سیماکانی دەشارێتەوە، لەوێدا نەک بەتەنها شەڕی کرانەوەی جیاوازییە ئیتنیەکان لەسێبەری ئوممەتی ئیسلامدا (کەعەرەب سەروەریانە!) دەست پێدەکات، بەڵکو دوورترو وێرانتر لەمەش تاک مەحکوم دەکەوێت بەسوننەت و قەدەرێکی رەها کە ئازادی عەقڵ و بیرکردنەوەو پرسیارو گومان و شوناسی لێ دەسەنێتەوە، دواجار بەدیوەکەی تردا بوون و کەسێتی و تاکێتی ئەو زەوت دەکرێ، لەم گەمەیەشدا پرۆژەی کوردی و هێزە پێشکەوتنخوازەکان (ئەگەر بەناویش بێت!) رووبەڕووی هەڕەشەیەکیتر دەبنەوە، کە هەڕەشەی پیرۆزیی و تەوتەم و حەقیقەتی رەهایە.. واتە روونتر بڵێین پرۆژەی عەلمانیەتیش دەکەوێتە بەر مەترسی هەژموون کردنە سەر و شوێن پێ بەکۆڵەگەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەق دەکرێ. ئەمە لەکاتێکدایە کەگومانی تێدا نیە ئەم گوتارە لەودیو بەرگە ئاینییەکەی خۆی، رەگە شۆڤینیەکانی خۆی قوڵتر بەزەوی سیاسی عێراقدا دەباتە خوارەوەو مەحاڵە دەست بەرداری ئەوە بێت شوناسە ئیتنیەکەی بکاتە قوربانی مەرام و گوتارێکی سیاسی سنوردار. ئەمە وێڕای زەقبوونەوەی ئەو رەوت و گروپانەی بەپراکتیکی مومارەسەی دووبارە پێداگیری و تۆخکردنەوەی ئەو شوناسە شۆڤێنیە دەکەن و لەسەر ئاستی کوشتنی جەستەشدا پیادەی دەکەن.

ئەگەر عێراق لەماوەی تەمەنی (٨٣) ساڵ حوکمڕانیەتی جیاواز لەئینتمای سیاسی نەیتوانیبێ لەسەرەتایترین پرەنسیپ و بەهاکانی دیمورکاسیەت بەرخورد بێت، لەولاوتریش بەردەوام سەرگەرمی بەرهەمهێنانی گوتارو کاراکتەری شۆڤینی بێت، ئەگەر زۆربەی کایە دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دنیای عەرەبی عێراقی لەدوای (بەعس) یش بەدەست گێڕانەوەی ئەو سەروەریبوونە هەڵوەدابن، دەبێت چ ئاسۆیەک لەبەردەم بەدیموکراسیکردنیدا هەبێت؟ ئایا دەستور بەتەنها گرەنتی گۆڕانی ئەو عەقڵیەتەیە؟ رەنگە لەم خوێندنەوەماندا کورت بهێنین، یان هیچ نەبێت جۆرێک لەرەشبینی پێناسە بکرێت، بەڵام خۆ دەکرێ وەکو کۆمەڵێ گومان.. هەندێ ئەگەر سەیری بکەین.. ئایا بەڕاست عێراق دەبێتە عێراقی هیواو ئاشتی.. عێراقی لێبوردەیی و پێکەوەژیان.. عێراقی بەهاوولاتیبوون؟!■

ژێدەر:

١-اوكار الهزيمة - تجربتي في حزب البعث

٢-تأريخ العراق المعاصر.

٣-تأريخ الوزارات العراقية.

٤-دەولەت - کۆمەڵی مەدەنی و وەرچەرخانی دیموکراسی لەعێراقدا

ڕۆشنبیرانێكی بێ غیرەت!

ن: ڤالیریۆ ئیڤانجیلیستی×
وەرگێڕان و كورتكردنەوەی: فەرەیدون پێنجوێنی

لەناو ڕۆشنبیرە دەركەوتوەكاندا كەسانێكی كەم لایەنگری حكومەتی ئێستای ئیتاڵیان؛ كەتاكوتەرایەكیان لەریزی نوسەران و سینەماكاراندان و لەوانیش كەمتریان لەریزی شێوەكاران و میوزككاراندان؛ بۆیە بەرێز (سیلڤیۆ برلسكۆنی) خەریكی دارو دەستە گرتنە لەریزی (سەروتار نووس)ی ڕۆژنامە گەورەكان و مامۆسایانی زانكۆدا، وەكو: (ئەنجیلۆ بانیبیاكۆ، ئەرنستۆ غالی دیلالۆجی، پاولۆ میلی..و هتد).. لەنێوان ئەمانەو توانجەدران (المعلقین)ی بەری ئەوبەریاندا (بەری ئەوبەر لەرووی تیۆرییەوە) بەری پەیمانی (درەختی زەیتون)، جۆرە هاوكاری و هاوپشتییەكی پیشەیی، لەسەر بنەمای (یەكخستنی بیرورا)، دەربارەی بەرژەوەندییەكانی لیبرالیەتی درندەو جیهانگیری، لەئارادایە. لەبەرئەوە، چ لەبارەی جەنگی ئەفغانستانەوە، چ لەبارەی بزووتنەوەی بەرپەرچدانەوەی جیهانگیرییەوە، چ لەبارەی داكۆكیكردن لەژیاری ڕۆژئاواوە لەرووی بەربەریەتدا، یان لەبارەی دەركردن و دەرپەڕاندنی كۆچبەرانەوە، هەروەها لەبارەی سیاسەتی كۆمەڵایەتییەوە، سەختە لەجێیەكدا پەی ببرێت بەجیاوازییەكی گەورە لەنێوان بیرورای (سەروتارنوسان)ی (لاریبۆبلیكا) و (لاسبرسۆ) (جیمینلۆ ئولفی، ئەنتۆنیۆ بۆلیتۆ، یۆجینیۆ سكالفاری، ماریۆ بیرانی و هتد) و هاورێیانیاندا لەرۆژنامەكانی دۆستی حكومەت.

بەڵام لەراستیدا لایەنگرانی سەرۆكی حكومەت لەنێوان نوسەران و سینەماكاران و هونەرمەندانی دیكەدا، دەگمەنن؛ **ئەوەتا هەر ئەو گۆڤارەی كەگەورەترین كۆمەكی پێ دەبەخشرێ (پانۆراما) گەیشتە ئەو رادەیەی ژنە ڕۆژنامەنووس (ئۆریانا ڤالاچی) بە (گرنگترین نوسەری ئیتاڵیا) ناوزەد بكات: ئەمە دوای ئەوەی كە (ڤالاچی) وتارێكی رەخنەیی بڵاوكردەوە، تیایدا رق و كینەیەكی زۆری بەرامبەر بەبیانیەكان دەربڕی بوو، و داوای لەخوێنەران كردبوو تف و نەفرەت لەموسوڵمانان بكەن و، وەها وەسفی سۆماڵیەكان (كەكەمینەیەكن كەمترین گیروگرفت لەئیتاڵیادا دروست دەكەن) و ئەفریقیەكانی بەگشتی كردبوو گوایە ئەوان هەر بەتەبیعەت ناشرین و پیس و پۆخڵن چ لەرووی لەشولارەوەو چ لەرووی مەعنەوییەوە..** هەروەها حكومەت، بەهۆی نەبوونی كاندیدێكی (كردە و كارامە)وە، پیشەوەرانێكی (نەكردە و ناكارامە)ی دامەزراند بۆ بەرێوەبردنی فێستیڤاڵی سینەمایی بوندوقیە (لاموسترا) و پەیمانگەی نیشتمانی بۆ سینەما، لەولایشەوە (ڤیتۆریۆ سەغاربی)ی زمان درێژ، بوو بەباڵیۆزی ڕۆشنبیری ئیتاڵیا لەجیهاندا، كەچەند مانگێك لەوەوبەر خەریكی ریكلامی تەلەفیزیۆنی بوو بۆ جۆرێك لەجۆرەكانی (قاوە)و، لەبارەی سێكس بزواندنەوە وانەی دەدا. بەرامبەر بەم بۆشاییە، دەكرا پێشبینی بكرێ كە ڕۆشنبیران شان بكەن بەبەر وەزیفەی رەخنەگرانە و نارازیانەی تایبەت بەبارودۆخی خۆیاندا وەكو ڕۆشنبیر؛ بەڵام تۆزە تۆزەیەك نەبێ وادەرنەچوو! ئەو ڕۆشنبیرانەشی كە (دەست درێژی بۆ سەر شەرعییەت)یان بەرپەرچدایەوە (نمونەی هەرە دیارو ڕۆشن: نانی مۆریتییە)، مەسەلەكەیان نەبەستەوە بەسروشت و مەسئولیەتی چینایەتی حكومەتەكەی (برلسكۆنی)یەوە كەنوێنەری بۆرژوازیەتی تازەپەیدابووی هەڵقوڵاوی بازرگانی و خزمەتگوزارییەكان و كەرتی پەیوەندییەكان و یەكتربرینی بازاری (سەهمەكان)ە، هەروەها نەشیانبەستەوە بەهەلومەرجی نێو دەوڵەتییەوە كەهەلومەرجێكی ئیمپریالیستی و ئیستعماری نوێیە!

ئەوەی كەئیتاڵیا پەكی كەوتووە لەسەری، كەسانی وەكو: (بیار بۆردیۆ، غۆر فیدال، سۆزان جۆرج)ە؛ ئەوەتا ئێستا ئەگەر (نارەزایی)ش روویدات، تەنها توخنی بابەتگەلێكی بەرتەسك دەكەوێ.

بەهەرحاڵ، كەچ رەخنەیەك پێشبینی دەكرێ لەكەسانێك لەرووی ئایدۆلۆژییەوە، دەربارەی هەموو ئەم مەسەلانە یەكانگیرو یەك دەنگن؟ **كەس ئەو هەڵمەتی رق و كینەیەی لەبیر ناچێتەوە كەنوسەری یاخی (ئەلبێرتۆ ئەرباسینۆ) كردیە سەر كۆچبەران؛ هەروەها ئەوەش لەبیرناچێتەوە كە (ئەمبیرتۆ ئیكۆ/ نوسەری رۆمانی: ناوی گوڵ- اسم الوردە/) و یەكەم كەس بوو داوای بەتایبەتكردن (خصخصە)ی زانكۆی كرد. لەگەڵ ئەوەشدا لادانەكانی حكومەت بەبەرچاوەوەن و پێشبینی دەكرێ ئابرووچوونی گەورەیان لێبكەوێتەوە.**

رای گشتی بیانیش هیچی دیكە نابینێ جگەلە حاڵەتە زەق و زراوەكان كەلەگەڵ نارەزایی حیزبەكانی (چەپی ناوەراست) و ڕۆشنبیرانی نزیك لێیانەوە رووبەروون:

دابین نەكردنی ئاسایشی ئەو دادوەرانەی كەلەكێشەكانی مافیا دەكۆڵنەوە، وەلانان و گۆڕینی ئەو دادوەرەی كە لەكێشەیەكی دژی بەرێز (برلسكۆنی) و پارێزەرەكەی پێشویدا (سیزارە بریفتی) خەریكی دادوەری بوو، ئەم وەلانان و گۆڕینەش ڕێك لەكاتی لێكۆڵینەوەدا.

بەڵام حاڵەتە رۆژانەییەكانی زۆرداری و، وردەكاریی كاروبارەكان، زۆربەی جار دەنگدانەوەیان ناگاتە ئەودیو سنورەكان، لەوانە، بۆنمونە: **لەناوچەی پۆڵۆنیا یەكێك لەپەرلەمانتارانی سەر بەحیزبەكەی برلسكۆنی (فۆرسیا ئیكایا)، هێڵێكی تەلەفۆنی خۆرایی تەرخان كردووە بۆئەو قوتابیانەی ئارەزوومەندی ئەوەن خەبەر لەو مامۆستایانە بدەن كەرەخنە لەحكومەت دەگرن..** لەئەنجامی كێشەكەدا، پرۆسەیەكی فراوانی پشكنین ئەنجامدرا، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی كەقوتابخانەكانی ناوچەی پۆڵۆنیا سەلمێنەری كارامەیی و باڵادەستیی رۆژئاوان بەمل جیهانی ئیسلامیداو، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەش كەئایا ئاهەنگی جەژنی لەدایكبوونیان بەشێوەیەكی شیاو تێدا سازدەدرێ یان نە؟

هەروەها چەندین حاڵەتی دیكە، وەكو: دەرپەڕاندنی ١٥٠٠ كەس لەپەناهەندەی نایاسایی كەپۆلیس تەنها لەیەك شەودا، پاش راوەدوونانیان بەناو شەقام و لەناو خانەو لانەی تایبەتی خۆیاندا، دەسگیری كردبوون و راستەوخۆ دیپۆرتی كردبوون؛ كەئەمە (شەوی بلور)ی نازیەكانە لەفۆرمێكی ئیتاڵیدا.

سەرجەمی ئەم كاروكردەوانە، لەلایەن ئەو كەسانەوە كەلەجیهانی ڕۆشنبیریدا حسابێكیان بۆ دەكرێ، رووبەرووی هیچ شتێ نەبوونەوە، جگەلە بێدەنگی.. بەڵام ئەوەی روودەداو دەگوزەرێ، بەزۆری پراكتیزەكردنی یاساو رێساگەلێكە كە (چەپی ناوەراست) دایرشتوون و كاتی خۆی كەبریاریان لێدرا، ڕۆشنبیران نارەزاییان لەدژ دەرنەبری؛ ئەگەر نارەزاییەكیش دەركەوتبێ، ئاراستەی خودی سەرەك وەزیر كراوە (كەشایەنی ئەم جۆرە رەخنە لێگرتنەیە، ئەگەرچی ئەمە مافی تەواوی مەسەلەكە نادات)، یان رەخنەبووە لەپێشێلكردنی زەق و ئاشكرای چوارچێوە دەستورییەكە.

هەروەها بێدەنگیەكی هاوشێوە لەئاستی هەوڵی گەندەڵكردنی كۆمەڵگە لەقولاییدا. ڕۆشنبیران بەبێزارییەوە پشتیان دەكردە جموجوڵی ئۆپۆزیسیۆن كەلەسەر زەوی واقعدا بوونی هەیە: قوتابیان، قوتابخانە سانەویەكانیان داگیردەكرد؛ مامۆستایان دەرژێنە سەرشەقام و خۆپیشاندان بەرێ دەخەن دژی ریفۆرمە پەروەردەییە شێتانەكانی وەزیری فێركردن (لیسیا مۆریتی) (لیسیا یەكێكە لەلیستی درێژی ئەو ژنە سەرمایەگوزارانەی كەلەپێگەی ستراتیژیدا دامەزرێنراون)؛ لایەنگرانی ئاشتی سەدان هەزار خۆپیشاندەر دەبزوێنن؛ كرێكاران دژی (سەرفی كەیفی)ی رەها تێدەكۆشن؛ كۆچبەرانی بەر هەرەشەی یاسای (بۆسینی- فینی)، خەریكی تەیكردنی شەقامەكانن؛ هەر هەموو ئەمانە، شوێن بایەخی بەشی هەرەزۆری جیهانی ڕۆشنبیری نەبوو.

بێگومان هەندێ نوسەر (كەلەلایەن ئەكادیمیاوە پۆلێن نەكراون) لەم حاڵەتە بەدەربوون، بەڵام بەگشتی ڕۆشنبیرەكان بەگشتی گوێیان بەوە نەدا كەقوتكردنەوەی ئایدۆلۆژیای (نیولیبرالیزم) تۆوی سەركەوتنی برلسكۆنی و حكومەتەكەی هەڵگرتووە؛ یان بنیاتنانی سەربازگەی راپێچكردن بۆ ئەوانەی كەڤیزاو ئیقامەی شەرعییان نییە، هەروەها تیۆریزەكردن بەقازانجی چەمكی شەری رەوا (الحرب العادلە) و پەرەپێدانی شێوازەكانی كرێگرتەیی كاتی (العمالە المؤقتە)، بنەماكانی كۆنەپەرستی تۆكمەدەكەن.

دەبیستین كە (ئەنتۆنیۆ تابوكی) و (ئەندرێ كامیلیری) دژی گەرانەوەی فاشیزم دەنەرێنن و گوێمان لێدەبێت كە (نانی مۆریتی) بێتوانایی سەركردەكانی ئۆپۆزیسیۆن ئیدانە دەكات، بەڵام كەسیان جارێك نەیانپرسی: هەموو ئەمە لەكوێوە سەری دەرهێنا؟

كێشەی (جەنوا)ش كەلەمانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٠دا روویدا، هەروا بەماناداری دەمێنێتەوە، چونكە یەكەم تاقیكردنەوەی گەورەی حكومەتەكەی برلسكۆنی بوو؛ بۆ زانیاری، دەرهێنەری رووداوەكانی (جەنوا) سەركردەی نوێی فاشیست (جیانفرانكۆ فینی) بوو:

كردەوەگەلێكی توندو تیژی وەها كەبرواناكرێ؛ دەرهەق بەخۆپیشاندەرە بێوەیەكان.. گەرانەوە بۆ پیادەكردنی شێوازەكانی تەعزیبدان... دەست درێژی سێكسی بۆ سەر ژنانی راپێچكراو و دەستبەسەر... دڵنیایی هێزەكانی پۆلیس لەوەی كەناكەونە بەر سزا سەرەرای خوێنرێژییان لەناو شەقامەكانی شارەكەدا: ئەو دیمەنە هێندە دڕندانە بوو سەختە بەرگەی بگیرێت؛ كارمەندگەلێكی پۆلیسیش جێبەجێیان كرد كەخودی (چەپی ناوەراست) هەڵیبژاردبوون و چەند مانگێك لەوەو بەر لەشاری ناپۆلی، لەسەر ئەم كوشتارگایە راهێنانی پێكردبوون.

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەو نوسەرانە چەندە كەدەنگیان هەڵبڕی؟ چەند كەس لەوانەی كەئیمكانیەتیان لەبەردەستدایە، شتێكیان لەچەشنی نارەزایی دەربری؟

هەمان دیاردە لەئاست شەڕو رەگەزپەرستیدا دووبارە بۆوە، ئەو كەسانەی كەدژی ئابروو چوونەكەی ئەفغانستان هەڵوێستێكی ئاشكرایان وەرگرت، تاكوتەرایەك بوون. دەربارەی سۆماڵ و كۆسۆڤۆو سەركێشیە سەربازیەكانی دیكە كەئیتاڵیا بەشداریی تیاداكردن، بەهەمان شێوە.

لێرەدا مەبەست لەبێدەنگی، بێدەنگی نییە لەسەر ئاستی ووتار نووسین و موداخەلەو بەس، بەڵكو ئەم رووداوانە، وەكو دیكەی رووداوەكان، بەكردەوە بزرو نائامادەن، پێش هەر شتێك بزرو نائامادەن لەنوسین و كتێبی نوسەرە ئیتاڵیەكاندا.

دەربارەی هەڵاواردنی رەگەزیش، بانمونەیەكی سادە بهێنینەوە كەهاوسێیەتی ئایدۆلۆژیاكان و بەردەوامیی ئەو رەوتە دەردەخات كەبنەمای ئەزموونی دەسەڵاتداریتی حكومەتەكەی برلسكۆنییە:

رۆژی سێ شەممە ١٥ی كانونی دووەمی ٢٠٠١، ڕۆژنامەی (كۆریلا دیلاسیرا) وتارێكی كورتی بەئیمزای (جیمینلۆ ئولفی) بڵاوكردەوە كەپسپۆرێكی ئابوورییەو بەوە ناسراوە كەیارمەتیدەری كەناڵەكانی راگەیاندنی سەربە (چەپی ناوەراست)ە، ئەودەم باس باسی پیسبوونی ژینگە بوو.. ئەم توێژەرە بلیمەتەش تێزەكەی خۆی خستەروو كەتیایدا هاتووە: پیسبوونی ژینگە بەرەنجامێكی سروشتی گەشەی دانیشتوانە... ئیدی پاش ئەوەی كەناتۆرە باوەكەی نا لەبەرهەڵستكارانی جیهانگیری و تۆمەتباری كردن بەوەی كە (هەر دەزانن وەكو كەسانێكی لەپشتەوە پێوەدراوو گەستە، یەكریز هەڵبەزن و راكەن) ئەم هاورێیەمان دەگاتە پوختەو كورتەی باسەكەی و دەڵێت: ئێمە ملیۆنەها كۆچبەر دێنینە ناوەوە كەهەوا پیس دەكەن!! رەنگە خوێنەری نائیتاڵی بروا نەكات كە شتی لەمجۆرە لەگەورەترین ڕۆژنامەی ئیتاڵیادا بڵاودەبێتەوە؛ تەنانەت بەرێزان (یۆرغ هایدەر، جان ماری لۆبن)، سەرەرای رەزامەنیشیان لەسەرئەوەی كە نابێت كۆچبەری نوێ وەربگرین، قبوڵیان نەكرد ئەو وتارە تەواو بكرێ، بەهۆی ناوەرۆكە سەخیفەكەیەوە.

بەڵام ئەمە ئەو هوشیارییەیەكە (ئاستی ناوەنجی/ متوسگ المستوی)ی توانجەرو موعەلیقەكانمان لێوەی سەرچاوەی گرتووە؛ ئەو موعەلیقانەی كەرۆژانە لەسەر رووپەری ڕۆژنامە موجامیلەكان خەریكی پەخشكردنی رق و كینەی (رەگەزپەرستانەو چینایەتی و ئایینی)ن و بەتوندوتیژیەكی بێ وێنەوە پەلاماری هەركەسێك دەدەن كەلەم جیهانە رەوشت چەقبەستووەدا بەرگری بكات، بۆ خۆشیان دامەنگیری ئایدیالیزمن. ئەمە ئەو شتەیە كەهەردوو سەربازگە لەرواڵەتدا بەیەكتر ناتەباكە، یەك دەخات...

ئەوەتا چەپی ناوەراست كەوتۆتە دوای بۆرژوازیەتی پەرەسەندوو، و دەستبەرداری هەموو فیكرەیەكی هاوپشتی بووەو (نیو لیبرالیزم)ی كردۆتە ئەو ئایدۆلۆژیا تاقانەیەی كەدەكرێ بەخەیاڵدا بێت. (راستی ناوەراست)یش بەهەمان شێوە باوەشی كردووە بەهەمان میراتداو تەنها رەنگێكی فاشیستانەی نوێ و باق و بریقێكی پۆست مۆدێرنانەی بۆ زیادكردووەو هیچی تر. دواجار: ئایا ئەوان دەزانن كەبرلسكۆنی دیاردەیەكی ناسروشتییە؛ ئەگەرچی بەهیچ جۆرێك دیاردەیەكی دابراو نییە؟!

پێناچێ بیزانن؛ بەوەدا كەلەبەردەم لێكحاڵیبوونەكەی نێوان برلسكۆنی و بەرێز (تۆنی بلێر)دا شڵەژاون!

بەڵام چركە ساتی یەكلایی كەرەوە لە (جەنوا) بوو، ئەو كەسەی كەئەو چركە ساتە خۆی لەبێدەنگی داو بەچییەیەك براندیەوە، لەمەودواش هەر درێژە بەبێدەنگیەكەی دەداو مۆرێكی شەرمەزاری وەها لەرۆشنبیری ئیتاڵیا دەدات كەسڕینەوەی نییە.■

× (نوسەری ئەم وتارە ئیتاڵییە).
سەرچاوە: سایتی/ العالم الدبلوماسی و مفهوم

ڕۆشنتر لە خامۆشی

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

ئەدەب و سیاسەت دوو چەمك و دوو جیهانی جیاوازن، پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە بەڵام هەریەكەیان سیماو خەسڵەت و ئامانجی تایبەتی بەخۆی هەیە. بێگومان تێكەڵاوكردنیان زیانبەخشە، بەتایبەتی ئەگەر ئەدەب بكرێت بەوەسیلەیەك بۆ خزمەتكردنی سیاسەت و هەموویشمان دەزانین سەدەها نمونەی زەق لەم بوارەدا هەیە. نزیكترین نمونە ئەدەبی رووسییە لەسەردەمی دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەرەوە كەبەبۆنەی سیاسەتەوە خرایە ناو داوێكی سیاسی و حزبی ئێجگار گەورەوە و زەرەرو زیانێكی گەورەی لێدرا. ئەدەب لەرووسیادا، پێش شۆڕشی ئۆكتۆبەر ئەدەبێكی ئینسانی بوو، ئینسانی بەهەموو مانایەك پاراو پڕ لە خەیاڵ، بەڵام ئایدۆلۆژیاو حیزبایەتی لەبیستەكانی سەدەی رابردوو بەدواوە لەو مەودا مرۆڤایەتییەی ئەدەبی كەمكردەوە و سیما مرۆڤایەتییەكەی لەپڕوپاگەندە بۆ حیزب كۆكردەوە. واقیعیەتی ئیشتراكی بەهایەكی گرنگی بە ئەدەبی رووسی نەبەخشی، بەڵكو زۆر بەهای هونەری و مەعنەوی و ئینسانی لێسەندەوە..

لێرەدا باس لەوە ناكەم ئەدەبی كوردی چەند زیانی بەهۆی سیاسەتەوە پێگەیشتووە، رەنگە ئەوە دیاردەیەكی ئەوەندە زەق بێت دوورو نزیك بەئاسانی هەستی پێبكەن. بەڵام لەسەر ئەوە دەدوێم كەچۆن نوسەری سیاسی و ئەدیب زمان و چەمك و كەرەستەی یەكدی بەكاردەهێنن و هەریەكەیان بیانەوێ و نەیانەوێ زیان بەیەكتر دەبەخشن بەتایبەتی شاعیران لەبواری ئەدەبدا.

بۆ ئەدەب، بەتایبەتی بۆ رەگەزی شیعر خەیاڵ زۆر پێویستە، دووركەوتنەوە لەواقیع و سەرچاوەی واقیعی لای شاعیر، ئێجگار پێویستە بۆ گەیشتن بەنا مومكین و نەشیاو تا بیانهێنێتە بوونەوەو بیانكات بەشیاو. كیركیجارد دەڵێ: ئەوەی شیعرییە لەشیعردا دەسەپێت بەسەر واقیعیدا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لەكوێ واقیع هەبوو شیعر تەواو دەبێت، بەڵكو مەبەستی لەوەیە دەبێت شیعرییەت لەپێشەوە بێت. شیلەر لەو نامانەدا كەبۆ گۆتەی دەنووسی جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كە وێناكردنی شیعری ناتوانێت لەگەڵ ولقیعدا جووت بێت. تەنانەت كام ئەدەبەی كەواقیعی بێت دەبێت بەرەو خەیاڵ رامان بكێشێت.

واقیع بۆ هونەرێكی وەك سیاسەت باشترە. دیارە منیش مەبستم لەم قسەیە ئەوە نییە شاعیر یان ئەدیب لەواقیع داببرێت، بەڵكو گەرەكمە بڵێم ئەدەب ئەگەر سەرچاوەی لەواقیعیش وەرگرت دەبێت لەهەنگاوی دووەمیدا لێی دووركەوێتەوە. بۆ شاعیر دەبێت بەدوای مەحاڵدا بگەرێت، خۆی یەكێك لەئەركەكانیشی ئەوە شتێك بدۆزێتەوە نەبوو بێت، ئەوەی ناكرێ و ناشێ، ئەم هەوڵبدات بیشێنێت.

زۆرجار ووتاری سیاسی كوردی و شیعری كوردی دەخوێنمەوە واهەست دەكەم نووسەرە سیاسیەكە لەنوسینەكەیدا خەسڵەتی شاعیری تیایەو شاعیرەكەش خەسڵەتی سیاسییەكە. لەدڵی خۆمدا دەڵێم: خۆزگە ئەم نوسەرە سیاسییە شاعیر بووایەو شاعیرەكەش سیاسی و نووسەری سیاسی.

دیارە هەموو كەسێك خەیاڵ لێدەدات و هەموومان بێخەیاڵ نازین بەڵام رێژەكەی لەیەكێكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆرێت. شاعیر پێویستی زیاتری بەخەیاڵ هەیە نەك سیاسی، بەڵام لەهەندێك نوسینی سیاسیدا ئەوەندە خەیاڵ بەدی دەكەم، ئیتر دەڵێم خۆزگە ئەم نووسەرە بەرێزە شاعیر دەبوو، ئەو كاتە شاعیرێكی چاكی لێدەردەچوو.

یالەهەندێك شیعردا ئەوەندە كەم خەیاڵی و توانەوە لەواقیع و مومكینی سادە بەدی دەكەم دەڵێم خۆزگە ئەم برادەرە وازی لەشیعر بهێنایەو وتارێ یا ستونێكی لەسەر سیاسەت هەبوایە.

هەندێك لەو نوسەرە سیاسییانە جارجار لەنوسینەكانیاندا خەیاڵی وەهاو ئەوتۆ لێدەدەن ئیتر نەڵێی ئامانجیان شیعرییە. مومكین و زەمینەی واقیعیان لەبیرەچێت... شاعیرەكەش واقیع و ڕووداوە واقیعییەكە جێناهێڵێ و پاچكاری لەشتێكی ئاسانی تەنكدا نەكات ناتوانای ناوكردنی هیچی نییە، بەدوای نادیارو ناشیاودا ناگەڕێت، ئەركی نوسەرێكی سیاسی نەگرێت. ناڵێم سیاسییەك یا نوسەرێكی سیاسی خەونی نەبێت. هەموومان خەونمان هەیە، شاعیر، سیاسی، بیریار، ئابووریناس، بەڵام خەونی هەر یەكەمان بەجۆرێكی تایبەتی و بەهونەرو زمانی هەر كەسەی تایبەتی خۆی دەخرێتە ڕوو.■

بێ ئەزموونی لەبواری ڕۆژنامەوانیدا

محەمەد ڕەزا

ئەگەرچی لەدوای راپەڕینەوە، زەمینە لەبارو رەخساوە بۆ دەركردنی چەندان ڕۆژنامەی ئازادو حزبی و بەدەیان گۆڤاریش هاوشێوەی ئەو ڕۆژنامانە هاتوونەتە ئاراوەو هەریەك لەوانەش ئەولەویەتی خۆی هەیەو هەریەكەشیان بەجۆرێك گوزارشت لەبنەما راستەقینەكانی ئەزمونی ڕۆژنامەگەری كوردی ئەكەن، بەڵام جێگای داخە تاكوو ئێستا نەتوانراوە ئەزمونی ڕۆژنامەگەری كوردی وەك پێویست و لەلای زۆربەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بە بەرگی خۆیەوە سیفاتی ڕۆژنامەگەری تیا بەرجەستە بكرێت، یان بەمەبەستی پێشخستن و بنیاتنانەوەی زیاتری ئەزموونی ڕۆژنامەگەری كوردی لەكوردستاندا هاتبنە گۆڕێ و فەرهەنگێك بن بۆ پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسی كاراو لێهاتوو یان بەگەڕخستنی ئەو داب و نەریتانەی كە دەبێت خودی هەر ڕۆژنامەیەك لانی كەم كەدەردەكرێت ستافێكی كاراو سەرنوسەرێكی خاوەن ئەزمونی.. فەرهەنگی و كلتوری و سیاسی و ڕۆشنبیری لەخۆگرتبێت، چونكە ئاشكرایە نەبوونی ئەو ئەزموونە فەرهەنگیەو زۆری و بۆری بەشی هەرەزۆری ڕۆژنامەكان لەكوردستاندا بەگشتی، وای كردووە ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لەكوردستاندا بەشێوەیەكی بەرچاو لاواز بكات و زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی كە لەو شێوازەن و دەردەكرێن، تەنیا پڕكردنەوەی لاپەڕەكان بێت و نەتوانرا بێت وەك پێویست بابەتی بەپێزی شایستەی تیا بڵاوبكرێتەوە، كەئەمكارە دوو لایەنی نێگەتیفانەی دەبێت بۆ سەر ڕۆژنامەگەری كوردی لەكوردستاندا، لەلایەك خوێنەر جاڕز دەبێت و بەهۆیەوە بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامە باش و بەپێزەكانیش ناخوێننەوەو تاقەتی خوێندنەوەیان نابێت، لەلایەكی تریشەوە هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەكان لەدەست دەدرێت لەلایەن خوێنەرەوە كەگرفتی گەورەوە لەبەردەم نوسەرو ڕۆژنامەنوسە كامڵەكاندا دروست دەكات، زۆربەی ڕۆژنامەكان لەسەر ئەساسی ناسین و كتلەو كتلەكاری كارەكانیان رایی دەبێت و تەنیا سەروی خۆیان؛ لەخۆیان رازی دەكەن و بە بەرگی خۆیەوە بابەتەكان نمایش ناكەن یان دانابەزێنن ئەگەر سەرنج بدەیت زۆرێك لەڕۆژنامەكان راستگۆیی خۆیان لەدەست داوەو هەمیەش پۆزش دێننەوە بۆ كارە چەوت و چێڵەكانیان، یان زیاتر خۆیان بەپیاهەڵدانی (شخص)ەوە گرتووەو مینبەری خۆبردنە پێشەوەن بۆ لێپرسراوان و هەندێك (اشخاص)ی هاوڕێیان، هەندێكیشیان هەمیشە لەهێڵی (تشهیر)ی ئەم و ئەودا كاردەكەن و دەیانەوێت ڕۆژنامەكانیان بكەنە شاشەی ناشرین كردنی كەسانێك كە لەوانەیە تەنهاو تەنها ئەو سەرسنورە یان یەكێك لەستافی ئەو ڕۆژنامەیەدا حەزی بەدیدارو هەڵسوكەوتی ئەو كەسە نیە كە لەدورەوە خەسڵەتەكانی ناشرینكردنی بۆ ئەخەنە كارو، ویژدانی بەكارناهێنن، یان هەندێك لەو ڕۆژنامانە تەنیا بۆ ناوەدەركردن و فرۆشتنی ڕۆژنامەكانیان مانشێتی زبر لەرۆژنامەكانیاندا بەفۆنتی گەورە لەیەكەم لاپەڕەدا دەنەخشێنن و ناوەڕۆكی (اصلی) بابەتەكەشیان ئەوە نیە كەئەو مانشێتەی بۆ نەخشێنراوە، ئەمانەو دەیان دیاردەیتر كەلەبەردەم ڕۆژنامەگەری كوردیدا بونەتە كۆسپێكی گەورەو دەست لەپشتدانیشی دەیان ڕۆژنامەنوسی تری بێ ئەزمونی وەك قارچك هەڵتۆقاندووەو بێ بەراوردكردن لەشوێنی زۆر شیاودا قوتی دەیان ڕۆژنامەنوسی پڕ سەلیقەو خاوەن ئەزمونی زەوت كردووە، هەموو ئەمانە دەكەونە خانەی ئەو ئازادییە رەهایەوە كە لەكوردستانی ئازادداو بەتایبەتی لەشاری سلێمانی خۆشەویستدا دراوە بەسەرجەم چین و توێژەكان و لەزۆر رووەوە (استغلال) دەكرێت، هەق وایە ئەو راستیە بدركێنین و بڵێین حكومەتی خۆماڵی خۆمان بێ درێخی كردن لەهەموو روویەكەوە.. توانیویەتی خزمەت بەگەلەكەی بكات و لەپاڵ ئەمەشدا سەرجەم ڕۆژنامەنوسان ئازادكراون سەرنج و بیروڕایی خۆیان بخەنەڕوو بۆ هەر دیاردەیەكی ناشایستە كەزیانی گشتی بگەیەنێت بەهاووڵاتیان، بەڵام ناكرێت هەندێك ڕۆژنامەنوسی كەم ئەزموون لەگەڵ ئەوەی نرخی قەڵەمەكەی خۆیان و مەهامی بەرامبەرەكەیان نازانن، لەهەندێك شوێنی ڕۆژنامەكاندا تەشهیری لێپرسراوانی حزبی و حكومی و هەندێك كەسی تر دەكەن بێئەوەی رەچاوی شەخسیەت و خزمەتی بەردەوامی كابینەی حكومەت یان حزبەكەیان بكەن، كەرەفتاری ئەو جۆرە ڕۆژنامەنوسە بێ ئەزمونانە لەلایەك دڵسۆزی كەسانی دڵسۆز لەبەرچاو خەڵكی لەق دەكات و لەلایەكی تریشەوە بێ بابەتی و كاڵفامی خۆی دەخاتەڕوو لەبواری ڕۆژنامەوانیدا لای هەموو خوێنەرو لەسەرووی هەموانیشەوە (مصداق)یەتی خۆی لەناو خودی ڕۆژنامەوانی كوردیداو لای خوێنەری بەرێزیش لەدەست دەدات بۆیە پێویستە هەریەك لەڕۆژنامەنوسان لایەنی ئیجابی و سلبی لەهەر دەزگاو فەرمانگەیەكدا بەشێوازێكی راست و دروست لەسەر بنیات نانی چاكسازی بخەنەڕوو، قسەو باسی لەسەر بكەن، نەك تەشهیر بە (شخص) بكرێت و بێ ستونی ڕۆژنامەنوسێك ماهیەتی كەسێكی بەرپرس لەكەدار بكات، چونكە ئەو جۆرە نوسینانە دەبێتە هۆكاری ناشرین كردنی سیمای حكومەت لەم كاتە ناسكەدا.■

نامەیەکی سەرکراوە بۆ مەلابەختیار

بەپێنووسی: ئارام رووخۆش

ئەم بەیانییە لەسەتەلایتی کوردساتەوە دیمانەیەک هەبوولەتەک دکتۆر ئەلبێرت عیسادا بەبۆنەی دەرچوونی ئەو کتێبەیەوە کەلەبارەی سەدامەوە نووسیبووی. پاش ماوەیەک باس وخواس لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە، دکتۆر ئەلبیرت وتی: سەدام و رژێمەکەی عەلمانی بون، و هیچ فرێکیان بەسەر ئاینەوە نەبووە، بەڵام ئاینی بۆ مەبەستی خۆی بەکارهێناوە، لەو نێوانەدا مەلابەختیار خۆی تێهەڵقورتاندو پەرچی ئەو قسەیەی دکتۆری دایەوەو وتی: بەڵکو رژێمی سەدام رژێمێکی رێژەدربوو بۆ رژێمی ئیسلامی، ئەگەر ئێمە سەرنجی مێژووی ئیسلام بدەین هەر لەخەلافەتی ئەمەوی و عەبباسیەوە تا دوای ئەوانیش جگەلەپیاوکوشتن و وێرانکاری چییان پێبووە؟

بەراستی بۆچوونێکی زۆر ناحەزانە بوو بەرامبەر بەئاینی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، و هەرگیز چاوەڕوانیم نەئەکرد لەپیاوێک کە بەرپرسی رێکخستنی پارتێکی گەورەی وەک یەکێتی نیشتمانی بێت، و لەسەر گەورەترین دەزگای راگەیاندنەوە ئاوەها هەستی بەشی زۆری گەلەکەی بریندار بکات و بەرق و قینەوە لەبارەی ئیسلامەوە بدوێ..

بەهەرحاڵ ئەو هەرچۆن بیرئەکاتەوە ئازادەو مافی خۆیەتی راوبۆچونی خۆی هەبێ، بەڵام ناشیرینکردنی ئیسلام بەوشێوەیە لەسەر گەورەترین دەزگای راگەیاندنەوە زۆر ناشیاوە، بۆیە بەپێویستی سەرشانم زانی هەندێ شت بۆ ئەو بەڕێزە روون بکەمەوە..

حیزبی بەعس:

پێش هەموو شتێ حیزبی بەعس ئەمە ناوەکەی بوو: (حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) واتە: حیزبی بەعسی ناسیۆنالیزمی سۆشیالیست.. ئەمە چ فرێکی بەسەر ئیسلامەوە هەیە؟، سەدام بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە سۆشیالیستە ئەوەبوو کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆماڵی کردو ناوی پارێزگای کەرکووکیشی گۆڕی بە (تەئمیم).. هۆی ئەوەش بووکە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی بەهەر دە پەنجە بۆی مۆرکردو لەتەکیا رۆیشتە بەرەی پێشکەوتوخوازەوە، و ئەوەبوو ئەو حیزبەش ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی رێکخراوی شۆڕشی ئەیلولی ئەو سەردەمەیان کوشت و بەگرتیان دان، و حیزبی بەعس تاکاری پێیان بووبەکاریهێنان، ئەگەر حیزبێکی عەلمانی سۆسیالیست نەبوایە ئەوان لەگەڵیا نەئەچوونە ناوبەرەوە.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە لەداگای کەسایەتیدا هەموو ئەو یاسایانەی هەڵوەشاندەوە کە لەشەرعی ئیسلامەوە وەرگیرابوون، زیاد لەوە پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتی هاوبەشی لەگەڵ شۆڕەویدا مۆرکرد، شۆڕەوی ئەو سەردەمە کاتێ پەیمانی وای لەتەک دەوڵەتاندا مۆرئەکرد، کە بەتەواوی واتا لەبیروباوەڕیانەوە نزیک بوایە.. ئەگەر سیفەتێکی ئەو سەردەمانەی پێشوو لەبەعسدا بووبێ ئەوەناگەیەنێ کە ئەو بەردەوامبوون و درێژەی سیستەمی ئیسلامییە، چونکە هەندێ لەو سیفەتانەی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی لەیەکێتی نیشتمانیدا هەیە، ئەگەر وابێ، ئەبێ یەکێتیش درێژەی سیستەمی ئیسلامی بێ، چونکە لەوکاتەوە یەکێتی یەکێتییە تەنیا جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتیەتی، کە ئەمەش یەکێکە لەسیفەتی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی.. هەروەها یەکێتی رێ بەوەنادات پارتێکی تر لەکوردستانا دەسەڵات بگرێتەدەست، و شەڕی نەگریسی براکوژی شایەتی ئەو حەقیقەتەیە، و لەگەڵ ئەوەدا کە هەموان عەلمانی بوونی یەکێتی ئەزانن..

کەوابوو ئەگەر هەرکەسێ بەچاوی نەیارەوە بۆ هەر کۆمەڵ و گروپ و پارتێ بڕوانێ، و لایەنە نەگەتیڤەکەی زەق بکاتەوە ئەوەندەی لێئەدۆزێتەوە لەبەرچاو خەڵکا ناشیرینی بکات.. بەڵام من لەجەنابی مەلابەختیار ئەپرسم: ئایا ئەوە شتێکی راستە؟

من وەک کوردێک ئەمەوێ بڵێم: خوا باڵادەست دووچاوی بۆئینسان دروست کردووە تابەودوو چاوە بۆهەرشتێ بڕوانێ، و لایەنی ئەرێ و نەرێ، باش و خراپ، و رەش و سپی، پێ ببینێ. تا هەڵسەنگاندنی بۆ هەرشتێ بەتەرازوویەکی هاوسەنگ و خاوێن و دادگەرانەبێ.. هەروەک ئەڵێن: لەم ژینەدا شەڕو خراپەی رەها نییە، هیچ خراپەیەک نییە خێرێکی تیانەبێ، با سۆلسۆڵەیەکیش بێت..

چونکە ئەگەر بەتەنیا بەچاوی رەشی ئەخلاقیەوە سەیری شت بکرێ چ شتێک لەجیهاندا هەیە لایەنی خراپەو نەرێی - بەلای کەمەوە لەپراکتیزەدا - نەبێ؟!

ئاینی مەسیحی:

بۆنموونە: ئاینی مەسیحی، ئەگەر ئێمە بەچاوێکی دادگەرانەوە هەڵی بسەنگێنین و باسی بکەین، ئەڵێین: ئاینێک بوو، هات بۆئەوەی کۆمەڵگەی بەنی ئیسرائیلی لە رۆچوونی مادی پاک بکاتەوە و بیان گێڕێتەوە بۆ سەفاو ئاشتی و لێبوردەیی.. لەدەقی ئینجیلدا ئەفەرموێ: "ئەگەر زللەیەکیان لەلای راستت دا لای چەپیشی بۆبکەرەوە" بەڵام جووەکان ئەوەیان پێ قبوڵ نەکرا و ویستیان عیسا هەڵبواسن و بیکوژن..

خۆ ئەگەر تەنیا لایەنە نەگەتیڤەکەی بخوێنرێتەوە، ئەوا ئەوترێ: باشە مەسیحییەت جگە لە جەنگ و پیاوکوشتن چیی بۆ مرۆڤایەتی هێناوە؟ ئاخر جەنگی سێسەد ساڵەی خاچ پەرستان و قەتڵوعامی خەڵکی شارەکانی لوبنان و سوریە و فەلەستین و میسر باشترین بەڵگەی درندایەتیان نییە؟ ئاخر دادگای پشکنین و هەڵواسینی زانایان و چاوهەڵکۆڵینیان و سووتاندنیان بەفەرمانی قەشەکان گەورەترین هۆ نەبوو بۆ بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی؟ ئاخر پاش گەشتەکەی کۆڵۆمبس هەروەک لەفلیمە دۆکۆمێنتییەکانا ئەیبینین مەسیحییەکانی ئەوروپا بەزۆر و بەسەرەنێزە خەڵکی ئەمریکای لاتینیان نەکردە مەسیحی؟ ئاخرو ئاخری تریش زۆرن..

لیبراڵی رۆژئاوا:

مەلابەختیار خۆی تێهەڵقورتاندو پەرچی ئەو قسەیەی دکتۆری دایەوەو وتی : بەڵکو رژێمی سەدام رژێمێکی رێژەدربوو بۆ رژێمی ئیسلامی، ئەگەر ئێمە سەرنجی مێژووی ئیسلام بدەین هەر لەخەلافەتی ئەمەوی و عەبباسیەوە تا دوای ئەوانیش جگە لەپیاوکوشتن و وێرانکاری چییان پێبووە؟

ئەگەر سەیری لیبراڵی رۆژئاوا بکەین بەچاوی پۆزەتیڤەوە ئەڵێین: سیستەمێکی جوانە بۆ مرۆڤ، و سیستەمی دیموکراسی یەکێکە لەبەرهەمەکانی، کارو پیشەی بۆ خەڵکی بەدەستهێنا، و کارگەی جۆراوجۆری پیشەسازی وەگەڕخست، خزمەتێکی زۆری بۆ ئاسوودەگی و ئیسراحەتی مرۆڤ بەدیهێنا، بەلای کەمەوە خەڵکی لەبەرامبەر یاسادا یەکسان کرد.. وزۆر شتی تریش..

خۆ ئەگەر لایەنە نەرێکەی سەیر بکرێ، ئەگوترێ: گەورەترین سەتێک لەمێژوودا کرابێ رژێمە دیموکراسیەکان لەجیهانا ئەنجامیان داوە، ئاخر ئەوە فەرەنسەی دایکی شۆڕشی دیموکراسی نەبوو چی بەخەڵکی جەزائیر کردو چۆن پاکتاوی نەژادی لەو خاکەدا دەستپێکرد؟ تەڕو وشکی پێکەوە سوتاندن، و نزیکەی یەک ملیۆن کەسی لێکوشتن؟ ئاخر ئەوە ئینگلیز نەبووکە کوردستانی باشووری بەدەوڵەتی عێراقەوە لکاند؟ و کوردستانی رۆژئاوایشی بەفەرەنسە بەخشی و ئەویش بۆ سوریەی بەجێهێشت؟ و کوردیان کردە ئاردی بن دڕک، و بەتۆپ و فرۆکە بۆمبارانی کوردستانیان کرد، و میللەتی کوردیان بۆماوەی هەشتا ساڵ لەهەموو مافێکی خۆی مەحروم کرد؟ هەر ئینگلیز نەبوو کە پاکتاوی رەگەزی هیندیە سوورەکانی لەئەمریکادا کردو دەستی بەقەلاچۆیان کرد؟

شۆڕشی بلشفی:

هەروەها ئەگەر سەیری لایەنە پۆزەتیڤەکەی شۆڕشی ئوکتۆبەری ١٩١٨ شۆرەوی بکەین یەکسانی میللەتانی سۆڤیەت دەبینین لەتەک میللەتی روسیەدا، و دابەشکردنی سامانی میللی لەنێو نەتەوەکانی ئەو وڵاتەدا بەیەکسانی، و نەهێشتنی جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو هەژار، و نەهێشتنی ئاغاو دەرەبەگ و سەرمایەدار.. و لایەنگیریکردن لەمەزلووم و کڵۆڵەکانی جیهان.. و زۆری تریش..

خۆ ئەگەر تەنیا لایەنە نەگەتیڤەکەی سەیربکرێ ئەوترێ: دەبا گوڕبەگۆڕبێ وبەولاوەترچێ!! ئاخر مەگەر هەر سیستەمی کۆمۆنیستی نەبووکە حەوت ملیۆن کەسی لەو وڵاتەدا لەناوبرد؟ بەتایبەت لەسەردەمی ستالیندا.. هەر ئەو نەبوو پاکتاوی نەژادی میللەتی (قەرەم)ی کردو یەک کەسی لێنەهێشتنەوە؟ هەر ئەو نەبوو میللەتی کوردی لەو وڵاتەدا بەدبەخت و ئاوارەکرد، هیچ هۆزو تیرەو خێڵێک لەشۆرەویدا نەما یا کۆمارێکی سەربەخۆ، یا خودموختار، یا خۆ گەردانێکیان نەبێ، جگە لەکورد، ئەو میللەتە کڵۆڵەی لەزێدی باوباپیرانیا هەڵکەندو وەک ئاردی بن دڕک پەرتەوازەی ناوکۆمارەکانی تری شۆرەوی کرد، و پاش هەرەسهێنان هەر میللەتێک خاک و ئاوی خۆی هەبوو جگە لەکورد؟ میللەتێکی بێخاک و بێناسنامە!! ئاخر شۆرەوی نەبووکە ئەفغانستان و چیک و سلۆفاکیا، و پۆڵندەی داگیرکرد؟ ئاخرو ئاخری تریش زۆرن..

شۆڕشەکەی ماو:

ئەگەر سەیری لایەنی پۆزەتیڤی شۆڕشەکەی ماوسیتۆنگ بکرێ، ئەوترێ: لەراستیدا شۆڕشێکی گەورەو هێژا بوو، توانی یەک ملیار کەس لەهەژاری و نەداری و کوێرەوەری رزگاربکات، و شوێنەواری سەرمایەداران و تلیاک فرۆشان و هێرۆین گەیەنەران لەو وڵاتەدا نەهێڵێ، و لەژێر چنگ و کەڵبەی خاوەن کومپانیا فرەرەگەزییەکانی رۆژئاواییدا رزگاریان بکات، و ئەو وڵاتە بگەیەنێتە ریزی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە، و نەخوێندەواری تیا نەهێڵێ..

بەڵام ئەگەر لایەنە ناشیرینەکەی پێشچاوبخرێ، ئەوترێ: بەراستی شۆڕشێکی خوێناوی بوو، زیاتر لەچەند ملیۆن مرۆڤی کوشت، و نرخی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەر دانەنا.. ماڵێکی زۆری خەڵکی زەوت کرد، و دەوڵەمەندانی هێنایە ریزی هەژارانەوە، نەک هەژاران بباتە ریزی دەوڵەمەندانەوە.. ئایدیای ماوی ئایدیایەکی خوێناوی و درندانە بوو، ئاخر گەورەترین بەرهەمی ئەو ئایدیایە رژێمی پۆڵپۆت نەبوو، لەکەمبۆدیا ملیۆنێک و دووسەد هەزار کەسی لەماوەی ساڵێکا لەو وڵاتە هەژارو نەدارەدا کوشت، و ریزی وێنەی کوژراوان ئەوەندە زۆرن کە بەئاسانی لەتواناندا نییە تەواوکردنیان.

ناسیۆنالیزمەکان:

ئەگەر خەڵکی بەچاوی نەگەتیڤ و چاویلکەی رەشەوە سەیری بیرە قەومیی و ناسیۆنالیزمەکانی جیهان بکات، ئەوەندە لایەنی نەرێیان زۆرە مرۆڤ رووی نایەت بڵێ: من ناسیۆنالیزمم!! بەڵکو ئەگەر چاکەیەکیشی هەبێ خراپە زەقەکانی هەموو چاکەکانی شۆردۆتەوە، بۆنموونە: بیری نازی لەئەڵمانیا بیرێکی قەومی ناسیۆنالیزم بوو، ئەوەبوو هەروەک ئەڵێن: شەش ملیۆن جوویان لەو وڵاتەدا کوشت و جینۆسایدو هۆلۆکۆستی بۆ دانان، و تائێستاش هەر رژێمێک درندە بێت پێی ئەوترێت: نازیی.. خۆ فاشیستەکانی ئیتالیا هەموان ئەیناسێ و ئەم حیزبە قەومییە بەسەرکردایەتی و رابەرایەتی مۆسۆلینی مێژوویەکی رەشی ناشیرینی بۆ مێژووی ئیتالیا دروست کرد..

ئەتاتورک و رێکخراوە قەومیی سۆسیالیستی عەلمانییەکەی گەورەترین دوژمنایەتی لەگەڵ بیروباوەڕی خەڵکی وڵاتەکەیا کردو هەموو رواڵەتێکی ئیسلامی لەو وڵاتەدا قەدەغەکرد، و

ئەگەر بەتەنیا بەچاوی رەشی ئەخلاقیەوە سەیری شت بکرێ چ شتێک لەجیهاندا هەیە لایەنی خراپەو نەرێی - بەلای کەمەوە لەپراکتیزەدا - نەبێ؟!

لەهەمان کاتا ئەم سیستەمە عەلمانیە سۆسیال دیموکراسیە قەتڵوعامی میللەتی کوردی کرد، و ماوەی حەفتا ساڵی تەواو میللەتی کوردی لەو وڵاتەدا لەئاخاوتن بەزمانی زگماکی خۆیان قەدەغەکرد، و بەلێوان لێوی وشەی جینۆساید پاکتاوی رەگەزی میللەتی کوردو میللەتانی تری کرد..

یەکێتی نیشتمانی:

وەنەبێ یەکێتی نیشتمانی لەم هاوکێشەیە بەدووربێ، ئەگەر بەچاوێکی گەشبینانەوە سەیری بکرێت، ئەوترێ: حیزبێکی تێکۆشەرەو هەوڵێکی زۆری بۆ میللەتەکەی داوەو قوربانییەکی زۆری پێشکەش کردووە، و هەورازو نشێوی زۆری دیوە، ولەهەمان کاتشیدا بوارێکی باشی بۆدیموکراسی رەخساندووە.

خۆ ئەگەر بەچاوێکی رەشبینانەوە سەیربکرێ، ئەوترێ: ئەمانە جگە لەکوردکوشتن و جاشییەتی چیان کردووە؟ ئەوەبوو لەساڵانی ١٩٦٦ دا تا ساڵانی حەفتا حیزبی بەعس هەڵی ئەسووڕاندن، و بەچەک و تەقەمەنی بەعس شەڕیان لەگەڵ شۆڕشی کوردستانا ئەکرد.. یا ئەوترێ: یەکێتی حیزبێکی درندەیە، و هیچ حیزبێکی کوردستانی چەکدار نەبووە یەکێتی شەڕی پێنەفرۆشتبێ..

ئەو خیانەتەی ئەوان لەتەک میللەتەکەی خۆیانا کردوویانە، هیچ خیانەتبارێک لەتەک میللەتی خۆیا نەیکردووە، ئاخر ئەوە نەبوو هەزارەها کوڕی گەنجیان لەشەڕی براکوژیدا بەکوشت دا، زیاد لەوە لەشاری رانیەدا، ٤٨ پێشمەرگەی بەرزانییان بەزیندوویی گرت و سەریان بەبلۆک پان کردنەوە؟ ئێستاش کاتێ دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست، دەسەڵات بۆ مەبەستی حیزبایەتی خۆیان بەکاردێنن، و هەمان فلیمی حیزبی قائیدو حیزبی حاکمی بەعسیەکان دووبارەئەکەنەوە..

ئەگەر تەنیا لایەنە دزێوەکەی خەباتی یەکێتی بخرێتەڕوو ئاوەها باسی ئەکرێ.. بەڵام ئایا ئەوە بەئینساف دائەنرێ؟

خودی مەلابەختیار:

وەنەبێ خودی مەلابەختیاریش لەم هاوکێشەیە بەدووربێ، ئەگەر لایەنە پۆزەتیڤەکەی ژیانی بخرێتەڕوو، دەگوترێ: پیاوێکی شۆڕشگێڕطە، و هەموو ژیانی خۆی بۆ خەبات دژی داپلۆسێنەرانی کوردستان بەخت کردووە، و یەکێک بووە لەوانەی دەورێکی باڵای لەهەردوو باڵی سیاسی و سەربازی یەکیەتیدا هەبووە، و تاد..

بەڵام ئەگەر لایەنی نەرێی بخرێتەڕوو، ئەوترێ مەلابەختیار یەکێک بووەو لەپیاوکوژەکانی یەکێتی کە پیاوکوشتنی پێ ئاوخواردنەوە بووە، و گەورەترین دەوری لەشەڕی براکوژیدا هەبوە، لەدیمانەیەکی تایبەتا خۆی باسی کوشتنی چەند پیاوێکی بێتاوانی کورد ئەکات، و ئەڵێ: ئێمە بۆسەمان بۆ پارێزگاری سلێمانی دانا، و توانیمان بیکوژین، لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ خراپەیەکی نەبوو، بەڵکو زۆر خزمەتیشی بەخەڵکی ناوشاری سلێمانی کردبوو، بەڵام بۆیە کوشتمان چونکە لەلایەن بەعسەوە کرابوو بەپارێزگار.. هەروەها ئەو پۆلیسە کوردە خانەقینییەش کە لەتەکیا بووە.. ئایا جەلاد چییە؟ ئەگەر کەسێکی وانەبێ؟

مەگەر مەلابەختیار نەبووکە خیانەتی لەسەرکردایەتییەکەی خۆی کرد، و ویستی کوودەتای سەربازی بەسەرا بکات؟ بۆئەوەی بەشێوەیەکی ناشەرعی دەسەڵات بگرێتەدەست..

بەڵێ هەرکاتێ هەرکەسێک بییەوێ بەچاویلکەی رەشەوە سەیری خەڵکی و دەستەو تاقم و پارت و ئاینێک بکات ئاوەها سەیری ئەکات: ئایا ئەوە راستە؟ ئێستا من لەجەنابی مەلابەختیارئەپرسم: ئایا ئەو هەڵسەنگاندنە، و ئەو روانینە بەچاوی رەخنەی رووخێنەرەوە دروستە؟ ئایا لەم کاتەدا کە کاتی هەڵبژاردنە، ئەبێ ئەو راگەیاندن و رەشبینییەی بەرێزی بەرامبەر بەئیسلامێک کە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە لەخزمەتی کوردا بێ؟ هیوادارم بەم چەند وشەیە توانیبێتم راستەقینە بخەمە پێشچاوی بەرێزیان تا بەهەڵەدا نەچن.. و پێیشی بڵێم:

ئەو ئیسلامەی کە ئەو بەرووخێنەرو جەلادی ئەقەڵەم ئەدات داوا لەشوێنکەوتووانی ئەکات کە بەئینساف و دادگەرییەوە حوکم بەسەر شتەکانا بدەن، با ئەو شتە یا ئەوکەسە دۆستیشیان نەبێ، ئەوەتە قورئان ئەفەرموێ: "با دوژمنایەتیتان بۆ خەڵکانێک دادگەریتان لەبیرنەباتەوە، دادگەربن، چونکە نزیکترین شت لەپارێزگارییەوە دادگەرییە"×.

ئەوەتە خۆیشی پراکتیزەی ئەو داوایەی خۆی کردووە، هەروەک ئەزانین ئاینی ئیسلام جەنگێکی بەرفراوانی دژی شەراب و قومار بەرپاکردووە، لەگەڵ ئەوەدا کاتێ کە باسیان ئەکات ئەو سۆلسۆڵە خێرەی تیایاندایە باسی ئەکات، و ئەفەرموێ: "لەبارەی شەراب و قومارەوە پرسیارت لێئەکەن، بڵێ: تاوانێکی گەورەیان تیا هەیە، و هەندێ سوودیشی بۆ خەڵکی تێدایە، و زیانیان لەسوودیان زیاترە"×.

هەروەک خۆمان ئەیخوێنینەوە و ئەیبینین بەشی زۆری رووداوەکانی ترومبێل لەوڵاتانی رۆژئاوادا هۆیەکەی بۆ مەستی و سەرخۆشی ئەگەڕێتەوە. ئەوە بەشێک لەخراپەکەی، با خراپەکانی تری بوەستێ، گومان لەوەدا نییە ئەوانەی دروستی دەکەن سوودێکی مادی لێدەبینن..

لەکۆتاییدا:

ئێمەی کورد ئاینەکەمان ئاوەها رێنموونیمان ئەکات کە هەڵسەنگاندنمان بۆ هەرشتێ بەشێوەیەکی دادگەرانەبێ، هەموو شتێ نەگەتیڤ و پۆزەتیڤی هەیە ئەگەر لایەنە نەرێکەی لەلایەنە خراپەکەی زۆرتربوو بەلامانەوە خراپە، ئەوەش کە لایەنە چاکەکەی لەخراپەی زۆرتر بوو بەلامانەوە باشە.. هیوادارم جەنابی مەلابەختیاریش چاوێ بەو بۆچوونەی خۆیا بخشێنێتەوە، چونکە بەرپرسیارێکی گەورەیە لەپارتێکی مەزنا..

تێبینی:

لەگەڵ ئەوەدا کە من لەدەرەوەی وڵات ئەژیم، ناوێکی خوازراوم بۆخۆم دانا.. بەوهیوایەی بەرێزیان زەمینەیەکی وا سازبکەن مرۆڤی کورد ئازادانە بتوانێ رای خۆی دەرببڕێ..

پەراوێز:

× ((ولا یجرمنکم شنآن قوم علی ألا تعدلوا اعدلوا هو أقرب للتقوی..)) ئایەتی (٨) لەسورەتی (المائدة)

× ((یسألونک عن الخمر والمیسر قل فیهما إثم کبیر ومنافع للناس وإثمهما أکبر من نفعهما..)) ئایەتی (٢١٩) لەسورەتی (البقرة).

وێنەیەکی بۆ:

دەزگای راگەیاندنی مەکتەبی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ.

رۆژنامەی خەبات.

یەکگرتووی ئیسلامی.

رۆژنامەی هاوڵاتی.

رۆژنامەی کلاورۆژنە.

سایتی کوردلاند■

کورتە وەڵامێکی نامەیەکی سەرکراوە

م.ب

برای نوسەر (ئارام رووخۆش)، بەناوی خوازراوەوە، لەسەر موداخەلەیەکی (من) لەچاوپێکەوتنێکی (د. ئەلبێرت عیسا) لەسەر ئەو کتێبەی لەسەر بەعس نوسیویەتی و باسی دەسەڵاتی ئیسلامیش کرا، رەخنەیەکی لەسایتێکی ئینتەرنێتدا نوسیووەو وێنەیەکی داوە بە زۆربەی رۆژنامەکان (تەنها بە چاودێر نەبێ). گوتوشیەتی: لەگەڵ ئەوەدا کە من لەدەرەوەی وڵات ئەژیم، ناوێکی خوازراوم بۆخۆم دانا.. بەوهیوایەی بەرێزیان زەمینەیەکی وا سازبکەن مرۆڤی کورد ئازادانە بتوانێ رای خۆی دەرببڕێ... گوتارەکە لەهیچ رۆژنامەیەکدا بڵاونەکرایەوە، لەبەرئەوەی رەخنەکە لەسەر من بوو، هەقم دایە خۆم دەقاودەق نامەکە بڵاوبکەینەوە، بەم روونکردنەوەیەی خوارەوەش:

یەکەم: وا دیارە برای نوسەر کەمتر ئاگای لەکوردستانە، ئەگەرنا، دەبوایە بیزانێ کەئەم رەخنانەی لەنامەکەیدا نوسراوون، هەر زۆر کەمن لەچاو ئەو کتێبە رەخنانەی (فارووق رەفیق) و (رێبین ئەحمەد هەردی) و (مەریوان وریا قانع)، لەگەڵ ئەو رەخنانەی رۆژانە لەرۆژنامە، یان گۆڤار، یان لەهۆڵەکان و لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکاندا، لەسەر مەسئولەکان بڵاو دەکرێنەوە. یەکێکیان منم، کە کاک ئارام رووخۆش لەراستیدا، رەخنەی کەمتری لێگرتووم.

دووەم: موداخەلەکە، لەسەرئیسلام نەبوو، بەڵکو لەسەر دەسەڵاتی ئیسلامی بوو. لەهەموو قسەکاندا (دوای ئەوەی گوێمان لێگرتەوە)، بەگشتی باسی ئیسلام ناکەم. بەڵکو بەتایبەتی باسی دەسەڵاتی ئیسلامی بەدرێژایی مێژوو دەکەم.

سێیەم: کەباسەکە دێتەسەر بەعسیش، دەڵێم:

رژێمی بەعس، نوێنەری ئایدۆلۆژیەتی هاوچەرخی دەسەڵاتی عروبەو ئیسلامییە، نەک نوێنەری ئیسلام بەتەنها. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەلە مێژووی ئیسلامدا، دەسەڵاتێک هەیە نوێنەری رەسمی ئایدۆلۆژیەتی دەسەڵاتدارێتی عەرەب و ئیسلامی بووە. ئەم دەسەڵاتەش، هێندەی پێی کرابێت، ناسنامەی عەرەب و هەستی عروبەی پاراستووەو پەرە پێداوەو سەپاندوویەتییە سەر نەژادەکانی دیکە، بەکوردیشەوە. بەعسیش ئەم راستییە مێژووییەی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی هەڵهێنجاندووەو پەیرەوی هاوچەرخانەی لێکردووە. خۆ بەعس نایەت وەکو ئومەوییەکان، یان عەباسییەکان، یان وەکو خولەفاکانی دیکە، عروبەو ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامی گرێ بدات. بەعس بایی ئەوەی لەسیاسەت و ئایدۆلۆژیەت زانیووە چۆن ئاڵوگۆر بەسەر ئایدۆلۆژیەتەکەدا بهێنێ. وەکو هێناویەتی، تاقیشمان کردەوە. دروشمی (ذات رسالة خالدة) لەخۆرا بەرزنەکراوەتەوە. سەرەنجامی خوێندنەوەیەکی قوڵی مێژووی عەرەب و ئیسلام دروشم کە بەرزکراوەتەوە.

چوارەم: مەسەلەی لێدانی پارێزگاری سلێمانیش، لەتۆڵەی شەهیدکردنی شەهابی شێخ نوری و هاورێکانیدا، ئەمەیان خاڵێکی سەیرە. نوسەر ویستویەتی ئەمەش وەکو خەوشێکی سیاسی لەقەڵەم بدا.

براله!

نازانین ئێوە تەمەنتان چەندەو چۆن چۆنیش دەروانننە مێژووی ئەم شۆڕشەو شەهیدەکانی. بەتایبەتی سەرکردە شەهیدەکان. لەروانگەی ئێمەوە شەهید شەهاب و شەهید ئارام و شەهیدانی دیار لەم شۆڕشەدا، کەلە شەوگاری رەشی فاشیەکاندا هەڵکەوتن و شەهیدکران، ئەوانە، زۆر زۆر پاکترو، جوامێرترو، راستگۆترو، مرۆڤپەروەرتر بوون لەزۆر لەو دەسەڵاتدارە ئیسلامیانەی بەدرێژایی مێژوو، بکوژ، دیلکوژ، داگیرکەر، تاڵانکەر، ئەنفالچی و پیلانگێر بوون، تەنانەت بەرامبەر بەمناڵ، کەسوکار، هاوزمان و هاونیشتمانی خۆشیان. ئاخر غەدرێکی گەورەیە، مەعاویە، حەجاجی کوری یوسفی سەقەفی، ئەبو عەبباسی سەفاح، هارون رەشیدو کورەکانی، المستعین بالله، المعتز بالله، المهتدی بالله، القاهر بالله، المتقی بالله، المطیع بالله، المستکفی بالله، الطائع بالله، المقتدی بأمر الله، المستظهر بالله، المسترشد بالله، الراشد بالله، المستنجد باللهو ... تاد، غەدرێکی گەورەیە ئەم دەسەڵاتدارانەکە سەراپای حوکمرانیان ستەم بووە، هەر هەموشیان خەریکی تاڵان و تاوان بوون، بەشی زۆریشیان بەدەست و دەسیسەی یەکتر تیاچوون، ئێستا ئەمانە بەپیاوی پیرۆزو دادپەروەر بناسرێن و ببرێنە مێشکی نەوەکانمانەوە، بەڵام شەهیدانی وەکو شەهاب و ئارام و هاورێکانیان، لەشۆڕشەکانی تر و لەم شۆڕشەدا، تەنانەت هەقمان نادەنێ باسی تۆڵە سەندنەوەشیان بکەین.

کێشەی گەورەی ناو بەشێکی رووناکبیرو نوسەرو خوێنەواری ئیسلامی، دەربەست بن، یان سەربەست، لەوەدایە رێگە نادەن خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی ئیسلام و دەسەڵاتەکانی ئیسلامیش هەبێ. ناهێڵن پرسیار بکرێ لەو مێژووەی کە بەچەواشەیی سەپێنراوەتە سەر وەچەکانمان. ئاخر پرسیارکردن تەنانەت لەپیرۆزترین دیاردەی ژیان و گەردوونیش، مافێکی دیموکراتی و ئازادییەکی ویژدانییە. هەموو شتێک زیاد لەسنووری خۆی سیفەتی پیرۆزیی پێدرا، ئیدی سنووری ئازادی دەسرێتەوەو پرسیار قەدەغە دەبێ. کەپرسیاری جیاوازو رەخنەی جیاوازیش قەدەغەکران، ئەقڵ چەق دەبەستێ و ژیان بۆگەن دەکا.

کاکە ئارام رووخۆش.. دەیەوێ هیچ قسەیەک لەسەر ئەو مێژووە نەکەین لەبەرئەوەی ئایین لەئارادایەو ئاینیش پەیرەوکراوی زۆربەی خەڵکە. کاکە ئارام چاوەرێی نەکردووە: (بەرپرسی رێکخستنی پارتێکی گەورەی وەک یەکێتی نیشتمانی بێت، ولەسەر گەورەترین دەزگای راگەیاندنەوە ئاوەها هەستی بەشی زۆری گەلەکەی بریندار بکات و بەرق و قینەوە لەبارەی ئیسلامەوە بدوێ..)

ئارام گیان!

کام رق و کینەت مەبەستە؟ ئایە پرسیارکردن لەدەقە سەپێنراوەکان، لەنەریتە نەگۆڕەکان، لەمێژووە بەستەڵەکەکان، رق و کینەیە؟

کاکە ئارام! دەتەوێ من وەکو تۆ بیربکەمەوە. ناتوانم. دەتەوێ لەبەرئەوی زۆربەی خەڵک موسوڵمانن، رەخنە نەگرین. ناکرێ. دەتەوێ ئەو مێژووەی دەسەڵاتی ئیسلام و ئەم مێژووەی دەسەڵاتی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی (کۆن و نوێ) لێک داببری. هەرگیز ناشێ.

ناشێ.. عەرەب و ئیسلام و ئیسلام و عەرەب. ناشێ ئێستای عەرەب و مێژووی عەرەب. ناشێ رەگی دەسەڵاتی عروبە لەرابردووی دەسەڵاتی عروبەو ئیسلامی تەڵاق بدەیت.

کاکە ئارام! ئەگەر دەتوانیت قورئان بەزمانێکی دیکە بناسێنیتەوە بەخەڵک، فەرموو بیکە. ئەگەر دەتوانیت ناسنامەی ناسیۆنالیستی پێغەمبەرو خولەفای راشدین بگۆری، فەرموو بیکە. کەتۆ نەتوانیت زمانی دەقە پیرۆزەکان بگۆری و زمانی پێغەمبەر بگۆری و زمانی کلتوری ئیسلام بگۆری، ئیتر چۆن دەتوانی رووداوەکانی مێژوو بەئارەزووی ئێستا لێک بدەیتەوە. ناکرێ برام.. لەرابردوودا ئەو چەشنە کاڵا ئیسلامییە بازاری هەبوو. بەڵام ئێستا بازاری کزە. ئێستا سەردەمی پرسیارەو سەردەمی ئەقڵەو سەردەمی لۆژیک و کرانەوەو ئازادی و ئازادی ویژدانە. بۆیە، کاتێ هاتووە کوردیش پرسیار لەو مێژووە سەپێنراوە بکا، وەڵامیش وەربگرێتەوە. لەگەڵ رێزم بۆ کاکە ئارام رووخۆش.■

تێبینی: لەبەر نەریتی رۆژنامەکەمان پێمان باش بوو وشەی (جەنابی) لاببەین لەسەر بابەتەکە

دەست تێوەردانی مرۆڤدۆستانە لەنێوان شەرعی بوون و ناشەرعی بوون دا

ئەرسەلان تۆفیق

لەساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دا دیاردەیەکی زۆر دیارو بەرچاو لەسیاسەت و هەڵسوکەوتی نێو دەوڵەتیدا دەکەوێتە بەرچاوو تائێستەش درێژەی هەیە، ئەویش مەسەلەی دەست تێوەردانی نێو دەوڵەتی بوو لەکاروباری ناوخۆی وڵاتە فەرمییەکان.

دواتریش ئەم دەست تێوەردانە شکڵێکی تری وەرگرت لەنێو کۆڕو کۆبوونەوەو دەزگا نێو دەوڵەتییەکانداو لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵە ئاکارێکی سیاسیانەی نوێ و کۆمەڵە پرسیارێک و هەڵوێست وەرگرتنی هێنا. لەناو ئەو هەموو دەزگاو رێکخراوانەی جیهان دا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەریزبەندییەکەدا پلەی یەکەم وەردەگرێت و ئەویش بۆ هەریەک لەو کێشانە بڕیارو راسپاردەو پێشنیازو هەنگاوی خۆی هەبووەو دەبێت، هەڵوێستی نەتەوەکان لەمەڕ کێشە ناوخۆییەکانی ئەنگۆلا، کامبوج، سلڤادۆر، عێراق، یوگسلافیای پێشوو، لیبریا، روەنداو هایتی لەدوای ئەوانیش بەوردەکارانەتر لەکوردستانی عێراق و سۆماڵ و بۆسنەو لەم دواییانەش لەئەفغانستان و عێراق. هەموو ئەم دەست تێوەردانانەش لەژێر ناوو دروشمی (دەست تێوەردانی مرۆڤ دۆستانە)دا بووە.

دەست تێوەردانەکانیش بێ کێشەو گرفت نەبوون و هەمیشەش پرسیارگەلێک هاتووەتەکایەوە کە ئەویش ئەوەیە: ئایا بنەما گشتییەکانی کاری ئەنجومەنی ئاسایش چییە؟ یان بەعیبارەتێکی تر: ئایا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی دەست تێوەردانی مرۆڤ دۆستانەی هەیە یان نەخێر؟

لەڕاستیدا ئەم پرسیارە ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا شەرعیەتی دەست تێوەردانمان بە (بوون) و (نەبوون) بۆ دەردەکەوێت.. بەشێوەیەکی گشتی لەمەڕ کارو چالاکییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش دوو بۆچوون و رای جیاواز بەدی دەکرێت ئەوانیش (قایل) و (ناقایل) یان (لایەنگر) و (دژ). هەریەکەشیان بۆ بەهێزکردن و سەلماندنی راکەی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ بەندەکانی پەیڕەو پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی بەشی (مافی دان پێدانراوەکان) و (داوەری کردن) و لەوێوە چەند بەڵگەو پاساوێک دەهێننەوە.. نەیارانی دەست تێوەردان ئاماژە بۆ بەندی (٧)ی مادەی (٢)ی بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن کە ئەنجوومەنی ئاسایش رێگە بەکەس نادات دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتە رەسمی و دان پێدانراوەکان و بەهەموو شێوەیەک قەدەغەی دەکات.

لەم بۆچوونەدا مافی مرۆڤی هەر هاووڵاتییەک بەتەواوی ناوخۆیی دەیناسێنێ و پێی وایە کاری ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەربارەی مافی مرۆڤ لەڕوانگەی بەرنامەی کارو لایەنی نەزەرییەوە تەنها پەیمانێکی گشتی و هاریکارییەکە بۆ زیاتر رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ. ئەم گروپە زیاتر پەرۆش و نیگەرانی لەدەست دانی دەسەڵات و سەروەری وڵاتەکانن، بنەماکانی فەرمانڕەوایی و دەست تێوەرنەدان لەنێو خۆی وڵاتان بەسەنگەرێک دەزانن بۆ دەوڵەتە لاوازەکان لەبەرامبەر دەوڵەتە تەماعکارو زلهێزەکاندا کەبیانەوێت بەبیانووی جۆراوجۆر بەدووی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانیاندا دەچن.. لەڕوانگەی ئەمانەوە دەست تێوەردان با بەناوی (مرۆڤ دۆتسیشەوە بێت شتێک نییە جگە لەزەق بوونەوەی سیاسەتی دەسەڵات لەم سەردەمەش دا زۆر پێی لەسەر داناگیرێت تا وڵاتە نارازییەکان بەتایبەتی ئەوانەی جیهانی سێیەم کە دەرامەتی باشی ئابورییان لەبەردەست دایەو لەپێناوی رێگرتن لەشەپۆلی پەنابەری کەدەرکەوتەیە کە لەسەرکوت و کاری نامرۆییەوە سەرچاوە دەگرێت هەڵوێستی رەق و توند نیشان نەدەن.

ئەوانەش کە شەرعیەت دەدەنە دەست تێوەردانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئاماژە بۆ مادەی (٣٩)ی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن کەبەگوێرەی ئەو مادەیە ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێت (هەر باردۆخێک هەڕەشە لەئاسایش بکات، یان رێکەوتنێک هەڵ بوەشێنێتەوە یان دەست درێژ کار بێت و هتد) ئەمانە خوازیاری دەست تێوەردانێکی نێودەوڵەتین لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکی باڵادا، لەم روانگەیەوە مافی مرۆڤ لەوڵاتێکدا کەپێشێل بکرێ بەکێشەیەکی نێوخۆیی نامێنێ چونکە یەکێ لەفەلسەفەکانی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان (رێزگرتن و فراوان کردنی مافەکانی مرۆڤە لەهەر جێگەیەک بێت)

وە یەکێکە لەئامانجە سەرەکی و گرنگەکانی. تەنانەت هەندێک لەیاسا ناسانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بەعورفێکی نێو دەوڵەتی و بگرە لەیاسایەکی فەرمان پێکراوی نێودەوڵەتی دەزانن و هەر ئەمەش وای کردووە کەپاڵ پشتی نێو دەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ پەیدا ببێت و بووەتە پەیماننامەیەکیش.. ئەوانەی کەئەم بۆچوونەیان هەیە بۆ پاڵ پشتی کردنی راکەی خۆیان رێکەوتن نامە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دێننە بەرباس لەمەڕ بەرگرتن و بەرگری کردن لە "مافی نەتەوەکان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا) یاخود (دژ بەجیاکاری نەژادی) کە ئەنجوومەنی ئاسایش لەبەر مەسەلەی (نەژادی) ئابلۆقەی ئابووری دەسەپێنێ بەسەر ئەفەریقای باکووردا بیانووەکەش نەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ و برەودانە بەجیاکاری نەژادی خۆ ئەگەر بەڵگەی گروپی دووەم دروست تر بێت و قەبوڵ کرا کە ئەنجومەنی ئاسایش مافی ئەوەی هەیە لەکاتی پێشێل کردنی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ دا لەژێر ناوی (مرۆڤ دۆستانەدا) دەست بخاتە کاروباری ناوخۆی وڵاتان، ئەوکات پرسیارێک دێتە ئاراوە، کە ئایا بەربڵاوی و فراوانی لەپێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ دا چی دەگەیەنێت؟ وە سنورەکانی ئەو دەست تێوەردانەی ئەنجوومەنی ئاسایش لەچ ئاستێکدایەو لەکوێدا دەگیرسێتەوە؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەش دا هەندێک پێیان وایە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی ئاسایش بێ سنوورە و هەلومەرجی تایبەتی و گشتی و لەکۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا رێگا بەئەنجوومەن دەدەن کەدەست لەکاروباری وڵاتان وەربدات، بەڵام هەندێکی تر سنورێک دیاری دەکەن و پێیان وایە دەبێت جێگەیەک هەبێت کە تیایدا ئەو دەسەڵاتە بێتە کۆتایی و بۆ رەچاوکردنی ئەم خاڵە ئەنجوومەن تەنها لەوکاتانەدا دەست لەکاروباری وڵاتێک وەردەدات کە هەڕەشە لەئاشتی و ئارامی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی بکات. یاخود بەهۆی کارێکی نامرۆڤانەوە ئاوارە بوون و پەناهەندەیی لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر روودبدات یاخود شەڕێکی ناوخۆ لەیەکێک لەوڵاتەکاندا روودبدات، لەم کاتەش دا دەبێت ئەنجوومەن (بێ لایەنی لەکێشە سیاسییەکان) و (کاتی بوونی دەستێوەردانەکە) رەچاو بکات..

هەوڵ و تەقالاکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لەنەوەدەکاندا دەیویست کارەکانی خۆی سنووردار بکات بەڵام لەڕاستیدا خەسڵەتی (مرۆڤ دۆستانەی رووت) بەهۆی هەبوونی مەبەستی سیاسی و لایەنگرییەوە کەوتە ژێر پرسیار.. لەسەدەی رابوردوودا وڵاتانی ئەوروپی بەشێوەیەکی گشتی لەژێر دروشمی (مرۆڤ دۆستانە)دا دەستیان لەکاروباری وڵاتان وەرداوە، بەڵام لەڕاستیدا تا ماوەیەک بەر لەدیاریکردنی بەرنامەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەکانەوە چەندوچوونێکی گرنگی دا بۆ ئەم مەسەلەیە لەئارادا نەبوو.. دەست تێوەردانی هند لەپاکستان (١٩٧١) و ئیسرائیل لەئوگەندا (١٩٧٦) تانزانیا لەئۆگەندا (١٩٧٩) و ڤیتنام لەکامبوج (١٩٧٩) و ئەمەریکا لەنیکاراگوا (١٩٨٤) هەموو ئەمانە لەدەزگا نێودەوڵەتییەکان و لەناو تێکڕای دەوڵەتانیش دا مەحکوم کران.

ئەوەی کە دەست تێوەردانەکانی ساڵانی پێشوو لەئێستەو ساڵانی (١٩٩٠) بەدواوە جوێ دەکاتەوە ئەوەیە دەست تێوەردانە پێشووەکان یان لەلایەن وڵاتێک یان چەند وڵاتێکەوە بووەو چاوەڕوانی رەزامەندی وەرگرتنی نەکراوە، بەڵام ئێستە بەمۆڵەت وەرگرتنە لەئەنجوومەنی ئاسایش و رای کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەوێت.

لەڕاستیش دا لەڕەوتی کاروانی نێودەوڵەتی دا گۆڕانکاری زۆر روویان داوەو خۆشمان بەچاوی خۆمان دەبینین چی دەکرێت بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و پێداگرتن لەسەر (مافەکانی مرۆڤ) و (شەڕی دژە تیرۆر) و هتد.

ئێستە شێوەو شکڵی (دەست تێوەردانی مرۆڤ دۆستانە) گۆڕاوە بۆ (هەوڵی کۆمەڵکاری و دەستە جەمعی نێو دەوڵەتی) وە چەمکی دەست تێوەردان مەفهومێکی نوێی وەرگرتووە و بەمانایەک لەماناکان لە (ماف)ێکەوە بووەتە (پێویستی)یەک.

لەم ساڵانەی دوایش دا تێگەشتن و شرۆڤەکردنی بڕیارەکان سەخت تربوون چونکە لەپانتایی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کە پەیوەندی و نیگەرانییە هاوبەشەکان میللەتانی بەیەکەوە (تارادەیەک) پەیوەست کردووە، کاری رێکخراوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکانی هێندەی تر ئاڵۆزو سەخت کردووە بۆیە دەبێت رەوتی کاری ئەو رێکخراوانەو ئەنجوومەنی ئاسایش کە سێبەریان بەسەر ئاسایشی هەر وڵات و کیانێکەوە کردووە زۆر بەوردی دیراسە بکرێت. وە دوو تەوەری سەرەکی دەست تێوەردان لێک جیا بکرێتەوە کە یەکێکیان (هێز)ی لەگەڵدایەو ئەوی تریشیان (هێز)ی لەگەڵدا نییە.■

تێبینی: سود لەکتێبی (شورا امنیت ملل متحد ومداخله بشر دوستانه) وەرگیراوە لەنووسینی جهانگیر کرمی اپی/ تاران/ چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠.

پرسی دیموکراسی لەوڵاتی مۆزەخانەی رەگەزەکاندا

سەلام عەبدولکەریم

لەوکاتەوە واقیعی کولونیالیزمی بەریتانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی وڵاتێکی بەناوی عێراق دروست کردو بێ خواستی خەڵکەکەی عەرەبێکی سوریایی یان بۆ هێناو کردیانە پادشای وڵات و بەزۆریش دواتر باشوری کوردستانیان پێوە لکاندو ئەو رووداوو بارگرژییانەی نێو عێراق و سەرهەڵدانی راپەڕین و هەڵگەڕانەوە دژ بەم حوکمە پادشاییە. وایکرد کەناوی عێراق بنێن (مۆزەخانەی رەگەزەکان)، ئاخر تۆ بڕوانە لەچ رەگەزو نەتەوەو دەنگ و رەنگێکت ئەوێ لەم عێراقەدا دەیدۆزێتەوە، لەڕووی جوگرافیاوە ئەم هەموو بیابان و دەشتی لیتەیی و ناوچە شاخاوییانە بەزۆری دەسەڵات شەتەک دران و هەر لەسەرەتاشەوە ئەوەی وجودی نەبوو لەستێمی فەرمانڕەوایی وڵاتدا شەفافیەت و پرسی دیموکراسی بوو.

ئەمڕۆ دەبینین لەفەلوجەو ناوەڕاست و تاڕادەیەکیش لەباشور دەنگێک دژی دیموکراسیە ئەوە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لەسەرەتای پێکهاتنی عێراقەوە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی دانەمەزرا بوو، هاوکات هیچ پرسێکی دیموکراسیش بەخەڵکەکەی نەکرا، لەو یەک دووجارەش کەتایبەت بوو بەهەندێ شتی رواڵەتی، خەڵک ئەوەندەی پێکراو دەرفەتی هەبوو، (بەتایبەتی ناوچە کوردییەکان) دژی وەستانەوە. وڵاتێک کەلەسەر پرسی دیموکراسی پێک نەهاتووەو رژێمە سیاسیەکانیشی دیموکراسی نەبوون. مەحاڵە بمانەوێ پرسی دیموکراسی هەروا بەئاسانی شوێنی خۆی بگرێت لەکاتی ئێستا. ئەو پرۆژەیەش کەئەمریکاو هاوپەیمانان دەیانەوێ لەعێراقدا پیادەی بکەن لەڕووی دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و مەدەنی بەبڕوای من زۆری دەوێت، تادەگاتە ئەنجام، چونکە ئێمە هەر لەسەرەتاوە بۆ جێگرتنی ئەم پرۆژەیە رووبەڕووی ئیشکالی فیکری دەبینەوە، بەتایبەت فیکری مرۆڤەکانی ناوەڕاست و باشور، ناوەڕاستێک کەهەموو جوڵەیەکی ئەمریکی رەفز دەکاتەوە. زۆر ئەستەمە بتوانین قەناعەت بەخۆمان بکەین کەئەوان لەدیموکراسی و پرۆژەکانی هاوپەیمانان بۆ داهاتووی عێراق تێدەگەن.

ئەو پرسە دیموکراسیانەی بۆ ئێستای عێراق و داهاتوی سیاسی هاتوونەتە پێش، لەکاتی ئێستاو دوارۆژیشدا رووبەڕووی کۆسپ و گیروگرفت دەبنەوە.

ئەگەرچی پرۆژەی ئەمریکی دەرفەتی وەستانی نیە، بەڵام دروست بوونی زەمینەی ئەم پرسە جێگەی تێڕوانینە. عێراقێک لەهەموو نەتەوەو رەگەزێکی تێدایە، نەتەوەیەک تێدەگات لەم پرسەو قبوڵی دەکات و خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێ. بەڵام زۆرینەی نەتەوەیەکی تر رەفزی دەکات لەبەرئەوەی لێی تێناگات.

راستر بڵێین. ئێستا وڵاتی مۆزەخانەی رەگەزەکان. لەگرفتی یەکەم تاڕادەیەک رزگاری بووە، بەڵام گرفتی هەرێمەکان هەر ماوەتەوە، ئەم دابەش بوونە هەرێمیانە، وەک (هەرێمی کوردستان، هەرێمی ناوەڕاست، هەرێمی باشور) تاڕادەیەک ئاسانکاری دەکەن و لەزۆر کاتیشدا رێگری دەکەن. ئێمەی ئەم هەرێمە پرسەکەمان قبوڵ کردووە، بەڵام چی بکەین لەهەرێمێکی تری وەکو ناوەڕاست دژی دەوەستێتەوە. بۆیە ئەم پرسە ئەو ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی بەتایبەت لەناوەڕاستدا کە دواجار پرسێک بێت. لەبنەڕەتەوە عەقڵەکانیش لەگەڵ خۆیدا بگۆڕێت و ئامادەباشیان بکات بۆ قبوڵکردنی دیموکراسیەت. ئەگەرنا پرۆژەیەکی تێرو تەواو دەرناچێت.

سەرەتایترین پرسی دیموکراسی لەم ساتە وەختەی ئێستادا بریتیە لەپرۆسەی هەڵبژاردن و پرسی خەمخواردن بۆ پێکهێنانی رژێمێکی سیاسەت کە لەسەر بنەمای دیموکراسی و رەزامەندی دانیشتووان دامەزرا بێت، دیسان زۆرترین گرفت رووبەڕووی هەڵبژاردن دەبێتەوە، چونکە هەندێ لەهێزەکانی ناوەڕاست و باشور قبوڵی ناکەن. بۆیە دیسان ئەمەش پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، بۆیە لەڕاستیدا پرسی دیموکراسی لەعێراقدا وەستاوەتە سەر ئاستی تێگەیشتنی نەتەوەو رەگەزو هێزو هەرێمە جیاوازەکان لەو پرسە گرنگەو رادەی بەدەمەوەچوون و دڵسۆزبوون بۆی، چونکە لەکۆنەوە وتراوە: "سەرێک خۆت نەیخورێنی، کەس بۆت ناخورێنێ"، ئێمەی کوردو هەرێمەکەمان خەمی خۆمان خواردووە بۆئەوەی سەری خۆمان لەبەردەم پرسی گرنگی دیموکراسیدا بخورێنین. هیوادارین هەرێم و نەتەوەکانی تریشی مشورێکی خۆیان بخۆن. دیسان ئەم پرسە دیموکراسیەش زیاتر لەو ژینگەیەدا نەش و نما دەکات و سودبەخش دەبێت، کەپێشوازی لێبکرێت، نەک رەفز بکرێتەوە، چونکە ئەوکات رەفز کرایەوە، زیانی زیاتر دەگەیەنێ، وەکو ئەوەی خەڵکانی ئەو ناوچانە لەدەسکەوتەکانی بێ بەش دەبن و

کوردو بەرپرسیارێتی..

رەهێڵ عەلی

بەرپرسیارێتی و کورسی دەسەڵات لەوڵاتە پێشکەوتو و دیموکراتەکاندا .. واتای خزمەتکردنە بەجەماوەر بەهەموو ماناکانیەوە، کورسی و دەسەڵات مافی موڵکالیەتی تاک یان خێڵ یان حیزبی بەسەرەوە نییە، بۆیە هەر کاتێک تاکێک پۆستێکی باڵای حکومی یان حیزبی وەردەگرێت، تێدەگات بۆ خزمەتکردن ئەو پۆستەی وەرگرتووە یان گەل هەڵیبژاردووە نەک بۆ قۆرخ کردن و بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بنەماڵە، هەر کاتێکیش هەستی بەوە کرد کەلەتوانای ئەو کارەدا نییە یان لەسەردەمی ئەودا گرفتێک رووبەڕووی گەل و وڵاتەکەی بۆتەوە و پێی وایە بەشێک لەهۆکاری ئەو گرفتە بەر ئەو دەکەوێت، راستەوخۆ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رادەگەیەنێت، چونکە تێدەگات گەر واز نەهێنێت دەکەوێتە بەر لێشاوی نارەزایی جەماوەرو رەخنەو نوسینی سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن، وەک دەست لەکارکێشانەوەی مانگی رابردووی وەزیری ناوخۆی بەریتانیا بەهۆی ئەوەی لەرۆژنامە لەسەریان نوسیبوو کەپۆستەکەی بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنی (ڤیزا)یەک بۆ دایکی کۆنە خۆشەویستێکی، هەروەها دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی بێسلان بەهۆی کارەساتەکانی مانگی نۆی هەرێمەکە، دەست لەکارکێشانەوەی ساڵی پاری سەرەک وەزیرانی هۆڵەندا بەهۆی ئەوەی کەوتەبەر شاڵاوی رەخنە لە وڵاتەکەیدا بەوەرگرتنی کورسیەک لەکۆلیژی پزیشکی بۆ کچەکەی و دەیان نمونەی تری لەو جۆرە هەیە لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا کەلەسەر بچووکترین تا گەورەترین هەڵەکاربەدەستان دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان رادەگەیەنن.

بەڵام ئەوەی سەیرە لەوڵاتی خۆمان لەپاش سیانزە ساڵ لەئەزموونی حوکمرانی کوردو بانگگەشە بۆ کردنی بەحکومەتێکی دیموکراتی مەدەنی لەپاش ئەم هەموو کارەسات و ماڵوێرانییەی کەبەهۆی ئەو حوکمەتەوە بەسەر گلەکەمان هات، نەمانبینی هیچ بەرپرسێکی باڵای حیزبی و حکومی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت یان دان بەهەڵەیدا بنێت یان خۆی بەبەرپرس بزانێت بەرامبەر بەو هەموو گرفتانەی لەوڵاتدا روویداوە وەک :

١-شەڕی پارتی و یەکێتی بەرامبەر پەکەکە.
٢-شەڕی ناوخۆی پارتی و سۆسیالیست.
٣-شەڕی نێوان حیزبی شیوعی و یەکێتی.
٤-جەولەی یەکەمی شەڕی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی.
٥-جەولەی یەکەمی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی.
٦-جەولەی دووەمی شەڕی پارتی و بزووتنەوە بەرامبەر بەیەکێتی.
٧-کارەساتی ٣١ی ئابی.
٨-جەولەیەکی تری شەڕی نێوان پارتی و پەکەکە.
٩-شەڕی یەکێتی لەگەڵ پارتی و تورکیا.
١٠-جەولەیەکی تری شەڕی نێوان یەکێتی و پەکەکە.
١١-زنجیرە شەڕەکانی دوای ساڵەکانی (٢٠٠٠)ی نێوان یەکێتی و جوند لئیسلام و ئەنسار لئیسلام.

ئەمە بێجگەلە گرفتەکانی نەبوونی ئاسایش و ئازادی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و برسێتی و گرانی و لەشکرکێشی بێگانەو هەموو ئەو گرفتانەی بەدرێژایی سیانزە ساڵ لەسایەی دەسەڵاتی کوردی بەسەرماندا هات، نەمانبینی سەرۆکی حکومەتێک، وەزیرێک، کاربەدەستێکی باڵای حیزبی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت، بێجگەلە دەست لەکارکێشانەوەی مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) لەپۆستی وەزیری رۆشنبیری.

گەلی کوردستانیش بەهۆی بێدەنگیان بەرامبەر بەهەموو کارەساتەکان بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەهۆی زاڵبوونی هەستی حیزبایەتی بەسەریانداو کەمبوونی گیانی کوردایەتی و نزمی ئاستی هۆشیاریانەوە، نەیاندەتوانی فشار بخەنە سەر دەسەڵات بەرامبەر بەکەمتەرخەمی بەجێنەهێنانی ئەرکەکانی دەسەڵات بەرامبەر بەگەل، ئەم بێدەنگییەی جەماوەریش، هێزی زیاتر دەدایە بەرپرسان بۆ بەردەوام بوون لەسەر هەڵەکانیان و بێباکیان بەرامبەر بەنارەزایی جەماوەر.

بۆیە هەقوایە، هاوڵاتیانی کورد بەگشتی بۆ ساڵەکانی داهاتووی حوکمرانی خۆیان دەسەڵات و دەسەڵاتداران بخەنە ژێر چاوی کامێرای کوردایەتییەوە و کارو خزمەتەکانی ئایندە هەڵبسەنگێن و لێکی بدەنەوە و بزانن تاچەند لەئاست پێویستییەکانی گەلی کورد دایە، لەسەر بچوکترین هەڵەی بەرپرسێک سازش نەکەن و بەپێی قەبارەی هەڵەکان داوای سزا بکەن، بۆئەوەی ئەو بێباکی و خەمساردی بەرپرسان کەلەساڵانی رابردوو هەیانبووە، نەمێنێ و چیتر بێباک نەبن بەرامبەر بەتوانای جەماوەرو رەخنەو نوسین و خستنەرووی کەموکورتییەکانیان لەلایەن سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندنەوە.■

تانییف، سێرگی ئیڤانۆڤینش (١٨٥٦-١٩١٥)

ئامادەکردنی/ باران

دانەرێکی رووسیە، هەروەها بیرمەندو ژەنیارێکی پیانوش بوو.

لە٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٥٦، لەخێزانێکی ناودارو دەست رۆیشتوو لەدایک بووە. باوکی تانییف، هەمیشە هونەرو هونەرمەندانی خۆش ئەویست، سەرەڕای ئەمەیش توانایەکی باشی هەبوو، لەژەنینی کەمانچەو پیانۆدا.

بۆیە لەسەرەتایی کاری هونەری تانییف، باوکی راستەوخۆ، خۆی سەرپەرشتی پێگەیاندنی دەکرد. بەڵام ساڵی ١٨٦٦ دەینێرێتە مۆسکۆ، بۆئەوەی لەکۆنسرف توار بخوێنێ، لێرەشەوە هونەرمەند نیکولای روبنشتاین سەرپەرشتی دەکات لەچۆنیەتی بنچینەکانی ژەنینی پیانۆ، هەر لەوکاتەوە پیترئیلیتش تشایکۆمنتی، زانستە بنچینەییەکانی دانەری مۆزیکی و بەتایبەتیش، قاڵبە کلاسیکیەکان و هونەری هارمۆنی و دابەشی ئۆرکسترای فێر دەکات.

لەزستانی ٧٧-١٨٧٨ دەچێتە فەرەنسا، ئەمیش بۆ خوێندن و فێربوون. بۆیە ماوەیەکی زۆر لەفەرەنسا دەمێنێتەوە، لێرەوە بەچەندین مامۆستای موزیکی هاوچەرخی فەرەنسا ئاشنا دەبێت، بەڵام خۆی لەم وێستگەیەدا گرنگی بەلێکۆڵینەوە، دەست نووسە کۆنەکانی لەمەر دانەرەکانی سەدەی رێنیسانس دەدات. بەتایبەتیش هونەرمەندانی وەک جوسکین، لاسۆ، بالسترینا.

ساڵی ١٨٨٥، کە تەمەنی تەنیا ٢٩ ساڵ دەبێت، بە بەڕێوەبەری کوسرفتواری مۆسکۆ دادەنرێت. ساڵی ١٨٨٩، بۆ زیاتر تەفەروغ کردن بۆ دانان و ژەنینی پیانۆ، چەندین گەشت دەست پێ دەکات بۆ رووسیا، ئەوروپا، بەرلین و ڤیەنا و براغ ساڵی ١٩٠٩، کارێکی تیئۆری گەورە بڵاودەکاتەوە بەنێوی "کۆنتربوانی جولاو" دواکاری تیئۆریش "لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ کانون" تانییف، ئەوەی قەت حەزی لێ نەدەکرد بریتی بوو لەکارە موزیکەکانی فاگنەرو رومانتیکیەتی ئەڵمانی بوو".

بەهەرحاڵ، لەدوا ماڵئاوایی تانییف، ئەو بەرهەمانەی بۆ دونیای پڕ لەسیحری موزیک جێ هێشتووە.

بەرهەمەکانی، سێ ئۆپێرا بەناونیشانی "ئۆریستیا" چەندین کانتاتان، چوار سەمفۆنی، شەش چوارینەی ژێدار، سێینەیەک و گەلی ئاوازو گۆرانی تر بەهاوکاری پیانۆ.■

الاعلام الموسيقي الغربية لا ٢٤٣ جزء الثالث

سینەما.. تەنها سینەما.. ئەو ئەفسانە نادیارەیە

(مرۆڤی کۆن پەیکەرێکی ئەپەرست کە لە دارو بەرد تاشرابو.. مرۆڤی ئەم سەردەمە پەیکەرێک ئەپەرستی لە گۆشت و خوێنە!!).

(بردنادشو)

هەڵگورد عارف مەحمود

لەبەشێکی گەورە لەگۆی زەوی و لەبڕێکی فراوان لەبەرهەم هێنانی سینەما فیلمەکان ئەدرەوشێنەوە بەئەستێرەکانی.. لەهەموو شوێنێک ئەو ئەستێرانە ناو وێنەکانیان هەموو هۆیەکانی پڕوپاگەندەو میدیاکانیان داپۆشیوە لەشیت و تابلۆکان هەروەها لەگۆڤارو رۆژنامەکان.. بەڵام دەرهێنەر ئەو دەرکەوتنەی نەبوو. بەڵکو دەرکەوتن و ناسینی دوای ئەستێرەکان بو بەهەنگاوی تەسک و کیسەڵانە.. تا ئێستاش پێناسەی فیلمەکان بەناوی ئەستێرەکانە نەک بەناوی دەرهێنەر زۆرجار ئەوترێ (فیلمی گریتاگاربو) و یان (فیلمی برجیت باردو) وە یان (فیلمی توم کروز) ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر راستە لەبەرئەوەی ئەستێرە سینەماییەکان ئەتوانن زۆر لەمەرجەکان و گۆڕانکاریەکان بسەپێنن لەسەر بەرهەمەکانی سینەما.. لەوەو پێشیش سەردەمێک هەبوو ئەستێرەکان هاوکارەکانیان لەبەرهەمهێنانی فیلمدا دەست نیشان و دیاری ئەکرد وەک نووسەری سیناریۆ ئەکتەری رۆڵی دووەم و تەنانەت لەهەندێ جاردا لەدەستنیشانکردنی دەرهێنەردا.

هەندێک لەدەرهێنەرە مەزنەکان لەمێژووی سینەما بۆیان هەبو ئەستێرەی فیلمەکان دیاری بکەن.. بەڵام زۆربەی هەرەزۆری دەرهێنەرەکان هەرگیز سەربەست نەبوون لەدیاری کردنی ئەستێرەکان لەراستیدا دەرکەوتنی ئەستێرە یەکێک بوو لەڕووداوە گرنگ و بەپێزەکانی پیشەسازی سینەما..

لەساڵی ١٩٤٨ دا (دیانا دارین) ی راوێژکار توانی کۆمپانیای (یونفرسال) ی سینەمایی ئەمریکی لەمایەپووچی رزگار بکات کاتێک کە هەستی بەمەترسی ململانێی تەلەفزیۆن کرد بۆ سینەماو کۆمپانیاکانی.. بۆیە بەهاوکاری لەگەڵ داهێنەرەکان هەوڵی دا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو هەر نەبێت بۆ چەند ساڵێک مەترسیەکان لەسینەما دوور بخاتەوە.. چەند چارەسەرێکی کاتی دۆزرایەوە وەک داهێنانی پەردەی درێژ (سینەماسکوب) و شێوازی (فیستافیسون) ... بەڵام لەهەموو چارەسەرەکانی کاریگەرتر دۆزینەوەو هەڵدانی چەند ئەستێرەیەکی درەوشاوە بۆئاسمانی سینەمالەوانە (مارلین مونرو) و لاوی ئاڵتونی (مارلون براندو) و (روک هدسون) و (جیمس دین) و دەیانی تر.

ئەوەی رەچاو ئەکرێت لەو پێکهاتە تێکەڵاوەی کەپێی ئەوترێ فیلم.. ئەستێرە بەهاترین بەشەکانێتی و لەهەموو توخمەکانی تر زیاتر پارەی تێدەچێت لەبەرهەمەکەدا.. لێرەوە و بەهۆی ئەوکرێ خەیاڵیانەوە ئەستێرە جیاکرایەوە لەئەکتەرەکانی تر.. ئەو کرێیەی کە تەنها لەسەر یەک فلیم وەری ئەگرت جیاوازی گەورەو بەربڵاوی هەبوو لەگەڵ کرێی ئەواندا.. نەک ئەمەش بەڵکو زۆربەی کات کرێی ئەستێرەکان لەکرێی بەرهەم هێنەرو دەرهێنەرەکانیش زیاتر بووەو بگرە هەندێک جار نزیک نیوەی بودجەی فیلمەکە بۆتەوە.. لەفەرەنسا و لەساڵی ١٩٦٠ دا (جان کابان) و (جان بوڵ بلمندو) هەریەکەیان لەنێوان چل ملیۆن تا شەست ملیۆن فرەنکی فەرەنسی کرێکەیان بوە لەبەشداریاندا لەفلیمێکدا کە بودجەکەی لەنێوان ١٠٠ تا ١٥٠ ملیۆن فرەنکی فەرەنسی بووە (فرەنک بەهێزو نرخی ساڵانی شەستەکان).

لەم بارەیەوە نمونەیەکی ساکار ئەخەمە بەرچاو.. ژنە ئەکتەری فەرەنسی (کاترین دینوف) بری ١٣٠ ملیۆن فرەنکی وەرگرت لەبری بەشداری لەفلیمی (تریستانا) کە دوو جار لەکرێی دەرهێنەری فلیمەکە.. دەرهێنەری ناودارو خاوەن ناوبانگی گەورە (لویس بوینول) زیاتر بو.

لەساڵی ١٩٧٧ کرێی هەردوو ئەکتەری سەرەکی فیلمی (تیتانیک) (لیوناردو دی کابریو) و (کینت وینسلت) نیوەی بودجەی فلیمەکە بو.. وە ژنە ئەکتەری ئەمریکی (جولیارو برتس) ئەمساڵ لەفیلمی ئیرین بروکوفیچ) کەخەڵاتی ئوسکاری لەسەر وەرگرت کرێکەی دوو ئەوەندەی کرێی بەرهەم هێنەرو دوو ئەوەندە و نیوی دەرهێنەری فیلمەکە بوو.

رۆڵی ئەستێرە گەشەکانی سینەما هەر لەچوارچێوەی سینەمادا نەبوو. تەنها لەساڵی ١٩٣٧دا ئەو ئەستێرانە لە ٪٩٠ی بەرنامەو پرۆگرامەکانی ئێستگەی رادیۆکانی ئەمریکایان برد بۆ خۆیان.. ئێستاش تەنها نمایشێکی تەلەفزیۆنی نیە چ لەئەمریکاو چ لەئەوروپاو تەنانەت لەهیندستانی کیشوەری ئاسیا میوانداری ئەستێرەیەکی ناودار نەکات..

تا ئێستاش زۆر لەو ئەستێرانە توخمی سەرەکی پڕوپاگەندە زۆرینەکانی بەرهەمە بازرگانیەکانن وەک شماکە ئامادەکراوەکانی خۆجوانکردنی ژنان.. جلوبەرگ .. گرەوو فستفالە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردنی جوانترین ژن.. گرەوە وەرزشیەکان و فرۆشتنی کتێب و ئاهەنگە خێرخوازیەکان و تەنانەت لەپرۆسەو مەراسیمی هەڵبژاردنە سیاسیەکان.. لەئەمریکاو لەماوەی چالاکی چرۆپڕی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.. هەردوو حیزبی سەرەکی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن (کۆماری و دیموکراتی) لەهەڵمەتەکانیانا هانا ئەبەن بۆ ئەستێرە ناودارو درەوشاوەکان و ئەیانخەنە ریزی پێشەوەی ئەوهەوڵ و چالاکیانەی پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن.

هەروەها ئەستێرەکان ئەستێرەی لاپەڕەکانی پرسیارو وەڵامی گۆڤارو رۆژنامە بەربڵاوە رەسەنەکانن.. وەڵامی نامەی زۆربەی خوێندەواران ئەوان ئامادەی ئەکەن.. ئەوان راوێژکارو رێگا پیشاندەرو لاوێنەرەوەی دڵ بریندارانن لەلاپەڕەکانی بەشی پۆستەی دڵان..

لەبەرئەوەی سینەما لەپێش هەموو هونەرەکانی ترەوەیە لەجیهانی دوێنێ و لەجیهانی ئەمڕۆ و لەجیهانی ئایندەدا بۆیە لەزۆربەی وڵاتاندا فیلمە شاکارە سینەماییەکان وەک خۆر پرشنگ ئەدەنەوە لەئاسمانی ئەم هونەرەدا کەناوی ئەکتەرەکانی تیادایەو دیارە لەنێوانیانا چەند ئەستێرەیەک ئەدرەوشێنەوە.. لەماوەیەک لەساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا کە سیستەمی ئەستێرەکان جیهانی هونەریان داگیر کردبو تەنها لەهولیود پێنج سەد پەیامنێری رۆژنامەگەری هونەری ئەژیان و هەرگیز لەئامادەباشیدا بوون بۆ کاری ناردنی هەواڵەکان.. زانیاریەکان لەسەر هەواڵ و چالاکی و هاتووچوو نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی ئەستێرەکان بۆ هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکان و میدیاکان لەرادیۆو تەلەفزیۆن لەهەموو جیهاندا..

لەکتێبی (ئەمریکاو سینەما) کە لەنووسینی (هیوارد داسیلفا) یەو لەساڵی ١٩٤٩ چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە باس لەوە ئەکات کەئەستێرەکانی ئەو سەردەمەی سینەما وەک (جین کیلی) و (فرید ئەستیر) و (بیتی دیفس) و (ریتاهیوارس) رۆژانە سەد هەزار وشەیان لەسەر نوسراوەو بەمەش بەچوارەم چاوگەی هەواڵەکان لەولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دائەنرا لەدوای واشنتۆن دی سی و بەنتاگون و نیویورک..

ئەوساو ئێستاش وێنەی ئەستێرەکان بە بەردەوامی لەلاپەڕەکانی پێشەوەو یەکەمەکانی گۆڤارو

ئەستێرەی سینەمای فەرەنسی ئالان دیلۆن

رۆژنامەکاندایە.. باسی ژیانی تایبەتیان.. ژیانی خێزانی و پەیوەندیەکانیان.. هەواڵەکانی چالاکی هونەری و سینەما بەشێوەیەک شێوازی ژیانی هەندێک لەو ئەستێرانە نزیک کراوەتەوە لەژیانی ئەفسانە.. بەڵام دەربارەی شانۆ.. هیچ ئەکتەرێکی شانۆیی نەگەیشتوەتە پلەی ئەستێرەیەک لەئەستێرەکانی سینەما هەرچەندە رۆڵی گرنگ و ناوبانگی گەورەشی هەبوبێت.. سینەماو تەنها سینەما ئەم داهێنانەی کردوەتە ترادیسونیکی دیار.. لەخولقاندنی ئەستێرەکان و تیشک خستنە سەریان.. و جێگرکردنیان وەک ئەستێرە بەدەوری خۆری سینەما بەگوێرەی سیستەمی نهێنی ناوەوەی کرداری بەرهەم هێنان..

هەموو کاتێک سینەما توانیویەتی دەستبەرداری ئەکتەرو کاری نواندنی ئەکتەر بوبێت.. هەر کاتێک ویستویەتی گۆڕیویەتی بەهەواداکان و ئارەزومەندانی نواندن و یان بەمنداڵان و تەنانەت هەندێک جار گۆڕیونی بەکەسایەتی کارتون و گیانی کردون بە بەردا.. بەڵام سینەما وەک داهێنان وەک کاری نوێی کردنەوەو درێژەدان بەژیانی هەوڵی خولقاندنی ئەستێرەی داوە و نرخی زۆرگرانیش بوبێت خستویەتیە ئەستۆی خۆی.. ئەم تایبەتمەندیەو نا تایبەتمەندیەیەکەپێویستە باسی بکەین بەڵام پێشەکی رونی بکەینەوە.

لەسەردەمی پێشودا پێوانەکانی جوانی و لاوی ئەستێرەی کچ و ژن لەنێوان تەمەنی ٢٠ تا ٢٥ ساڵ دیاری ئەکراو.. پێوانەی ئەستێرەی پیاویش لەنێوان تەمەنی ٢٥ تا ٣٠ ساڵ بو.. پاش چەند ساڵێک بەدەستنیشان کردن لەدوای ساڵی ١٩٣٠ وە ئەو پێوانەیە تاڕادەیەک گۆڕاو تەمەنەکان بەرەو هەڵچون چون هەندێ نەرمی بەخۆیەوە دی و هەندێک ئەستێرەی بەتەمەن جێگای خۆیان لەدڵ و دەرونی بینەراندا کردبۆوە کە تەمەنیان لە٤٠ساڵ نزیک بووبوەوە.. وەک (فکتورفرانس) و (لیلیان جیش) و هەندێکیتر..

دارو بەری سینەما وشک نەبوو لەدوای ساڵی ١٩٤٠ وە بەری نوێی نەوەی نوێی پێگەیشت.. ئەستێرەی نوێی کەوتە جریوە لەئاسمانی سینەمادا.. (کلارک کیبل) و (همفری بوجارت) و (کاری کرانت) و (جوان کرافورد) و (جنیفرجونس) و (جیمس ستوارت) و (ئەنجریدبرجمان) و (سبنسرتراسی). لەگەڵ ئەم پولە ئەستێرە نوێیە بەڵام تێڕوانینی جوان و ئەفسوناوی (گریتاگاربو) و (مارلین دیترش) هەر کاریگەریتی خۆی هەبو لەسەر بینەران لەگەڵ ئەوەداکەزۆری شەوق و جوانی روکەشیان وەک جاران نەمابو هەرچەند بڕێکی باشیان لەئامادەکراوەکانی (ماکس فاکتور)یش بەکارهێنابوو.. لەدوای ساڵانی حەفتاکانەوە مەرجی ئەوە نەما کەئەستێرەی ژن ئەبێت بەلەشولارو بەدەموچاو جوانبێت.. یان ئەستێرەی پیاو ئەبێت شۆخو باڵا بەرزو لاو بێت.. بەڵگەکانیش زۆرن لەسەر ئەم راستیە.. ئەوەتا ژنە ئەستێرەی ناودار (میرل ستریب) چ ئامادەییەکو چ ناوبانگێکی هەیە لەگەڵ ئەوەدا کەجوان نیە.. لەپیاواندا ئەستێرەی ناودارو خۆشەویست (دوستن هوفمان) چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر بینەران لەگەڵ ئەوەشدا نە پیاوێکی شۆخەو نەلاوێکی باڵا بەرزە.. هەروەها بەگوێرەی هەردووئەستێرەی ناودار.. (لی مارڤن) و (ئەنتونی کوین) لەلایەکی ترەوە سیستەمی ئەستێرە لەمێژووی سینەمادا منداڵانیشی بێ بەش نەکردوە.. هەر لەدەستپێکردنەوە تاوەکو ئێستا.. هەیە لەئارەزومەندانی سینەما ئەستێرە منداڵەکانی لەیاد بچێت. هەر لەمناڵە دۆزراوەکەی کەبلیمەت (شارلی شاپلن) لەفلیمی (بچووک) کە ساڵی ١٩٢١ بەرهەمی هێنا بەناوی (کاکی کوجان) پێشکەشی کردتا (شیرلی تمبل) و (جودی جارلند) و (جودی فوستر) و (مارک لیستر) و (ریکی شرویدر).

بەواتایەکی تر ئیتر لەمەودوا دەرکەوتن و پەیدابوونی ئەستێرەی سینەما نەبەستراوە بەدیاریکردنی تەمەنەوە.. یان بەمەرجی جوانی و شوخی بەڵکو ماوەی تەمەنیان کراوەیەو بەربڵاوە لەتەمەنی منالیەوە تا تەمەنی پیری.. جاری واهەیە پێویستە یەکێک لەئەستێرەکان رۆڵێکی وا نمایش بکات یان رۆڵی کەسایەتیەک ببینێ بەتەمەن گەورەو پیر بێت.. بۆئەوەی ئەو نواندنە زۆر نزیک بێت لەواقعەوە پێویست ناکات مەکیاج رۆڵ ببینێت.. بەڵکو پێویستە ئەستێرەیەکی بەتەمەن گونجاو لەگەڵ تەمەنی ئەو کەسایەتیە ئەو رۆڵە وەربگرێت.. هەروەها لەبارەی جوانی و شۆخی.. مەرج نیە کەسایەتی مەبەست کەئەخرێتە چوارچێوەی ئەو فیلمەوە جوان و شۆخ بوبێت.. بۆیە ئەو رۆڵە پێویستی بە ئەکتەرێک نە جوان بێت و نەشۆخ.. ئەمجارەش واقع رۆڵی خۆی ئەبینێتەوەو مەکیاج وەلا ئەخرێت..

زۆربەی زۆری ئەستێرەکان تەمەن درێژبوون لەئاسمانی سینەمادا هەر لەلاوییەوە ئەستێرە بوون تا پیری و تەمەنی درێژ بەبێ ئەوەی لەئاستی بەرزی خۆیان بێنە خوارەوە.. دیارترین بەڵگە لەم بارەیەوە ئەستێرەی ناودار (والتربرینان)ە کە لەساڵی ١٩٣٨ دا خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت لەسەر بەشداری کردنی لەفیلمی (کەنتاکی) هەر لەو ئاستەدا ماوەتەوە ئەوەتا لەفیلمەکانی پەنجاکان و شەستەکاندا هەمان ئامادەیی هەیە بۆ نموونە لەفیلمی (ریوبرافو) ی کە لەساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ دا بەرهەم هێنراوە ئەستێرەیەکی گەشو پرشنگدارەو هەرچەندە لەم فیلمەدا زۆر بەتەمەنە.

بەم شێوەیە نمونە درەوشاوەکانی پێشوو بەهۆی مردن و نەمان لەژیاندا پرشنگیان دەکوژێتەوەو بوار ئەکەنەوە بۆ نمونەی نوێی.. ئەستێرەی لاو.. شۆخ و جوان وە یان ئەستێرەی خاوەن ئەزمون کەمەرج نیە چ لاو بێت و چ شۆخ و جوان بێت.. ئێستا لەچوارچێوەی ترادیسونی نوێیدا ئەستێرەکان بونەتە قارەمان.. قارەمانێک پاڵپشت و پەنای دادوەریە وەک (ئالان لاد) لەفیلمە ناودارو بەناوبانگەکەی (شین) و قارەمانی تراجیدی کەژیانی لەپێناوی بەها مرۆییەکاندا بەخت ئەکات وەک (مارلون براندو) لەفیلمی (ڤیڤا زاباتا) و فلیمی (دژی تەوژم) ... هەروەها کیژە پاکە داپۆشراوەکان بەکاڵاو جلوبەرگی نەریتی باو ئەگۆڕین و ئەوکاڵایە فرێ ئەدەن و جلوبەرگی سەردەم لەبەر ئەکەن و رۆڵی خۆشەویست و هاوڕێ نمایش ئەکەن و رێڕەوی پاک ئەگرنە بەر لەرەفتاری دادپەروەری و سێکسی و خاوەنی هەستی ناسکن هەر زۆر زوو نەفرەت لەجودایی و تەنیایی ئەکەن لەسەر شێوازی تایبەتی خۆیان..

قارەمان ئێستا پاڵەوانێک نیە ململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ ئەهریمەن بکات وەک (ئەخیل) و (هەرقل) بەڵکو گۆڕاوەو بوە بەجەنگاوەرێکی بەهێزو پتەو کەهێزە زۆرو زەبەنگەکانیان تەنها بە بەکارهێنانی تفەنگ و دەمانچەکانیان دەرئەبڕن.. وەک (جیمس کاجنی) و (جون واین) و (کلنت یستود) .. هەمویان دڵیان کراوەیە بۆ خۆشەویستی و بۆ کاری جوامێری.. ئەستێرەی نوێی قارەمانێکی لاسارو سوارچاکو عاشقەو لەهەمان کاتدا رێڕەو چاکو دادوەرە.. بەواتایەک (سوپرمان)ە..

قارەمانە کۆمیدیەکانیش کەروخساری منداڵانە زاڵ بو بەسەریاندا و لەزۆربەی فیلمەکاندا گێل و نەفام بوون و دوور بوون لەچالاکی و توانایی سێکسی و خۆشەویستی.. ئێستا گۆڕاون.. ئەو قارەمانە کۆمیدیانە هەموو تواناکانی مرۆڤی ئاسایی هەیە..

ئێستا سیمای پیاوەتی و ژیرێتی خۆی زاڵ کردوە بەسەر سیمای شەرمنی و گێلیستی و نەفامی لەلای قارەمانە کۆمیدیەکان.■



ئەستێرەی نوێی هۆلیود توم کروز

ئەستێرەی شۆخی سینەمای جیهان و فەرەنسا برجیت باردو

ئەستێرەی کەشی سینەمای جیهانی میرل ستریب

هەواڵی وەرزشی جیهانی

سامان دوکانی

تۆپی ئاڵتونی ئەوروپا بە (ئەندری چیفچیکۆ) بەخشرا

تۆپی ئاڵتونی ئەوروپا کە ڕۆژنامەی (فرەنس سپۆرت)ی فەرەنسی دەیبەخشێت بۆ باشترین یاریزانی ئەوروپا.
ئەمساڵ سێ یاریزان بۆ باشترین یاریزانی ئەوروپا لەکۆی (٥٠) یاریزان دەست نیشان کران.
ئەوانیش هەریەکە لەڕۆناڵدینهۆی بەرازیلی و دیکۆی پورتوگالی کەهەردوکیان یاریزانی بەرشەلۆنەی ئیسپانین لەگەڵ (ئەندرێ چیفچیکۆ)ی ئۆکرانی کەیاریزانی (ئەی سی میلانی) ئیتاڵیە.
ئەمە لەئەنجامی راپرسی یەک دێت کەلەنێوان زۆربەی راهێنەرەکانی ئەوروپا کرا.
بەپێی ئەم ریزبەندییە (ئەندری چیفچیکۆ) بەیەکەم یاریزانی ئەوروپا دیاریکراو تۆپی ئاڵتونی پێ بەخشرا، دووەم دیکۆو سێیەم رۆناڵدینهۆ

باشترین راهێنەری جیهان

بەپێی راپرسیەکی رادیۆی (بی بی سی) بەریتانی کە بۆ دیاریکردنی باشترین راهێنەری جیهان سازی کردبوو "ئەرسن فێنگەر"ی فەرەنسی کەراهێنەری یانەی "ئەرسیناڵ"ی ئینگلیزییە بەباشترین راهێنەری جیهان دەست نیشان کرا.
شایانی باسە لەوەرزی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ لەخولی ئینگلیزی دا کە (٣٨) یاریکرا یانەی ئەرسیناڵ بەبێ دۆڕاندن ئەو خولەی تەواو کرد کە (٢٦) بردنەوەو (١٢) یەکسانی هەبوو، بەمەش بوو بەیەکەمی خولی ئینگلیزی. بەم سەرکەوتنە گەورەیە (ئەرسن فێنگەر)ی راهێنەر بوو بەیەکەم راهێنەری جیهان.

پاتستوتا دەچێتە بەرشەلۆنە

یاریزانی ناوداری ئەرجەنتین (گابرێل باتستوتا) کەئێستا لەیانەی (العربی) قەتەری یاری دەکات لەلایەن یانەی (بەرشەلۆنە)ی ئیسپانییەوە داواکراوەو ئەویش بڕیاری داوە بچێتە ئەو یانەیە، ئەمیش لەدوای پێکانی (هێنری کلارسۆن)ی هێرش بەری بەرشەلۆنەوە دێت کەناتوانێت لەوەرزی ئەمساڵدا یاری بکات.
هەرچەندە باتستوتا تەمەنی (٣٥) ساڵە، بەڵام بەرشەلۆنە پێویستی بەیاریزانێکی لەو جۆرە هەیە، شایانی باسە گرێبەستەکە وایە کەبەنیوەی ئەو پارەیە یاری بۆ بەرشەلۆنە بکات کە لەیانەی (العربی) وەری دەگرێت.

ریزبەندی پاڵەوانێتی ئەوروپا

یاریەکانی قۆناغی دووەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا پاش تەواوبوونی قۆناغی یەکەم لە ٢٢-٢٠٠٥/٢/٢٣ دەست پێ دەکات.
لەئەنجامی قۆناغی یەکەم دا (١٦) یانە سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم کەرۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٧ قورعە بۆ یاریەکان راکێشراو بەم شێوەیەی خوارەوەو دوای یاری رۆیشتن رۆژانی ٨-٢٠٠٥/٣/٩ یاری گەڕانەوە دەکرێت.

ریال مەدرید - یۆڤنتس
پۆرتۆ - ئەنتەرمیلان
بەرشەلۆنە - چلسی
ڤێردەربریمەن - لیۆن
لیڤەرپوڵ - بایرلیڤەرکوزن
ئایندهۆڤن - مۆناکۆ
مانچستەریونایتد - ئەی سی میلان
ئەرسناڵ - بایرن میونخ■

لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان

رۆڵی خۆی لەهەڵبژاردنە مێژوویەکەی کوردستان و عێراق دا ئەبینێ

وەرزشکارانی کوردستان ئەو چین و توێژە سەربەرزەن کەهەمیشەو لەهەموو سەردەم و بۆنەو کات و شوێنێک دا خاوەنی هەڵوێستی مەزنانەی خۆیان بوون، بەدەیان شەهیدیان بەکاروانی رزگاری کوردستان پێشکەش کردووە، هەمیشە لەڕیزی نیشتیمانپەروەرانی گەلەکەمان دا بوون، لەسەنگەرەکانی بەرگری کردن دا پێشمەرگەی قارەمان و نەبەرزو بەوەفا بوون، لەیاریگاکان دا نوێنەرێکی دڵسۆزو بەتواناو بەهرەمەندی تیپ و یانەو هەڵبژاردنەکانی کوردستان بوون..
لەدواکۆبوونەوەی کۆمیتەی تەنفیزی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان دا بڕیاردرا کەسێ سەد هەزار دانە رۆژژمێر بەناوی "رۆژژمێری هەڵمەتی هەڵبژاردن" بەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دا وەک دیارییەکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بڵاوبکرێتەوە، ئەم رۆژژمێرانە لەشێوەی تابلۆیەکی جوان دا، کە لەدیوێکیدا وێنەی ئاڵای کوردستان و ئەڵقەکانی ئۆڵۆمپی و وێنەی یاریچییەکی فوتبۆڵی جیهانی و چەند دروشمێکی هاندانی بۆ هەڵبژاردن تیایە - لەدیوەکەی تریشیدا لەسەری سەرەوەی بەگەورەیی نووسراوە "رۆژمێری هەڵمەتی هەڵبژاردن لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان ٢٠٠٥"، لەژێر ئەمەش دا رۆژانی دوانزە مانگەکەی ساڵی تیادایەو باکگراوەندی چەند یاریچییەکی فوتبۆڵی جیهانی تیادایە، شایانی باسە ئەم رۆژژمێرانە کەلەقەبارەو شێوەی کارتێکی بەرباخەڵ دا بوو، هەر لەرۆژانی پێش هەڵبژاردنی ١/٣٠ دا کادیرەکانی لیژنەی ئۆڵۆمپی بەگورج و گۆڵی چالاکانە بەناو خەڵکی کوردستان دا بڵاویان کردەوە.
دەست خۆشی لە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان ئەکەین و هیواداریین هەمیشە لەم بۆنانەدا رۆڵی وەرزش و وەرزشکارانی کوردستان دەربخات.■



لەسەروو تواناکانەوە

بەهێز عوسمان ئیسماعیل

لەساڵی (١٩٨٤) دا لەیارییەکانی ئۆڵۆمپیدا لە (لۆس ئەنجلوس) لەکاتێکدا ماراسۆن بۆ ماوەی ٤٢.٦ کم بۆ ژنان نزیکبوبووە لەکۆتایی، دیمەنێکی دڵتەزێن لەگۆڕەپانی یارییەکەدا رووی دا.
گابریل ئەندیرسین- سچیسس) کە یەک سووڕی بازنەیی مابوو بۆ ئەوەی ماوەکە ببڕێت. کاتێک بینەران سەیری پێشبڕکێکەیان دەکرد بینیان کە (ئەندیرسین -سچیسس) هاوسەنگی خۆی لەدەست داو قاچەکانی هێزیان لەبەر بڕاو بەملاوبەولادا دەکەوت بەدرێژایی رێڕەوی ماراسۆنەکە خەریک بوو دەکەوت بەڵام هێشتا هەرچۆنێک بێت ئەیتوانی خۆی بەپێوە بهێڵێتەوە.
ئەو دوانبێژە تەلەفزیۆنییەی کەسەرنجی ئەدا لەسەر یارییەکە ستایشی ئەو گوڕەی (ئەندیرسین - سچیسس)ی کرد بۆ ئەو ویستو سووربوونی لەسەر بەردەوامبوون بۆ بڕینی ماوەکە، هەروەها وتی ئەو دەتوانێت سەربکەوێت بەسەر ئازارەکەیدا، لەحاڵەتێکی ئاوادا کەئەوپەڕی وزەو گەرمی تیادا کاردەکرێت و وندەبێت هەرچۆنێک بێت دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەفەرمانی بەشە هەستیارەکانی مێشکی ئەمەش هەڵسووڕانی لەخۆوەی لەشە هەتا ئەگەر جووڵەیەکی هێواشی وەکو ماراسۆنیش بێت ئەوا دەرئەنجامەکانی دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستمەکانی لەشی (ئەندیرسین - سچیسس) هەتا نزیکەی (٦) خولەکە بەملاو بەولادا دەکەوت، توانی هاوسەنگی لەشی بپارێزێت و زۆر لەخۆی بکات وە جار جار دەوەستا لەکاتێکدا کە لەهۆش خۆی دەچوو و بەرچاوی رەش دەبوو نەیدەتوانی پێی خۆی ببینێت.
دکتۆرەکان سەیریان دەکردو تێبینی ئەوەیان دەکرد کە (ئەندیرسین - سچیسس) بەشێوەیەکی بەردەوام ئارەقی لێدەڕوات و ئەمەش رێگەی دەدات کە بەردەوام بێت لەسەر رۆیشتن.
(ئەندیرسین -سچیسس) نزیک بوو لەمردن کاتێک کە کەوتە سەر زەوی چونکە زۆری لە لەشی کردبوو لەسەروو ئەو توانایەی کەهەیبوو بۆ مانەوەی هاوسەنگی لەشی هەروەها لەو دیو ئەو توانایەی کە پێویستە بۆ مانەوەی خانەکانی لەشی، دوای ئەوەی کەزانیان حاڵەتێکی زۆر کتوپڕ روویداوە فەرمانبەرەکان بەپەلە لەمەیدانی گۆڕەپانەکەوە گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانە کەتیایدا بەخێرایی چارەسەر کرا. ئەمە نموونەیەک بوو بۆئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەمان لا دروست بێت کەئایا ئەو پەستانانە چین کەرووبەڕووی وەرزشەوانان دەبێتەوە لەکاتی ماراسۆندا؟
لەباری سروشتیدا، لەشی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە کە پلەی گەرمی، ئاستی خوێ وە هەروەها پلەی ترشێتی و رێژەی ئاو لەلەشدا بەهاوسەنگی بهێڵێتەوە، بەهەرحاڵ! کاتێک لەشی مرۆڤ زیاد لەپێویستی خۆی وزە بخاتە گەڕ ئەوا رووبەڕووی تێکچوونی سیستەمەکانی لەشی دەبێتەوە.
مەشقی وەرزشی پێویستی بەشیکردنەوەی (تێکشکاندنی) زیاتری شەکر هەیە لە لەشدا لەکردارێکدا کەپێی دەوترێت شەکرەشیبوونەوە هەروەها پێویستی بەخانە هەناسەی زیاترە بۆ دەرپەڕاندنی وزە بۆ چالاکی ماسولکەکان، بەڵام بڕێک لەو وزەیە هەمیشە لەناودەچێت وەکو گەرمی.
زۆر وەرزشکردن واتە گەرمییەکی زیاتر دروست بووە، رێکخستنی پلەی گەرمی لەشیردەرەکاندا پێویستی بەئاستێکی تەواو لەئاو هەیە بۆ ونکردنی گەرمی لەڕێگەی ئارەقکردنەوە، هەروەها هاوسەنگی خوێش دەگۆڕێت چونکە خوێ بەهۆی گەرمییەوە لەناو دەچێت. ئەگەر بێتو دابینکردنی ئۆکسجین بۆ خانەکانی ماسولکە ناتەواو بێت (کەم بێت) بۆ بەردەوامبونی تەواوی خانە هەناسە ئەوا ئاستەکانی (لیڤڵ ئۆف لاکتیک ئەسید) دەست بەبنیاتنان دەکات لەئەنجامی شەکرە شیبوونەوە بەدوایدا کرداری ترشاندن (فێرمێنتەیشن) دێت کە بەبێ بوونی ئۆکسجین روودەدات (ئەنیرۆبیک ریسپیرەیشن)، بڕێکی زۆر لە لاکتیک ئەسید دەڕێژتە خوێنەوە، بەشێوەیەکی دیار دەبێتە هۆی دابەزینی (پی ئێچ)، کەمبوونەوەی ئاو (دیهایدرەیشن) دەبێتە هۆی خەستبوونەوەی لەڕادەبەدەرەی خوێن کە کرداری سووڕی خوێن لەوانەیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی ناتەواو بێت ئەبێتە هۆی مردن و لەدەستدانی بەشێک لە لەش بەهۆی کەمبوونی ئۆکسجین (گەنگرین) وە بڕینی پەلی توشبوو بەنەشتەرگەری (ئەمپیتەیشن).
شیردەرەکان بەجۆرێک توانای هێشتنەوەی باری ناوەوەی لەشیان هەیە بەنەگۆڕی لەبەرامبەر گۆڕانی باری دەرەوەدا بەهۆی رێکخستنی کردارە خانە و بەهۆی سیستمی ئەندامەکانیانەوەو بەهۆی هەڵسوکەوتەوە.
لەکۆتاییدا، (فید باک میچانیسمس) کەتیادا سیستمی دەمارەکان یان سیستمی هۆرمۆنی، یان هەردوکیان بەکاردێت، دەست دەگرێت بەسەر:
×زیندە چالاکی گشتی، رۆیشتنی خوێن بۆ شانەکان، چالاکی ماسولکە لەگەڵ ئارەقکردنەوە بۆ رێکخستنی پلەی گەرمی لەش.
×دەردان بۆ راگرتنی بڕی هاوسەنگی ئاو و خوێی ناوەوەی لەش.
×هەرسکردن، هەڵگرتن، هاتوچۆکردنی خۆراک بۆ دابینکردنی بڕێکی تەواو لەخۆراک وەکو گلوکۆز، بەکاردێت بۆ پێدانی وزە، گەشەکردن و چاکردنەوە.
×هەواگۆڕکێ بۆ بڵاوکردنەوەی بڕێکی تەواو لەئۆکسجین بۆ شانەکان، بۆ راپەڕاندنی زیندە چالاکی هەروەها بۆ دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بۆ هێشتنەوەی ئاستی (پی ئێچ) بەنەگۆڕی.
×هەڵسوکەوت کەڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بەتەواوی لەسەر هەموو ئەو چالاکییانەی سەرەوە کەباسکران.■

تیپی فوتبۆڵی بێچووە شێرانی یانەی وەرزشی پێشمەرگە

چاوەڕووانە.. ببێتە قوتابخانە

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی "٢٠٠٤"ەوە بەسەرپەرشتی راهێنەری شاری سلێمانی "حەمە بچکۆل" و هاریکاری "شێخ باهیر" کۆمەڵێک یاریچی منداڵی گەڕەکەکانی چوارباخ و شێخ محێدین و شارەوانی کۆکراونەتەوە و هەفتانە دووجار لەیاریگای دووەمی سلێمانی مەشقی رێکوپێکیان، پێ ئەکەن، ئەم منداڵانە تەمەنیان لەنێوان "١٢-١٥" ساڵ دایە، یاریکەری زۆر بەهرەمەندیان تیدایە..
تیپەکە لەلایەن لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانەوە هەندێ یارمەتی دراوە، وایش چاوەڕوان ئەکرێ کەلەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرانی یانەی وەرزشی پێشمەرگەوە یارمەتی تەواو بدرێ و بەتایبەتی خودی سەرۆکی یانەکە بەڕێز "شێخ جەعفەر شێخ مستەفا" بەڵێنی ئەوەی داوە کەپشتگیرییەکی کاریگەری تیپەکە بکات،.. لەڕاستیش دا خاوەن بیرۆکەو راهێنەری ئەم منداڵانە، وا چاوەڕوانە، کەئەم تیپە وردە وردە ببێتە قوتابخانە، بێگومان ئەمەش بەنەخشەو پلانێکی زانستیانە، .. ئەمەو دوا هەواڵی ئەم تیپەش ئەوەیە کە راهێنەری ئەم تیپە، تیپەکەی کردووە بەشەش کۆمەڵەوەو لەیاریگای دووەمی سلێمانی خولێکی بۆ کردوونەتەوە کەسەر لەبەیانیانی هەموو رۆژانی هەینی یارییەکانیان ئەکرێ،.. شیاوی وتنە تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە جگە لەوەی کەبەڕێز "عومەر محەمەد کەریم" جێگری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان چەند تۆپێکی پێشکەش کردوون، هیچ یارمەتییەک لەهیچ کەس و لایەنێکەوە نەدراون..
هیواداریین سەرجەم یانەکانی کوردستان لەسەرجەم وەرزشەکان دا تیپی قۆناغە تەمەنە جیاجیاکان پێک بهێنن بۆ دانانی بنەمایەکی تۆکمەی وەرزشی بەنەخشەو پلانێکی زانستیانە.■

ئەبو تریکەی میسری توشی لێدان دەبێت لەهەوڵی بڕینی هێڵی بەرگری کۆریا

ئەگاسی و بیرکردنەوە لەداهاتوو دوای دۆڕاندن

راهێنەری چێلسی یاریزانەکانی دوای بردنەوەیان لە بلاکبێرن

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس
مەلا بەختیار

ستافی کارا
سامی هادی، جەمال حوسێن

نەخشەسازی: جەلیل حسێن – ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛ تەها حەمە نوری؛ ئیبراهیم حسێن

THE OBSERVER

Aweekly Political, Educational & Social Press - Kurdistan - Iraq
No.: (15) 7-2-2005

ناونیشان
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٢٧١٢٠ - ٣١٤٠٤١٦
E-mail
info_chawder@yahoo.com
info_obsever@yahoo.com

نرخی (٢٥٠) دینارە

تابووری شەشەم

شەریک شعور

مەکە رۆڵە مەکە

ئەمە نەسیحەتی دایکێکی داماوی عالەمی سێ نیە کە بەدەست مناڵە عەجولەکەیەوە گیری خواردبێت. هاواری وەستایەکی قرخنیش نیە کە نایەڵێ شاگردەکەی بە دەستکاریی کردنی شتومەک صنعەتەکە فێر ببێ. ئەی تۆ بڵێی پاڕانەوەی دایە نیشتمان بێت لە رۆڵە ویژدانسزەکەی کە سەری لە خیانەت و خیانەتکاری ئەخورێ؟! نەخێر مەبەستمان لەم مەکە رۆڵە مەکەیە ئەوەش نیەو هەڕەشەی موراقیبی بەلەدێش نیە لەو هاووڵاتیانەی کە لە عانی تەعمیراتی دوکان و موکانەکانیانا سێ چوار مەتر دێنە پێشەوە. زمانحاڵی ئەوروپاش نیە کە بە ئاشکراو بە نهێنی لە تاران ئەپاڕێتەوەو ئەڵێ مەکە ئاغا مەکە، یاری بە کەرەسەی ئەتۆمی مەکە. قیژەی سایەق تەکسییەکەی ریزی بەنزینیش نیە لەو علوجە کاربەدەستەی کە هاتووە بەتەمایە نۆرەبڕی لێبکات. لالانەوەی فەرهادی سەدەی بیست و یەکەمیش نیە لە شیرین خان کە پێی لێ کردۆتە کەوش و داوای ماڵی جیا ئەکات. ئامۆژگاری ئەڤەلۆنیش نیە بۆ ئەو لادا شڕەی کە بەهەموو ئەقڵی خۆی و دۆجی حەفتاو چوارەوە ئەیەوێ پێشی ئەم بکەوێ و لە یەکەمین پێچ کردنەوەدا بۆڵتی دەرئەچێ. تەجروبەی حەیاتی ئەو تڕۆکراوەی تەئریخیش نیە کە بیەوێ هەڤاڵێکی گەرمە تەنوری ئەم سەردەمە لە مەسەلەی جەماعەت جەماعەتێنە پەشیمان بکاتەوە. مەکە رۆڵە مەکەی تابووری ئەمجارەمان خولاصەی هەموو خەبات و تێکۆشانەکانی ئەم دەوروبەرەیەو ئەڵێ مەکە رۆڵە مەکە.. زەمانی ئینسانی ماستاوچی مەکەو دانیشن بەخێر.■

سەرباری نەخۆشیە کوشندەکەی هونەرمەند

ئەحمەد زەکی جارێکی تر دەچێتەوە بەرچاوی کامێرا

هێدی هێدی خەونی ئەکتەری ناسراوی میسری "ئەحمەد زەکی" خەریکە دێتە دی بەرایی کردنی رۆڵی هونەرمەندی گۆرانیبێژی

بەناوبانگ "عەبدوالحلیم حافز" لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی "عەندەلیب" دا کەهەفتەی پێشوو دەست نیشانی رۆژی وێنەگرتنی یەکەم دیمەنی کرا لەستۆدیۆدا.. ئەم بەرهەمە یەکەم زنجیرەیەکە باس لەژیانی ئەو هونەرمەندە گۆرانی بێژە دەکات.

دووهەم بەرهەمی کۆمپانیای "جودنیوز جروب"ە کەعمادالدین ئەدیب"ی پسپۆڕ لەبواری راگەیاندن دا سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبردنیەتی دوای نۆبەرەی بەرهەمەکەیان کەفیلمی "ئاپارتمانی یەعقوبیان" بوو ئەستێرە بەناوبانگەکانی سینەمای میسری تیادا کۆبۆوە.■

کامۆ

نامۆبوون

خوێندنەوەی: حەمە هاشم

ستایلێکی باوو، بۆ بابەتێکی ئاڵۆز، نامۆبوون، کە بابەتێکی مێژوویی و فەلسەفی گرنگەو لەو بەرهەمە هونەرییەی هونەرمەند (عوسمان قادر)، لەنێو غوباری کۆمەڵێ رەنگی جۆراوجۆردا رەخساوە.

لەیەکەمین نیگاماندا بۆ تابلۆکەو وێنەی (ئاوت لاین)ی پیاوێکی شەرمن دەبینین، کە لەپشت دەرگایەکەوە بەترس و شەرمێکی زۆرەوە خۆی خزاندۆتە باوەشی (نامۆیی).. لەو دیو دەرگاکەشەوە وێنەی پشیلەیەکی بەئاگا دەبینرێت لەپاڵ رووەکێکی ساکار، کە ناتوانێت سێبەر بدات بەگەڵاکانی خۆیشی.. ئەم فەزایە لەنێو چوارچێوەیەک لەنەخش و فیگەرو کوتلەی جۆراوجۆرو لەدیزاینی خانوویەکی رۆژهەڵاتی کە بە(قوور)و (دار) دروست کرابێت، وەلەخوارەوەش (ماسی)یەک لەنێو رووبارێک لەرەنگی (وەنەوشەیی و نیلی)دا سەرمەستی گەڕانێکی بێهودەیە.

ئەم کارە کە بەرەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس، کاری لەسەر کراوە، لەدەربڕین و گوزارشت کردندا کارێکی نامۆ نیە، بەقەد ئەوەی کە لە بینیندا نامۆیی زووتر دەگاتە بینینەکانمان، ئەمەش وادەکات کە توانستی دەربڕینی هونەرمەند تەوژمی بەهێزمان بداتێ.. هەرچەندە ئەم جۆرە کارکردنە لەدوونیادا باوەو زۆر تازە نیە هەم لەڕووی دەربڕین و بابەتەوە، هەم لەڕووی ستایل و تەکنیکی کارکردنەکەیەوە، بەڵام ناکرێت لەئاست هاوتەبایی و گونجانی رەنگ و دابەشکردنی هێڵەکان لەڕووبەری بۆشاییەکاندا قسە نەکەین، چونکە دەسەڵاتێکی رەسەن و هێزێکی ئیستاتیکی سەرتاسەری کەشی تابلۆکەمان بۆ دەخەملێنێت، بەهێڵی (نەرم) رەنگی (تازە)و بۆشایی (هاوسەنگ)، کە ئەمانە لە بۆتەیەکداو لەکۆبوونەوەیاندا فۆرمێک دروست دەکەن کە لەچاودا جێگیرو جوان بەخشە.■

سوپاس... ئەی رێکخراوە دیموکراتییەکان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان

رێکخراوە دیموکراتیەکان و وەرزشکاران، سەرەرای ئەوەی رەخنەیەکی زۆریان لەدانانی لیستەکانی هەڵبژاردنەکان هەبوو کەکەمترین نوێنەریان لەلیستەکاندا، دانراوون. بەڵام وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و دیموکراتی و مەدەنی، بەوپەری هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە، هەموو توانای خۆیان خستە کار بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و پوچەڵکردنەوەی ئەو پیلانانەی بۆ ساردکردنەوەی خەڵک لەبەشداریکردنی هەڵبژاردنەکاندا، دانرابوون. تەواوی وەرزشکارو رێکخراوە دیموکراتیەکان، بەکۆڕو کۆبونەوە، بەدانانی سەدان چاودێری هەڵبژاردن، بەچاپکردنی دەیان هەزار پۆستەر، رۆژژمێرو چاپکردنی سێ ژمارە پاشکۆی هەڵبژاردنی رۆژنامەی چاودێر، ئەمە جگەلە چالاکی هونەری و پەخشی ئیزگەی مەدەنیەت لەسلێمانی و خانەقین.. تاد.

بەڵێ.. بەو توانا جەماوەری و کاریگەرە مەدەنییە، بەو تێگەیشتنە هاوچەرخە لە ئەرکە دیموکراتیەکان، سەدان هەزار وەرزشکارو ئەندام و دۆستی رێکخراوەکان و یانەو تیپە میللیەکانی وەرزشی، بەشدارییەکی بەرچاوی کاریگەرییان لەهەڵبژاردنەکاندا هەبوو. دەست خۆشی لەلیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و سەرجەم رێکخراوە دیموکراتیەکان و سەندیکاکان لەسەر خستنی ئەم پرۆسەیەدا دەکەین. بەهیوایین لەهەڵبژاردنی ئایندەدا.. قەرەبووی فەرامۆش کردنیان، بکرێتەوە.■

ئەلیسا خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداری لەیەکەم فیلمی سینەماییدا

دوای رەزامەندی دەربڕینی لەبەشداری ئەزمونێکی سینەماییدا. کچە گۆرانی بێژی دەنگ خۆش (ئەلیسا) لەسەرەتای مانگی ئاداری داهاتوودا دەچێتە (قاهیرە)ی پایتەختی وڵاتی میسر بۆ بەشداری یەکەم ئەزمونی لەبواری سینەماداو بۆ وێنە گرتنی فیلمێک کەچیرۆک نوس و

سینارست (بەهادین محەمەد) نووسیویەتی، ئەم فیلمە ئەستێرەی بەناوبانگ (ئەحمەد سەقا) هاوبەشی پاڵەوانێتییەکەی دەکات و بەباشی دەزانێت کەیەکەم رۆژی مانگی مارس دەست بەوێنەگرتنی بکەن. ئەویش دوای کۆتایی هێنان بەوێنەگرتنی فیلمە تازەکەی کەناوی (پاسەوان)ە.. ئەو فیلمە تازەیەی (ئەلیسا) و (سەقا) بڕیارە لەماوەی (٨) هەفتەدا تەواو بکرێت و شوێنەکانی وێنەگرتنی لەنێوان (قاهیرە) و وڵاتی تورکیادا بێت..■

ئامادەکردنی لەئینتەرنێتەوە: رەمکان

یەک شەو پیتەرئوتول و عومەر شەریف بەیەکەوە کۆدەکاتەوە

ئەستێرەی بەناوبانگی سینەمای جیهانی (عومەر شەریف) دڵنیاییدا لەوەی کەدەگەڕێتەوە بۆ بواری نواندن لەبەرچاوی کامێرا لەگەڵ ئەستێرەی بەناوبانگ (پیتەر ئوتول) دا لەفیلمێکی تازە بەناونیشانی (یەک شەو لەگەڵ پاشادا) رووداوەکانی ئەم فیلمە باس لەژیانی کچێکی یەهودی دەکات کە دەبێتە (شای سوارچاکی).

هونەرمەند (عومەر شەریف) تیایدا رۆڵی شازادە (میموکان) رایی دەکات و خۆشحاڵی خۆشی نیشاندا لەبەشداری کردنی لەگەڵ هونەرمەندێکی گەورەی وەک (پیتەر ئوتول)دا کەپێشتریش بەهاوبەشی پاڵەوانێتی فیلمی (لۆرانسی عەرەب) یان بەیەکەوە رایی کردبوو وئێستاش یەکێکە لەبەناوبانگ ترین بەرهەمە سینەماییەکانی جیهان. هەروەها دەڵێت: هەست بەچالاکیەکی بێ ئەندازە دەکەم دوای دابڕانی پێشووم لەچەند ساڵی رابردودا.

تازەترین بەرهەمەکانی ئەم دواییەی (عومەر شەریف) بریتین لە(ئیبراهیمی بەڕێزو گوڵەکانی قورئان) کەتیایدا ساڵی رابردوو خەڵاتی سیزاری فەرەنسی بەدەست هێنا..■

ئا: رزگار

دڵی ژن بەهێزترو باشترە لەدڵی پیاو

چەند توێژەرەوەیەکی بەریتانی ئاشکرایان کرد، کەیەکێک لەهۆکارەکانی تەمەن درێژی ژنان بەبەراود لەگەڵ پیاوان لەوەدایە کەدڵی ژنان زۆر بەهێزترو باشترە لەدڵی پیاوان. ئەم توێژەرەوانە کەمامۆستای زانکۆی (لیڤەرپول)ن، دەڵێن: دڵی پیاوان لەتەمەنی (١٨-٧٠) ساڵیدا نزیکەی (٤/١)ی هێزو توانای خۆی لەپاڵنانی خوێن لەدەست دەدات. بەڵام دڵی ژنان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەنیان هەر بەچوست و چالاکی و گەنجی دەمێنێتەوە. بۆ نمونە، دڵی ئافرەتێکی تەمەن (٧٠) ساڵ وەک تەمەنی (٢٠) ساڵی کاری خۆی دەکات. لەچوارچێوەی تاقیکردنەوەکانیان سەبارەت بەپیری. پتر لە (٢٥٠) کەس لەپیاو و ژن کەتەمەنیان لەنێوان (١٨-٨٠) ساڵ بوو، خرانە ژێر لێکۆڵینەوە زانستیەکانیان. دواتر بۆیان ئاشکرا بوو کەدڵی ئافرەتەکان زۆر جیاواز بوو لەڕووی بەهێزی و توانای کارکردن و گەنجییەوە لەگەڵ پیاوە هاوتەمەنەکانیان.. زاناکان پێیان وایە کە پیاویش لەرێگەی (سیستەمێکی وەرزشی)یەوە، دەتوانێت تەندروستی دڵی خۆی بپارێزێت. چونکە بۆیان ئاشکرابووە کەدڵی پیاوە وەرزشکارەکان، کەتەمەنیان لەنێوان (٥٠-٧٠) ساڵە، وەک دڵی گەنجە وەرزشکارەکانە، کەتەمەنیان (٢٠) ساڵە..■

سۆلین

ژمارە (٣) ٢٠٠٥/١/٢٧
پاشکۆیەکی تایبەتی (چاودێر)ی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی. ن. ک) بۆهەڵبژاردن

دیاردەیەکی ناشارستانی لەعێراق و پێچەوانەکەی لە کوردستاندا

لەگەرمەی ململانێی هەڵبژاردنی هێزو لایەنەکان، لیستێکی زۆرو پۆستەرێکی زۆرترو بەیاننامەیەکی بێ شومار لەعێراقدا بڵاودەکرێتەوە. هەواڵە باوەڕپێکراوەکان وادەگەیەنن کەلەبەغداو شارەکانی خواروو و ناوەراستدا، دڕینی پۆستەرو داگرتنی لافیتەکانو فشار خستنە سەر هەڵسوڕاوانی هەڵبژاردن، بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت. هیچ پۆستەرو لافیتەو وێنەیەک سەعاتێک بەدیوارەوە نامێنن. ئەم کارە دزێوەش، لەلایەن کۆنە بەعسیو ئیسلامگەراکانی دژ بەدیموکراتی ئەنجام دەدرێت. بەپێچەوانەی ئەم دیاردە دژە دیموکراتیو شارستانییە، لەکوردستاندا، ئازادی هەموو جۆرە هەڵسوڕانێکی هەڵبژاردن دەستەبەرە. مەگەر رەشەبا پۆستەرێک یان لافیتەیەکی بێ ناز خستبێت، ئەگینا لەلایەن هیچ حیزبو کاربەدەستو گروپێکەوە، ڕەفتاری دزێوی دڕینو داگرتنی پۆستەرو لافیتەو وێنە نەبینراوە. ئەمەش دەیسەلمێنێت هۆشی دیموکراتی لەکوردستاندا، زیندووە. ■

سەبارەت بەڕێژەی پاڵێوراوان..

مام جەلال ڕەخنەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی سەلماند

مام جەلال لەگەڵ سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

مام جەلال لەگەڵ کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان

مام جەلال لەگەڵ کارمەندانی تەندروستی کوردستان



مەلا بەختیار لەگەڵ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

بەڕێز مام جەلال

هەروەکو دەزانن، لەم هەڵبژاردنانەدا، کەمترین ڕێژە بۆ ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لە لیستەکاندا دانراوە، بەڕای ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لەبەر ئەرکی نەتەوایەتی و دیموکراتی سەرشانیان، ئەم ساردە نەبوونەوە، بەڵکو ئەرکیشیان کەوتوەتە هەمتی پڕوپاگاندەی هەڵبژاردنیش.

ئایە جەنابت.. دەتوانیت بە پەیمانێکی دیموکراتی بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە دڵنیا نەبێتەوە؟ بەڕای ئەگەر ئەم سیاسەت و بڕیارە دووپات نەبێتەوە؟

مەلا بەختیار
٢٠٠٥/١/٢٧
قەڵاچوالان

— مام جەلال!

هاوڕێی خۆشەویست کاک بەختیار بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

پێم وایە گلەیی دۆستانی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان ڕاستەوڕە وایە. هیوادارم لە داهاتوودا ڕەچاویان بکەین و تەکلیفیان لە لیستە جیا جیاکاندا. هیوادارم ئەو خەبات و دڵسۆزییە چالاکیانە بۆ سەرخستنی هەڵبژاردنەکان.

هەر شاد بن

برای دڵسۆزتان
مام جەلال
٢٠٠٥/١/٢٧

جوانی ڕەخنەلەخۆگرتنی دەسەڵات

لەهەفتەی رابردوودا، لەو کۆبوونەوە فراوانەی مام جەلال لەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندا سازیدان، (هونەرمەندانی کوردستان، کارمەندانی تەندروستی، زیندانیە سیاسیەکان، یەکێتی مامۆستایان، ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان شارەزوور، تەکنیکاران، جووتیاران.. تاد). هەریەکەیان بەجیا، ڕەخنەو گلەیی خۆیان لەسەر کەمترین بەشی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لەلیستەکانی هەڵبژاردندا، لەبەرچاوی ئامادەبوانو لەبەردەمی کەناڵەکانی راگەیاندندا، خستەڕوو. لەهەموو کۆبوونەوەکاندا، مام جەلال ڕەخنەکانی دەسەلماندو گفتی دەدانێ لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا، قەرەبووی ئەو کەمو کوڕیانەیان بۆ بکاتەوە. لەدرێژەی ئەو داخوازیانەدا، چاودێر پرسیارێکی ئاڕاستەی مام جەلال کردو ئەویش بەدەسخەتی خۆی (کە دەقەکەی بڵاودەکەینەوە) وەڵامی دایەوەو هەمان گفتی دووپات کردەوە.

ئەم شێوە رەفتارە دیموکراتیە لەگەڵ ڕەخنەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانو نووسەراندا، کارێکی شارستانی جوانەو بریا، ئەم رەفتارە بەرەبەرە بکرێتە نەریتو لەناو تاکو کۆی کۆمەڵدا بەشێوەیەک بچەسپێندرێ، کەنەتوانرێ پێشێل بکرێ. جێبەجێ کردنی ئەم ڕەخنەلەخۆگرتنو گفتانەش لەئایندەدا، دەبێتە شایەتحاڵی گوێلێگرتنی دەنگی جیاوازو ڕەنگی جیاوازو بیری جیاواز. هەر ئەمەش کێشەکانی بەردەم خواستە مەدەنیەکان چارەسەر دەکاتو دەنگە مەدەنیەکان دەخاتە خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵ.

ئەوەی جێی گومان نییە، ئەو راستیەیە کە هەتادێت دەسەلمێت ناکرێ تاقە ئاراستەی بڕیار، ئاڕاستەی حزبی، یان هی دەسەڵات بێت، بەڵکو لەدەرەوەی ئەم ئاڕاستەی حزبیو دەسەڵات، ئاڕاستەی ڕێکخراوە مەدەنیەکانو رای گشتیش لەئارای سیاسەتی ئێستادا هەن. بەڵام بەداخیشەوە، هەشن هێشتا لەم ئاستو ئاراستە نوێیەوە سەیری دیاردەکان ناکەن. بەڵکو بەپێچەوانەوە بڕیار دەدەن. هەڵبەتە ئاراستەیەک گۆڕانکاریەکانی مێژوو بیخولقێنێ، ستەمە بەئاراستەی پێچەوانەی ڕووداوەکانی مێژوو هەتاسەر دژایەتی بکرێ.

ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لەم هەڵبژاردنەدا، دڵنیان تێکرا دەیسەلمێنن کەچەند پەرۆشی هەڵبژاردنو سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی دەبن. چەندیش خەباتی دیموکراتیو مەدەنیان لەئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکە دانابڕن. هەر بەم پەرۆشیەش لەهەڵبژاردنەکانی ئایندە دەتوانن سەنگو دەنگو ڕەنگی خۆیان کاریگەرتر ببنە پێشەوەو هاوشانی ئەرکەکانیان، مافەکانیشیان دابین بکەن. ■

یەکگرتووی ئیسلامی چۆن پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن دەکات

یەکگرتووی ئیسلامی، لەناو لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستاندا (٩) کورسی دەستکەوت، لەسەر ئاستی عێراقیش بەهەمان شێوە لەگەڵ لیستی هێزە کوردستانیەکاندایە. تەنهالەلیستی پارێزگاکاندا بەختی ئیسلامگەرایی خۆی تاقیدەکاتەوە. ئەرکی سەرشانی ئەم هێزە سیاسیە ئەوەیە، وەکو هەموو هێزەکانی تر بەفراوانی پڕوپاگەندە بۆ هەموو لیستەکان بکات، کەچی تەلەفزیۆنەکەیان بەزۆری سەرقاڵی لیستی پارێزگاکانیانە، کەمترین پڕوپاگەندە بۆ لیستەکانی تر دەکات، چونکە بەحسابی خۆی لەلیستی هەردوو پەرلەمانەکەدا مسۆگەرە، دەشیەوێ لە لیستی پارێزگاکاندا هێندەی بۆی دەکرێ بەشی لایەنەکانی لیستە هاوبەشەکانیش بخوات.

هەندێک هەواڵ وادەگەیەنێ، یەکگرتوو بەتەمان دەنگ بەلیستێکی تری ئیسلامی بدەن، بەحسابی خۆیان پشکی پەرلەمانەکانیان کە مسۆگەر کردووە، دەیانەوێ جگە لەخۆیان لیستی تری ئیسلامیش زۆرترین کورسیان بەرکەوێ، هەتا لەناو پەرلەماندا یەکبگرن لەپێناوی ئامانجی هاوبەشیاندا.

یەکگرتوو لە هەڵبژاردنێکی ئاوادا بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هێزەکانو لایەنەکاندا دەکات، مەگەر هەر خۆیان بزانن دوای هەڵبژاردن، چ مانۆڕێک لەناو پەرلەمانەکانو پارێزگاکاندا دەکەن؟ ئاخۆ هەموو دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست چۆن ڕەفتار بکەن.

چاودێری
تەلەفزیۆنی یەکگرتوو

هــــاوڵاتـــی ئازیز!

دوژمنان پێیان خۆشە بەشداری هەڵبژاردن نەکەی.. دەتۆش دڵیان بتەزێنە

ژنان و خوشکان! بەشداری هەڵبژاردن رانگدانەوەی سۆزو میهرتانە بۆ نەتەوەکەتان









بۆ ئەوەی ئاڵای کوردستان دانەگرن، بەشداری هەڵبژاردن بکەن

هەڵبژاردن و بیروڕای هاوڵاتیان

رەهێڵ عەلی

لەسیستەمی سیاسی ئازادو دیموکرات و چەسپاوی دەستورو جۆری هەر رژێمێکدا تاڕادەیەک ئاساییە هاوڵاتیان وەکو پێویست بەژداری پرۆسەی هەڵبژاردن نەکەن، چونکە بەژداری کردن یان نەکردنیان کاریگەری تەنها بۆ سەر رێژەی دەنگی حزبەکان هەیە هەم لەپەرلەمانداو هەم لەحکومەتەکەدا. واتە هیچ کاریگەریەکی نییە بۆ سەر دەستوری وڵات و شێوازی جۆری رژێمەکە، بۆ نمونە کاتێک کەهاوڵاتیانی ئەمەریکا بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد لەساڵی (٢٠٠٤)، تەنها بۆ ململانێ و بردنەوە بوو لەنێوان (بۆش و کێری) بۆ سەرۆکایەتی وڵات. واتە نە بەدەرچوونەوەی بۆش دەستکاری جۆر شێوازی حوکم کرا نەئەگەر کێریش دەرچوایە دەستکاری دەستورو شێوازی جۆری حکومی دەکرد. چونکە مافی سەرجەم هاوڵاتیانی ئەمەریکا لەدەستوردا جێگیر بووە و دڵنیایی و ئارامی لەلای سەرجەم هاوڵاتی ئەمەریکی هەیە بەرامبەر حکومەت لەهەموو هەرێمەکان و ولایەتەکاندا، چونکە هیچ کات و هیچ سەرۆکێک ناتوانێت دەستکاری دەستور بکات، بێجگە لەزیادکردنی ئەویش دەبێت لەبەرژەوەندی سەرجەم هاوڵاتیانی ئەمەریکا دا بێت.

بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردنی لەعێراق دا بەگشتی جیاوازە چونکە ئەم هەڵبژاردنە بۆ دارشتنەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراقە کەدەبێت ئەو پەرلەمانەی دەستوری عێراق دەنوسێتەوە و شێوازو جۆری ئایندەی سستمی حکومەتی عێراق دیاری دەکات. نوێنەری هەموو نەتەوە ئاین و مەزهەب و گروپە جیاوازەکانی عێراقی تێدا بێت بۆئەوەی هەریەکەیان لەپێناو وەرگرتنەوەی مافی خوراویان بێ بەش نەبونیان لەخێرو بێرو دەسەڵاتی داهاتوی عێراق. هەر لەسۆنگەی ئەمەشەوە هەموو نەتەوە و پێکهاتە و مەزهەب و ئاینە جیاجیاکان کەوتونەتە خۆیان بۆبەشداری کردن لەپرۆسەکە و بەدەستهێنانی رێژەی زۆری گرنگ تا نوێنەرێکیان لەپەرلەمان زیاتر هەبێت بۆ چەسپاندنی مافەکانیان. بەڵام ئەوەی کەجێی سەرنجە هەڵوێست و لێدوانی هەندێک لەهاوڵاتیانی کوردە کەزۆر بێ ئاگایانە بەنەخێر وەڵامی بەشداری نەکردن لەپرۆسەی هەڵبژادرنی ئایندەی کوردستان و عێراق دەدەنەوە.

ئەو بەرێزانە لەدرزێکی زۆر بچوک و مەودایەکی زۆر تەسکەوە دەڕواننە پرۆسەکە و گرنگی و کاریگەری دەنگیان لەپرۆسەکەدا بۆیە من دەڵێم:

×کاتێک تۆی بەڕێز بەشداری ناکەیت لەهەڵبژادرن وەکو نەتەوەی کورد زەرەر بە بەرژەوەندیەکانی خۆت و نەتەوەی کورد دەگەیەنێت لە دارشتنەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی ئایندەی عێراق.

×کاتێک تۆی بەڕێز بەشداری ناکەیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشدار دەبیت لەزاڵبونەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی عەرەب بەسەرکوردا.

×کاتێک تۆی بەڕێز بەشدرای ناکەیت لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەشدار دەبیت لەئاوەدان نەکردنەوەی کوردستان کەرژێمی پێشوی عێراق بەدرێژایی (٣٥) ساڵەی دەسەڵاتی کەمترین خزمەتگوزاری و ئاوەدانی گەیاندووە بەکوردستان.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشدار نابیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشدار دەبیت لەکەمی داهاتی تاکی کورد باشترکردنی ژیانی موچەخۆران و خۆشگوزەرانی کردنی ژیانیان.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشدار نابیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشدار دەبیت لەنەگەیاندنی دەنگی کورد بەجیهان تێکەڵ بونی کورد بەجیهانی دەرەوە.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشدار نابیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن، بەشدار دەبیت لەپێش نەخستنی زانست و ئاستی تەکنەلۆژیا لەکوردستاندا کەلەهەموو کوردستاندا لەسەردەمی رژێمی بەعس تەنها یەک زانکۆ هەبوو.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشدار نابیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشدار دەبیت لەقەرەبوکردنەوەی زیان کەوتوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو کوردستان و ئەنفال و راگوێزراوەکان.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشداری ناکەیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشدار دەبیت لەکولانەوەی برینی جەرگی دایکی سەدان هەزار شەهیدی ئەم وڵاتە.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشداری ناکەیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن، بەشدار دەبیت لەپرۆسەی تەعریب و پاکتاوی رەگەزی و مانەوەی کەرکوک و ناوچە کوردیەکانی تری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی بیری شۆڤێنی عەرەبی و رژێمەکەی.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشداری ناکەیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن، بەشدار دەبیت لەناوبردنی ئەو ئازادیی و ئارامی ئاسایش و جوانکاری و خۆشگوزەرانیەیی کەبەئیعترافی دۆست و دوژمن نەتەوەی کورد بەدرێژایی ئەم (١٣) ساڵەی دور لەدەسەڵاتی رژێمی مەرکەزی کورد بەدەستی هێناوە.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشداری ناکەیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن، بەشدار دەبیت لەدیاری کردنی چارەنوسێکی نادیار هەم بۆ خۆت و منداڵەکانت هەم بۆ نەتەوەکەت.

×کاتێک کەتۆی بەڕێز بەشداری ناکەیت لەپرۆسەی هەڵبژاردن، هیچ جیاوازیەکت نییە لەگەڵ (ملازم علی و ملازم محسن و ئاسۆی قمری و تەحسین شاوەیس) کەلەڕابردودا چیان بەکورد کرد.■

هاوڵاتیان رۆژانە لەرێی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانەوە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەخوێننەوە

چۆن دەنگ نادەین بەلیستی ١٠٩!!

ئـــاوا

هەر سێ هەڵبژاردنەکەی ئێستا قورسایی خۆی هەیە، بەڵام وادەردەکەوێ و بەو پێیەی کەحیزبەکان زیاتر پێ لەئەنجومەنی پارێزگاکاندا دادەگرن و سەرجەم بانگەشەکەیان زیاتر گوزارشت لەدەستکەوت و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک داواکاری جەماوەرە و بەو مانایەی کەئەتوانن کەسانی کاندیدکراو بیخولقێنن و خۆشگوزەرانی و بەختەوەریش لەولاوە وەستا بێت، کەهەر لیستەو بەشێوەیەک لەشێوەکانی پروپاگەندە دەیەوێ بەدەستی بهێنێ. نکوڵی لەوە ناکرێت ئەو کاندیدکراوانە رەنگدانەوەی تۆخی حیزبەکانی خۆیانەو حیزبیش چی لەهەگبەکەیدا هەبێت ئەوا هەرئەوە دەخولقێت و هەرئەوەش دەستکەوت دەبێت. لێرەدا حەز دەکەم وەک هاوڵاتیەک شایەتیەک بدەم بۆ لیستی (ی.ن.ک) کەی ئێستا لەبەردەم دەنگی جەماوەردایە بەتایبەتی لەشاری سلێمانی چونکە وەک پێشتر باسم کرد کەکاندیدکراو هەرچییەک بێت ناکرێ دەست لەحیزب بەربداو بگرە رەنگدانەوەی کارەکانیان لەبۆچوونی ئیعازی حیزبدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە هەقە راستەوخۆ باسی سلێمانی و دەسەڵاتی (ی.ن.ک) بکرێت کەلەم شارەدا کردوویەتی، کەس ناتوانێ لەرووی خزمەتگوزاری و ئاسایش و جوانکاری و نیشتەجێ بوونی هاوڵاتیان و کاروکاسبی زۆردا گومانی هەبێت کەلەم شارەدا تارادەیەکی باش بەدەستیان هێناوە، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کەلەسەرەتای راپەریندا لەژێر دوو گەمارۆی ئابووریدا ناڵاندوویەتی و بگرە لەکاتی شەری ناوخۆشدا گەمارۆکان زیاتر بوون و هەمووشمان باش دەمانبینی چۆن دەستیان نابووە بینەقاقامان، بەڵام لەدوای تەنها هەناسەیەک ئەو پێشکەوتنەی کەشاری سلێمانی لەسایەی (ی.ن.ک)دا بەدەستی هێناوە، لەچاو شارەکانی کوردستاندا بەتایبەتی کەم وێنە بووە، خەڵکی ئەم شارەو شارەکانی تری کوردستان لەو راستیە دڵنیان لەزۆر رووەوە ئەم شارە گەشەی کردووە و زیاتر چۆتە پێشەوە. من زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر ئەو لیستە دەنگ زیاتر بێنێ، ئەوا باشتر گەشە دەکات، چونکە بودجەی ئێستا لەعێراقدا دەکرێت و بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق جێبەجێ دەکرێبێت و سلێمانی و کوردستان حەتمەن دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، هەقە خەڵک چاوی خۆی کوێر نەکات و لەگەڵ راستیەکاندا بێت، حیزبێکی خاوەن تەجروبە خاوەنی چەندەها سەروەری و پێشتریش لەبەردەم چاوی خەڵکی ئەو هەموو کارە جوانانەی کردبێت و ئێستاش زۆر سەربەرزانە بەبەرنامەیەکی تۆکمەوە هاتبێت و ئیجبارمان نەکات، زۆر بەئیختیاری و کاریشی بۆ حیزبەکانی تر ئاسانکردبێت کەلەئاست خۆیداو لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا زۆر ئازادانە کار دەکەن، ئیدی شایەنی ئەوە نییە کەدەنگی پێ بدەین و متمانەی ئەوەی بدەینێ کەکاڵا لەقەد باڵایدایە؟؟■

بۆچوونی هونەرمەندان لەمەر هەڵبژاردن

محەمەد فەتاح – شێوەکار (سلێمانی)

بەپێویستی دەزانم هەموو کەسێک بەگشتی و توێژی هونەرمەندان بەتایبەتی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن بۆ هەرسێ لیستەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگا.. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەدیارە هەموو چین و توێژەکان چەندین خواست و ئاواتی گەورەیان هەیە لەم هەڵبژاردنەداو ئێمەش بەهیواو ئاواتەوە لەئاییندەی ئەم وڵاتە و ئەم هەڵبژاردنە دەڕوانین، پێویستە ئەو کەسانەش کەخۆیان کاندید دەکەن چاوی هونەرمەندان بن و بۆ ئاییندەی هونەرمەندان و خۆشگوزەرانی ژیان و باشترکردنی سیستمی هونەری و رێکخراوەیی ئەم توێژە هەستەوەرەی گەل بۆ زیاتر گەشەکردن و بایەخ پێدان..

لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کەپێویستە هەموومان و بەتایبەتی روناکبیرو هونەرمەندان بەجدی بەشداری هەڵبژاردن بکەن..

موفق عارف لهۆنی – شانۆکار (سلێمانی)

هەرچەندە تێبینی و رەخنەمان هەیە لەچۆنیەتی دارشتنەوەو دانانی لیستەکان و دەبوو رەچاوی هەبوونی کەسێتی رووناکبیرو هونەرمەندو چین و توێژەکانی دی بکرایە لەناو لیستەکاندا.. لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریکردن و هاندان و دەنگدان لەم هەڵبژاردنە چارەنوسسازەدا بەئەرکی گەورەو نەتەوایەتی هەموو کوردێکی رەسەن دەزانم.. چونکە وەک دیارە ئاکامی زۆرترین ژمارەی بەشداربووان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بەدەست هێنانی رێژەی بەرز قەوارەو ئایندەو دەنگی کورد بەرزتر دەچەسپێنێ لەدارشتنەوەو دانانی دەستووری عێراق کەتێیدا سەرجەم مافە زەوتکراوەکانمان بەئاکامی چەسپاندن بگەن و رێژەیەکی بەرزتر لەبودجەو داهات بۆ گەلەکەمان دیاری بکرێت و کورد لەگەلێکی ستەملێکراوەوە ببێتە گەلێکی خاوەن قەوارەو بریاری سیاسی، دیارە هاندان و بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کەمتر نییە لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.. چونکە ئەو فیدراڵیەی کەچاوەڕێی چەسپاندنی دەکرێت لەئاییندەی عێراقدا جۆرە سیستمێکی حوکمرانی خۆماڵییە کەسەربەخۆیی و قەوارەی سیاسی خۆی دەبێت بچەسپێنرێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کەئەمەش دووبارە هەرچی زۆرترینی رێژەی بەشداربوون دەخوازێت، لێرەوەیە خۆسازدانی چین و توێژە روناکبیرو هەستەوەرەکانی کۆمەڵ بۆ ئەم پرۆسە دیموکراسیە ئەرکێکی هونەرمەندانەو مرۆییانەو نیشتمانییە بۆ هەر سێ لیستی هەڵبژاردنەکە.

عبدالعزیز مەجید – هونەرمەند (هەولێر)

بۆ شەرعییەت دان بەم هەڵبژاردنە پێویستە هەموومان بەشداری بکەین بەتایبەتی بۆ لیستی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق چونکە قەوارەی کوردی تێدا دەردەکەوێت، ئەگەر کەسێک بەشداری ئەو هەڵبژاردنە نەکات بەرای من وەک ئەوەیە دەنگ بە دوژمن بدات.. لێرەدا کورد بەدەنگەکانی نێو ئەو ئەنجومەنە دەتوانێ قەوارەی خۆی جێگیر بکات و خواستەکانی ئێستاو ئاییندەی بخوازێت لەحکومەتی عێراق.. هەروەها بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی کوردستان و پارێزگاکانیشدا، ئەرکی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵە.

ئاری بابان – شێوەکار (کەرکوک)

بێگومان پرۆسەی هەڵبژاردن گەورەترین پرۆسەی دیموکراتییە لەناوچەکەدا کەمرۆڤ تێیدا بتوانێت بەئازادی نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت، دیارە دەربارەی ئەم پرۆسەیەو ئیجابیاتی زۆر وتراوەو هەموومان دەزانین گرنگی ئەم پرۆسەیە لەچیدایە کەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بەشێکی زۆری نوێنەرانی کوردی تێدا بێت، یان پەرلەمانێکی راستەقینەی کاریگەری کوردستان هەڵبژێردرێت.. بەڵام یەکێک لەکێشە گەورەکانی ئەم هەڵبژاردنە وەک ئێستای (شاری کەرکوک)ە، کەنەخراوەتە سەر هەرێمی کوردستان (ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوک بەهیچ جۆرێک نەکراوە)، پێدەچێت ئێمەی کورد گەورەترین زەرەرمەند بین لەیەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازادانەی پاش روخانی رژێمی بەعس.. چونکە ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا (گروپی عەرەب یان تورکمان) بەرێژەی زۆرتر دەرچوون ئەوا ئەمە دەبێتە مێژوو، ئەوسا کورد دەبێتە کەمینەو ئیدی نابێ باسی کوردستانی بوونی کەرکوک بکەین.. بۆیە ئێمە دەبێ جەخت لەسەر گەرانەوەی هەموو قەزاو ناحیەو شارۆچکەکانی تری کەرکوک بکەین بۆ سەر ئیدارەی پارێزگای کەرکوک و هەروەها جەخت لەسەر ئاسایی کردنەوەو گەراندنەوەی سەرجەم ئاوارەو دەرکراوەکانی کەرکوک بکەینەوە بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان ئەوسا هەڵبژاردن لەپارێزگای کەرکوکدا ئاسایی و شەرعی دەبێت..

نیاز لەتیف – شانۆکار (سلێمانی)

ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و ئاکامەکەی بەئاقاری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١ بێت، ئەوا پێویستە هەموو کەسێک بەخۆیدا بچێتەوەو لەهەڵەو خەوشەکانی ئەو پرۆسەیە رابمێنێ بۆئەوەی لەم پرۆسەیەدا دووبارە نەبنەوە بەتایبەتی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق جۆرە هەستەوەرییەکی تێدایە کەتا ئێستاش سەرکردە عەربەکان بە (شیعەو سوننە) بەئاڵۆزیەکەوە لەکێشەو قەوارەی کورد دەڕوانن، هەربۆیە دەخوازێ کورد بەوریایی و هۆشیارییەوە لەم پرۆسەیەدا بەشدار بێت، تابتوانێ لەگەڵ بەدیموکراتیزەکردنی عێراقدا کێشەی گەلەکەمانیشی تیا چارەسەر بکرێت. چونکە بەدیموکراتیی کردنی عێارق واتە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی کوردو گەلانی دی. لەگەڵ ئەوەشدا بەشداربوونی کورد لەم پرۆسەیەدا جارێکی دی سەلماندنی نیاز پاکی کوردە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو وا دەخوازێ بۆ ئایندە هۆشیارانە تر بچێتە نێو پرۆسەیەکی لەم چەشنەدا..

ئەیوب رۆستەم – روناکبیرو شانۆکار (هەڵەبجە)

هەڵبژاردن بۆ ئێمەی کورد لەم رۆژگارەدا کارێکی مەزن و چارەنوسسازە، خەباتێکی شارستانی و نوێیە بۆ جێگیرکردنی مافەکانمان و ناساندنی بەهاکانمان وەک نەتەوەیەک کەهەردەم مێژوو ستەمی لێکردووەو دەست و دەمی داگیرکەان و ملهورانی لێکردۆتەوە. کاتێک دەبینین کەدیموکراسیەت رۆژ لەپاش رۆژ جێ بەدیکتاتۆریەت لەق دەکات و بنەماکانی هەڵدەتەکێنێ، ئێمەش پێویستە لەسەرمان چاو لەکەموکوریەکان بپۆشین و بەجۆش و خرۆشەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچین و ئامانجی گەورە نەکەینە قوربانی بۆ شتی بچووک.■

بەیاننامەی بەشێک لەرێکخراوە دیموکراتیەکان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن

Accountants & Economists
Union of Kurdistan
High Committee
NO:
Data:

یەکێتی ژمێریاران و ئابوری ناسانی
کوردستان
کۆمیتەی باڵا
ژمارە :
رۆژ: / /

بەدەنگدانت
سەنگی گەلی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی
عیراقدا زیاتر دەکەیت

بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی دروست بوونی دەوڵەتی عیراقدا ، کە دەرفەتێکی لەم چەشنەی ئەمرۆ بۆ گەلی کوردستان دەرەخسێت بۆ ئەوەی بە ئازادی لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بەشداری بکات بۆ دیاری کردنی نوێنەرانی خۆی لە پەرلەمانی داهاتووی عیراقێکی نوێدا و کە لێوەی دەستورێکی هەمیشەی بۆ عیراقی ئایندە دادەرێژێت .
بەشداری کردنی خەڵکی کوردستان لەم پرۆسەیەی هەڵبژاردنەدا کە چەندا رۆژێکی ماوە بۆ ئە نجامدانی ، سەنگی گەلی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عیراق زیاتر دەکات و هێزێکی زیاتریش بەرۆڵی کورد ئەدات لە دارشتنی دەستوری هەمیشەی عیراقی ئایندە کە دەتوانرێت بەهۆیەوە زامنی مافە نەتەوایەتیەکانمان بکەین کە گەلەکەمان لە پێناویدا روبارێك خوێنی بۆ داوە .
ئەندامان و دۆستانی بەرێز
کۆمیتەی باڵای یەکێتی ژمێریاران و ئابوری ناسانی کوردستان داواتان لێ دەکات کە بەهەست کردن بە بەر پرسیارێتی مێژووی و نەتەوەییەوە رۆڵی خۆتان لەم پرۆسەی دەنگدانەدا ببینن بۆ بە بەشداری کردنتان و هاندانی جەماوەری گەلەکەمان ، بۆ ئەوەی چارەنوسی گەلەکەمان بەدەستی خۆمان دیاری بکەین و چونکە بەدەنگ دانت جگە لەوەی دەیسەلمێنێ کە گەلی کورد خوازیاری بەشداریکردنە بۆ برەو دان بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ ، سەنگی گەلی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عیراق زیاتر دەکەیت و چارەنوسیشی زیاتر مسۆگەر دەبێت .
هەر سەرکەوتوو بێت پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان .

کۆمیتەی باڵا
یەکێتی ژمێریارن و ئابووری ناسانی کوردستان
٢٠٠٥/١/٢٠

Address / Sulaimany
Shorsh Quarte
3128712 ٣١٢٨٧١٢
ناونیشان / سلێمانی
گەرەکی شۆرش

ENGINEERING TECHNICANS
SYNDICATE OF KURDSTAN
No:
Date :

سەندیکای تەکنیکارانی ئەندازەیی
کوردستان
ژمارە :
بەروار: ٢٥ / ١ / ٢٠٠٥

KETS

دەستەی باڵا

****

بەیاننامەی تەکنیکاران

بۆ بەربەست گرتن لە بەردەم تەشەنە نەکردنی تیرۆر و قڕبوونی تیرۆرستان پاراستنی بارودۆخی ئێستای کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەرین و شۆرشی نوێی گەلەکەمان وە جارێکی ترشۆرشی کوردستان توشی نسکۆ نەبێت ، میللەتی کورد دوانەکەوێت لەو کاروانەی کەوتۆتە رێگا بۆ بە مەدەنی کردنی عیراق وکوردستانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی ،بەدەست هێنانی مافی نەتەوەی کورد ، کەڵک وەرگرتن لەو گۆڕانکاریەی بە سەر عیراقدا هاتووە بەستراتیجیەتی کوردایەتی ، هەموو رەنگەکانی میللەتی کورد پێویستە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بکات .
ئێمەی تەکنیکاران ئامارە بە ئامانجە نەتەوەیی‌ودیموکراتی‌و پیشەیی‌یەکانمان دوای هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی هەڵبژاردن لە لایەن لیستی کاندیدەکانی عیراق و کوردستان ، ئەوەی لە بەرژەوەندی ئێمەی تەکنیکارانە بەرنامەی لیستی نیشتمانی‌ودیموکراتی‌کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان بەنامەی لیستی هاوپەیمانی پەرلەمانی بۆ عیراق .
داوا کارین لە تەکنیکاران دەنگی خۆیان بدەن بەم دوو لیستە
تیشکی مسۆگەر کردنی داخوازیەکانی تەکنیکاران لەم دوو لیستەدا دەردەکەوێت .
ئاسۆنە روونە جگە لە ئامانجە نەتەوەیی‌یەکان ئامانجی هەموو چین و توێژێکە ، ئامانجی پیشەیی تەکنیکاران لە بریسکەی ئەو تیشکەدایە .
لە داهاتودا بەرهەمەکەی ئەچنینەوە وە شانازی پێوە دەکەین .

سەندیکای تەکنیکارانی ئەندازەیی کوردستان

پێشمەرگە دێرینەکان هەردەم پێشەنگن بۆ نەتەوەکەیان

پێشمەرگە هەردەم ئەو خەنجەرە دەبانە بووە بەڕووی دوژمنانی گەلە ستەم دیدەکەماندا وەستاوەتەوە و تا سەر ئێسقان داکۆکی لەمافە رەواو بنچینەییەکانی گەلەکەمان کردووە، هەربۆیە کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان خۆی بەپشت و پەنای ئەو تێکۆشەرە دێرینانە دەزانێت و هەمیشە لەپێشەوەی پێکهاتە سیاسیەکانی ئەم گەلە مەزنەدا رەچاوی قارەمانێتی و بەرخۆدانیان ئەکات و دەستخۆشی لەبیروباوەڕی تۆکمە وگوندی کەمەرشکێنیان دەکات کەبەتوانایەکی کەم وێنەوە لەهەموو کاتەکاندا سەرەواندویانەتە دوژمن، هەر لەم مینبەرەوە و لەیەکێک لەلاپەڕەکانی رۆژنامەی چاودێردا داوا لەکەس و کاری سەربەرزی شەهیدانی داستانی قارەمانێتی و سەرفرازی دەکەین داوا لەبرا هاوسەنگەرە پێشمەرگە دێرینەکان دەکەین هەروەک چۆن هەمیشە پشت و پەنای گەلەکەیان بوون و گیانی خۆیان بۆ مەسەلە رەواکەی کوردستانەکەیان بەخت کردووە و چاونەترسانە تێکۆشاون و خەباتیان کردووە، ئاواش لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا کەلەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئەنجام ئەدرێت هەریەک لەو بەرێزانەو کەسوکاری سەربەرزیان رووەو سندوقەکانی دەنگدان بچن و دەنگی رەوای خۆیان بدەن، چونکە ئەمە هەلێکی رەخساوە بۆ گەلەکەمان و بۆ یەکەم جارە ئێمەی کورد لەعێراقێکی فیدراڵ و دیموکراسیدا پرۆسەیەکی ئاوا گرنگ دەبێتە مەودای تەمەنی خەباتی پڕ قوربانی و تێکۆشانمان، ئەگەرچی بەکارێکی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری مەزەندە دەکرێت لەهەمان کاتیشدا سەرکەوتن و سەرخستنی پرۆسەیەکی لەم جۆرە دیسانەوە دەبێتە سارێژکردنی برینی پڕ لەسوێی چەند ساڵەمان و گومانیشی تێدا نیە دەیسەلمێنین بۆ دۆست و دوژمنانمان کەئێمە گەلێکین و هەین، گەلێکین تینوی ئازادی و پێکەوەژیانین لەیەک عێراقی فیدراڵدا، گەلێکین لەسەرەتای دەستپێکی خەباتی رەوای پڕ لەتێکۆشان و بەخۆدانمان لەپێناو ئەوەدا بووە مافەکانمان زەوت نەکرێت و بەس، بۆئەوەی بەئازادی وەک گەلانی تریش ئێمە کەخەباتمان کردووە رقمان لەهیچ تیرەو هۆزێک نەبووە بەڵکە هەموو گەلانی عێراقمان بەبراو خوشک و کەسوکاری خۆمان زانیوە یان وا باشترە بڵێین خۆمان جیانەکردۆتەوە، تەنیاو تەنیا ئێمە کێشەمان لەگەڵ سوڵتەیەکدا هەبووە ئەویشی حزبی لەناوچوی رەفتار فاشستی بەغدا بووە کە بەدڕندانەترین شێواز قاتوقڕی ئەم گەلەی دەکردو بەگشتی کوردستانی سوتماک دەکردو رەزو باخی گوندەکانمانی دەسوتاند، بۆیە پێویستە بەجدی مەسەلەی هەڵبژاردن لامان پرۆسەیەکی گرنگ و پڕ لەبایەخ بێت و هەموو بەتێکڕای دەنگ خۆمان سازو ئامادە بکەین بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە، ئێمە دڵنیاشین کەتێکڕای پێشمەرگە قارەمانە دێرینەکان هەمان هەڵوێستی شاخیان هەیە بۆ نەتەوەکەیانو لەم ئەرکە نەتەوەییەشدا نەریتی مەردانەوکوردپەروەرانە دەنوێنن و بەعیشقەوە رووەو سندوقەکانی دەنگدان دەچن بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردن کەدەبێتە زامنکردنی مافە رەواکانمان و چەسپاندنی ئایندەیەکی گەشوو ئاسۆیەکی رووناک بۆ گەلی کوردی دلێرمان هەر بژین بۆ خەباتی رەوای گەلەکەمان.■

کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان

دەنگ نەدان.. دەچێتە خزمەتی تیرۆریستان

چاودێری هەڵبژاردن
سەرپەرشتیاری پاشکۆ: ئاریز سۆران
هاوکاران: کۆران قەرەداغی – رەنج قەرەداغی

pashko2.qxd 17/12/1425 03:36 ã Page 3

بەر لەهەڵبژاردن ڕێکخراوە دیموکراتیەکان دەڵێن چێ؟

هەڵبژاردن وێستگەیەکی گرنگە بۆ سەرلەنوێ بنیاتنان و دروست کردنەوەی عێراقێکی نوێ کە تیایدا مافی سەرجەم نەتەوەکان بەبێ جیاوازیی لەدەستووردا ڕەچاو بکرێت، ئایندەی عێراق دەبێ ئایندەیەکی دیموکراسیانەی هەبێت، هەوێنی دروستبوونی سیستەمێکی دیموکراسی لەعێراقدا ئەو ڕێکخراوە دیموکراسیی و ناحکومیانە دەبن، کە ئێستا هەن. بۆیە رای ئەوان سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، دوو پرسیارمان ئاراستەی چەند بەرپرسی کۆمەڵێک ڕێکخراو کرد، سەرەتا لێمان پرسین:

–رای بەرێزتان لەسەر هەڵبژاردنە چاوەروان کراوەکان؟

– راسپاردەتان چییە بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکەتان سەبارەت بەهەڵبژاردن؟

جەلال عوسمان
سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان

+ هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی دیموکراسی و ئامانجێکی لەمێژینەی خەباتی گەلەکەمان خواستێکی ڕەوایەو ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵە بەبێ گوێدانە هیچ کێشەو کەموکورییەک بەشەوقەوە بەشداری هەڵبژاردن بکات کەماوەی زیاتر لە (٨٠) ساڵە خەبات دەکەین و رووبارێک خوێن لەم پێناوەدا رژاوە بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا، کەمتر نییە لەخەبات و تێکۆشانی پێشومان چونکە دەنگمان ئایینده‌مان دیاری دەکات.

+ داوا لەسەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان بەتایبەتی و لاوانی کوردستان بەگشتی دەکەم، بەرۆحێکی دڵسۆزانەو پەرۆش بە ئاییندەی گەلەکەیان بەشداری ئەم پرۆسە گرنگ و مێژووییە بکەن کەچارەنووسی گەلەکەمانی پێوە بەندەو بەشداریکردن لەبنیاتنانی دیموکراسی و بەدیهێنانی کۆمەڵێکی مەدەنی.

فەهمی بورهان عمر
سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

+ هەڵبژاردنەکان، هەچۆنێک بێت و قۆناغەکەشی چەند سەخت بێت، بارتەقای دژواری بارودۆخەکە، بەشداریکردن گرنگە. گرنگە بەو مانایەی ئەم هەڵبژاردنەو ئەنجامەکەی کۆی ماندووبوونی سەدان ساڵەی خەڵکی کوردستانە، دەرفەتێکەو رەخساوە دەکرێت کورد جیاواز لەنەتەوەکانی تر، جیهانبینی تایبەتی خۆی هەبێت بۆی چونکە ئەگەر بۆ گەلانی تر یەکەم دەرفەت بێت ئەوا من پێموایە دوا دەرفەتە بۆ ئێمە، ئەگەر ئێمە ئێستا لەخاڵی هێزو ئەوان لەبێ هێزترین وێستگەی سیاسیاندا نەتوانین لانی کەمی داواکانمان جێبەجێ بکەین بەکەرکوکیشەوە، ئەوا ئاستەمە رەگەزپەرستانی عەرەب کاتێ خۆیان یەکبخەنەوە، دان بەسادەترین مافماندا بنێن، بۆیە بەشداری واجبێکی ئەخلاقی و ئایینی و نەتەوەییە.

+ داوام وایە لەهەموو ئەوانەی کەئێستا ئەندام و کادری ئەم ڕێکخراوەن بەئەرکی دیموکراسیانەو نەتەوایەتیانەی خۆیان هەڵسن و لەرۆژانی پێش هەڵبژاردن و لەچرکە ساتەکانی دەنگداندا سەرباری دەنگی خۆیان یارمەتی کەسانی کەمئەندام و نەخوێندەوارو پیروپەکەوتەکان بدەن، هۆشیاری هەڵبژاردن بۆ خەڵک روون بکەنەوە، چاودێربن بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی ئاسایش، ببنە سونبولی هەڵبژاردنەکەو خەڵک لەوانەوە حەماسەتی بەشداریکردن زیاتر لەشادەماریاندا بجولێ، کارێک بکەن لەو رۆژەدا شایستەی تێکۆشانی ٢٩ ساڵی رابردووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بێت. چونکە لەسەرەنجامی سەرکەوتنی لیستی دیموکرات خوازان، کۆمەڵەی خوێندکارانیش دەستکەوتی گەورەتر بۆ خوێندکاران مسۆگەر دەکات.

کاوە حاجی عزیز
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری
بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ

+ ئەم هەڵبژاردنە خۆپێشاندانێکی فراوانی گەلی کورد دەبێت و دڵنیام لەوەی خەڵکی و ویژدانی خۆیان دەکەنە سنگی مەحەک و رووەو سندوقەکانی هەڵبژاردن دەکەونە رێ، چەرمەسەرییەکانی گەلی کورد هێند زۆرن و برینەکان هێندە قەتماغاوین ناکرێ و نابێت چارەسەر نەکرێن. لەم کاتەشدا کەسێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاکان بەڕێوە دەچێت خۆی لەخۆیدا چارەسەرییەکی بنەرەتیانە یهێنانە کایەی دەستورو یاساو خۆشگوزەرانی فەراهەم دێنێت و لەو باوەرەشدام کەنەوەی دوای ئەم هەڵبژاردنەو بۆ چەند هەڵبژاردنێکی دی قوربانییەکانی گەلەکەمان و خەباتی رەوامانی لێدەبێتە ئەفسانەو رووپەرەی مێژووش راستیەکانیان تێدەگەیەنێ!!

+ لەبەرئەوەی ڕێکخراوی ئێمە هەمووی خاوەن قەڵەم و عەقڵ فراوانن و سەرجەمیان بانگەشەی بەمەدەنی بوونی وڵات و خاوەن ویژدانی زیندوون، بۆیە ئەوان راسپاردەیان بۆ سەرجەم گەلەکەمان هەیەو داوای ویژدانی ئازاد دەکەن، ئەگەر ئێستا سەیری رووپەرەی رۆژنامەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن بین، دەبینین و دەبیستین کەچی دەڵێن و چی دەنوسن! کەسەرتاپای بۆچونەکانیان داکۆکیکردنە لەم هەڵبژاردنە، گەلی کورد بەهەموو چین و توێژەکانی هان دەدەن کەرووەو سندوقەکانی هەڵبژاردن بچن و ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەرەخنەو گازندەیان لەئاست دەسەڵات و کاندیدکراوەکان نەبێت بەڵکو بەپێچەوانەوە بەدەستێک رەخنەدەگرن و بەدەستەکەی تریش دەنگ دەدەن بەنوێنەری راستەقینەی گەلەکەمان.

سەنتەری راگەیاندنی ژنان

+ بەگومانم لە ئاییندەیەکی روون.

+ تەنها دەنگ بۆ لیستی کورد لەبەغدا بدەن، هەندێک کەسیش لەلیستە جیاجیاکانی پارێزگاکان و پەرلەمان، بەڵام هەموو دەنگی خۆمان بۆ سندوقی ریفراندۆم (سەربەخۆیی) دەدەین.

بۆ دوارۆژی روناکت... دەنگ بدە.
بۆ دیاریکردنی چارەنووست... دەنگ بدە.

عەتا محەمەد ئەحمەد
بەڕێوەبەری
ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنی

+ ئەم هەڵبژاردنەی کەلە چەند رۆژی داهاتوودا دەکرێت، قۆناغێکی چارەنووسسازی بۆ کورد، دڵنیاشم لەوەی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بەشداری تێدا دەکەن و ئەو بەشدارییەش بەو قەبارە چاوەروان کراوە، مسۆگەرکردنی سەنگ و قورسایی کوردی لێدەکەوێتەوە لەناوەندەکانی بریاری عێراقدا لەبەغدا.

ئەم گەشبینییەم لەمتمانەی تەواوی خۆم و ڕێکخراوەکەم بەخەڵکی کوردستان سەرچاوەی گرتووە کەلەهەموو ساتەوەختە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا دڵسۆزانی ئەم گەلە هیچ کات درێغییان نەکردووە لەبەشداریکردنی چارەنوسی کورد دا.

+ سەرجەم ستافەکانی ڕێکخراوەکەمان ئێستا سەرقاڵی پرۆژەی جۆراوجۆرن بۆ بەشداریکردن لەسەرخستنی پرۆژەی هەڵبژاردندا، بەم شێوانە:

- پرۆژەی هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداریکردن لەدەنگداندا لە (٢٤) شوێنی جیاواز لەسلێمانی و دەوروبەریدا اەرێگەی تیمی راگەیاندنەوە.
- بڵاوکردنەوەی (٤٢٠٠٠) بڵاوکراوە بەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەریدا لەرێگەی تیمی تایبەتەوە سەبارەت بەزانیاری لەسەر هەڵبژاردن.
- بەشداریکردنمان لەچاودێریکردنی رۆژی هەڵبژاردندان بە (٢٨٥) چاودێر لەسلێمانی، کەرکوک، صلاح الدین و دیالە.

لەهەمان کاتدا بەگرنگی دەزانم کەبە هەموو ستافەکان و کادیرەکانی ڕێکخراوەکەمان و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بڵێم:

جوتیار نوری
سەرۆکی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان

+ قۆناغی ئێستای گەلەکەمان پیا تێپەر دەبێت یەکێکە لەو ویستگە گرنگ و پڕ بایەخەکانی مێژووی گەلەکەمان، تەواوکەری گشت خەبات و تێکۆشانەکان و بەرگرییەکانی قۆناغەکان پێشویمانە، لەسەردەمی جیهانگیری و مەدەنیەت و بازاری ئازادی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکاندا سەقامگیرکردنی دیموکراسی بناغەی کۆمەڵگاکانی ئێستایەو بۆتە پێوەری راستەقینەی پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی گەلان، سیستەمی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی سیاسیش لەباشترین ئەزموونیدا ئەوەیەکە لەرێگای هەڵبژاردنی ئازادو راستەخۆوەو بەبەشداری تاکەکانی کۆمەڵ و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سیاسی بگرێتە دەست.

جالەم قۆناغەدا بۆکوردستان و گەلانی عێراق بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و ئاییندەیمان چارەنووسسازترین قۆناغە بۆیە هەڵبژاردنەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە دەبێتە ویستگەیەکی گرنگ وەرچەرخان بۆ گەلەکەمان.

لەعێراقدا چەند سەرکەوتوو بێت ئەوەندە متمانەی نێو نەتەوەیی و ناوخۆ بەدەست دێنێ و گەلی کوردستانیش دەتوانێ مافەکانی لە پەرلەمانی ئاییندەدا بچەسپێنێ، لەکوردستان پەرلەمان قۆناغێکی گرنگ دەبرێ و ئیدارەی کوردستان یەکدەخات پارێزگاکان دەبنە ئەنجومەنی کاراو ئەکتیڤ کەرو دەتوانن خزمەتگوزاری فراوان پێشکەش بکەن.

+ داوا لەگشت ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و ئەندامان و لایەنگرانی دەکەم کەبەشداری جدی بکەن لەهەڵبژاردنەکاندا لەهەموو روویەکەوە ڕێکخراوەکان لەچەند ساڵی رابردووی ئەزموونی کوردستاندا رۆڵی کاریگەریان هەبوو بۆ چەسپاندن و پیادەکردنی دیموکراتی رۆڵیان گێراوە لە ووشیاری کۆمەڵدا بۆ هەڵبژاردن و هەڵبژاردن و ئازادی را.

حسن مەحمود حسن
ئەندامی سکرتاریەتی
سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان

+ سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی کۆتایی مانگی یەک، کەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگا، هەڵبەتە وەکو خەونێکی مێژوویی کورد کەهەمیشە خەباتی کردووە بۆئەوەی وەکوکورد دەنگ و رەنگی هەبێت لەدارشتنی بەرنامەو سیاسەتی عێراق و دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد. کەئەم هەڵبژاردنە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی بوێرانەیەو ماندووبوونی بەرپرسانی کوردی پێوە دیارە، دواجار وەکو کارمەندانی تەندروستی ئەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەداینەمۆیەکی گرنگ دەزانین بۆ جێگیربوونی پشکی کورد لەو پەرلەمانەدا.

بەهەمان شێوەش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەرچەندە زۆر دەمێکە پەرلەمانی کوردستان وادەی شەرعی و قانونی بەسەرچووە، تەنیا وەکو هەیمەنەیەکی مەعنەوی کوردستانی مابووەوە.

هەڵبژاردن جارێکی تر بۆئەو پەرلەمانە کارێکی باشەو رزگار دەبین لەبەستوویەتی کەلەپەرلەماندا هەبووە، هەڵبەتە لیستی هاوبەشیش لەپەرلەمانی کوردستاندا بۆ ئەم قۆناغە پێویستە تاکو چەند ساڵێکی تر حزبەکان بەتەواوەتی تێدەگەن لەمەسەلەی دیموکراسی نوێنەرایەتی. هیوادارم بەهەمان گیان و بایەخ لەم قۆناغەدا هەڵبسورێن و ئاییندەیەکی ئاسوودەو دیموکراسیتر دروست بکەن. تاکو ئامانج و داواکاریەکان باشترو زووتر بێتە دی.

+ دواجار رای سەندیکاکەمان لەسەر سەرجەمی هەڵبژاردن کەبەشێوەیەکی زەق و دیار نەخوێندنەوەی ڕێکخراوی پیشەیی و دیموکراسیەکانی پێوە دیارە کەلەراستیدا ئەمەش کەموکورتیەکی شێوازی هەڵبژاردنەکانە، چونکە ڕێکخراوی دیموکراسی و پیشەیی و جەماوەرییەکان کەخەباتیان بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵی ژیارییە، دەیان توانی رۆڵی کار ببینن لەو ئەنجومەنانەدا.

+ وەکو توێژێکی زیندوو کارای نێو کۆمەڵ بەشداریکردنی تەواوی کارمەندانی تەندروستی بەگرنگ دەزانین لەو هەڵبژاردنانەدا چونکە هەر هەڵبژاردنەو سەنگ و قورسایی و کارنامەی خۆی هەیە کەدەکرێت بڵێین بۆئەم قۆناغە هەلێکی مێژووییە.

هەرچەندە بەشێوەیەکی دیار فەرامۆشکردنی توێژەکەمان هەست پێدەکەن لەکاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کەرێکخراوەکەمان بەشداری فعلی لەو هەڵبژاردنانەدا پشت گوێ بخات بەڵکو بەپەرۆشەوە بچنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان. کەوەک سەندیکای کۆمەڵێک بەرنامەمان هەیە بۆ رۆژی دەنگدان و پێش دەنگدان. ئەمەش بەمەبەستی دیاربوونی جێدەستی کارمەندانی تەندروستی لەم هەلە مێژووییەدا.■

جەلال عوسمان

کاوە حاجی عەزیز

فەهمی بورهان

عەتا محەمەد

نیگەرانی خەڵکی خانەقین لەبەشداری نەکردنی دەنگ دان بۆ پەرلەمانی کوردستان

بێستون باجەلان – خانەقین

گەلی کورد بەدرێژایی مێژووی رابردوو هەر بەشی مەینەتی و نەهامەتی و کاولکاری و ماڵ وێرانی بووە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم نەهامەتیانەدا هەرگیزاو هەرگیز سەری بۆ دوژمن و داگیرکەران سەری شۆڕ نەکردوە هەمیشە لەپێناو بەدەست هێنانی مافەکانی و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و کوردبوونی لەتێکۆشان و خەباتدا بووە وە بۆ شۆڤێنی بەعس بەهەموو ئەم تاوانانەوە نەوەستاو تینوێتی نەشکا تەنانەت لەئاخرو ئۆخرو سەرنگونبوونی دەسەڵاتەکەی ناونانی کوردی لەم شارەدا قەدەغە کرد.

شاری خانەقین ئێستا بۆتە نمونەیەکی دیارو بەرچاو لەنێو ئەو شارە کوردستانیانەی کە لەپرۆسەی ئازادی رزگارکراون چ لەڕووی ئارامی و خەون بەو رۆژەوە دەبینن.

ئەگەر ئەم نەهێشتن و بەشداری نەکردنەی شارە تازە رزگارکراوەکانی کوردستان لێکبدەینەوە دەگەینە ئەو بڕواو قەناعەتەی کەهێشتا عەقڵیەتی دواکەوتوویی و شۆڤێنیەتی عەرەبی لەکۆت و زنجیر رزگاری نەبووەو هەر بەچاوی جاران سەیری مەسەلەی کورد دەکەن و ئەیانەوێ دیسان کورد لەمافە

سەلماندنی ئەو قسانەی سەرەوە وتەکەی مێژوونووسی بەناوبانگی کورد "شەرەف خانی بەدلیسی" دەهێنمەوە کەدەڵێ "کوردستان وڵاتێکە بەکەس داگیر ناکرێت و سەر بۆ کەس شۆڕ ناکات".

خانەقینیش ئەو شارە کوردەوارییە کە بە بەشێکی گرنگی کوردستان دادەنرێت و خەڵکەکەشی بەدڵسۆزی و زیرەکی و کورد پەروەری ناسراوەو لەهەموو شۆڕشەکانی رزگاریخوازی گەلی کوردا بەشداریەکی بەرچاویان هەبووەو چەندین داستان و سەروەری تۆمارکردووە و چەندین رۆڵەی قارەمانی لەپێناو کورد و کوردستان بەخشیوە.

هەرکام لەرژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هاتۆتە سەر دەسەڵات هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی مۆرک و سیمای نەتەوایەتی و کلتورو فەرهەنگی کوردەواری ئەم شارەیان داوە و بۆئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت ویستویانە ئەم شارە لەکوردستان دابڕن و خێرو بێرو سەروەت و سامانی زەوت بکەن و خەڵکەکەشی لەهەموو ماف و ژیانێک بێ بەش بکەن ئەمەش بە بەکارهێنانی چەندین شێوازی جۆراوجۆر وەکو راگواستن و تەعریب تەبعیس رژێمی ئاسایشەوە وە چ لەڕووی ئاوەدانی و گەشەکردنەوە وا لێرەدا نابێت رۆڵی هەڤاڵ "مەلا بەختیار" لەبیر بکەین کە وەکو سیاسەتزانێکی بەئەزموون و بەهەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر توانی دیاردەی تەعریب لە شاری خانەقین نەهێڵێت و بنبڕی بکات و شیرازەی شارەکە بگەڕێنێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی".

ئەتوانم بڵێم وەکو چۆن کوردستان لەڕووی ئارامی و ئاوەدانی و گەشەکردن و ئازادی و دیموکراتی لەناو عێراقدا بۆتە نمونەیەکی دیارو لەبەرچاو ئەوا خانەقینیش لەناو شارە تازە رزگارکراوەکانی کوردستاندا بۆتە ئەو نمونە دیارە ئێستاش کەگەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی لەبەردەم پرۆسەیەکی گەورەو گرنگی هەڵبژاردنن کە بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی عێراقدا بەسەربەستی و دوور لەترس و زۆرو ستەم دەنگ دەدات و چارەنووسی خۆی دیاری دەکات.

خەڵکی خانەقین سەرباری ئامادەی تەواویان بۆ هەڵبژاردن بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر نیگەران و نارازین بەوەی مافی ئەوەیان نەدراوەتێ و ناتوانن دەنگ بدەن بە پەرلەمانی کوردستان کەساڵەهایە ڕەواکەی بێ بەش بکەن بەڵام ئەمجارەیان بەرێگەیەکی تر ئەویش بە بەشداری نەکردنی شارە تازە رزگارکراوەکانی کوردستان لەدەنگ دان بۆ پەرلەمانی کوردستان بەهێنانەوەی چەندین بیانووی جۆراوجۆر کە تەنها مەگەر عەقڵیەتە تەسک و ناواقیع بینانەی ئەوان قبوڵی بکەن سەبارەت بە بەشدرای نەکردنی شارە کوردستانیە تازە رزگارکراوەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان بەباشمان زانی راو هەست و شعوری چەند کەسێک لەشاری خانەقین لەنزیکەوە وەربگرین بۆ ئەم مەسەلەیە:

سەرەتا هونەرمەندی گۆرانی بێژ "حەسەن هەیاس" وتی:

ساڵانێکی دوورو درێژە بەو هیواو ئاواتەوە دەژین کەخانەقین بگەڕێتەوە ئامێزی کوردستان ئەوەتا شار رزگار بووەو هێشتا ئێمەی خانەقینی لەلایەن حکومەتی مەرکەزی بەغاوە بەشێوازێکی تازە دژایەتی دەکرێین و ئەوەتا نیگەرانیەکی دیکەش بەخۆمانەوە دەبینین ئەوەش بەشداری نەکردنمان لەدەنگ دان بۆ پەرلەمانی کوردستان ئومێدەوارین بەزووترین کات چارەسەرمان بۆ بدۆزینەوەو لەو نیگەرانیە رزگارمان بێت و دڵنیا بین لەکوردستانی بوونی خۆمان.

هند نجم نریمان – خوێندکاری کۆلێژی وتی:

من وەکو هاوڵاتیەکی شاری خانەقین بەنیگەرانیەوە دەڵێم هەرگیز نابێت لەخەڵکی کوردستان جیا بکرێینەوە چونکە ئێمەش بەشێکین لەوان. ئێمەش مافی خۆمانە کە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشدار بین. چونکە چەندەها ساڵە ئێمە بێ بەشین لەم مافە.

وئام جەلال – بەرپرسی هونەری رادیۆ دەنگی مەدەنیەت وتی:

هەرچەندە لەلیستی هاوپەیمانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بۆ لیستی کوردی دەنگدانمان هەیەو لەبەرژەوەندی کوردایە دەنگ بدەین بەڵام ئەگەر بەحەزی من بوایە حەزم دەکرد بۆ ئەم دوو هەڵبژاردنە بەشدار نەبوومایە بەڵام بەتەنها بۆ پەرلەمانی کوردستان دەنگم بدایە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ یەکەمیان بەو دەنگ دانە هەست بەکوردستانی بوونی خۆم دەکەم و دووەمیان لەبەرئەوەی خانەقین پێش پرۆسەی ئازادی شارێکی فەرامۆشکراوو لەپەراوێزدا مابوو بەڵام لەسای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی ئێستا زۆر گەشەی کردووە و بەرەو پێش چووە.

ئومێد سعداللە – خوێندکاری کۆلێژ وتی:

دەڵێم شێوازێکی نوێی تەعریب کردنەکە کاتی خۆی سەدام بۆی نەچووە سەر وا ئێستا هێزە عەرەبییە شۆڤێنیەکان دەیانەوێ بە بەشدرای نەکردنی خەڵکی خانەقین و کەرکوک و هەموو شارە کوردستانییە تازە رزگارکراوەکان بۆیان بچێتە سەر.

بەڵام گەلی کورد خەڵکەکەی بەشێوازێکی رۆحی پەیوەستن بەخاکەکەیانەوە بۆیە دەڵێم هەرچەند خەڵکی خانەقین بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناکات بەڵام دەتوانێ لەپەرلەمانی عێراق چاوی دوژمنەکانی کوێر بکات.■



دەنگ دەدەین بەکێ؟

پاڤێی سەگرمە

دەنگدان پرۆسەیەکی گرنگە، بەمانایەکی تر پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی کەکۆمەڵ لەقۆناغێکەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی تر، میللەتی کورد وەک سەرجەم میللەتە ژێر دەستەو چەوساوەکانی تری دنیا پاش چەندین ساڵ شۆڕش و قوربانیدان، گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئەمرۆ کەقۆناغی بەدەستهێنانی دەستکەوت و مافی نەتەوەییە، گەرچی بەشێکی زۆری ویست و داخوازی و هەتا ئاواتەکانیشمان هاتۆتە دی، بەڵام ئێستا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی گەورەداین، بۆئەوەی بزانین چۆن دەتوانین ئەو دەستکەوتانەی کەپاش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق هاتۆتە دی، ئێستا لەبەردەم هەڵبژاردنداین، هەڵبژاردنی نوێنەرانێک کەبتوانن ئەوەی بەدەستمان هێناوە، بەتەواوی لەدەستووری داهاتووی عێراقدا بیچەسپێنن، دڵنیام هەمووکوردێکی دڵسۆزکەدڵی بەمەزڵومی میللەتەکەی سوتابێت درک بەوە دەکات کەنوێنەری راستەقینەی پێویستە بۆ ئاییندەی خۆی و نەوەکانی پێش خۆی، ئەوەی لەم نێوەندەدا دەتوانێ نوێنەری راستەقینەو بەدیهێنەری مافە رەواکانی کورد بێت، بەدڵنیاییەوە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)ە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەم لیستە، لیستی سەرجەم دەنگ و رەنگە جیاوازەکانی کوردە، دەنگی بەهێزترین هێزە رەسەنە کوردیەکان و عەرەبە بیرفراوانەکانە کەدڵنیان لەوەی کورد بوون، هیچ تاوانێک نییە، (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) دەنگی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان و رۆشنبیران و لاوان و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستانە، کەواتە دەنگدان بەم لیستە، دەنگ دانە بەمێژوویەک لەخەبات و رووبارێک لەخوێن و دەنگدانە بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەنفال و کیمیاباران، دەنگدانە بەدیموکراسی و ئاشتی و دژایەتی تیرۆر.

ئەمە رەهەندێکی ئەو تاقیکردنەوە مێژووییە بوو کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا رەهەندی دووەمی ئەمە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانە، هەڵبژاردنی ئەم ئەنجومەنە لەپێناو یەکخستنەوەی ماڵی کوردی و یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردی و سەرخستنی ئاشتی هەتا هەتایی نێوان براکان، دەبێ دەنگ بدەین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆئەوەی سەرجەم برینەکانی شەری ناوخۆ ساریژ بێت، لەپێناو هەمووئەمانەشدا دەبێ دەنگ بدەین بەکێ؟ بەدڵنیاییەوە لەپێناو یەکریزی و ئارامی و ئاشتی کوردستاندا، دەبێ دەنگ بدەین بەو لیستەی کەزۆرترین برای جیاوازی لەرەنگ لەبیرکردنەوە لەتێروانین کۆکردۆتەوە، (لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان)، ئەو لیستەیە کەدەتوانێ زامنی ئاشتی لەکوردستان و دەستەبەری گوتارێکی کوردی نەتەوەیی دیموکراسیخواز بێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هۆشیارن، بەوەی لەپێناو کوردستانێکی دیموکرات و کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی مەدەنیدا ناکرێت دەنگ بەلیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان نەدات.

کەواتە بەدەنگدان بەهەردوو (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، (لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان)، دەستەبەری خواستە نەتەوەییەکانمان و دەستەبەری مافی هاونیشتمانیمان دەبێت لەعێراقداو زامنکەری ئاشتی و ئاوەدانی، یەکریزی ماڵی کورد دەبێت، کەواتە ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک پاش ئەمانە دەیەوێت، خزمەتگوزاری و پرۆژەی ئاوەدانی و بەهرەمەندییە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیا بن بۆئەوەی ئاسایشتان پارێزراوبێت، بۆئەوەی دادو دادگەری داد بەسەر خەڵکدا بدات بێ جیاوازی، بۆئەوەی کوردستان لەبوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییدا زیاتر لەوەی هەیە گەشتر بێت. دەنگدان بەلیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەدیهێنانی داواکاریەکانتان دەبێت، وەڵامدەرەوەی رەخنەو گلەییەکانتان دەبێت، ئەم حیزبە هەر خزمەتگوزارتان بووە لەدوێنێ و ئەمرۆی مێژوودا، ئێوەی ئازیز لەبیرتانە ئەو رۆژانەی کەتروسکایی ئومێد لەکوردستان بڕا بوو، (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، کڵپەو ئاگری پڕ شکۆ بوو بۆ روناک کردنەوەی کوردستان، رابەرایەتی کردنی ئەم شۆڕشە لەرۆژانی سەخت و دژوارەوە تا ئێستا کە دەرگای ئومێد لەسەرمان کراوەتەوە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) تەنها ڕێکخراوی سیاسی شۆرشگێر بووە، کەبەردەوام لەگەڵ خەڵک و جەماوەری شۆرشگێردا بووە، بۆ تەنها ساتێکیش سەنگەری دژی بەخواست و ویستی کورد هەڵنەبژاردووە، (یەکێتی) بەگژداچووەوەی ئەنفال و کیمیاباران و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر، (یەکێتی) خاوەن هەژدە سەرکردەی شەهید، خاوەن هەزاران قارەمانی زیندان، خاوەنی پێشنیاری فیدراڵی لەساڵی ١٩٩٢دا، خاوەن بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوو سەندیکای دیموکراسی، یەکێتی خاوەن داهێنانی وەک هەڵبژاردنی شارەوانی، خاوەن داهێنانی وەک هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران، زۆرو زۆر دەستکەوتی تر کەناتوانرێ وا بەئاسانی باسبکرێ، بەڵام بەدڵدنیاییەوە لیستی خزمەتگوزاری خەڵک، لیستی شەهیدو پێشمەرگەی دێرین و ژنی چالاک و لیستی خوێنی نوێ و نەوەی نوێ تەنهاو تەنها دەتوانێ خزمەت بکات، دەنگدان بەلیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەنگدانتە بەپێشکەوتن و دیموکراسی راستەقینەو مەدەنیەت.■

pashko2.qxd 17/12/1425 03:37 ã Page 4

پێشبینی پاڵێوراوان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردن

– تاچەند دڵنیایت لەسەرکەوتنی لیستەکەتان؟

–پێشبینی چ ڕێژەیەک دەکەیت لیستەکەت بەدەستی بهێنێ؟

سۆزان شەهاب نوری (سۆزانی خاڵە شیهاب)
کاندیدی لیستی (نیشتمانی دیموکراتی کوردستان)

پێموایە ٪٧٠ی خەڵک دەنگ دەدات بەلیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان

– زۆر زۆر دڵنیام لەسەرکەوتنی ئەم لیستە، لەبەرئەوەی لیستێکی هاوبەشە لەنێوان یەکێتیو پارتی، کەئەم لیستە خەوی کورد بوو دوای شەڕی براکوژی، ئێستا ئەم دوو حیزبە بەیەک لیست دابەزیون، بەراستی ئەمە خەو بووە، هاتۆتە دی.

– ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، دەنگدان حەقێکی گەورەیە حەقە لە ٪١٠٠ی خەڵکی دەنگ بدەن، بەڵام خەڵک جیاواز بیردەکاتەوە، پێموایە ٪٧٠ی خەڵک دەنگ دەدات بەلیستەکە■

جوتیار نوری / کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

پێشبینی دەکەم، ٪٦٠ی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەست بێنین.

– دڵنیاین لەوەی دەردەچین، چونکە ئێمە خاوەنی ئەو پرۆژانەین کەرامانگەیاندووە.

–پێشبینی دەکەم، ٪٦٠ ی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەست بێنین.■

نیشتمان کەمال ئیبراهیم / کاندیدی لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان بۆ پەرلەمانی کوردستان

ئەم لیستە گەر کورسیەکیش بێنێت، سەرکەوتنێکی گەورەیە

– دڵنیام لەوەی دەردەچین، پێموایەگەر کورسیەکیش بێنین، سەرکەوتنی گەورەیە بۆ ئەم لیستە.

– گەر بەراستگۆییو دڵسۆزی بینە پێشەوە، ڕێژەیەکی بەرچاو دەهێنین.

جەمال عەزیز / کاندیدی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

٪١٠٠ دڵنیام لەدەرچوونی لیستەکەمان

– لەبەرئەوەی لەسەرەتای شۆڕشەوە حیزبەکەمان دەستی بە خەبات کردووە،



بەڕێز سکرتێری حیزبیش یەکەم کەسەکەتەقەی شۆڕشی کردووە، بۆیە ٪١٠٠ دڵنیام لەدەرچوونی لیستەکەمان.

– ناتوانم ڕێژە دیاری بکەم، بەڵام گەشبینم، رەنگە حیزبێک کەمتر بێت یان حیزبێک زیاتر، بەڵام لەهەمووی گرنگتر سەرکەوتنی لیستە عێراقیەکەیە.■

م. رەوف عوسمان / کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان

٪٢٥ کەمتر ناهێنین، زیاتر دەبێت کەمتر نابێت

– لەبەرئەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان زۆرترین ئاواتەکانی کوردو خەڵکی عێراق دێنێتە دی، دەبری دیموکراسی راستەقینەو قۆناغی ئێستاو داهاتومانە. ئەمە جگەلەوەی کەلیستی کۆمەڵێک حیزبو رێکخراو

بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەهەزاران شەهیدی داوە، لەپێناو ئازادیو دیموکراسیدا، ئەگەر جەماوەر درک بەم راستیانە بکات ئەوە دەنگ دەداتو زۆرترین دەنگ دەهێنێ.

ئەو کەسەی دەنگ نادا.. دڵنیابێ پاشگەز دەبێتەوە

هەڵبژاردن لەدیدی کارمەندانی تەندروستییەوە

جەمال مەلا سەعید

لەئەنجامی خەبات و قوربانیەکی زۆری گەلی کوردو گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەو کوردستان و عێراق و بەرژەوەندیە نێو نەتەوەییەکان لەدوای راپەڕین و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان باروددۆخێکی گونجاو رەخساکە کوردستان بوو بەپێگەیەکی دیموکراسی و ژیانی مەدەنی و شارستانی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەو پێگەیەوە پرشنگی روناکی دیموکراسی بەرەو زیادبوون گەشە دەکات بۆ دەوروبەر تەنانەت لەدوای پرۆسەی ئازادی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق سودیان لەو ئەزمونەی کوردستان وەرگرتووە ئێستا کەزەمینەیەکی گونجاو بۆ هەڵبژاردن رەخساوە بەتایبەتی لەکوردستان بەگشتیش لەعێراق.

بەشداری کردنی کورد لەسێ هەڵبژاردن کاریگەریەکی تایبەتی ئەبێت بۆ ئاینده چونکەلەم هەڵبژاردنەدا کورد قورسایی خۆی لەبەرامبەر نەتەوەی عەرەب و کەمینەکانیتر دەرئەخات هەروەها بۆ نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق کەمافەکانی کورد تیایدا جێگیر ئەکرێت وە دەست نیشانی سنوری جوگرافیای کوردستان ئەکرێت بۆیە بەشداری کردن لەو هەڵبژاردنەدا ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوەکەمانە هەروەها بەشداری کردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان پێویستە بۆ نوێکردنەوە لەبەردەم دۆست و دوژمندا هەروەها لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان زۆر پێویستە بۆئەوەی هاوڵاتیان بتوانن بەوپەڕی ئازادی و دیموکراسی نوێنەری خۆیان دەست نیشان بکەن بۆئەوەی بتوانن باشترین خزمەت پێشکەش بەشارەکان بکەن هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەم کارمەندە تەندروستیانە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆمان دوان:-

کارمەندی تەندروستی کەیوان حەسەن قادر – بایلۆجی لەنەخۆشخانەی فێرکاری وتی:

باوەڕمان بەهەڵبژاردن هەیە بەڵام هەڵبژاردن مانای یەک لای کردنەوەی دەسەڵاتە بەڵام ئێستا لایەنێک دەرئەچێت کەبێت چاودێری لایەنەکەی تربکات لەشێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات بەڵام ئەگەر وەک و جاران لیستی ٥٠ بە ٥٠ بوو ئەوا بەڕاستی زۆر نادیموکراسیە چونکە ململانێی دیمورکاسی بونی نامێنێت من بەشداری هەر سێ هەڵبژاردنەکە ئەکەم بۆئەوەی لەو هەڵبژاردنانەدا مافەکانی گەلی کوردستان بێتە دی. چونکە هیچ بەدیلێکی باشتر نییە.

کارمەندی تەندروستی شیرین ئیسماعیل – ی. پزیشکی لەنەخۆشخانەی فێرکاری وتی:-

هەڵبژاردن سیستەمێکی زۆر دیموکراسی و مەدەنییە بەمەرجێک باش بەکاربێت ئێستا کە چەند ڕۆژێک لەبەردەمان ماوە بۆ هەڵبژاردن پێویستە زۆر بەحەماسەوە بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا بکەین بۆئەوەی لەئایندەدا مافەکانی گەلەکەمان بێتە دی من وەک کارمەندێکی تەندروستی بەشداری ئەکەم لەهەڵبژاردنەکان نوێ بونەوەی پەرلەمانی کوردستان زۆر پێویستە چونکە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕ بووە بەنیسبەت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کەهەر حیزبەو لیستی تایبەتی خۆی هەیە کارێکی باشە بۆئەوەی ململانێی دیموکراسی هەڵبژاردن بکرێ و و هەر حیزبەی حەقی خۆی وەربگرێ لەهەڵبژاردن.

کارمەندی تەندروستی روناک حەمید – ی. پزیشکی لەمەڵبەندی تەندروستی کارێزەوشک وتی:-

ئەمڕۆکە خەڵکی عێراق بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ هەڵبژاردن ئەو لیستانەی کە لەکوردستان پێکهاتوون بەڕای من لەم هەلومەرجەدا زۆر باشن چونکەکورد دوژمنی زۆرە بۆئەوەی کورد هەموو یەکگرتوو بێت قورسایی خۆی هەبێت لەئاستی عێراق وکوردستان بۆیە ئەرکی هەموو کوردێکی بەشەرەفە کە بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەن تاکو مافەکانمان دێتە دی و کەرکوک و شوێنەکانیتری کوردستان ئەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان وە فیدراڵیەت ئەچەسپێت لەعێراق و کوردستان هەروەها من ئایندەی کوردستان زۆر بەگەشی ئەبینم چونکە ئێستا خەڵک وشیارن.

کارمەندی تەندروستی شنۆ محەمەد تاهیر – ی. پزیشکی لەنەخۆشخانەی گشتی سلێمانی وتی:-

هەڵبژاردن و دەنگدان دوو چەمکی سیاسین کەبەمەبەستی دەسەڵات بەکاردەهێنرێت ئەگەر شێوازێکی دیموکراسیانە بێ ئەو هەڵبژاردنە زۆر باشە بەتایبەتی کەئەمڕۆ هەلومەرجێکی باش رەخساوە بەنیسبەت بەشدرای کردنی کورد لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ئەرکی هەمووومانە بەنیسبەت پەرلەمانی کوردستانیش کەلیستی هاوبەش دروست بووە من پێم باش بوو هەر حیزبوو لایەنە بەجیا لیستی خۆی دابەزاندایە بۆئەوەی زیاتر دیموکراسی بوایە بەو مەرجەش خوێندنەوە بۆ لایەنەکانی یەکتری بکرایە هەروەها پێش هەڵبژاردنیش حەق بوو راپرسی بکرایە بۆ دەست نیشان کردنی کاندیدەکان چونکە تەجروبەی رابردوو لەهەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانیەکان داخیان زۆر کردە دڵی خەڵکی کوردستان کە دەکرا زیاترو پرۆژەی باشتر پێشکەش بەخەڵکی کوردستان بکەن.

کارمەندی تەندروستی منیرە عەبدوڵڵا ئەحمەد –ی. پزیشکی لەنەخۆشخانەی گشتی سلێمانی وتی:-

هەڵبژاردن لەکوردستان و عێراق پرۆسەیەکی جوان و پێشکەوتووە بەمەرجێک دیموکراسیانە بێت وە مافەکانی کوردی تێدا پارێزراو بێ لەهەر سێ هەڵبژاردنەکەدا چونکە ئێمە وەک کورد رۆژگارێکی پڕلەکارەسات و ناخۆشیمان بەسەر بردووە بۆیە ئێستا بەمافی خۆمانی ئەزانین کەهەموو داوا رەواکانی خۆمان لەدوای هەڵبژاردن لەدەستوری هەمیشەیی عێراق بچەسپێنین وە بۆ دۆست و دوژمنانی بسەلمێنین کەئێمە گەلێکی پێشکەوتووخوازوو شارستانی و مەدەنین.

وە پێشەنگی نەتەوەیی عەرەبین لەعێراق.

ئەنجام

لەڕوانگەی ئەو کارمەندە تەندروستیانەوە بەشداری کردن لەهەر سێ هەڵبژاردنەکە کارێکی زۆر پیرۆزە چونکە ئەمڕۆ هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە کە وا دەخوازێ کە کورد پێگەی خۆی لەعێراقی ئایندە دیاری بکات وە بۆ هەموو دنیاشی بسەلمێنێ کەکورد دیموکراسی خوازوو مەدەنی و شارستانین و لەدوایشدا لەهەلومەرجی رەخساودا مافی خۆیەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت و وەک و هەموو گەلانیتر خاوەنی کیانی سیاسی خۆی بێت و ئاڵای کوردستان لەگەڵ ئاڵای دەوڵەتانی کوردستان لەنەتەوە یەکگرتووەکان شەکاوە بێت.■

جەژنی قوربان.. جەژنی هەڵبژاردن

ڕێژاو محەمەد

×پیرێژنێکی بەساڵاچوو:

-جەلادەکانی بەعسی لەناوچوو، هەزاران رۆڵەی ئەم گەلەیان لەڕۆژانی جەژندا راپێچی زیندان دەکرد بەبرو بیانوی جۆراوجۆر.

×لاوێکی هەرزەکار:

-جەژنم زۆر بەبیر دێت، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەبۆکردنە، لەم جەژنەدا خەڵکی بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی کاتی هەڵبژاردنن.

×منداڵێکی ژیکەڵەی تەمەن ٩ساڵ:

-ئەگەر دایکم و باوکم دەنگ بدەن منیش دەنگ ئەدەم

پێشەکی

×بەڕێوەچوونی مەراسیمی جەژن لەمساڵی ئازادی و پێکەوە ژیاندا، وەک هەر ساڵێکیتر لەکوردستاندا، خەڵکی بەعیشقەوە بەڕێیان کردو، نقوڵ و شەکرۆکەو شەربەتی جەژن شانۆگەری بەسەرکردنەوەکان بوو، کەدەبەخشرا لەسەرجەم ماڵەکاندا بەیەکتری، ئەم جەژنەی قوربانی ئەمساڵ چەندین مەراسیم و بۆنەی خۆش و نیشتمانی لەخۆگرتبوو، جگە لەوەی کەوتبۆ سەری ساڵی نوێی (٢٠٠٥)وە لەلایەک ئاشتبونەوەو پێکەوەژیان سەرجەم شارەکانی ئەم کوردستانەی دڵخۆش کردبوو، لەلایەکی تریشەوە رووخانی رژێمی بەعس و هێنانەگۆڕێی هەڵبژاردنێکی فرە حزبی و دیموکراسی لەکوردستاندا تەوەرێکی تری خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی سەرجەم چین و توێژەکان بوون لەکوردستانی رزگارکراودا، بۆ زیاتر خستنەرووی بەهاو رەهەندەکانی لەم جەژنەدا بەدیدەکران و بەگشتی جەماوەری کوردستانیان خۆشحاڵ کردبوو وای کرد لەو بارەیەوە ریپۆرتاژێک ئامادە بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش بفەرموون لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم ریپۆرتاژەدا.

(لەم جەژنەداکورد بەگشتی یەک ریزن)

×لەسەرەتادا وامان بەباش زانی هەندێک لەو ژن و پیاوە بەتەمەنانە بدوێنین، کەلەیەکەم رۆژی جەژندا سەردانی ماڵی یەکتری دەکەن و گەردن ئازادی لەیەکتری دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا تا بزانین ئەو جیاوازییانە

چین و یان جەژنی ئەمساڵ چۆن دەبینن کە لەلایەک کوردستان ئازادە و وادەی هەڵبژاردن نزیک بۆتەوە لەسەرجەم عێراقداو لەلایەکی تریشەوە تاچەند خۆشحاڵن لەم جەژنەی ئەم ساڵدا، سەرەتا (حاجی حەپسە کاکە نوری) بۆمان دواو گوتی:

-من هەر لەسەرەتاوە هەموو جەژنێک سەردانی دراوسێکانم کردووە و گەردن ئازادیمان لەیەکتری کردووە، جەژنەکانی پێش راپەڕین لەسەردەمی رژێمی لەناوچودا زۆر مەترسیدار بوو ئەگەرچی جەژن رۆژانی خۆش و گەردن ئازادی کردنە لەیەکتری دڵمان لەمستمانا بوو تاکو جگەرگۆشەکانمان لەبازاڕ دەگەڕایەوە، جەلادەکانی بەعس بەبروبیانووی جۆراوجۆر دەیان و سەدان گەنجی ئەمشارەیان لەڕۆژانی جەژندا دەست گیر کردووەو راپێچی زیندانەکانی رژێمیان کردووە، لەدوای راپەڕینیشەوە لەخوا بەزیاد بێت ئەو ترسەمان نەماوە، بەتایبەتی لەدوای نەمانی رژێم و ئازادی عێراق بەگشتی هەلێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد رەخسا تاکوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی چاوێکی گۆڕانکاری بەخۆیاندا بخشێننەوەو ئەوەتا ئێستا هەموو وەک برا دەژین و بەکوێرایی چاوی دوژمن مو بەبەینیانا ناچێت، هەموو پێکەوە گەلی کورد چاوەڕوانی کاتی هەڵبژاردن دەکەن و تا پێکەوە بتوانن ڕێژەیەکی باش لەسەر ئاستی عێراقدا بەدەست بهێنین و ئایندەی گەلەکەیان رۆشنتر بکەن و بوونی خۆیان بەزانستیانە بسلەمێنن.

(حاجی محەمەدی عەولا عەلی)

-جەژن مەراسیمی گەردن ئازادی و چونە لای یەکتری و خێرو خۆشیە ئەوەندەی من ئاگادارم کە تەمەنم (٨٨) ساڵە جەژنی وەک ئەم جەژنەی قوربانم بەبیردا نایەت کەتیایدا هێندە گەلی کورد دڵخۆش و کامەرانن تیایدا بەتایبەتی لەبەرئەوەی کورد بەگشتی یەک ریزن و کینەو بوغز باوی نەماوە و چاوەڕوانی هەڵبژاردنین و انشاالله سەرکەوتنی باش بەدەست دەهێنین.

(هاوژین مەحمود) وەک لاوێک بەم شێوەیە لەسەر ئەم جەژنی قوربانە دەدوێت:

-ئێمە وەک لاوێکی کورد لەم شارەدا زۆر جەژنمان بەبیر دێت تەنیا ئەم جەژنە ئاگادارین خەڵکی زۆر دڵخۆشەو هەموو چاوەڕوانی هاتنی کاتی هەڵبژاردنن پاشان زیاتر خەڵکی لەم جەژنەدا دڵیان خۆشەو برەویان داوە بەکڕینی کاڵا بۆ جگەرگۆشەکانیان.

(پرۆسەی هەڵبژاردن و یەک لیستی کورد)

×وەک ئاگادارین هەموو لایەک پرۆسەی هەڵبژاردن فاکتەری سەرەکییە لەبەخشینی ئەو پەیامە پڕ لەخرۆشەی گەلی کورد بەعیشقەوە بەسەرجەم چین و توێژیەوە لەئایندەکەی دەڕوانێت، هەربۆیە لاوو پیرو منداڵ و هەیەک لەهاوولاتیەکی ئەم کوردستانە سەری زمان و وێردی زمانیان پێناسەکردنی دروشمی پرۆسەی هەڵبژاردن بوو لەم ریپۆرتاژەدا، ئێمە زۆربەی بەتەمەنەکانمان دواند هەموو بەتێکڕا لەبری باسی ئەو بەراوردەی چەند ساڵ لەمەوپێشمان بۆ بکەن لەگەڵ جەژنی ئەمساڵدا بەڵام باسی سەرەکیان لاوان نەبوو لەپرسیارەکەمان بەڵکە هێندە پەرۆشی ئاشتی و پێکەوەژیان و پاشەڕۆژ روونی نەتەوەو کوردستانەکەیان بوون سەرجەمیان باسیان لەپرۆسەی هەڵبژاردن و ئەو یەک لیستییەی گەلی کوردو پێکەوەژیانیان دەکرد، بۆیە ئومێدی ئەوە دەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا گەلی کورد تیایدا چارەنوسی زۆرباش بێت و ئایندەیەکی رۆشن دەستەبەر بکات؛ بەتێکڕایی دەنگیش بەتایبەتی ئەو نەوە تازە پێگەیشتوانەی دوارۆژی نەتەوەکەمان خوێنگەرمانەو ژیرانە دیسانەوە باسیان لەو پرۆسەیە دەکردو لەناو چەند لاوێکدا (کۆژین محەمەد) بۆمان دواو گوتی:-کاکە جەژن ساڵی دوو جار دێت، بەڵام ئەگەر ئێمە لەهەڵبژاردندا سەرکەوتو بین و رێژەی باش بەدەست بهێنین هەموو ساتەکانمان هەر جەژنە، یەکێکیتر بەناوی (میران محەمەد دڵشاد)وە گوتی جەژن لەوکەسە پیرۆز بێت کە خۆی تەرخان دەکات بۆ هەڵبژاردن و دەنگ ئەدات، گوتیشی بەڕای من ئەو کەسەی ئەچێت بۆ دەنگدان جیاوازی نیە لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا بیکەیسی لەشان بێت و رووبەڕووی دوژمن بوبێتەوە، بۆیە هەقە هەموو هیمەت بکەین.

تاژاو خان گوتی:

×جێگای باسە منداڵە چاوگەشەکانی نەوەی نوێمان بێ ئاگا لەهیچ کارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەم تریقە تریقی گۆرانی و خڕبوونەوەیان لەو گۆڕەپانانەی کەسەرەتای جەژنیان بۆ منداڵان تیا دانراون بەمەبەستی بەسەربردنی کات و ساتە خۆشەکانیان لەڕۆژانی جەژندا، زەردەخەنەی پاکو بێگەردیان تێکەڵ دەکرد بەئاوبونی خۆرەتاوی رۆژەکانی جەژن و وەک پرچی ئایشێی فاتمە بەڕەنگاوڕەنگی لەماین چەقەڵ و چەرخو فەلەقو کورسی کورسیەکان ئاڵابون و گۆرانیان بۆ جەژن ئەچڕی، لەناویاندا منداڵێکی ژیکەڵەو جوان بەناوی (تاژاو خان) بۆ دواو گوتی:- زۆر دڵخۆشم جەژنی قوربان چوار رۆژەو رۆژێکیشی دەچێتە سەر دەبێت بەپێنج رۆژ چونکە رۆژی دووشەممە پشوی رەسمیە، سەبارەت بەهەڵبژاردنیش زۆر پرسیارمان لەجەمالی جوانی و بێگەردی ئەو منداڵە کرد، ئاشنایەتی هەبوو بەپرۆسەکە، بەڵام نەیدەزانی مەبەست چیەو بۆچییە، تەنها گوتی:- باوکم و دایکم و برا گەورەکەم هەموو شەوێک باسی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوان دەنگ بدەن منیش دەنگ ئەدەم، گوتمان: ئێوە منداڵن و بۆتان نیە دەنگ بدەن، بەدەم گریانێکی سیحراوی و ئەوینەوە دەیگوت: ئاخر دایەو بابە گوتیان:- ئەگەر ئاقڵ بیت لەگەڵ خۆمان دەتبەین بۆ دەنگدان، پاشان لەباخی سەرچنار پۆلیسێکمان بینی کە نەیدەویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بۆمان دواو گوتی:- ئەم جەژنە ئەوەندەی من ئاگادارم گرفت و کێشە کەمترە لەجەژنەکانی ترو، پیرو گەنج و کوڕو کچ بەعیشقەوە دێنە ئەم سەیرانگایەو هەموو بەتێکڕا باس لەنزیکبونەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، لەکۆتایی گەشتەکەماندا ئاواتەخوازین هەموومان سەرکەوتو بین و پرۆسەی هەڵبژاردنیش بەسەرکەوتوی و بێ کێشە لەکوردستانی ئازیزدا بەرجەستە بکرێت.■